
# کوردی ئازاد
# ناسنامەی نوێی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە



عەبدوڵلا ئۆجالان

# ناوەرۆك

**بۆ دادوەر و ئەندامانی دەستەی دادگای بەڕێز**
**لەدادگای سوێندخۆرانی تێکەڵاو لە ئەسینا** ........................................ ٥

بەشی یەکەم
**بەسەرهاتی ئەوروپا و کۆتایی قۆناخێك** ........................................ ١١

بەشی دووەم
**شارستانیەتی هێلینی و پەیوەندی لەگەڵ کورد و تورك دا** ........................ ٢١

بەشی سێیەم
**هەندێك هەڵوێستی فەلسەفی ـ سیاسی**
**لەئامادەکردنی بارودۆخی پیلانگێڕیدا** ........................................ ٤٣

بەشی چوارەم
**پیلانگێڕی ئەسینا بە پەراوێزکردنی یاسا پێك هات** ............................. ٦٥

بەشی پێنجەم
**بەرەو چارەسەری لەتەنگژەی کورد دا**
**یان وەڵامدانەوەی پیلانگێڕی** ........................................ ٧٧

# بۆ دادوەر و ئەندامانی دەستەی دادگای بەڕێز
# لەدادگای سوێندخۆرانی تێکەڵاو لە ئەسینا

بەزەحمەتیشەوە بێت بەئارامی چاوم بەو داوانامەیەدا خشاند کە لەلایەن دادوەری گشتی دادگای تەمیزی ئەسینا "ئەندۆنیۆس پلۆماریتیس" ئامادە کرابوو. گەوهەری ئەو داوانامەیە سەبارەت بە کەسایەتی من ئەمەیە: هاتنە ناوەوەی سەرۆکایەتی سیاسی بۆ کۆماری هێلینی ــ لەگەڵ ئەوەی مافێکی بەو شێوەیەی نییە ــ وا هەڵدەسەنگێنرێ کە تەنگەزاری لێدەکەوێتەوە و لەوانەیە ببێتە هۆکاری دەرکەوتنی چەند ئەنجامێك و هەڵگیرسانی شەڕی لێ بکەوێتەوە، وەکو دەست پێشخەرییەك دەبینرێ کە دەبێتە هۆکاری تێکدانی بارودۆخی دۆستایەتی و ئارامی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، بەتایبەت لەگەڵ تورکیا. هەربۆیە لە داوانامەکەدا داوای پراکتیزەکردنی ئەو سزایە دەکات کە لەیاسای نیشتمانیدا سەبارەت بەم رەوشە هەیە. ئەم هەڵوێستە زۆر تەنگ و خۆپەرستانەیە، نکۆڵی لە مافەکانی مرۆڤ دەکات. هەروەها بەرژەوەندییە راستەقینەکانی گەلی هێلینی لەبەرچاو ناگرێ و لە رێنمایی مێژوویی بێبەشە. لەوەش خراپتر هەڵوێستێکە لەسەر بنەمای ئەتنیك و چینی دەسەڵاتداری باوە کە تەنانەت لەنزمترین ئاستیشدا ئاماژە بە مافە دیموکراسیەکانی مرۆڤ و ئیرادە و راستینەی گەلی کورد ناکات، کە لەکەسایەتی مندا بەرجەستە بووە و، هەڵوێستێکی شۆڤینی ــ کۆنەپەرستانەیە و لەمێژوودا بیانی وەکو "بەربەر" هەڵسەنگاندووە. جگە لەمە لەگەڵ یاساکانی یەکێتی ئەوروپا و پەیمانی مافی مرۆڤی ئەوروپا ناکۆکە کە ئەندامە تیایدا. هەروەکو بڵێی رفاندنی من وەکو مافێك دەبینێ و بە "دەرکردن" هەڵیدەسەنگێنێ. هەروەها وا هەڵوێستە دەکات هەروەکو لەمیانەی پشت بەستن بە مەزنترین و گرنگترین تەڵەزگەی پیلانگێڕی مێژوو هیچ خیانەتێك رووی نەداوە و، هەوڵدەدات کەسانی تریش بەوە رازی بکات.

چەمکێکی بەو رەنگە، دادگا دەخاتە ناو هەڵسەنگاندنی تەکنیکی و سادە و بەوەش بەرەو خنکاندنی دەبات و، هەروەها دەوڵەت لەسەرووی هەموو شتێك دەبینێ و، نکۆڵی لەهەموو ماف و

تایبەتمەندێتیە مرۆییەکانی دەکات و، دەخوازێت بەپەلە لەو مەسەلەیە رزگاری ببێت و، دۆزەکە بەو ڕێڕەوەدا ئاراستە بکات. بە دووبارەکردنەوەی بەردەوامی بۆ چەمکی "ترسناکترین هەنگاو بۆ ئاشتی هێلینیەکان"، کە زۆر گرنگی پێداوە و پەسندی کردووە، وا دەزانێت کە ئەو پیلانگێڕی و خیانەتە گەورەیەی کە روویدا پەردەپۆش دەکات، ئەگەر سەرکەوتووش نەبوو لەمەدا ئەوا مەسەلەکە وەکو رووداوێکی یاساییانەی سادە نیشان دەدات و گرنگیەکەی لەدەست دەدات. لەبەرامبەر ئەوەدا بەشێوەیەکی ساکاریش بێت ئاماژە بۆ تاوانبارە راستەقینەکان ناکات. بەڵکو ئەو هەر لەسەرەتاوە ئەوە پەسند دەکات کە ئەوان بەباشترین شێوە ئەو ئەرکەیان جێبەجێ کردووە کە پێیان سپێردرابوو. ئەگەر ئەوە بخەینە پێش چاومان کە زاراوەی "دیماگۆژیەت" لە دەرهاوێشتەکانی سیاسەتی دەسەڵاتداری هێلینیەکانە، ئەوا لە هەڵوێستی دادوەری گشتی سەرمان سووڕ نامێنێ. ئەگەر درەنگیش بێت ئەو ئەرکە پێك دەهێنێت کە دەزگا سیاسیەکان پێیان داوە و، زۆر وەستایانە کار دەکات بۆئەوەی زیان بە ئەربابەکان نەگات.

لەسەر دادوەر و ئەندامانی دەستەی دادگای بەڕێز پێویستە تەسلیمی لۆژیك و هەڵوێستێکی بەو رەنگە نەبن، چونکە ئەم دۆزە لەگەوهەری خۆیدا وەکو دۆزی بەهای مەزنی مرۆڤایەتی سوکراتە، کە بەیەکێك لە تراژیدیترین دادگاکانی مێژووی ئەسینا دادەنرێت و ئەنجامی مێژوویی گرنگی لێدەکەوێتەوە. لەدەستدانی سەدان هەڤاڵی من کە بەهۆی ئاگربەردان لە جەستەی خۆیان ژیانیان لەدەست دا و، ئەو ستەم و زەحمەتیەی کە رۆژانە گەلی کورد بەدەستیەوە دەناڵێنێ، ئەمانە ئاماژەی سەرەتایین کە بارگرانی مەسەلەکە دەهێننە پێش چاومان. هەرچەندە پەیوەستدار بوون پێی دیار نەبێت، بەڵام لێرەوە شیکردنەوەی هاتنم بۆ ئەسینا و ئەو ئەنجامانەی کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لێی کەوتەوە، گرنگیەکی مەزنی هەیە.

ئێستا بەساڵی پێنجەمینی تراژیدیادا تێپەڕ دەبم، هەر رۆژێکی لەخودی مردن گرانترە. ئەگەر نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەو رەوشەی من تێی کەوتم لە ئەسیناوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوا خیانەت لە راستییە مێژوویی و هیواکانی ئاییندەمان دەکەین. بەشاردنەوەی پیلانگێڕان و خیانەتکارە راستەقینەکان، کەسە "جوانەکان، باشەکان" کە بە کێشەی دادپەروەرانەی گەلان خەریك دەبوون دەکەوتنە ژێر پێ و وەك تاوانبار لەقەڵەم دەدران. راست نەدەبوو کە من لە پێکهێنانی ئەم ئەرکە دوور بکەومەوە، لەلایەك لەپێناوی گەلی هێلینی و، لەلایەکی تریش هەردوو گەلی کورد و تورك و دۆستە نزیکەکانمان. دوای پرۆسەی تەسلیمکردنی من پەیوەندی یۆنان و تورکیا باشتر بوو. لەم بوارەدا تەنیا رەزامەندی خۆمان دەردەبڕین. بەڵام پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین کە ئەگەر پشت

بـە ڕاسـتییە بناخەییـەکان نەبەسـتێت، بێگومـان کۆتاییەکـەی ژێرکـەوتن دەبێـت. مـن پێـداگری لەسەر ئەوە دەکەم کە چوونی من بۆ ئەسینا وەك هەنگاوێکی مێژوویی ڕۆڵـی خـۆی دەگێڕێـت لـە چەسـپاندنی ئاسـایش و دۆسـتایەتی، نـەك هەڕەشـە کـردن لێـی. ئـەم دەستپێشـخەرییە کـە وەك ئەنجامێکی ناڕاستەوخۆ دۆستایەتیەکی ساختەی تورك و یۆنانی لێکەوتـەوە، ئـەوا دۆسـتایەتیەکی ڕاستەقینە و ئاسایشێکی بەرجەستە دەبێتە بەرهەمی ڕاستەوخۆی. هەرچەنـدە ئۆبالّ و تاوانبـاری ئـەم سـەراوژێربوونە مەزنـەی دووچـاری هـاتم وەکـو پێویسـتیەکی کولتـووری زالّ و بـاو بخەینـە ئەستۆی گەلی هێلینی، بەڵام هەروەکو بەڕێز دادوەری گشتی دەیکات من ئەم خـەتاباری و هەڵەیـە بە هێلینیزمەوە گرێ نادەم. بەڵکو من بەسەر ئەو ناسنامە و کەسایەتیانەدا دەچم کـە لەمێـژوودا بە زۆری دەیبینین و تایبەتمەندی ترسنۆکی و خۆپەرستی لەسـەر زاڵـە و، فێـری پەرسـتنی خـودا ساختەکان بـووە، بەمـەش تێکشکاندن و زەحمـەتی و بچـووك کردنەوەیـەکی زۆری بـۆ هێلینیـزم هێناوە، کە شایەنی نییە. من بەرگری لـە دۆسـتایەتی مێـژوویی ــ ئەگـەر لـە دووریشـەوە بێـت ــ لەگەڵ کولتووری هێلینیزمدا دەکەم و، هەڵوێستێك دەگرمـە بـەر، کـە هـەبوونی لـەنێو کولتـووری ئەنادۆڵدا نکۆڵی ناکات. پشت دەبەستم بە داب و نەریتی زۆر لـە کەسایەتیە زانـا و مەزنـەکان کـە لەمێژووماننـدا هـەن، ئـەوەش زۆر بەباشـی دەزانم کـە ئاییـندەی هـەموو گـەلانی ناوچـەکە، لەپێشـیانەوە هێلینیـەکان، کوردەکـان، تورکـەکان و ئەرمەنیـەکان، بەڕێگـەی ئـازادی و ئاشـتی و دۆستایەتی نێوانیاندا تێپەڕ دەبێت.

وەکو پێویستیەکی بەشداریبوونم لـەم هەڵوێستە، هەرچـەندە لـەناو هەلومـەرجی سـەخت و کەمی تواناکاریەکانیشدا بێت، هەڵسانم بە گرتنە دەستی بەرگرینامەکەم لەسەر بناخەی مێژوویی و فەلسەفی و زانستی، کار و ئەرکێك بوو پێویست بوو ئەنجامی بـدەم. بـە دەرك کـردن بـەوەی کـە شتێك نییە تایبەت بە کەسایەتی خۆم داوای بکەم؛ بەهـەموو توانـام و هـەتا دوایـادە هـەوڵ دەدەم ئەو ئەرکەی لەسەر شانمە جێبەجێی بکەم. باوەڕ دەکەم کە ئەم هەڵوێستە دادگا لـە بـێ شـەرمی سـەدەی بیسـتەم ڕزگـار دەکـات. بەمـەش جێگـەی شایسـتە بـەخۆی دەگرێـت و، پێداویسـتیەکانی دادگایەکی دادوەریانە و ڕاست پێك دەهێنێت.

# بەشی یەکەم

# بەسەرهاتی ئەوروپا و کۆتایی قۆناخێك

هەوڵی دەرکەوتنم بۆ ئەوروپا لە ڕێگەی ئەسیناوە لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٨ و پاشهاتەکانی دوای ئەویش لەگەوهەری خۆیدا لەکەسێتی مندا گوزارە لە ئیفلاسکردنی تێڕوانینی پارادیگما (تێڕوانینی نمونەیی)ی هاوچەرخ دەکات. سەرباری تەواوی هەوڵەکانم بۆ وەرچەرخاندنی پێکهاتەی بەگومانی زهنیەتم، بەڵام لەگۆڕەپانی ناوەوەی وڵات نەگەیاندنی بە ئاستی هێزێکی سەرکەوتووی ئازادی؛ ئاشکرایە شانبەشانی ئەو کۆسپانەی لەم لایەنەوە دەرکەوتن، هەموو ئەمانە ناچاریان کردم ڕوو بکەمە ئەوروپا کە نوێنەری هێزی شارستانی بەکاریگەرە. بە واتایەك ئەم ڕاستینە داننانە بە بێ باوەڕبوون بە هێزی گەوهەری خود. مێژووی ڕابردوو، بەهەردوو ڕەهەندی کات و شوێنەوە، گوزارشتی لە بنبەستبوونێکی قووڵ دەکرد. سەرەڕای ئەوەی هەوڵەکانی بیست ساڵیم (١٩٧٩ ـ ١٩٩٩) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێگای لەبەردەم پێشکەوتنی گرنگ کردەوە، بەڵام بەشی ئەوەی نەکرد ئەو گرێ کوێرەیە بەرەو چارەسەرییەکی بەردەوام ببات کە خودی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێی کەوتووە.

ئەو بژارەی لەناو ئەو دوو ڕێگایەدا کەوتە پێشم، هەنگاونان بوو بۆ "شەڕ لەچیاکاندا". بەڵام جگە لەوەی کە لەو بوارەدا زۆر درەنگ کەوتبووم، لەهەمان کاتدا بەپیرۆزی مانەوەی هێزە چەکدارەکان لەوڵاوە بمێنێت، کاتێك بینیم لە حاڵەتی بەلارێداچووندا ڕێگای لەپێش ئەنجامێکی پێچەوانەی ئومێدە چاوەڕوانکراوەکان کردۆتەوە، ئەم ڕەوشەش خەریك بوو لەم بوارەدا هیوای چارەسەرییەکی ئاسان لە دەمێکی کورتدا لەناو ببات، هەروەها نەریتی ژیانی "بمرە و بکوژە" دەرکەوتبوو کە زیاتر لەوەی چارەسەرییەکی ئاسان بۆ هێزە بەرامبەرەکان بهێنێ، ویژدانی کوێر دەکرد. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتیشدا ئەوە دەرکەوت کە تاکەکان لەبواری ڕەوشتی و فەلسەفیەوە بەرێڕەوێکی هەڵەدا بەڕێدا دەچن. لەوانەیە چونم بۆ چیا هەندێك چاکسازی لەبواری تەکنیکی ـ تەکتیکی لێبکەوتایەتەوە، بەڵام جێگای گومان بوو کە بوار لەبەردەم دۆزینەوەی چارەسەرییەکی

ستراتیژی و کۆتایی بکاتەوە. باوەڕیم بەتوانای هزری خۆم هەبوو، بەردەوام هەڵگری هەست و ئیلهامێکی وەها بووم کە دەبێ بەم جۆرە ڕۆڵی مێژوویی خۆم بگێڕم. هیچ کاتێك دەستم لەو باوەڕییە بەرنەدا کە لەجیاتی ئەو نەریتەی هەردوو کۆمەڵگای کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستی بە ڕژاندنی خوێنێکی زۆر دەبینن، پێویستی بە قەڵەمبازی هزری ڕیشەیی هەیە. هاتن و چوون لەنێوان ئەم دوو مەیلەدا بوو. هەر وەکو بڵێی پێوانەی خوێن و، پێوانەی کرانەوەی هزر لەناوخۆمدا لەناو ململانێ و پێکدادان دابوون. لەو بوارەدا هیچ گومانێکم لەوە نەبوو کە بەدۆزینەوەی بچووکترین دەرفەتیش بێت، قورسایی دەدەمە سەر قەڵەمبازێکی سیاسی و هزری. بەتایبەتی کاتێك بنبەستبوونەکانی مەسەلەی فەلەستین ــ ئیسرائیل گەوهەرێکی وەهای بەخۆیەوە بینی کە بێ واتابوونی توندوتیژی ئاشکراتر کرد، ئەمەش پاڵی پێوەنام کە سەرلەنوێ "فەلسەفەی توندوتیژی" شیبکەمەوە. هەروەها ئەو چەمکەی چەتەگەری کە PKK بەرێژەیەك پێیەوە دەناڵاند، کە تەنانەت ئاستەنگ کردنی سەخت دەبوو. مەیلی منی لەم بوارەدا پتەوتر دەکرد. بەڵام ئەوەی لەپشتی ئەم ڕاستییەوە بوو، باوەڕی من بوو بەوەی کە ڕێبازی هاوچەرخ بۆ چارەسەری کێشەکان لەئەورووپاوە دەردەکەوێت. هەر بۆیە پێویستە لەڕێگەی ئەوەوە لێی بگەڕێین. وەکو بڵێی لەم بوارەدا دەبووم بە دووبەشەوە. لەکۆتاییدا ئەو توانایە کەوتە دەستم کە لەڕێگەی ئەسیناوە بچمە ئەوروپا، ئەو گوشارەی کە بەڕێوەبەرایەتی تورکیا خستیە سەر سوریا بووە هۆکاری ئەو دەرکەوتنە ناوادارە.

ئاشکرایە ئەو بەسەرهاتە ترسناکەی کە لەئەسینا دەستیپێکرد و بەمۆسکۆ و ڕۆما و جارێکی تر بە ئەسینادا تێپەڕ بوو و لە نایرۆبی پایتەختی کینیا ئەنجامگیر بوو، منی لەگەڵ لەدایکبوونێکی نوێ ڕووبەڕوو کردەوە. لێرەدا پاراستنی گەوهەر و نیازی باش و هەوڵی بێوچانم، بۆ کەسایەتی من گوزارشت لە شتێکی ئەوتۆ ناکات. ئەو ئەنجامەی کە دەرکەوت تەنیا کوشتن نییە، بەڵکو لەخاچدانە. هەروەکو ئاماژەم پێکرد هەموو تاوانبارییەکە بخەینە سەر بەڕێوەبەرایەتی تورکیا و، هەڵسەنگاندنی ئەو ڕۆڵەی کە سیستەمی جیهانی بەشێوەکی قووڵ و بەهەموو ڕەهەندە مێژووییەکانی بە تورکیای بەخشیبوو شی نەکەینەوە، ئەوا بێگومان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆکاری شاردنەوەی هێزە پیلانگێڕەکان، هەروەك چۆن پیلانیان بۆی داڕشتبوو. لەبەر ئەم هۆکارە لەو بەرگرینامەیەی کە پێشکەشی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپام کرد، هەوڵمدا کە سیستەمی جیهانی زاڵی ڕۆژگاری ئەمڕۆ شیبکەمەوە. لەو بەرگرینامەیەدا ویستم بە تەواوی دیاردەی کورد و بوونی کورد دیاری بکەم، کە خەریکە

لەچوارچێوەی شارستانی هەرەمی و رێڕەوی مێژوویيدا دەتوێتەوە. ئەم هەوڵانەم دا و ئەوەش دەزانم کە شیکردنەوەی راستی هەر کێشەیەك نیوەی چارەسەری پێك دەهێنێت. هەروەك چۆن لەم دواییەدا لە پرۆسەی داگیرکردنی ئێراقدا بینرا، نەك تەنیا پێشبینیەکانی منی بەباشترین شێوە پشت راست کرد، بەڵکو بواری چارەسەری زیادی کرد و رێگای زیاتری لەبەردەمدا کرایەوە. بەڵام شێوازی لەخاچدان و بەشێوەی پرۆمیتۆس داکوتان لەسەر بەردێك کە سیستەم پەیڕەوی کرد، ئەنجامەکەی لەوەی سەردەمی کلاسیك و میتۆلۆژیەکان نەدەچوو. ئیتر لەبەرامبەر "دەستدرێژی گلۆبال"ی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی دەرفەتی ئەوە دەڕەخسا لێگەڕینی "دیموکراسی گلۆبال"ی گەلان بەهێز بێت و رێگاکانی چارەسەری کێشەی کورد بکرێتەوە.

بەتایبەت قۆناخی "زیندانی تاکەکەسی لە ئیمرالی" ئەوەی دەسەلماند، کە چارەسەرییەکی فەلسەفی و کرداری زانستی لەبەرامبەر ئەو داڕزانەی بەدرێژایی مێژوو وەکو نەریت پەیڕەو کراوە، نەك تەنیا بۆ کەسایەتی من و گەلی کورد، بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتیش، رێگای رزگاری دەدۆزێتەوە. ئەمە بەو واتایە دێت کە تاوانبارکردنی هەموو رابردوومان کارێکی هەڵەیە، چونکە گەوهەرێکی زیندوو و دادوەرانەی هەیە و خۆی دەپارێزێت، ئەمەش لایەنەکەی تری راستییە. هەربۆیە شیکردنەوەی هەندێك لەو مەسەلە گرنگانەی کە بەرگرینامە و شیکردنەوەکانی رابردووم تەواو دەکات، گرنگیەکی زۆری هەیە. بەکارهێنانی تێڕوانینە تیۆریەکانم لەسەر دیاردەی هێلینی و کوردی و تورکی وا دەکات کە ئەزموونەکان بەشێوەیەکی باشتر روون ببنەوە.

أ ـ دەوڵەت و سیاسەت کە سیستەمی سەرمایەداری هاوچەرخ پشتی پێدەبەستێت، هەروەها "سۆسیالیزمی بونیادنراو" کە وەکو ئەلتەرناتیفێك بۆی دەرکەوت، رۆڵی خۆیان لە دانانی بناخەی هەڵەدا دەگێڕن. من ناچارم ئەوە پەسند بکەم کە سەبارەت بە شارستانیەتی هەرەمی بەشێوەیەکی گشتی و، سیستەمی سەرمایەداری کە بەلوتکەی دادەنرێت و، پراکتیکی سۆسیالیزمی بونیادنراو کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، وەکو ئەلتەرناتیفێك بەشێوەیەکی تایبەت بۆی لەدایکبووە، نەمتوانی شیکردنەوە دۆگماییەکان تێپەڕ بکەم، کە لایەنی باوەڕی تیادا زاڵە. هەرچەندە من زاراوەی "سۆسیالیزمی زانستی"م بەکارهێنا و رەنجی زۆرم دەدا، بەڵام ئەوانە ئەنجامی چاوەڕوانکراوی خوڵقکارانەی لێ نەکەوتەوە و، نەیتوانی چوارچێوەی گشتی لەبەرکردن بپچڕێنێت و، ئاستی شیکردنەوەی فەرمی سیستەمەکان تێپەڕ بکات. کاتێك یەکەمین هەنگاوم بەرەو سۆسیالیزم نا، بیرم دێت کاتێك بەڕێکەوت لەساڵی ١٩٦٩ کتێبی "ئەلف بای سۆسیالیزم"م

بەدەست خست، بەخۆمم ووت "موحەممەد دۆڕاندی و مارکس بردیەوە". بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەوانە دوو سەرۆکی ئایدیۆلۆژی بوون و لەگەوهەردا لەیەکتری جیاواز بوون، ئەمە نەبووە هۆکاری پێکهێنانی وەرچەرخانێکی مەزن کە وام لێبکات ئەو ئاستی دۆگماتیزمە تێپەڕ بکەم کە لەمارکسیزمدا هەبوو. لەڕووی بابەتیەوە لەشێوازێکی دیماگۆژی دەچووم بۆ یەکێکی تری وەکو ئەو. بێگومان جیاوازیەکی گرنگ هەیە لەنێوان ئیسلام وەکو ئایدیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕی پتەو کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەرکەوت، لەگەڵ سۆسیالیزمی مارکسی کە هەوڵی دەدا سەرمایەداری سەردەمی نوێ تێپەڕ بکات. بەڵام کێشە توانای هەڵسەنگاندنی ئەم رەوشەیە لەناو چوارچێوەیەکی بەرجەستەدا، کە ئەمەش پێویستی بەزانابوونێکی مێژوویی قووڵ هەیەو، ئاستی ئێمەش چەمکی پیرۆزی بۆ مێژوو تێپەڕ نەدەکرد. ئەمەو لەکاتێکدا مارکسیزم کە رێگای لەبەردەم دەرکەوتنی سۆسیالیزمی بونیادنراو کردبۆوە، لەبناخەوە نەیتوانی چوارچێوەی شارستانی کۆمەڵگای هەرەمی تێپەڕ بکات. هەربۆیە نەك تەنیا نەیتوانی کۆمەڵگای چینایەتی دەرباز بکات کە ئەمە بانگەشەی بناخەیی بوو، بەڵکو توانا و پشتگیری دا کە شێوازێکی هۆڤانەی لێوە دەربکەوێ. بەم شێوەیە بۆیەکردن و زیادکردنی مۆرکی مارکسیزمی رووت لەسەر کەسایەتی وشکهەڵاتوو و پێکهاتووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەك تەنیا ناتوانێت ناکۆکیەکان چارەسەر بکات، بەڵکو توانای نامێنێت کە راستییەکانیش دیاری بکات. بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەگشتیش لە جیهاندا دەبینین کە زاراوەی راست، چەپ، ناسیۆنالیزم و ئایینی کە لەشیکردنەوەی دوایی خۆیدا چەسپاوە، دەبینرێت کە لەباوەشی ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداریدا جێگە بۆخۆی دەدۆزێتەوە. باشترین نمونەش بۆ ئەوە ئەو هەڵوەشاندنەوە گشتگیرەیە کە سیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراو لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا بەخۆیەوە بینی. چونکە لەکاتێدا دەخوازرا لەو ساڵانەدا وەرچەرخانی ئایدیۆلۆژی زیاتر بڵند بکرێتەوە، زیادبوونی هۆکارەکانی بنبەستبوون بووە هۆکاری گرانبوونی رەوشەکە. ووتەیەك هەیە کە دەڵێت "لەسەر لێواری هەڵدێر نەبێت مرۆڤ باڵ ناگرێت" ئەمەش ئەو راستییەیە کە تێیدا ژیام. لەبەرامبەر سیستەمێکی بێ رەحم و هێرشکەر بەگەوهەری راستی خۆی، ناکرێت بگەینە راستی مرۆڤایەتی و سروشتی بناخەیی بەبێ ئەو هزرەی کە دەفرێت. ئەمەش ئەوەیە کە تا ئێستا روویداوە.

**ب ـــ** بێگومان بەرهەمی وەرچەرخان و پێگەیشتنی ئایدیۆلۆژی من زۆر بەڕوونی لە شیکردنەوەکانم دەربارەی سیاسەت و دەوڵەتی هاوچەرخ و ئەو شارستانیەتەی لێی دەکەوێتەوە

ڕەنگی داوەتەوە. زۆر بە راستگۆیی دان بەوەدا دەنێم کە ئێمە هەر لەمنداڵیەوە دەستمان بەکاروانێك کرد کە لەناو پلەکانی دەوڵەتدا هەوڵی مەزنبوونی دەدا و لێی دەگەڕا. تەنانەت هەوڵدان و تێڕوانینمان لە روخاندنی دەوڵەت بەڕێگای شۆڕش، لەکۆتاییدا چوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی خۆمانی تێپەڕ نەدەکرد. تەڵەزگە لێرەدابوو ئیتر "ئایدیۆلۆژیا دەوڵەتخوازەکان" بۆ من ئامرازی رزگاری تەواو نییە. دەوڵەتی چینایەتی، سەرمایەداری، سۆسیالیستی، نیشتمانی ناوەندی و فیدراسیۆنی دیموکراسی، نەك کێشەکانی کۆمەڵگای هەرەمی لە، ئایینی، رەگەزی، کەمە نەتەوەیی، ژینگەیی و چینایەتی چارەسەر دەکات، بەڵکو بۆخۆی بووە بەسەرچاوەی ئەم کێشانە. پێویستە بەدوای "رێبازی نوێ"ی هەمەلایەنەدا بگەڕێین لەپێناوی ئەو گەل و تاکانەی کە لەکۆمەڵگای نیۆلیتیکەوە لەجێگەی خۆیان راوەستاون و، چارەسەرکردنی ئەو رەوشەی کە بەدرێژایی مێژوو خێزان تیایدا ماوەتەوە و گەمارۆ دراوە، هەروەها دیاردەی عەشیرەتەکان کە هەتا ئێستاش لەسەر لوتکەی چیاکان و لە بیابانەکاندا بەرخودانی دەکەن و، هەروەها گروپە ئایینیەکان و راستی بەرخودانی ژنان کە لەهەزار شێوەدا خۆی دەنوێنێ و هەزارویەك پەردەی لەخۆی پێچاوە، هەروەها گەیشتن بە پاراستنی دەزگاکانی بناخەیی کۆمەڵگا و بەدەست هێنانی تاك بۆ ئازادییە زەوتکراوەکانی. گەڕان بەدوای رێگایەکی دەرکەوتن لەکۆمەڵگا و شارستانیەتی چینایەتی کە هاوسەنگی سروشت و ژینگەی سەرەوژێر کردووە، بۆ کۆمەڵگایەکی ژینگەیی کە بەچڕوپڕی پەیوەندی بە زانستەوە هەیە، ئەرکێکی گرنگ و بەپەلەیە و دواخستن پەسند ناکات. ئەو لایەنەی تر کە پێویستە چارەسەرییەکی بۆ بدۆزینەوە، ئەو چەمکە چینایەتیەیە کە بڵند بوون لەلای چینی کۆیلە و پاڵە و کرێکار پەسند ناکات کە ئەمەش لەلایەن مارکسیزمەوە چەسپێنرابوو. پێویستە بەدوای چەمکێك لە "سۆسیالیزم"دا بگەڕێین کە لە مەسەلەی بەکۆیلەکردن و بەپاڵە کردن و گۆڕان بۆ کرێکار وەك شێوازێکی کەوتن و بچووککردنەوە ببینێت، بەڵکو لەبەرامبەر دیاردەی بەو شێوەیە بوەستێتەوە، چونکە کۆیلەی باش، پاڵەی باش، کرێکاری باش بوونیان نییە. هەرسێ پۆلێن کردنیش گوزارشت لە دابڕان لە مرۆڤایەتی و ئازادی دەکات. ئەگەر ئازادی بەبناخە بگیرێت، ئەوا پێویستە بە بەردەوامی لەبەرامبەر ئەو دیاردانە بوەستینەوە، هەربۆیە پێویستە بەچاوێکی پیرۆز لەهەموو ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانە بڕوانین کە دژایەتی رەوشی بەو رەنگە دەکات، لەبەر ئەو هۆکارە ئەو بەرخودانە مەزنانەی کە بە هەزاران ساڵە لەسەر لوتکەی چیاکان و بیابانەکان و، لەلای گروپە ئەتنیکیەکانی جێنشینی تاریکایی جەنگەڵە چۆڵکراوەکان، هەروەها لەلای رەگەزی ژنی ژێردەست و زۆرلێکراوی

ناوەندی خێزان ئەنجام دەدران، ئەمانە هەموویان لەو دیاردانـەن کـە کۆنتر و قـووڵتر و پیرۆزتـرن لە بەرخودانی کۆیلە و پاڵە و کرێکاران. پێویستە کۆمەڵگای نوێ و فەلسـەفە و پراکتیکی نوێمـان پشت بەم پایانە ببەستێت. داب و نەریتی پێغەمبەرەکانیش کە بۆ هـەزاران سـاڵ درێـژ دەبێتـەوە، وەکو دیاردەی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند و بەرفراوان بەرخوادنی مارکسیزم و لیبرالیزمـی هاوچـەرخ بۆ هەزاران جار تێپەڕ دەکات. ئەمە و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بناخەیی پشت بەسـتوو بە هەڵوێستی دیاردەیی کە دەکرێت ببێتە بابەتێکی بەرفراوان بۆ شیکردنەوەی مێژوو ـ کۆمەڵگا، بە گوزارشتێکی گشتی وەکو "کۆمەڵگای دیموکراسی و ئیکۆلۆژی" هەڵم سەنگاند و، هەوڵمدا وەکو ئامانجی چارەسەری دیاری بکەم.

ج ـ پێویستە دیاردەی کورد و گەڕان بەدوای چارەسەریدا لەژێر ڕۆشنایی ئەو بناخە نوێیانـە و وەرچـەرخانەکان بگیرێتـە دەسـت. هەوڵـەکانی چارەسـەری لەسـەر شـێوازی کلاسـیکی ئیسـلامی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت و، ئـەو هەوڵانـەی کـە مـۆرکی کلاسـیکی نەتەوەگـەرایی ڕۆژئـاوای لـەخۆوە گرتــووە، دەمێکــی درێــژە بــواری ســەرکەوتنیان لەدەســت داوە. خــودی ئیســلام، بەتایبــەتیش ڕاڤەکردنی فـەرمی سوننی، نزیکـەی ١٤٠٠ ساڵە هـیچ ڕۆڵێکـی نـەگێڕاوە بێجگـە لەقووڵکردنـەوەی کۆیلەداری و، وەکو لەزگەیەك بـە کۆیلـەکردنی کوردانـەوە نووسـاوە. بـەڵام ئـەو سیسـتەمانەی کـە گۆڕانێکی سەرمایەداری لاوازیان پێکهێناوە، هیچ ئـەنجامێکی زیـاتری لێنەکەوتـەوە جگـە لـە ڕێگـا کردنەوە بۆ نکۆڵی لێکردن و لەناوبردنێك کە زۆر لەوەی سەردەمی دەرەبەگایەتی دواکـەوتووتر و کۆنەپەرستانەتر بـوو. جا ئەمـە لـە بونیـادی کۆمەڵایـەتی نـاوخۆدا بێـت یـان لـەلای دراوسـێکانی دەوروبەریاندا. دیـاردەی کـورد کـە بەدەسـت هـەموو ئەزموونـەکانی بەکۆیلـەکردن و تواندنـەوە و لــەناوبردنی هــەموو سیســتەمە کۆمەڵایەتیــە هەرەمیەکانــەوە ناڵانــدی، نەگەیشــتە ئاســتی هەڵوێستێکی ڕزگـاری و وەرچـەرخانێکی ئایـدیۆلۆژی، بـەبێ بـرەودان بـە گەشـەپێدانی ئاسـتێکی شیکاری، بەڕەنگێك کە ئەم دیاردەیە ئـیتر زۆر ڕیالیسـتیانەیە و هیـوای چارەسـەری لەهـەر کاتێـك زیاتر نزیـك بۆتـەوە. ئـەم دیاردەیـە بـەو زانـابوون و باوەڕییـەوە دەگرمـە دەسـت کـە جوگرافیـای میزۆپۆتامیـا کــە یەکــەمین شارسـتانیەتی چــینایەتی بەرهــەم هێنــا توانــای ئەوەشــی هەیــە شارســتانیەتێکی ئەلتــەرناتیف بەرهــەم بهــێنێ، ئــەوەی یەکــەمی خوڵقانــد دەتوانێــت ئەلتەرناتیفەکەشی بخوڵقێنێ.

هێرشی ئەمەریكا و ئینگلتەرا كە نوێنەرایەتی هێزی بزوێنەری سیستەمی سەرمایەداری جیهانی دەكەن، بۆ خوارووی میزۆپۆتامیا لە ساڵانی ٢٠٠٠ و لە ژێر دروشمی "ئێراقێكی دیموكراسی"، ئاماژەیە بۆ راستی پێشبینیەكانم. بێگومان سیستەم دیموكراسیەتی ئەم خاكە ناخوڵقێنێت، بەڵكو دەبێتە هۆكارێك بۆی، تەنانەت ئەمەیە كە ئێستا روو دەدات. ئەم پێشكەوتنانە رێكەوت نەبوون، بەڵكو پێویستە وەكو بەرهەمێك لە بەرهەمەكانی رێڕەوی مێژوویی سیستەم سەیری بكرێت، كە من لە بەرگرینامەی پێشكەشكراو بە دادگای ماڤی مرۆڤی ئەوروپا باسم لێوەی كردبوو. نوێبوونەوەیەكی مێژوویی لە كۆمەڵگا و گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەبینرێت. ئێمە ئێستا رووبەڕووی قۆناخێكی راگوزارەین لە شارستانیەتی كۆمەڵگای چینایەتی كە تەمەنی ٥ هەزار ساڵە، بناخەی "شارستانیەتی دیموكراسی گەلێری" ئەلتەرناتیف دادەنرێت، مێژوو دوای خەوێكی دوور و درێژ لەسەر ئەم خاكە كەوتۆتە سەر رێرەوی قەڵەمبازێكی مرۆڤایەتی رەسەن. كوردانیش وەكو بڵێی تۆڵەی خۆیان لە شارستانیەتی چینایەتی دەكەنەوە، چارەنووسی خۆیان بە قەڵەمبازێكی دیموكراسی و ئیكۆلۆژی نوێیەوە گرێ دەدەن و دەبنە سەرچاوە بۆی. لەبەر ئەم هۆكارە ناكرێت چارەسەری كوردان ئیسلامی یان نەتەوەیی بێت، تەنانەت فیوداڵیزمی ئیسلامی لەلایەك و، سەرمایەداری نەتەوەگەرایی رۆژئاوایی لەلایەكی تر، ئەو دیاردە و پۆلێنانەن كە پێویستە لەلایەن كوردانەوە تێپەڕ بكرێن. هەموو شتەكان كوردانیان هێنایە رووبەڕوو لەبەرامبەر رۆڵی هەڵگرتن و زاینی كۆمەڵگای دیموكراسی و ئیكۆلۆژی لەناو خۆیاندا و بەمەش بوونی خۆیان و دیاردەی ئازادیان بەدەست دەهێنن. جا ئەمە وەكو قەوارەیەك بێت یان وەكو شێوەی دیاردەیەكی رزگاریخواز، هەروەك چۆن شۆڕشی گوند ـ كشتوكاڵی نیۆلیتیك كە لەبنارەكانی زنجیرەی كەوانەی زاگرۆس ـ تۆرۆس وەكو مەزنترین شۆڕش لە مێژووی جیهاندا پێكهات، هەروەها پشت بەستوو پێی شۆڕشی چینایەتی و شار لە سۆمەر ـ میزۆپۆتامیا پێكهات، كە لەگەڵ تێپەڕبوونی كاتدا بۆ شۆڕشی گەردوونیانە وەرچەرخان، ئەمڕۆش لەبەرامبەر رەوشێكین كە لەو پێشكەوتنانە دەچێت.

شۆڕشی نوێ دەوڵەت و شارستانیەتی كۆمەڵگای چینایەتی بۆخۆی بەئامانج ناگرێت، بەڵكو بەپێچەوانەوە، خۆی وەك ئەلتەرناتیفێك ئامادە دەكات و پێش دەخات. ئاواكردنی كۆمەڵگایەكی ئیكۆلۆژی (بە ئاژەڵ و رووەكەوە) بەئامانج دەگرێت و كار دەكات بۆ رزگاربوون لە دەوڵەت و چین و، لەناو هاوپەیمانێتیەكی پتەودا لەگەڵ زانستدا یەك دەگرێت كە پێداویستیەكە ناكرێت لەژیاندا دەستی لێبەر بدرێت. بە پشت بەستن بەم راستیانە چەندە واقیعیانەیە كە شۆڕشەكەمان بە

**"شۆڕشی دیموکراسی و ئیکۆلۆژی"** ناو ببەین، لەهەمان کاتدا پێویستیەکی گەوهەری ئازادیشە. هەروەك چۆن بۆ تێپەڕکردنی ئەو پێکهاتانەی کە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی لەم دوو سەدەیەی دواییدا بۆخۆی خوڵقاندبوونی یان ئەوانەی هەوڵیدا بەزۆر بیانپارێزێت، پێویستی بە پاشکۆبوونێکی تەواو نەدەکرد، هەروەها پێویستی بە روبەڕوبونەوەیەکی خوێناویش نەدەکرد، هەربۆیە گرێدان بە ماف پاراستنی رەوا و پەیڕەوکردنی لەهەموو کاتەکاندا و، پاراستنی شەڕ راوەستاندن بە مەرجی پێکهێنانی پێداویستیەکانی (واتا پارستنی رەوا) و، گەڕانی هاوبەش بەدوای چارەسەری بۆ کێشەکان بەشێوازی سیاسی، نە بەلارێدا چوونەو و نە تەسلیم بوونە، جا لە ئاستی ستراتیژی بێت یان تاکتیکی. بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە رێگای پراکتیکی و ریالیستانەیە بۆ پێکهێنانی وەرچەرخانی دیموکراسی و ئیکۆلۆژی. لەکاتێکدا کوردان لەگەڵ دراوسێکانیان بەم وەرچەرخانانە هەڵدەستن، ئەوا لەبواری بابەتیەوە بەرۆڵێك هەڵدەستن کە رەهەندی گەردوونی هەیە، وەکو بڵێی رۆڵی پێغەمبەرایەتی دەبینن لە سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی کۆمەڵگای دیموکراسی و ئیکۆلۆژی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەمەش وەکو ئەو رۆڵەیە کە پێغەمبەر زەردەشت گێڕای، پێغەمبەری کشتوکاڵ و دۆستایەتی لەگەڵ ئاژەڵدا، لەو شۆڕشەی کە لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین گەیشتە لوتکەی خۆی.

ئەوەی لەم قۆناخەدا لەکەسایەتی مندا دەرکەوت ئەو لاوازییە گشتگیرە بوو کە لەناوەرۆکی دیاردەی کورد دا هەیە. هەروەها هەوڵدان بۆ گەیشتنە ئەنجامێکی زیاتر لەرێگەی بونیادە سیاسیە ئایدیۆلۆژییە زاڵەکانەوە، هەر لە راستینەی کۆمەڵایەتی فیودالی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تا دەگاتە کۆمەڵگای سەرمایەداری لە ئەوروپا، ئەمانە زۆریەکی توندڕەوانەن و تێکشکانی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش ئەو رەوشەیە کە لەلایەن منەوە نەك تەنها بۆ جارێك بەڵکو هەزاران جار ئاماژەم بۆ کردووە، ئەمەش ئەوە بوو کە پێکهات. وەرچەرخانی ئایدیۆلۆژیم وەکو ئەنجامێکی ئەم تێکشاندنە مەتەریالیانە پێشکەوت، لەڕاستیدا ئەوەی دەسەپێنرا هەڵبژاردنی ئەو شێوازە مردنەیە کە حەزی لێ دەکەیت، کاری چاوەڕوانکراویش قۆناخێکی لەناوبردنی نادیارە کە نازانرێت چۆن تیایدا ونم کردووە، ئەویش لەرێگەی ئەو پیلانگێڕییە قوڵانەی کە سیستەمی جیهانی دەسەڵاتدار دایدەڕێژێت و پێکی دەهێنێت، ئەوەی لێرەدا پێویستە دەسەڵاتدارێتی ئایدیۆلۆژی رەهایە، لەگەڵ هەندێك دەستکەوتی گرنگدا. هەربۆیە وەچەرخانێکی ئایدیۆلۆژی ئاسایی تێری تێگەیشتنی نەدەکرد. رزگاربوون لەم لێدانەش تەنیا لەرێگەی تێگەیشتنی سروشت و کۆمەڵگا وەکو هەیە، تێپەڕ دەبێت. بەبێ شیکردنەوەی زمان و ئەقڵی سروشت و کۆمەڵگا نەدەکرا سەرکەوتن لەم

کارەدا بەدەست بهێنرێت. لەجیاتی ئەو تیۆرییە نمونەییەی کە دووچاری ئیفلاس هات و بەهێڵی گشتی شیم کردەوە، باوەڕیم زیاتر بووە بەوەی کە من زیاتر لەو تێڕوانینە بناخەییە نزیک بوومەتەوە کە پشت بەگەوهەری ئەقڵی کۆمەڵگا و سروشت دەبەستێت. بەگوێرەی یاسا بنچینەییەکانی کۆمەڵگا بەبەراورد کردن لەگەڵ متمانەی روکەشی جاران و لایەنە لاوازەکانی لەبواری متمانە کردن بەژیان، پێشکەوتنێکی گرنگ بەدیهاتووە. ئیتر روو کردن لە ژیان لە رێگەی باوەڕی بەهێز و ئیرادەی پراکتیکی پتەو بۆ من سەرنج راکێش نییە، سەپاندنی چۆك دادان و سەر شۆڕ کردن بەسەر لایەنە ناکۆکەکان بە درێژایی مێژووی شارستانیەت، بۆتە سەمبولێك بۆ کاروانی قارەمانێتیەکان.

ئەم راستیە زمانی خوێناوی دەسەڵاتی داگیرکەرییە کە تێربوون نازانێت. ئەوە زۆر بە روونی دەرکەوت کە هەر ئایدیۆلۆژیایەك کوشتن بەکارێکی پیرۆز بزانێت و رێگەی لەبەردەمدا بکاتەوە، ناتوانێت لەپێناوی ئازادی و یەکسانیدا خزمەتی هیوای مرۆڤایەتی زەحمەتکێشان و بندەستان بکات. پێویستە لەسەر هەر کۆمەڵگایەك کە لێپرسینەوەیەکی ئایدیۆلۆژی لە "تیۆری توندوتیژی" بخوازێت کە دەکرێت شێوازێکی دەسەڵاتداری و چەوسێنەرانە زۆر بەئاسانی بەدەست بهێنێت و، پشت نابەستێت بە مافی پاراستنی رەوا کە لەهەموو سیستەمە یاساییەکاندا دانی پێدانراوە. بێجگە لە مافی ژیانی ئازاد کە دەستی لێبەرنادرێت و ئەمەش وەك دەسکەوتێکی گرنگە و پێویستە بچووك نەبینرێ. هەروەك چۆن لەئەزموونی رووسیای سۆڤیەتیدا بینرا تەنانەت ئەگەر چەمکی سۆسیالیزمی کۆن کە پڕە لە توندوتیژی بگاتە سەرکەوتنیش، ئەوا ناتوانێت خۆی لە هەڵوەشاندنەوە رزگار بکات. ئەم هەڵوێستە کە وەکو هەڵگەڕانەوە سەیری دەکرێت و بەبەردەوامی دووچاری رەخنە و تاوانبارکردن بۆوە، گرنگترین و بەنرخترین دەسکەوتە کە لەژێر ناوی مرۆڤایەتی ئازاد بەدەست هات.

دابڕان لە هەموو شێوازەکانی کۆمەڵگای هەرەمی کە توندوتیژی تێدایە، کە لە وەرچەرخانی ئایدیۆلۆژی مندا گەیشتۆتە ئاستی بێگەردی، ئەمە لەگەوهەری خۆیدا شۆڕشێکی زهنییە. پشت بەستنی ئەم شۆڕشە بەو ئەقڵەی کە لەگەوهەری سروشت و کۆمەڵگادا هەیە، واتای گەیشتنیەتی بە هێزێکی چارەسەری کە لەبن نایەت. بەم شێوەیە باوەڕیم بەخۆم هێنا، ئیتر لەو پارادیگمایەی ئەو کەسایەتیە زاڵ و بەخۆباوەڕەم بنبەستبوونی ریشەی و بێچارەیی جێگەی نابێتەوە. ئەگەر ئێش و خراپیە مەزنەکان بکوژ نەبن، ئەوا راستی مەزن و ژیانی ئازادی لێدەکەوێتەوە کە دەبێتە هۆکارێك بۆ دەرکەوتنی پتەوی و هێز. راستە ئەگەر ئیفلاسکردنی تایبەتمەندێتی ئەو

کەسایەتیەی خزمـەتی سیستـەمی دەسـەڵاتدارێتی جیهـانی دەکـرد وەهـا هەڵسـەنگێنین کـە ڕێگای لەپێش دەرکەوتنی ئەلتەرناتیف کردەوە، ئەمەش لەدایکبوونێکی نوێ و شۆڕشێکی ئایدیۆلۆژییە.

# بەشی دووەم

# شارستانیەتی هێلینی و پەیوەندی لەگەڵ کورد و تورك دا

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کۆماری یۆنانی هێلینی و پەیوەندیەکانی بەپرسی کوردی و کۆماری تورکیا گرنگیەکی بەرچاوی هەیە، هەڵسەنگاندنی راستیش لەم بوارەدا گرنگی زۆری هەیە، لەپێناوی ئەوەی نەکەوینە ناو هەڵە گەورەکان، ئەمە بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپاش لەجێگای خۆیدایە. هەروەك چۆن میزۆپۆتامیا بە لانکەی شارستانیەت دادەنرێ، ئەوا شارستانیەتی هێلینیش خۆی بە لانکەی شارستانیەتی ئەوروپی دادەنێت. رێژەیەکی گرنگ و کاریگەری راستی لە هەردوو رەوشەکەدا هەیە. نەتوانینی هەنگاو هاویشتنێکی جددی لە چارەسەر کردنی پرسی قوبرسدا کە وەکو مەسەلەیەکی ئاسان خۆی دیاری دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو راستییە مێژووییە تێکچڕژاوانەی کە لەپشتیەوەن. سەبارەت بە هەوڵدانم لە ئەسینا و ئەو رووداوە خیانەتکاریەی کە لەپیلانگێڕیەوە سەرچاوەی دەگرت و بەهیچ شێوەیەك پەسند ناکرێت و تێگەیشتنیشی کارێکی گرانە، دەبینین کە ئەم پێشکەوتنە مێژووییانە بناخەی هەموو ئەوانە پێك دەهێنن. هەر بۆیە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا ناکرێت ئاشتییەکی راستەقینە بچەسپێت و پەیمانی دۆستایەتی راست لەنێوان گەلان و وڵاتەکانمان پێك بێت، ئەگەر هەڵنەستین بە پێناسەکردنێکی راست بۆ پەیوەندی کورد و تورك کە بۆ هەزار ساڵ درێژ دەبێتەوە و، بەگشتیش بۆ ئەو پەیوەندییە زاڵانەی کە لەنێوان جیهانی ئەنادۆڵ ــ هێلینی دا هەیە، ئەمەش لەچوارچێوەی مێژوویی خۆیدا. ئەوەی هەیە زنجیرەیەك لە پەیوەندیەکانە، کە تاڕادەیەك لە گرێ کوێرەی عەرەب ــ ئیسرائیل دەچێت. لێرەوە هۆکاری پێداویستی ورد و گشتگیری شیکردنەوەکان دەردەکەوێت. تێگەیشتن لەم پەیوەندییە تێکچڕژاوانە کە لەهەر شتێك زیاتر تراژیدیا دەخوڵقێنێ و، واتا پێدانی، شادەماری پێکدادان و ململانێی ئایدیۆلۆژی ـ سیاسیمان پێك دەهێنێ.

**أ ـ** شارستانیەتی هێلینی راستییەکە، پێویستە نە بچووك بکرێت، نە نکۆڵی لێبکرێ و، نە مەزنیش بکرێت، پێویستە چاوگەکانی لەدایکبوونی بەتایبەتی و بەشێوەیەکی راست شی بکرێتەوە، ئەمەش شتێکی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە پارادۆکسی یۆنانی **"المفارقة اليونانية"** کە تا ئێستاش هەیە.

شارستانیەتی هێلینی لەگەوهەری خۆیدا زنجیرەی گەیاندنە بۆ گواستنەوەی هەردوو شۆڕشی گوند ـ کشتوکاڵی نیۆلیتیك و شار کە سەرچاوەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بۆ کیشوەری ئەوروپا. لە هەزارەی حەوتەمی پێش زایین لە رێگەی ئەنادۆڵەوە سەردەمی نیۆلیتیك دەناسێت، قۆناخێکی نیۆلیتیك لەو نیمچە دوورگەیە وەکو بەشێك لەناوچەی دەریای سپی ناوەڕاست بەسەر دەبرێت، هەروەکو چۆن رەوش بەگشتی هەبوو، لەپێش ئەوەی وەکو قەوارەیەکی هێلینی پێك بێت. لە هەزارەی دووەمی پێش زایین شارستانیەتی باژێڕی دەکەوێتە ناوی، هەروەك چۆن لە داستانی بەناوبانگی تەروادەدا تێبینی دەکەین. لەڕاستیدا تەروادە دەرگای سەرەکییە بۆ گواستنەوەی شارستانیەتی سۆمەری کە بنەچەکەی سۆمەرییە بۆ کیشوەری ئەوروپا لەڕێگەی هوریەکان و هیتیتەکانەوە. لێرەوە گرنگی مەزنی خۆی بەدەست دەهێنێت. لەهەزارەی دووەمی پێش زایینەوە تەروادە لەسەرەتادا سەبارەت بە نیمچە دوورگەی یۆنانی و لەدوایش هەموو کیشوەری ئەوروپا، رۆڵێکی گێڕا کە گرنگیەکەی وەکو ئەو رۆڵەیە کە نیویۆرك بۆ ئەمەریکا گێڕای، یان وەکو ئەو رۆڵەیە کە فلۆرنسا لە رێنیسانسی ئەوروپادا گێڕای. ئەو هەستا بە گواستنەوەی نرخە شارستانیەکانی هەزاران ساڵە بۆ رۆژئاوا، وەکو بلێی ئۆقیانووسی رۆشن کردەوە و نوێنەرایەتی دەوڵەمەندێتی دەکات. گرنگی دانی رۆشنبیرە ئەوروپیەکان تا ئەم رێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ زانینیان بەشێوەیەکی راست بۆ رابردووی خۆیان. ئەو پرسیارەی کە لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بە زۆری دەکرێت ئەمەیە (لەڕاستیدا لانکەی شارستانیەتی ئەوروپی ئەنادۆڵە، یان نیمچە دورگەی یۆنانییە؟) ئەمەش بۆتە پرسێکی سەربەخۆ.

لەساڵانی ٢٠٠٠ پ.ز کۆچ و هاتووچۆی (خێڵە باکووریەکان) کە لەسەر شۆڕشی نیۆلیتیك بەخێو کرابوون دەبینرێت، لە ئەوروپاوە هەر لەکەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی بۆ ئۆقیانووسی ئارام و هەتا چین لە رۆژهەڵاتەوە. ئەم کۆچانەش دەستدرێژی کردنی خێڵ و قەومەکانە کە لەقۆناخی بەربەریەتی باڵادا بوون و، لەباشوورەوە لەسەر شارستانیەتی باژێڕی سۆمەری بەخێو

کرابوون، هیوای خۆیان گرێدابوو بەخێر و بێراتی ناوچە شارستانیەکان هەر لە هیندەوە تا میسر کـە زۆر سـەرنج راکـێش بـوون. بـەکورتی ئەوانـە بەشـداریان کـرد لـە دەسـتپێکردنی قۆنـاخێکی مێژوویی نویٔ لە شارستانیەتەکان وەکو چین، هینـد، ئێـران و هیتیتـەکان، هـەروەها لـە رۆژئـاوای دووریش شارستانیەتی هێلینی. ئەمە لەلایەنێکەوە سەنتێزێکی مەزنە لەنێوان ئـەو خوێنـە گـەرم و نوێیانەی بەربەریەت لەگەڵ شارستانیەتی بازێڕی کۆندا. ئەمەش گـرنگترین پلـەی پەڕینەوەیـە بۆ مێژووی نوسراو.

هۆکـاری ئـەوەی هێلینیـزم ئەوەنـدە گرنگـی بەدەسـت هێنـا، لەلایـەك دەگەڕێتـەوە بـۆ سـوود وەرگرتنیــان لەشارســتانیەتی میزۆپۆتامیــا لــە رێگــەی ئەنادۆڵــەوە، لەلایــەکی تریشــەوە لــە شارستانیەتی میسری لـە رێگـەی کریتیەکانـەوە. ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی یەکـەمین خـاڵی کیشوەری ئەوروپا پێك دەهێـنن. پێویسـتە لێـرەدا ئـەو گواسـتنەوە راسـتەوخۆیەی شارسـتانیەتی سۆمەر ــ میسری (ئاوێتەبوون) کە فینیقیـەکان لەیەکیانـدا بـۆ زیـاد بکرێـت، کـە لەڕێگـەی لوبنانـەوە پێـك هــات. بەنزیکبوونــەوە لەســالانی ١٥٠٠ پ.ز خێڵــە هێلینییــەکان بــە چــڕوپڕی دەبینــرێن کــە بەشارستانیەتی ئەو ناوچانە خۆیان تێر دەکەن، وەك ئەوەی لـە وتەیـەکی کۆنـدا دەوترێـت "ئـەو رۆژئاواییەی چاوی بڕیوەتە سەر خێر و بێرات". هەنگاوی یەکەمی شارستانیەتی میکانی بوو کـە کۆتایی هێنا بەشارستانیەتی کریتی و لەناو خۆیدا تواندیـەوە، لەسالانی ١٢٠٠ پ.ز لەبـەر هۆکـاری نـاوخۆیی و ئـەنجامی هێرشـی خێڵـە نوێیـەکان لەناوچـوو، لەسـالانی ١٠٠٠ پ.ز دەسـتی کـرد بـە شالاوێکی نوێی مەزن، دوای دەست گرتنی بەپەلە بەسەر تەروادەدا سەرلەنویٔ لەسـەر کـەنارەکانی وڵاتی ئەنادۆڵی رۆژئاوایی کۆدەبنەوە. لەژێر نـاوی جیـاوازی تـردا دەردەکـەون وەکـو (دووریـەکان، ئایۆنیـەکان، ئایۆلیـەکان) بەمـەش قۆنـاخێکی نـوێی پێشـکەوتنیان دەسـت پێکـرد کـە کرانـەوەی بەرفراوانی بەخۆیەوە بـینی. هۆمیرۆس لـە داسـتانی بـەناوبانگی (ئـەلیادە)دا دەگاتـە جـوانترین و بــەهێزترین وەســف بــۆ ئــەم قۆناخــە. هۆکــاری گرنگــی مــەزنی داســتانی "ئــەلیادە" و بــوونی بەسەرچاوەی ئەدەب و کولتووری رۆژئاوایی، دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی بەرچاوی مێژوویی تەروادە. بۆ یەکـەمین جـار قەڵایـەکی مـەزن و پتـەوی شارسـتانیەتی رۆژهـەڵاتی لەسـەر دەسـتی هێلینیـەکان دەڕوخێنرێـت. ئـیتر ئـەو منداڵـە نوێیـەی رۆژئـاوا واتـە هێلینیـەکان، دەرگایـان لەسـەر پشـت بـۆ دەکرێتەوە بۆ فراوانبوون بەرەو رۆژهەڵات. کـەوتنی تـەروادەش لـە سـاڵی ١٢٠٠ پ.ز روویـدا. دوای ئەویش فراوانخوازەکان کە ناو دەبرێن بە (خێڵی دەریا) و زۆربەیان لە هێلینیەکانن دەستیان کرد بەکاریگەری خۆیان و بەناسنامەی کولتووری نوێوە، لە رێگەی شارستانیەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سەنتێزیان پێکهێنا. ناوی زۆریان لەخۆیان دەکرد وەکو "فیلیستیا" لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست و لەسەر کەنارەکانی دەریای رەش و هەتا "پۆنتۆسیەکان". شارستانیەتی هێلینی مەزن قەوارە و دیالەکتیکێکی پێشکەوتنی بەو شێوەیەی هەیە لەمێژوودا. لەم قۆناخەدا هێلینییەکان بە زۆربەی گەلان و کولتوورەکان کاریگەر بوون، لەسەرروویانەوە هیتیتەکان، فریگیەکان، لیدیەکان، لیکیەکان و لوویییەکان، لەکۆتاییدا خواستیان بیانخەنە بۆتەی خۆیانەوە، جا بە توندوتیژی بووبێت یان بەتواندنەوە. ئەم راستییە لە هەناوی سەردەمێکدا شاراوەیە کە لە وڵاتی ئەنادۆڵدا کاریگەری و مۆرکی هێلینییەکان زاڵ بوو. لێرەدا مەبەستمان لە راستی دانیشتنە لەسەر شارستانیەتێکی دەوڵەمەند و خستنە بندەستی ئەو شارستانیەتە. ئەوانە ئەو شارستانیەتانەن کە ریشەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ٨٠٠٠ هەزار ساڵ پ.ز کە لەدوایدا پێشکەوت و گەشەی کرد. لەگەڵ ئەوەی کە لە ئیسپانیا و صقلیا و ئیتالیاش پێشکەوتنێکی وەکو ئەوە روویدا، بەڵام مۆرکێکی هێلینی پلە دووی هەیە و، پێشکەوتنە بناخەییەکان لەسەر هەردوو لایەنی دەریای ئیجە پێك هات.

ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، ئۆرارتۆیی، میدی و پارسی لەپێشەوەی ئەو هێزانەن کە لە رۆژهەڵات بەرەنگاری هێلینیەکان بوونەوە و، لەم ماوەیەدا پێشکەوتنیان راوەستاندن. ئاشووریەکان کە لەدوای تێکشاندنی هیتیتەکان بوونە هێزی دەسەڵاتدار، رۆڵیان بینی لە تێکشکاندنی هێلینیەکان بۆ رۆژئاوای وڵاتی ئەنادۆڵ و ناچاریان کردن لەوێ بمێننەوە، تا ئەو کاتەی ئەوانیش تێکشکان و بڵاوبوونەوە (واتە ئاشووریەکان). ئۆرارتۆیەکانیش رۆڵێکی وەکو ئەوەیان بینی. بەڵام رۆڵی سەرەکی لە دژایەتی کردن و راوەستاندنیان، دەسەڵاتداری میدیا لەساڵی ٥٨٥ پ.ز "کی ئاخسار" گێڕای، بەرەنگێك کە لەدوای شەڕ هێڵێکی سنووری کێشا لەسەر کەنارەکانی دەریای سوور . فەیلەسوف "تالیس"یش بۆخۆی باس لەم شەڕە دەکات کە سیما و تایبەتمەندی زۆرنامۆی هەیە لە مێژووی هێلینی و میتۆلۆژیای هێلینیدا، بەرەنگێك کە زاراوەی "میدیا" وەکو خاڵێکی سەرەکی و سەربەخۆ بە بەردەوامی باسی لێوە دەکرێت. لەمێژووی "هیرۆدۆت"دا بەزۆری ئاماژە بۆ "میدیا" دەکرێت، لەکاتێکدا پارسەکان لەپەراوێزدا دەمێننەوە. هەروەك چۆن لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا "هاوپەیمانی ئەمەریکی" بوونی هەیە، ئەوا لەو رۆژانەشدا "ئەندامێتی میدیا" یان "هاوپەیمانی میدیا" لە گرنگترین زاراوەکانی لای هێلینیەکان بوو. خۆ پێوانە کردن پێیان مۆدەیەکی زۆر باو بوو، سیاسەتیش دەبوو بە دوو بەشەوە: هاوپەیمانی میدیەکان و، دژە میدیەکان. ئەم دابەشبوونەش لە قۆناخی ئیمپراتۆریەتی پارسی دوای میدیەکان

بەردەوام بوو، بە رەنگێك كە كاریگەری كردە سەر هەموو بوارەكانی ژیان. بەڵام ئەو قۆناخەی كە لە ٥٥٠ پ.ز تا ٣٣٠ پ.ز درێژ دەبێتەوە، واتە تا كاتی داگیركردنەكانی ئەسكەندەر ئەوا بە هەموو ماناكانی وشە دەسەڵاتێكی میدی ــ پارسی تیادا زاڵبوو. ئەویش هەمان ئەو قۆناخەیە كە هێلینیەكان لە كۆشك و سەرا رۆژهەڵاتیەكاندا فێری هونەری دەسەڵات و بەڕێوەبردن بوون و، لەبواری سیاسیدا بەشێوەیەكی رێژەیی شارستانیەتی میسریان پەسند كرد. بەمەش هێلینیەكان كە بەشێوەیەكی باش لەبوارەكانی ئابووری و كۆمەڵایەتی و سیاسی خۆیان پڕ چەك كردبوو، لە شاڵاوی ئەسینای كلاسیكیدا كە لەمێژوودا زۆر باسی لێوە دەكرێت پێشكەوتنێكی بەرچاویان پێك هێنا. ئیتر ئەو سەنتێزەی كە لەدەوروبەری ئەسینادایە سەردەكەوێت لەوەی كە خۆی بكاتە سەنتەر و بناخەیەك، بەمەش بوو بەسەنتەری پێكهێنانی سەنتێزی خوڵقكار، نەك "جێگەیەك بۆ دادگا هاوبەشەكان". واتە شارستانیەتێك هەیە و بە فەیلەسوف و ئەدیب و سیاسیەكانیەوە دەرگای خۆی بۆ كرانەوە و پێشكەوتن كردۆتەوە، ئەو شارستانیەتەی كە لەنێوان "٦٠٠ ــ ٣٠٠" پ.ز دەركەوت، بوو بەكۆكەرەوەیەكی بناخەیی شارستانیەتی ئێستامان.

شاڵاوی هێلینیەكان لەسەر دەستی ئەسكەندەر لە گەوهەری خۆیدا تەنها شەڕێكی دەست بەسەرداگرتنی مەزنە، بۆ هەموو ئەو دەوڵەمەندیەی كە لەكۆشكی پارسەكاندا هەبوو، ئەمەش بەدرێژایی دەسەڵاتیان كە دوو سەدە تەمەنی بوو، دەیانویست شاڵاوی داریوشی مەزن ئیمپراتۆری پارسەكان (٥٢٠ ـ ٤٨٠) پ.ز لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا دووبارە بكەنەوە. كە توانای ئەوەی نیشاندا مەزنترین شاڵاوی دەست بەسەرداگرتن بەرەو سەركەوتن ببات، هەر لە كەنارەكانی دەریای "تونا" تا كەنارەكانی دەریای "غانج" لەهیند. بەم شێوەیەش زۆربەی زۆری ناوچەی شارستانیەتی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا بۆ جارێكی تر لەبەردەم شارستانیەتی هێلینی كرایەوە، هەر لە تونا هەتا هیندۆس و غانج، ژمارەیەكی زۆری دەوڵەتی كۆیلەداری لەسەر بناخەی ئەم داگیركارییانە پێك هات، شارستانیەتی میسریش لەقۆناخی نوێدا لەناو خانەدانی "بتولاما" دا بوونی خۆی پاراست، بەڕەنگێك لەوكاتەدا ئەسكەندەرییە شارێكی سەرەكی و سەنتەرێكی كولتووری یەكەمین بوو. شارستانیەت لە ئەنادۆڵ لەسەر دەستی پادشای "بیرگاما" بەردەوام دەكات، "سلافكوسیەكان"یش زۆربەیان لە خاكی میزۆپۆتامیادا دەژیان و هەر لەوێش جێگیر بوون و دوای ئەسكەندەر قۆناخێكی فراوانتر و قووڵتریان دەست پێكرد. قۆناخی نێوان ٣٠ پ.ز ــ ٢٥٠ زایینی گرنگترین قۆناخی گەشەكردنی هێلینیزمە لەمێژوودا. چونكە بەتایبەت لەبواری كولتووریدا توانی سەنتێزی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا پێك بهێنێت. كە ئەویش هێزی خوڵقێنەری دوایی شارستانیەتی

كۆیلەدارییە و، ئیمپراتۆریەتی رۆمانی كۆیلەداریش لەگەوهەری خۆیدا ئەم رۆح و مانا بڵندانەی نوێنەرایەتی دەكرد، بەڵام لاتینیەكان بەشداری كردنیان لەم قۆناخەدا رەهەندی رووكەشی دەرباز نەكرد. هەردوو ئیمپراتۆریەتی مەزنی رۆمانی و بێزەنتی (لەنێوان ٥٠٠ پ.ز ـ ١٤٥٠ زایینی) لەسەر میراتی سەنتێزی شارستانیەتی رۆژهەڵات ـ رۆژئاوا بوون، بەشێوەیەك كە زۆریان لێوەرگرت و هیچیان نەخستە سەر بەدرێژایی مێژووی هێلینیەكان. گرنگترین سیمای بەرچاوی ئەم قۆناخە مێژووییەش شێوازی دیسپۆتیزمی بەربەری و داگیركاری زۆردارانەیە لەسەر مرۆڤایەتی كە لەناوچە بەپیتەكانی رۆژهەڵات دا پیادە كرا. قەڵەمبازی مەسیحی و ئیسلامیش لە گەوهەری خۆیاندا دوو راپەڕینی ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی و سەربازین لەبەرامبەر باڵادەستی رۆمانی و بێزەنتیەكان كە لە رۆژئاوا نزیك بوون، ئەوانیش وەكو دوو بزووتنەوەی ئازادی و ئاشتی بوون.

**ب ـ** ریشەی لەدایكبوونی شارستانیەتی هێلینی دەگەڕێتەوە بۆ شاری ئەسینا، لەوەی كە بەتەنیا شارێك بێت، گوزارشتی لەشێوازی دەوڵەت و ژیانی كولتووری نوێ دەكرد. ئەسینا لەبەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی ململانێیەكی تایبەت بەخۆی پیادە كرد، لەناوخۆدا لەبەرامبەر ئەسپارتە و لەدەرەوەش لەبەرامبەر پەرسا پۆلیس. لەمەشدا چەكی دیموكراسیەتی بەكارهێنا كە كاریگەرترین چەكی كۆیلەیە لە ململانێدا، بەمەش لەكۆتاییدا توانی سەربكەوێت بەسەر هەموو شارە هێلینی و رۆژهەڵاتیەكاندا و، لەلایەكی تریشەوە یەكێك لە گرنگترین و پێگەیشتووترین نموونەی شارستانیەتی كۆیلەداری پێكهێنا. ئەمەو رۆڵێكی بەرچاوی بینی لە تێپەڕكردنی زهنیەتی مرۆڤایەتی لەشێوازی فیكری میتۆلۆژی و ئایینی كە هەزاران ساڵ زاڵ بوو، بۆ شێوازی فیكری فەلسەفی. سوكرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆش پێغەمبەری ئەم شێوازە نوێیە بوون و، بۆیەكەمین جار هونەر لە مەراسیمی داب و نەریتی ئایینی رزگاری بوو و سەربەخۆیی خۆی بەدی هێنا. ئیتر هونەرمەندە رۆشنگەر و فەیلەسووفەكان زیاد بوون و بەمەش لەهەموو بوارەكانی هێلینیزمدا ئاسەواری زۆریان بەجێهێشت بۆ لەدایكبوونی نمونەی ژیانی نوێ. زانست لەهەموو بوارەكاندا گەیشتە ئاستی زۆربڵند، لەپێشەوەش پزیشكی، ئەندازیاری، فیزیا، بیركاری، ئەستێرەناسی، ناكرێت لێرەدا ئەو پەیوەندییە پتەوە لەیاد بكەین لەنێوان ئەم پێشكەوتنانە و دیموكراسیەتی ئەسینادا.

بەڵام ئەسینا هیچ نەسڵەمیەوە لەوەی كە بڕیاری مردن بەسەر سوكرات دا بسەپێنێ، كە لە هەمان كاتدا سیمبولی ئەم شارستانیەتە بو، چۆن دەتوانین ئەم ناكۆكیە شیبكەینەوە؟ زۆر گران

نییه كه بـەخێرایی ئـەم لایەنـه ناكۆكه ببیـنین، چونكه لەكاتێكدا خولْقێنـەران و پێكهێنـەرانی سەنتێزی قەڵەمبازی مرۆڤایـەتی شارسـتانی دێـرین لـه ئەسینادا لەلایەكه، ئـەوه لـه لاكـەی تـردا بوونێكی بەهێز و چەسپاوی چینی ئەرستۆكراتی مشەخۆر و فرێژ و فێڵباز هەیـه، كـه بەشێوازی هونـەری بـەڕێوەبردنی كۆیلـەداری و شێوازی داگیركـەری كۆیلـەداری گەیشتۆته ئـەو پلەیـه. ئـەو چینێكی مشەخۆری وایه بەڕێژەیەك كه لەكاتی نانخواردندا نـاتوانێ پشتی خـۆی ڕاست بكاتـەوه. هەر ئەوه كه دیماگۆژیترین گوزارشتی بۆ دیموكراسیەت خولْقانـد و "دیمو ــ كراسیا" "دەسـەڵاتی گەل"ی خسته دەستی خۆیـەوه وەك چۆن شـوان مـەڕی بـەڕێوەبرد، دەسـەڵاتی بەسـەردا سـەپاند، ئەمـەش لایەنەكـەی تـری ڕاستییه. هـەر بۆیـه ئەسـینا لانكـەی دیموكراسیه و، هـەروەها لانكـه و ناوەنـدی دیماگۆژیـەت و سـاختەكاری شـاراوەیه، ئەمــەش بەشـێكی جیانەكراوەیـه لەسروشـته گشتیەكەی. كـار دەگاتـه پلەیـەك كـه ناتوانرێـت سنورێكی جیاكـەرەوه لـەنێوان دیموكراسـیەت و دیماگۆژیەتدا دابنرێت. ئەسیناش دیاردەیەكی وای هەیـه و پێشكەشـی مرۆڤایـەتی دەكـات. مێـژوو پـڕه لـەو كەسـایەتییه سیاسـیانەی ئەسـینا، كـه ژمارەیـان لـەبن نایـەت و، بـەبێ ئـەوەی چاوێك بتروكێنن زۆر به ڕەزیلانه بەرەو خیانەت دەچن، ئەمەش بـه نـاكۆكی لەگـەڵ ئـەو دیموكراسیەته ڕاستەقینەیەی كه "بریكلیس" نوێنەرایەتی دەكرد. دادگای سوكراتیش نمونەیـەكی بچووكی ئـەم ڕاستییەیه.

خوداوەنـد "ئەسـینا" كـه نـاوی لـه داسـتانی ئـەلیادەدا دێـت، كاتێـك خـۆی لەكەسـایەتی "دیافوبوس"ی برای هیكتـۆردا كـەتێك ناشـكێنرێت دەشـارێتەو ه و، دەیخزێنێتـه نـاو شـەڕێك كـه چارەنووسەكەی تێكشكاندنه، هەمان یاری لەبەرامبەر سوكراتیش بـەڕێوەبرد. ئەگـەر ئەمـه هێما بێـت بـۆ شـتێك ئـەوا هێمایـه بۆئـەوەی كـه ئەریسـتۆكراتیەت و دیسـپۆتیزم هـەر لەسـەرەتاوه تایبەتمەندیەكی بەرچاوه له كولتووری هێلینیزمـدا. چـینی خـاوەن كۆیلـه یـان چـینی داگیركـەری دەسەڵاتدار بەشێوەیەكی گشتی، بەبێ گەوهەری كولتووری دیماگۆژی كه پیلانگێڕی و ساختەكاری لێ وون نابێت نەیدەتوانی گەل بخاته ژێردەستی خۆیەوه و بەڕێوەی ببات. دەووترێت كـه زیۆسـی خودا، خوداوەند ئەسینای له ناوچەوانی خۆی خولْقاند. ئەگـەر زیۆس بـه سـیمبولی دیسـپۆتیزمی هێلـینی سـەركەوتوو دابنرێـت، ئـەوا بەشـێوەیەكی باشـتر لەچـۆنیەتی پێكهـاتنی ڕووەكـەی تـر تێدەگەین، واته خوداوەند "ئەسینا" كه لەناوچـەوانیەوه خولْقـابوو، شاری ئەسـیناش كـه لەسـەر ناوی ئەو ناوی لەخۆی كردووه، پێویسته سەرمان سووڕ نەمێنێ كه فەیلەسوف سوكرات نـەیتوانی ئەم تایبەتمەندیەی شیبكاتەوه. ئەسـینا بەبـەردەوامی لـەژێر دەمـامكی دیموكراسـیەتدا سـیمبولی

پێشکەوتوو و بڵندی دیسپۆتیزمی تاکی، چینایەتییە. تووڕەبوون و نەفرەتی راستی ئەسپارتەی مەزن لەخۆوە نییە، ئەسپارتە نوێنەرایەتی چینی بەخشندە دەکات لەبەرامبەر ئەسینادا، ئەگەر بەشێوازی پادشایش بێ. لە کتێبی هیرۆدۆت دا رستەیەك هەیە کە دەڵێت: داریوشی مەزن زۆر توڕەیە لە پیلان و فێڵی ئەسینا. دەوترێت کە ئەو بەچێشت لێنەرەکەی ووتوە "هەرچەند خواردنت بۆ هێنام پێویستە بڵێیت؛ ئەی پادشا ئەسینیەکان لەبیر مەکە". هەروەها دەڵێت: "ئەی زیۆسی خودا وەرە با ئەسینیەکان لە سنووری خۆیاندا بوەستێنین". هەربۆیە لەکاتێکدا سوکرات، ئەفلاتوون، ئەرستۆ و بریکلیس رووی یەکەمی دیموکراسیەتی ئەسینا پێك دەهێنن، ئەوا رووی دووەمیش، ژمارەیەکی لەبن نەهاتووە لە دیماگۆژیەکان و پیلانگێڕە روو رەشەکان.

دەکرێ بووترێ کە ئەم مۆرکە ناکۆکەی کولتووری هێلینیزم بەتەواوی لە بناخەی کولتووری رۆژئاوادا هەیە. لەکاتێکدا راستگۆیی تایبەتمەندیەکی سەرەکی و بەرچاوە لە کولتووری رۆژهەڵاتدا، دەبینین کە درۆ و هەڵخەڵەتاندن و دیماگۆژیەت لە کولتووری رۆژئاوادا دژ بە ئەو رەنگ دەداتەوە. ئەمە لەجوانیەکانی پێشکەوتنی دیالەکتیکیە و دەستی لێ بەرنادرێت. چونکە راستی بە خولقاندنی دژبەری خۆی پێش دەکەوێت. لەتاریکایی ئەم راستییەشدا، نەریتی کولتووری دەوڵەمەند هەیە کە کولتووری هێلینیزم پشتی پێ دەبەستێت. ئەگەر ئەم کولتوورە لەچوار لاوە تووشی دزین و تالانکردن بۆوە (ئەنادۆڵ، فینیقیا، میسر، کریت). ئەوا شاردنەوەی ئەوە و پەردەپۆش کردنی پێویستی بە دیماگۆژیەتێکی مەزن هەیە. هێلینیەکان خولقکارییان پێك هێنا و، بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەشدارییان کرد لە پێشکەوتن و وەرچەرخانەکان، بەلام ئەوان لە پەسند کردنی ئەوانە دوو دڵ نەبوون و نەسلەمینەوە کە گەدەیان هەرسی نەکرد و ئەقڵیان پەسندی نەکرد، ئەویش لەڕێگەی ووتەی دیماگۆژیانە. لەکاتێکدا لەلایەکەوە لاسایی کردنەوەیەکی ئاسان دەبینین بۆ سۆمەر و میسر لە سیستەمی خوداوەندی هێلینیەکاندا، لەلایەکی ترەوە بەشداری کردنیان لە تیۆلۆژیادا لایەنی مرۆڤایەتی بەسەردا زاڵە. هسیۆدۆس لەڕاستیدا یەکێکە لە گرنگترین پێغەمبەرەکان لە راستی هێلینیزمدا کە لەخوداوەندە سۆمەریەکانەوە وەریان گرتووە، هەروەها ئەمە رەوشی هەردوو داستانی ئەلیادە و ئۆدیسای هۆمیرۆسە، کە بە شێوازێکی نوێکراوەی داستانی گلگامێش دادەنرێت کە هوریەکان و هیتیتەکان نووسیبوویان. لەگەڵ ئەوەی میتۆلۆژیا و خوداوەندە سۆمەریەکان رەسەنن، بەلام کاتێك بەووردی سەیری بکرێت و هەڵبسەنگێنرێت، زۆر بە روونی ئەوە دەردەکەوێت کە سیمبولە بۆ "خودا ــ پادشا" لە شارستانیەتی کۆیلەداری گەشەکردوودا. هەموو ئەو خوداوەندانەی دوای ئەویش هاتن ئەم

پێکهاته ڕەسەنەیان جوان کرد و ڕازاندیانەوە و پێشکەشی خەڵکی خۆیان کرد، دوای ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆییدا یەکانگیریان کرد. هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە، لە سەرەتاشەوە ئەدەب و تەنانەت زانست و فەلسەفەش، لەناوخۆیدا کاریگەری قووڵی ئەم نەریتەی هەڵگرت و گەیاندیە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. ئەوە چ ڕێکەوتێکی بەئازارە کە ئەو خوداوەندانەی سەدام و بۆش هێنایانە ناو گۆڕەپانی شەڕ و بانگەشەی ئەوەیان کرد کە "خودای من بەهێزترە" لەهەمان شوێنی ئەو شەڕەدا بواری لەدایکبوونێکی نوێی دەست دەکەوێت. هەموو ئەو شارستانیەتانەی کە لەسەر بنەمای پاوانکردنی ڕەنجی مرۆڤ و بەکارهێنانی زێدەباییە، لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە بەهیچ شێوەیەك گەوهەری خۆی لەدەست نەداوە، بەڵکو توانی لەسەرخان و ژێرخاندا درێژە بەخۆی بدات. ئەمەش بەڕاستی شتێکی سەرنج ڕاکێشە. ڕیاکاری و دیماگۆژیەتیش تەنیا بۆ قووتدان و هەرس کردنی ئەم ڕاستییە دەرکەوتووە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکرێت. بەڵام زانست، فەلسەفە، ئایین و هونەر، بۆئەوەی مرۆڤایەتی بگەیەنێتە ڕەوشێك کە توانای بەرگە گرتنی هەبێت، دەرکەوتووە. ئەگەر ئەمەش پێك نەیەت ئەو کاتە کولتووری کۆمەڵکوژی بەدوای یەکدا دەست پێدەکات، هەر لە لەخاچدانی هەزاران کەس تا دەگاتە فڕێدانی زۆریان وەکو پاروویەك بۆ ئاژەڵە دڕندەکان لە گۆڕەپانی ململانێ کە تیایدا پارچە پارچە دەبن و، سەریان لێدەکرێتەوە و لەشیان هەنجن هەنجن دەکرێت، زۆر بەئاسانیش ئەم کۆمەڵکوژیانە ناوی قارەمانێتی و پیرۆزی خودایی لێ دەنرێت. خستنە زیندان و پیادەکردنی هەموو شێوازەکانی ئەشکەنجە ڕەوشێکە کە کەم نابێتەوە و وون نابێت. ئەوەی دەکەوێتە سەر شانی گەلان و مرۆڤایەتیش، تەنیا سەر شۆڕکردن و چۆك دادانە بۆ ئەم مێژووەی کە ترس و تۆقینێکی لەڕادە بەدەری تێدایە. بەتایبەت لەم خاڵەدا بەشداری چینی هێلینی دەسەڵاتدار، لە بەلاڕێدا بردنی دیماگۆژی وورد و شاراوەی دیموکراسیەت دەردەکەوێت. خواردنەوەی ژەهری (شوکران) لەلایەن سوکراتەوە بەدەستی خۆی، ڕەنگدانەوەی ئەم کولتوورە تۆقێنەرەی شێوازی هێلینیەکانە. ئەمەش شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە، بۆئەوەی لەم ڕاستییە تێبگەم وەکو کەسایەتی "ئاپۆ"، پێویست بوو بەشێوەیەکی ڕاست لە هێلینیزم تێبگەم کە بەشێکە لە شارستانیەتی کۆمەڵگای چینایەتی جیاناکرێتەوە. بەڵام من توانام نەبوو لەمەش تێبگەم بەبێ ژیان کردنی ئەو ڕەوشە تۆقێنەرەی کە منیان خستە ناوی. چونکە هەندێك ڕاستی هەیە تا نەکەویتە ناوی ناتوانیت لێی تێبگەیت.

پێویستە ئەم ئەنجامەی تریشی بۆ زیاد بکرێت: هەموو گەلان کە گەیشتوونەتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژی شارستانیەتدا لەناو تاریکایی شێوازی بەڕێوەبردن و داگیرکاری

هەموو خاوەن کۆیلە و دیسپۆتێك و چینێکی دەسەڵاتداردا ناڵاندوویانە و، تا سەر ئێسقان ئازاری درۆ و ساختەکاری و دیماگۆژیەت و ئەشکەنجە و کۆمەڵکوژی ئەوانیان چێشتووە. تا ئێستاش "تاکی ئازاد" و "گەلی ئازاد" خەون و هیوایە، تەنیا خاوەنی دەسەڵاتی هەرەمی (هیارارشیك) لە ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆیاندا رێژەیەکی دیاریکراویان لە ئازادی هەیە، لەکاتێکدا دەیانبینین کە زۆر بەڵێنی درۆ و هیوای پووچ و خواستنی دەرەوەی راستی کە کۆتایان نییە، دەدەن بە گەلان و تاکەکان.

ج ـ دەکرێت گرێدانی پەیوەندی لەنێوان هێلینیەکان و کوردان لە رێگەی هیتیتەکانەوە پێك هاتبێت، چونکە وەکو دەزانرێت هیتیتەکان لەو گەلانەی دەوروبەر و بلاوەی چیای ناوخۆی وڵاتی ئەنادۆڵن کە هوریەکان تیایدا دەژیان، وەکو بەشێك لەو گەلەی کە پێی دەووترێت "پرۆتۆ کورد" "نمونەی سەرەتایی کورد" کە لەمیزۆپۆتامیای سەروو نزیکە، ئەمەش لەکاتی بلاوبوونەوەی شارستانیەتی سۆمەر لەناو ئەو زەویانەدا. بەڵام دیاریکردنیان وەك پێکهاتەیەکی تێکەڵ لەو خێڵە بەربەریانەی کە لەباکوورەوە هاتبوون و، تاکەکانی شارستانی ناوخۆیی جێگیر، ئەمە گوزارشتێکی زانستیە و لە راستیەوە نزیکە. نزیکایەتی ئاریەکان و هوریەکان لەیەکتری لەبواری زمان و کولتووردا سەلمێنراوە. ئیمپراتۆریەتی هیتیتەکان کە ناوەندەکەی "هاتووشاش" بوو، هەتا کەنارەکانی دەریای ئیجە خۆی فراوان کرد. ئەمەش لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٧٠٠ ــ ١٢٠٠ پ.ز، بەمەش تەرواده کە دوورترین خاڵە، دەوڵەتی باژێڕی تیادا پێکهێنا. واتە هیتیتەکان یەکەمین هێزن کە تۆوی شارستانیەتیان لەسەر کەنارەکانی دەریای ئیجە بلاوکردەوە. لەساڵانی ١٢٠٠ پ.ز ئەو گروپانەی پێیان دەووترا (خێڵی دەریا) لەسەروویانەوە هێزی خێڵە هێلینیەکان، هەستان بە دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ لە دامەزراندنی ئیمارەتەکان ــ بەیەکگرتوویی لەگەڵ ئەوانەی لە بەندەرەکانەوە هاتبوون ــ ئەمەش لەجێگای ژیانی هیتیتەکان کە قەوارەی ناوەندیان لەژێر فشاری هێرشی ئاشووریەکان ـ لەباشوورەوە ــ کە نوێنەری دوایی شارستانیەتی سۆمەری بوون بلاوبۆوە. لەکاتێکدا لە رۆژئاوا قەوارەی سیاسی وا پێکهات کە زیاتر ناوەندی بوو، وەکو (فریگیا، لیدیا، کاریا، لیکیا)، میتانیەکان لە ناوەڕاستی میزۆپۆتامیا و جێگەی ژیانی هوریەکان دەرکەوتن و هاتنە سەر شانۆی مێژوو، ئەویش وەك بەشێکی تری "پرۆتۆ کورد" (نمونەی سەرەتایی کورد). کاتێك قەوارە ناوەندیەکەیان لەگەڵ هیتیتەکاندا لەسەر دەستی ئاشووریەکان بلاوەی پێکرا، شارستانیەتی ئۆرارتۆیی کە (وان)ی بۆخۆی کردبووە ناوەند لە ٩٠٠ ــ ٦٠٠ پ.ز دەرکەوت و

پێشكەوت. لەسەردەمی ئۆرارتۆییەكاندا بۆ یەكەمین جار پێكدادانی ڕاستەوخۆ و كاریگەری كردنی یەكتری لەگەڵ هێلینیەكاندا دەبینرێت. لەكاتێكدا هێلینیەكان هەموو گرووپی گەلانی ڕۆژئاوای ئەنادۆڵیان بەقۆناخێكی تواندنەوەدا دەرباز كرد، ئەوا نەیانتوانی هەمان هێزی كاریگەری، لەژیانی خێڵ و عەشیرەتە كوردیەكاندا نیشان بدەن. هۆكاری بەرچاوی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی پێكهاتەی نیۆلیتیكی یەكەمین كە ڕەگەكەی دەگەڕێتەوە بۆ رابردوویەكی دێرین، بۆ ساڵانی ۱۰۰۰۰ پ.ز و، گەیشتنی بە تۆوی كولتووری تۆكمە و پتەو. لەوانەیە لەمێژوودا هیچ گەلێكی بەو ڕەنگە نەبینین، كە كولتووری نیۆلیتیكی بەو قووڵی و درێژییە ژیان كردبێت، لەو شوێنانەی كە كوردەكان تیایدا دەژین. سەختی چیاكانیش ڕۆڵێكی گرنگی لەوەدا هەیە. لەم سەرەتایەوە، ئەو خێڵە ئەسكیتیانەی لەباكوورەوە هاتبوون و، هەروەها سامیەكان و هێزی شارستانیەتی سۆمەری كە لەباشوورەوە هاتبون، هەروەها هێلینیەكان كە لەڕۆژئاواوە هاتبوون، نەیانتوانی بەتەواوی دەست بگرن بەسەر جوگرافیا و كولتووری كوردی و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو بونیادە كولتووریەدا زاڵ بكەن. ئیتر كوردەكان لەئاستێكی بڵنددا هەنگاوی بەرچاویان نا بەرەو یەكێتی كۆمەڵایەتی و سیاسی لەگەڵ ئۆرارتۆییەكان و كۆنفیدراسیۆنی میدیا كە لەقۆناخی دوای ئەو دامەزرا. گرنگترین ئەو قۆناخانەی كە كاریگەری لە هێلینیەكان كرد قۆناخی دانوستاندنیانە لەگەڵ میدیەكان. كار گەیشتە ڕێژەیەك كە ئەو دیاردانەی میدی بوون، گرنگترین و بەرچاوترین لایەنی كولتووری هێلینیان پێك دەهێنا. پەیوەندی "سیسیۆس" ـ كە لەمیتۆلۆژیای دامەزراندنی شاری ئەسینادا ناوی دەهێنرێت ـ لەگەڵ میدیا، شتێكی سەرنج ڕاكێشە. ئەمەو ئەوەی بەسەر میدیەكاندا دێت لە كۆچەكانی "ئەرغنۆتیەكان"، وا لەمرۆڤ دەكات كە زۆر بە ووردی لێی بڕوانێت. هەرچەندە دیاردەی "میدیا" وەكو زاراوەیەك بەگوێرەی پێویستیەكانی زمانی میتۆلۆژی ناكەوێتە پێش، بەڵام ئەوەی لێرەدا روونە و لە گەوهەردایە هێزی میدیەكانە، زیاتر لەوەی كە هێزی هێلینیەكان بۆخۆیان بێت. پەیوەندی كولتووری هێلینی بە هیتیتەكان و هوریەكان و میتانیەكان و ئۆرارتۆییەكان و میدیەكان، بابەتێكە شایەنی لێكۆڵینەوە و ووردبونەوەیە.

بەڵام لە پەیوەندییان لەگەڵ پارسەكان، كە زیاتر لەمێژووی هیرۆدۆت دا ئاماژەی پێ دەكرێت، بەشێوەیەكی بەرجەستە لە پەیوەندی میدیەكاندا دەردەكەوێت. لەبەر ئەوەی میدیەكان دراوسێی هێلینیەكان بوون، ئەوا ئەمە ڕۆڵێكی زۆر كاریگەری هەیە. شێوازی ئەسكەندەر بۆ شیكردنەوەی ناكۆكیەكانی هێلینیەكان، میدیەكان و پارسەكان، ئەزموونێكی دەوڵەمەندە بۆ ڕۆژی ئەمڕۆمان و،

شـایەنی لێکۆڵینــەوە و ئــەزموون وەرگرتنــە. چـونکە ئـەو سـەرکەوتوو بـوو لـە یەکخسـتن و ئاوێتەکردنی هەردوو کولتوور و پێکهێنـانی سـەنتێزێکی مێـژوویی لێیـان، کـە لەمێـژوودا بینـینی نمونـەی بـەو رەنگـە کـە سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنابێـت و سـەرنجی راکێشـابێت لـە پێکهێنـانی سەنتێزی رۆژهەڵات ــ رۆژئـاوا تـا ئـەم پلەیـە، زۆر دەگمەنـە. لـەو زەویانـەی کـە زۆربـەی کوردی لەسەر دەژیان، تێبینی سێ قەوارەی سیاسی و کولتووری جیاواز دەکرێت کـە بـۆ چـەند سـەدەیەك دوای سلافکوسیەکان بەردەوامیان بەبوونی خۆیان دا، یەکەمیان کۆماگانایە کە سامسۆتی ـ لەسەر سنووری ئێستای ئادیامان ـ کردە ناوەنـدی خـۆی، دووەمیـان ئـەبگارە کـە ناوەندەکـەی ئورفایـە و، سێیەمیان ئەو قەوارەیەیە کـە لـەباکووری سـوریایە و، دەگەڕێتـەوە بـۆ پـاڵمێرا "تـەدموور". ئـەم قەوارانە لەساڵانی ٢٥٠ پ.ز ـ ٢٥٠ زایینی لوتکەی گەشەکردنی کولتووریان بەخۆیانەوە بـینی. ئـەم قۆناخـە مێژووییـەی بـۆ ٥٠٠ سـاڵ درێـژ دەبێتـەوە، درێـژترین ئـەو قۆناخانەیـە کـە کولتوورەکان لەناویەکـدا بـوون و، زمـان و کولتوورەکـان کاریگـەریان لەیـەکتری کـرد و بەشـێوەیەکی زۆر دەوڵەمەندانە کاریگەر بوون، کە تەنها لـەبواری بـەهای مـاددی دا نەمایـەوە، بـەڵکو ئـەوەی تێپـەڕ کـرد و بـەهای مـوراڵی و ئـایین و خوداوەنـد و فیکریشـی لـە بـەرفراوانترین ئاسـتدا گرتـەوە. بەمانایـەکی تـر بەڕاسـتی قۆنـاخێکی بـەجیهانی بـوون بـوو، مەسـیحیەت و ئـەو ژمـارە زۆرە لـە مەزهـەبی سۆفیگەری و رێنماییـە سـەرنج راکێشـەکانی مـانی، بەرهـەمێکن لەبەرهەمـەکانی ئـەم قۆناخە. مانیەت کە بڵندترین رێنمایی ئایینی ئەو سەردەمەیە، بریتی بوو لە رەوتێکی گەردوونی کە لەبەرامبەر جیاوازی خوازی رۆمانی ـ ساسانی زاڵ دەوەستایەوە، مانیەت لە زەویەکانی روباری دیجلە ـ فوراتی ناوەڕاست لەدایك بوو، کە لەدواییدا توانی سـەربکەوێت لـە بڵاوبوونـەوەی خۆیـدا بۆ هەر چوار لای جیهان و باوەڕی و پێداگرتنێکی مەزنی لە بڵاوبوونەوەی خۆیدا نیشاندا.

لەکاتێکـدا هێلینیـزم لەگـەڵ مەسـیحیەتدا گەوهـەری خـۆی لەدەسـت دا، دەبیـنین کـە بـواری بەرچاو دەرباز دەکات و لەگەڵ گەشـەکردنی ئیمپراتۆریـەتی بێزەنتیـدا دەکەوێتـە نـاو قۆنـاخێکی نوێ. کۆتایی هاتنی قۆنـاخی دەسـەڵاتی خانەدانـە پارسـیەکان لـە ئێـران و گرتنەدەسـتی دەسـەڵات لەلایەن ساسانیەکانەوە، بووە هۆکاری سەرهەڵدانی پێکدادانی رۆژهەڵاتی ـ رۆژئاوایی و سەرلەنوێ بەگوڕکردنەوەی ئەو قۆناخە لەپێکدادان کە لەنێوان ساڵانی ٢٠٠ پ.ز ـ ٦٤٠ زایـینی بـەردەوام بـوو و، زیانی زۆر گەورەی بەهەردوو لا گەیاند. بەڵام سەبارەت بە کوردان کە لەدڵی ئـەو گۆڕەپانانـەدا دەژیان، کە ئەو شەڕانەی بەخۆیەوە بینی، ئەوا قۆناخێکی بڵاوبوونەوە و دوودڵی بـوو. کرانـەوەی بـەردەوامی عـەرەبی ــ ئیسلامی و، ململانێـی بێـزەنتی ــ مەسـیحی، هـەموو وڵاتـی ئـەنادۆڵ و

میزۆپۆتامیای سەرووی گۆڕی بۆ گۆڕەپانێکی شەڕ و تێکۆشانێکی بێ وچان. ئەم قۆناخەش سەردەمەکانی ناوەڕاستە، کە تێپەڕبوونی شارستانیەتی کۆمەڵگای کۆیلەداری ــ چینایەتی بۆ شارستانیەتی کۆمەڵگای فیوداڵی چینایەتی بەخۆیەوە بینی. بەمەش لەڕێگەی زیادکردنی دژایەتیە ئایینیەکان پەردەیەکی ئەستووری خستە سەر ـ دابەشکردنی ڕۆژهەڵات ـ ڕۆژئاوا. ئیتر ئاڵوگۆڕی کولتووری جێگەی خۆی بەجێهێشت بۆ ئەو نامۆبوونەی کە لەزیادبووندا بوو و زاراوەی "کافر، گاور" مانای دیاریکراوی بەخۆیەوە بینی و، دیواری ئەستووری فیوداڵیزم لەنێوان گەلە دراوسێیەکاندا بڵند دەبۆوە. هێرشی ئیسلامیەکان بۆ سەر بێزەنتیەکان لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییە عەرەبەکان، لە ڕێگەی زاراوەکانی "جیهادی مەزن" و "جیهادی پیرۆز"ەوە وەرچەرخا بۆ ئامرازێکی چەسپاندنی ژیانی نوێ.

بێزەنتیەکانیش بەپێداگرتنێکی زۆرەوە ڕەنج دەدەن کە میراتی ڕۆما بپارێزن. لەگەڵ تێکشکاندنی ساسانیەکانیش دەرگای ئێران و ئاسیای ناوەڕاست بەتەواوی بەڕووی ئیسلامدا کرایەوە، بەمەش دابەشکردنی ڕۆژهەڵات ــ ڕۆژئاوا وەرچەرخا بۆ دابەشکردنێکی وشك و تیژ لەژێر ناوی مەسیحیەت ــ ئیسلامدا و، ئەو گەلانە لەنێوانیاندا دابەش بوون کە هەتا دوێنێ نزیك لەگەڵ یەکتریدا لەناو دۆستایەتی دا دەژیان و، لەچوارچێوەی دوژمنایەتی ئایینی و مەزهەبیدا خۆیان لەناو دژایەتی یەکتری بینیەوە. هێزە فیوداڵیەکان گەلانیان خستە ناو دوژمنایەتی وەها کە هیچ سوودێك و واتایەکی نییە. بەمەش سەرکەوت لەوەی کە لەسەر بناخەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی پتەو لە نزیکی سیستەمی دەسەڵاتی نوێدا بەرژەوەندی خۆی بپارێزێت. گەورەترین و دژوارترین زیان لەو قۆناخەدا، لەلایەك بەر کوردەکان کەوت کە موسڵمان بوون، لەلایەکی تریش بەر هێلینیەکان کەوت کە لە وڵاتی ئەنادۆڵ بوون و هەروەها ئاشووری و ئەرمەنیەکان کە مەسیحی بوون. ئەم شەڕە ئایینیانە گەلانی هێنایە بەرامبەر لاوازی و بڵاوبوونەوەیەکی کولتووری کە لەدوایدا بەناچاری کەوتە خزمەتی بۆتەی دەسەڵاتداران. ئەگەر شەڕی خاچپەرستەکانیشی بۆ زیاد بکەین کە لەکۆتایی سەدەی یازدەهەمی زایینی دەستی پێکرد، دەبینین ڕەوش گەیشتۆتە ئاستێك کە ڕزگاربوون لێی مەحاڵە. بەڵام سەبارەت بە دەسەڵاتدارانی عەرەب کە ڕەوشیان تەنگ و گرانتر دەبێت، ئەوا هەوڵیاندا لە ڕێگەی بەخشینی بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی ئیماراتە کوردی و تورکییە فیوداڵیەکان بە سەرۆکایەتیە سەربازییەکان، جێگەی خۆیان بپارێزن، بەمەش خۆیان دەپاراست و ئاسایشیان لەژێر ئاڵاکەیدا بەدەست هێنا. بەم ڕەنگە

لەبەرامبەر هێرشەکانی بێزەنتی و خاچپەرست و مەغۆلەکان، ئیمارەتی سەلاحەدینی ئەیوبی کوردی و ئیمارەتی سەلجوقی تورکی، هێزی سەرەکی پارێزەری ئیسلامیان پێکهێنا.

ئیتر هێلینیەکان ببوونە لایەنێکی نامۆ و بەبیری کوردانـدا نـەدەهاتن. لـەناو یەکدا بوون و بەیەکەوە ژیان کە چەند سەدەیەکی خایاند، جێگەی خۆی بۆ دوژمنایەتیەك بەجێهێشت کە نامۆبوونی ئایینی تێدایە. تورکەکانیش ئەرکی پاراستن و بڵاوکردنەوەی ئیسلامیان گرتە دەست تا ناوخۆی وڵاتی ئەنادۆڵ. ئیتر نەسڵ و خانەدانە تورکەکانیش زۆر بەرفراوان دەبون و بەمەش کورد و ڕۆمیان لەیەکتری جیاکردەوە.

**د ـ** پەیوەندی هێلینی ـ تورکەکان لەو پەیوەندی و ناکۆکیانەوە سەریهەڵدا کە وەکو بەشێکی بەرچاوی سەردەمی ناوەڕاست لەمێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەکەوت، لەنێوان سوڵتان و میرە تورکەکان کە کاریان دەکرد بۆ بڵاوکردنەوە و پاراستنی ئیسلام و، هەروەها هێلینیەکان کە وەکو هێزێك بوون بۆ پاراستن و بڵاوکردنەوەی مەسیحیەتی ئەرتۆدۆکسی.

بەو سەرکەوتنەی لەشەڕی مەلازگرت بەدەست هات، ئیتر تەرازووی ئەو پەیوەندی و پێکدادانانە، وەرچەرخا بەرەو بەرژەوەندی خانەدانە تورکەکان کە لەکاتی دەربازبوونیان بە میزۆ پۆتامیادا، زیاتر سیاسەتی هاوپەیمانێتیان لەگەڵ کوردانـدا هەڵدەبژارد. چونکە بە هاوپەیمانێکی ئیسلامی خۆی دەبینی بۆ گەیشتن بە ئامانجە فراوانخوازیەکانی لە وڵاتی ئەنادۆڵدا. ئەم سیاسەتەی کە ئەلپ ئەسلان بەڕێوەی برد، زۆر بە ڕوونی لە شەڕی مەلازگرتدا دەرکەوت. بەڵام سوڵتانە سەلجوقیە گەورەکان لەگەڵ سەلجوقیەکانی ئەنادۆڵدا، لەکاتی چوونە ناوەوەیان بۆ زەوی ئێران گرنگیەکی زۆریان دا بە فراوانبوون بەرەو ڕۆژئاوا. لەو کاتەی کە پێشکەوتنی شاڵاوی فراوانخوازی تورکەکان لە ئەنادۆڵ بە بەردەوامی لەسەر حیسابی بەرژەوەندی ڕۆم و ئەرمەنیە مەسیحیەکان بوو، ئەوا شێوازی ئیسلامی وردە وردە لەبواری کولتووریدا جێگەیەکی گرنگ و بەرچاوی داگیر دەکرد. ئەو شێوازانەی کە میرە تورکەکان پیادەیان کرد، کە تایبەتمەندی فراوانتر و نەرمتری هەیە لە بونیادی فیوداڵی کۆنی بێزەنتیەکان، ڕۆڵێکی مەزنی گێڕا لەو بواردا. بەمەش بە تورك کردن و چوونە ناو ئیسلامەوە قەدەرێکی ناچار و بەرچاوی ئەنادۆڵ بوو، چ لەسەردەمی سەلجوقیەکان بێت یان سوڵتانە عوسمانیەکانی کە یەکسەر لەدوای ئەوان هاتن. دوای ئەوە سەرەی بەلقان هات، چونکە ئەوروپا لەم ماوەیەدا لەنێو قۆناخێکی فیوداڵی وشك و داخراودا دەژیا، کاریگەری سیاسەتی بەتورك کردن و فشارهێنان بۆ پەسەند کردنی ئیسلام بەتەنیا لە بونیادی

سیاسی و ئایدیۆلۆژی سەرووداا نەمایەوە، بەڵکو دەربازی ژێرخانیش بوو، هەروەها گەیشتە چیاکان و دەشتەکانیش. لەکاتێکدا چینە دەسەڵاتدارەکانی سەرەوە مەزهەبی سوننی فەرمی ئیسلامیان بۆخۆیان بەبناخە دەگرت، هەروەها بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی قسەیان دەکرد، ئەوا بنکەکان مەزهەبی عەلەوی گەلێری ئۆپۆزیسیۆنیان بۆخۆیان هەڵبژارد و، زمانی تورکیان کردە زمانی خۆیان. هاوکات لەگەڵ پرۆسەی مەرزبەندی چینایەتی، فراوانبوونەکان بڵاو دەبوونەوە و مەودایان پەرەی دەسەند.

بەکرانەوەی ئەستەنبوول لەساڵی ١٤٥٣دا هێلینیزم لەمێژووی خۆیدا گەورەترین گەڕانەوەی بۆ دواوە بینی. ئەو خۆ جێبەجێکردنەی کە ٢ هەزار ساڵ بەردەوام بوو، تووشی تێکشکانێکی گەورە بۆوە. ئیتر قۆناخی کرانەوەی هەموو ئەو شوێنانە دەستپێدەکات کە هێلینیەکانی تێدا بوون. تا لەگەڵ سوڵتان مەحەممەدی فاتح لەساڵی ١٤٧٠ کامڵ دەبێت و کۆتایی پێدێت و، دەسەڵاتیان بەرفراوان دەبێت تا دەگاتە پۆنتۆسیەکان لەسەر کەنارەکانی دەریای ڕەش. بەڵام سیاسەتی عوسمانی زۆر دوور بوو لەوەی کە دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت و بەقووڵایی کاریگەری خۆی نیشان بدات. هەربۆیە زیاتر کاریان دەکرد بۆ پاراستنی تایبەتمەندی ئایینی و کولتووری خۆیان. هەروەها ئازادی دا بە پەترياركیەتی "فەنەر"، لەکاتێکدا کە کلێسە وەکو بەهێزترین دەزگا بەردەوامی بەخۆی دەدا. لادێییە یۆنانیەکانیش دوور بوون لەوەی کە هیچ ڕاپەڕینێك پێك بهێنن، لەکاتێکدا کە بازرگانە ڕۆمەکان دەسەڵاتێکی بەرچاویان لەناو ئیمپراتۆریەتدا هەبوو. شارستانیەتی سەرمایەداری کە لە ئەوروپا بڵند دەبوو لەسەرەتادا دەسەڵاتی خۆی بەسەر هێلینیەکاندا سەپاند و کاریگەری لێ کردن. شارستانیەتی هێلینی کە ڕێزێکی جیاهەڵکەوتووی لە ئەوروپا دەبینی و، وەکو بڵێی بۆ یەکەمین جارە کە دەدۆزرێتەوە، هەڵدەسێت بە بڵند کردنی هەستە نەتەوایەتیەکان و سەردەمی نوێش لەگەڵ ڕاپەڕینی "مورا" لەساڵی ١٨٢١ دەستی بە گەشەکردن کرد، کە کلێسە ڕێبەرایەتی بۆ دەکرد. هێلینیزم لەو کەسە گێژە دەچوو کە تازە لەخەو هەڵسا بوو، چونکە پەسندی نەدەکرد بکەوێتە ناو ئەو ڕەوشە، دوای ئەو مێژووە دێرینەی کە هەیبوو. وەکو بلێی تووشی کاردانەوەیەکی قووڵی بەردەوامی تورکی بووە، بەڕەنگێك کە پەیوەندی هێلینی و تورکەکان دژوار دەبێت، لەلایەك لەژێر کاریگەری ئەوروپای ڕۆژئاوا دژواری زیاتر دەبێت، لەلایەکی تریش بە کاریگەری ڕوسەکان. بەڕەنگێك کە لەیەکەمین بواری بۆیان دەڕەخسێت هەوڵ دەدەن ئەوەی لەدەستیان داوە بەدەستی بهێننەوە. ئەم خەونەش زۆر بە ڕوونی لەسەردەمی کەوتنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دەرکەوت. لەپێش و پاش جەنگی جیهانی یەکەم

لەساڵی ١٩١٤دا ئەو باوەڕییە چەسپا کە بوارێکی مێژوویی زێڕین لەدایك بووە، ڕۆمەکان بەو دەستکەوتانەی لەشەڕی بەلقان بەدەستیان هێنابوو تێر نەدەبوون، بەڵکو باوەڕیان هێنابوو کە کاتی ئەوە هاتووە بۆجاری دووەم ئەنادۆڵ بکەنەوە، کاتێك ئیزمیریان داگیرکرد یەکەمین هەنگاویان لەم بوارەدا نا، کە بۆ جارێکی تر هێلینیەکان شانسی خۆیان تاقی کردەوە و گەیشتنە نزیکی ئەنکەرە. بەڵام مستەفا کەمال کە لەبەرامبەریان وەستا، ئەم بوارەی پێ نەدان. لەئەنجامی ئەو ڕەوشە لاوازەی لە خیانەتی هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە دەرکەوت، ئەرمەنیەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆمەکان لە ڕۆژئاواوە بەتەواوی خۆیان لەبەرامبەر ڕەوشێکی تراژیدیدا بینیەوە. لەڕاستیدا گەلانی ئەرمەنی و ڕۆم و کورد و تورك بارودۆخێکیان چەسپاندبوو کە بۆ چەند سەدەیەکی دوور و درێژ بوو ژیانێکی هاوبەش و ئارامیان هەبوو. ئەگەر چاوچنۆکی و بەرژەوەندی تایبەتی چینی بۆرژوازی و فیودالی نەبووایە، ئەوا ئەم گەلانە ئەو ژیانە هاوبەشەیان بەردەوام دەکرد، کە دۆستایەتی و ئارامی و ئاسایشی تێدا زاڵ بوو. بەڵام نەخۆشی سەرمایەداری نەتەوەیی ئەم دۆستایەتیە پیرۆزەی ژەهرخوارد کرد و پاڵی پێوەنا بۆ قۆناخێك لە دژایەتی کردن کە ترسناکتر بوو لە ململانێی ئایینی فیودالی. بەمەش کلێپەی بۆ لەناوبردنی ئەو کولتوور و داب و نەریتەی ژیان هەڵگیرساند کە هەزاران ساڵ بوو بەردەوامی دەکرد. ئەمەش ئاگرێکی بەجۆشە و، ئەوەی لەسەرەوەیە تووشی دابڕان و بەتەنیا مانەوە دەبێت و، ئەوەی لەژێریشەوەیە بە ئاگرە بەجۆشەکەی دەسووتێ. کلتووری کلێسە و چینی سەرووی هێلینی شۆڤێنی ڕۆڵی سەرەکیان لەم کارەدا بینی. ڕاست نابێت هەموو تاوانەکە بخەینە سەر دەوڵەتی تورکیا. بەڵکو بەپێچەوانەوە خاوەنی مەیلی نەتەوەپەرستی توندڕەو لە ڕۆم و ئەرمەنیەکان، کە لە دەرەوەی ڕاستییەکان جوڵە دەکەن، ئەوانە بەشێوەیەکی بابەتی لێدانێکی کوشندەیان بەگەلانی خۆیان گەیاند. بەشێوەیەکی سروشتی ئەوەی لەم قۆناخەدا دەرکەوت هاوکاری و یەکگرتنی تورك ــ کورد بوو، لەبەرامبەر چاوچنۆکیەکانی ڕۆم و ئەرمەنیەکان کە وەکو ترسێك بوو بۆ هەردووکیان. هەروەك چۆن لە شەڕی مەلازگرتدا دەرکەوت لەساڵی ١٠٧١، ئەوا ئەم هاوپەیمانێتی و یەکگرتنە بووە هۆکاری بەدەست هێنانی سەرکەوتن لە شەڕی ڕزگاری نیشتمانیدا لەساڵی ١٩٢٢. لەکاتێکدا شەڕی سەربەخۆیی و دەسەڵاتدارێتی نیشتمانی، کە لەئەنادۆڵ بە ڕێبەرایەتی مستەفا کەمال پاشا بڵند دەبوو، کە بۆ تورکەکان لەبواری بابەتی و خۆییەوە مانای پیرۆز و بڵندی هەبوو، کەچی دەبینین بۆ کوردان زیاتر وەك دیاردەیەکی بابەتی دەمێنێتەوە. واتە ئەوە شەڕێکە کە کوردان بەوشیاریەکی نیشتمانی تەنگ و سنووردارەوە بەشداری تیادا دەکەن، بەڵام بەنیازی باش.

هەربۆیه بەڕێـژەی تورکـەکان پـیلان و پـرۆژەی رزگاریـان پـێش نەخست، بـەڵکو بەشدارییەکیان نیشان دا که بارودۆخی برایەتی لەسەری زاڵه و له ئەقڵیەتێکەوه سەرچاوەی دەگـرت کـه دەڵێـت: "ئەوەی بۆ ئەو پێویسته، بۆ منـیش پێویسـته، ئـەوەی دەدرێتـه ئـەو و بەدەسـتی دەهێنێـت، ئـەوا دەدرێته من و بەدەستی دەهێنم". لەڕاستیدا ئەوەی له زهنیەتی کۆمـەڵگای کلاسیکیدا زاڵـه، ئـەم چەمکەیه. بەو رێژەیەی که هەڵەیه وەها لـەکوردان بـڕوانین کـه لـەدەرەوەی، یـان دژی، دیـاردەی رزگاری نیشتمانین لەئەنادۆڵ، ئەمەش به سەرچاوه له هەڵوێستی نەتەوەیی توندڕەو و تەنگـەوه. ئـەوا ئـەو تێڕوانینانـەش بەهـەمان رێـژه هەڵـەن کـه بانگەشـەی ئـەوه دەکـەن کـوردان لـەناو بزووتنەوەکـەدا بـوون، بـەڵام لـەپێناوی ئـازادی ناسـنامەی تایبـەتی و قـەوارەی کولتووریـان هـیچ داوایەکیان پێشکەش نەکرد. ئەو کوموکوڕییەی لەم قۆناخەدا کوردەکـان تێـی کـەوتن، بـریتی بـوو لـەوەی کـه بەشـداریەکانیان مـۆری ئـایینی و عەشـیرەتی لەسـەر زاڵ بـوو، لـەجیاتی پێشخسـتنی "پرۆژەی ئازادی" که پێویست بوو بەڕێوەببرایه و هەوڵی بدایه ئـازادی بەدەسـت بهێنێـت. کاتێـك ئەوه پێك نەهات که هەوڵیان بۆی دا دەستیان کرد به سەرهەڵدانی کوێرانه که بـەهیچ شـێوەیەك له بەرژەوەندیاندا نییه. ئەگەر هەموو تاوانبارییەکه بەنیازێکی شۆڕشگێڕانه بخەینه سەر کۆماره دامـەزراوه لاوەکـه، کـارێکی هەڵـه بێـت، ئـەوا هەڵسـەنگاندنی هـەموو راپەڕینـەکانیش بـەوەی کـه کۆنەپەرستانه و بێ واتا و بێسووده، بەهەمان رێژه هەڵەیه.

ئەوەی ئەمڕۆش روودەدات، هەڵسانی هێزه ئیمپریالیستی و هاوپەیمانەکانێتی به بەکارهێنانی کێشـه کۆمەڵایەتیـەکان بـۆ بەرژەوەندیـەکانی خۆیـان، ئەمـەش لەڕێگـەی هەنـدێك تاکتیکـەوه کـه گەوهەرەکەی بریتییه له "کەروێشك رابکـه، تـانجی بیگـره"، ئەمـەش بـەئامانجی پراکتیزەکردنـی سیاسەتەکانی که گەوهەرەکەی لەوەی پێشوو جیاوازتر نییه که له رابردوودا سـەبارەت بـه ئێـراق و کەرکوك ـ موسڵ باسمان کرد. ئەوه زۆر بەڕوونی دیاره کـه کۆمـاره دامەزراوەکـه لەسـاڵی ١٩٢٣دا مۆدێلی شۆڕشی فەرەنسی بەبناخه گرت و لەسەری بەڕێوه چوو، تەنانـەت زاراوه ئایدیۆلۆژییـه ـ سیاسییەکانیشـی بـەکارهێنا. بـەڵام دەربـارەی شـالاوی هێلینیـەکان بـەرەو وڵاتـی ئـەنادۆڵ، ئـەوا سیسـتەمی پادشـایی یۆنـانی سەرکێشی کـرد و، لەپشـتەوه هێـزه ئیمپریالیسـتییه دەسـەڵاتدارەکان پشتگیرییان کرد. بەڵام شۆڕشی کۆماری لەلایەن شۆڕشی سـۆڤیەتیەوه پشـتگیری لێـدەکرا. چـونکه یەکەمین شۆڕشی رزگاری نیشتمانی بوو کـه لـه کۆلۆنیـەکان و نیمچـه کۆلۆنیـەکان لەسەرتاسـەری جیهانـدا سـەریهەڵدابوو و، لـه هـەموویان بەجەسـارەتتر بـوو. هیـوا و ئامـانجی هێلینیـەکانیش کـه مەزن بوو، سەبارەت به رۆمەکانی ئـەنادۆڵ ئـەنجامی تراژیـدی لـێ کەوتـەوه. ئـەو کولتـوورەی کـه

هــەزار ســاڵ پ.ز پێکهــاتبوو، دوای دەربــازبوونی ســێ هــەزار ســاڵ بەســەریدا ڕووبــەڕووی کۆمەڵکوژییەکی جەستەیی بۆوە. سیاسەتی شاراوە و فیڵبازانـەی چینە دەسـەڵاتدارە هێلینیـەکان، هەروەك چۆن بەزۆری لە ڕێڕەوی مێژوودا دەبینرێت بەرپرسیاری بەرچاوی ئەوەیـە. بـەڕەنگێك کە پـەنابردن بـۆ هەڵوێستی پیلانگێڕی، بـەنزیکبوونێکی بەسـەرهات و پـارادۆکس کـە چۆنیەتی لاوازی هەیە و، لەسیاسەت و شەڕدا پشت بەستن پێی، وەرچەرخا بۆ هونەرێك بۆئەوەی لە ژیانـدا پراکتیزە بکرێت. بەڵام تورکـەکان بـە توانایـەکی زیـاترەوە سوودیان لـەو کـارە پراکتیـزە کراوانـە بینی، بەمەش ئەنجامی سەرکەوتوویان لێیەوە بەدەست هێنـا، بـەڕەنگێك هەوڵیانـدا بەشێوەیەکی بـەرفراوان بـەتورك کـردن لـە ئـەنادۆڵ پـێش بخـەن کـە لایـەنی جەسـتەیش بگرێتـەوە و، لەگـەڵ هەڵایسانی شەڕی ڕزگاری نیشتمانی دوایی ئیسلامیان بەسەردا سەپێنرا. بەم مانایە ئـیتر تەمـەنی دیـاردەی هێلـینی لەئـەنادۆڵ کۆتـایی پێهـات. بەمانایـەکی تـر لەڕێگـەی بـەکارهێنانی چـەکی ئایدیۆلۆژی ڕۆژئاوایی سەرکەوتنیان لە بەشێك لە ڕۆژهەڵات بەدەست هێنـا، کـە بـۆ هـەزاران سـاڵ بـوو لەگـەڵ ڕۆژئـاوادا ململانێیـان لەسـەر دەکـرد. لێـرەدا ئـەو وتەیـەی کـە گەوهەرەکـەی (تۆڵـەی هیکتۆری لە ئـەخیلیۆس کـردەوە) کـە بـە سـوڵتان موحەمـەد فـاتح و مستەفا کـەمال دەووترێـت، رابردوویـەکی مێـژوویی بـەو رەنگـەمان بـەبیر دێنێتـەوە. بـەو رەنگـە ئـەو ململانـێ و پێکدادانـە بەردەوامەی لەسەر تەرِوادە لە هەزارەی دووەمی پێش زایین پتەو دەبوو، ئەوا بۆ جارێکی تر زۆر بە سەرکەوتوویی دوای دەربازبوونی ٤ هەزار ساڵ لە بەهای کولتووری گەلانی ڕۆژهەڵات لـەنزیکی "چـەناق قـەلا" دەچەسـپێت. ئەگـەر لـەم چوارچـێوەیەدا سـەیری شـەڕی ڕزگـاری و دەسـەڵاتی نیشتمانی لە ئەنادۆڵ بکـەین، بەهـەموو هۆکـار و پاڵنـەرە تراژیدییەکانیـەوە، ئـەوا دەتـوانین ئـەو پەیوەنـدی و ناکۆکیانـە ببیـنین کـە لـەنێوان هـەردوو کولتـووری ڕۆژهـەڵات ــ ڕۆژئـاوادا هەیـە. هۆمیرۆس لە ئەلیادە و، نازم حیکمەت لە داستانەکانی ڕزگاری نیشتمانیدا، بـەزمانێکی هونـەری و شاعیریانەی سەرنج ڕاکێش، ئاماژە بۆ ئەم ڕاستییە دەکەن.

ئـەمڕۆ دوو کۆمـار لـەناو هـەناوی ئـەم ململانـێ و کێشمەکێشـمە ڕۆژهـەڵاتی ــ ڕۆژئاواییـە لەشاڵاوی دوایـدا خۆیـان بـەردەوام دەکـەن. لەگـەڵ ئـەوەی هـەردووکیان ئەنـدامی پـەیمانی نـاتۆن، بەڵام نزیکبوونەوەی بەترس و گومان لەیەکتری، تائیستاش بەردەوام دەکات. تەنانـەت ئەنـدامێتی یەکێتی ئەورووپاش نـەیتوانی سنوورێك بـۆ ئـەوە دابنێـت. هـەرکاتێك ویسـتە گـەورەکان بـەبیری هێلینیەکاندا بێتەوە و، هەروەها ویستی تورکـەکان لـە ئیمپراتۆریـەتێکی بەرفراوانـدا، ئـەوا ئـەم ترس و گومانە زیاد دەکات و بڵند دەبێت. بەڵام ئەو ئاستەی کە زانست و تەکنیك پێی گەیشتووە

و ئەو جێگەیەی کە ئەمڕۆ دەزگا سیاسیەکان پێی گەیشتوون، ئەوانە ڕێگە نادەن کە بەشێوازی شەڕی کۆنی پێشوو ئەنجام بەدەست بهێنرێت. چونکە هەرچەندە خوێن برێژرێت ــ وەکو لە ململانێی عەرەب و ئیسرائیلدا دەردەکەوێت ــ ئەوا ئەنجام و کۆتاییەکەی لە خاڵی دان نان بە ئاشتیەکدا رادەوەستێت. دیاردەی زهنی و تەکنیکی و سیاسەتی بەرچاوی سەدەی بیست و یەکەم، هانابردنی بۆ ئەنجام گرتن بەشێوازی شارستانی خوێناوی؛ کردۆتە کارێکی زۆر سەخت. بەڵام گەیاندنی هەموو پرس و کێشە مێژوویەکان بەچارەسەرییەکی پێویست بەشێوازی "سیاسەتی دیموکراسی" هەرچەندە هێواشیش بێت، لەهەموو شتێك مرۆڤانەتر و راستترە. ئەم راستییە دەربارەی پەیوەندی و ململانێی هێلینی ـ تورکیاش راستە.

ئەو کارە نوێ و نامۆیەی کە روودەدات، ئەو هەوڵدانانەیە کە دەدرێت بۆ گۆڕینی خیانەتی ئەسینا و، پیلانگێڕیەکەی لەبەرامبەر من، بۆ هەلێکی نوێ لەئاشتی و دۆستایەتی لەپەیوەندیەکانی هێلینی و تورکەکان. ئەوەی بێگومانە و گفتوگۆ هەڵناگرێ ئەوەیە کە ئەو بوومەلەرزەیەی لە ساڵانی دووهەزارەکان بەسەر مندا سەپاندیان، نەك بومەلەرزەی "کوجە ئیلی"، بووە هۆکاری سەپاندنی سیستەمێکی نوێ بەسەر پەیوەندیەکانی هێلینی و تورکەکان. ئەوەش دەزانرێت کە ئەمە بە رێنمایی و ئاراستەکردنی ئەمەریکا پێك هات. سیاسەتی ناتۆش زنجیرەی گەیاندن و ئامراز بوو بۆی. لەگەڵ ئەوەی من لەم گۆڕانکاریانە تەنگ نەبووم، بەلام من ناچارم کە گومانی خۆم لە ئاستی راستگۆیی و سەرکەوتنی دەست پێشخەرییەکی دۆستایەتی و ئاشتی دەرببڕم، کە پشت بەستووە بەو پیلانگێڕیەی لەبەرامبەر من داڕێژرا. هەموو بەڵگە و نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە پەیوەندی ئێستای هێلینی و تورکەکان چوارچێوەی تاکتیکی دەرباز ناکات. ئەنجام دەرخستنێکی بەو رەنگەش زۆر گران نییە. بە تێڕوانینێکی سەرپێییانە بۆ قوبروس دەتوانین ئەوە ببینین. بەگوێرەی چەمکی فەلسەفی بناخەییم، خاوەندارانی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی چینە باڵاکان توانای چەسپاندنی ئاشتی و ئاساییش و برایەتییەکی بەردەوامیان بۆ گەلان نییە، تەنانەت ئەگەر لەژێر ئاڵای سیستەمێکی کۆماریشدا بن. ئەوەی زۆر پێوەی خەریك دەبن لەچوارچێوەی بەستنی پەیمانی راوەستاندنی شەڕ و هەوڵەکانی ئاشتی ساختە و کاتی و فێڵبازانەدایە، کە بەبەردەوامی تووشی کەوتن دەبێت، هەرچەندە ئەو بوارەی بۆ بڕەخسێت. زەمینەی چەسپاو و بەردەوام بۆ ئاشتی و برایەتی، بریتیە لە هەبوونی سیستەمە دیموکراسییە گشتگیرەکان. ئەو هاوکێشەیەی کە دەڵێت "ئاشتی بەرێژەی دیموکراسییەت" هاوکێشەیەکی راستە

و بەسەر هەموو بوارەکاندا دەچەسپێت، بەتایبەت و بەتوندی لەبواری پەیوەندی و ململانێی تورك و هێلینیەکان.

لەئەنجامدا من زۆر بەگرنگی دەبینم کە ئەو دیالەکتیکە پشت گوێ نەخرێت کە لەپەیوەندی هێلینیەکان و تورکەکان و کوردەکاندا هەیە، کە بەدرێژایی مێژوو بونیادێکی تراژیدی و تێکچڕژاوی هەیە. ئەو گەلانەی کە نوێنەرایەتی کولتووری بەرەی ململانێی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەکەن، ناکۆکی و ململانێی چڕوپڕیان هەتا رۆژی ئەمڕۆ لەگەڵ خۆیاندا هەلگرتوە. پێکهاتەی کولتووری هێلینیەکان، کە رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ میراتی رۆژهەڵاتی کە بۆ هەزاران ساڵ درێژ دەبێتەوە، لەبونیادی زهنی مرۆڤایەتیدا فەلسەفەی چەسپاند، بەمەش بەشدارییەکی مەزنی لەم بوارەدا پێشکەش کرد، ئەو کولتوورەیە کە لەبەرفراوانترین ئاستدا سەنتێزی رۆژهەڵات ــ رۆژئاوای پراکتیزە کرد. لەکۆتاییشدا شێوازی فیکری ئایینی مەسیحی بۆ ئەوروپا گواستەوە، بەمەش رێگای کردەوە بۆ لەدایکبوونی شارستانیەتی ئەوروپا. بەڵام تورکەکان هێزی خۆیان لە شۆڕشی ئیسلامی فیوداڵی وەرگرت و هێزیشیان پێبەخشی، بەمەش بوونە بەهێزترین و دوا نوێنەری شارستانیەتی فیوداڵی لە ئەنادۆڵ و هەتا ناوەڕاستی ئاسیا. هەروەك چۆن شارستانیەتی هێلینی مەزنترین و دواترین هێزی خوڵقکاری سیستەمی کۆیلەدارییە، ئەوا شارستانیەتی تورکی ئیسلامیش دواترین هێزی خوڵقکاری سیستەمی فیوداڵییە. ململانێ و پێکدادانی ئەم دوو هێزە بە درێژایی هەزار ساڵ، لەکۆتاییدا کۆماری هێلینی و کۆماری تورکیای لێکەوتەوە. هەروەك چۆن رۆڵی کورد ـ میدیەکان گرنگ بوو لەکاتی دەرکەوتنی کولتووری هێلینیزمدا، ئەوا رۆڵێکی دەست لێبەرنەدراوی هەیە لە دامەزراندنی کولتوور و کۆماری تورکیاشدا.

ئەمڕۆ هەردوو کۆمارەکە لە کێشەی ئیجە و قوبرس بەدوای ئاشتی و برایەتیدا دەگەڕێن. تێپەڕبوون لە قۆناخی خراپکردن و کاولکردن بۆ قۆناخی خوڵقکاری نوێ، گرێدراوی چەسپاندنی ئاشتی و برایەتییە. ئەمەش هەروەك چۆن دیالەکتیکی مێژوویی دیاری دەکات، بە ئازادی کورداندا تێدەپەڕێت. شیکردنەوەی گرێ و هێماکانی ئەو پیلانگێڕییەی لەبەرامبەر من پێکهات، چارەنووسی ئەم ئازادییە دیاری دەکات.

# بەشی سێیەم

# هەندێك هەڵوێستی فەلسەفی ـ سیاسی
# لەئامادەکردنی بارودۆخی پیلانگێڕیدا

لەگەڵ ئـەوەی ئـەو هەڵوێسـتە پیلانگێڕیانـەی بەتایبـەت لـە ئەسـینا و بەگشـتیش لەئـەوروپا لەبەرامبەر من نیشان دران، وەکو ڕۆشنایی ڕۆژ دیارە، بەڵام سەرلەنوێ شـیکردنەوە و لێکۆڵینـەوە کردن لەسەری گرنگی مێژوویی خۆی هەیە و، پێشکەوتنی زۆر بەرچاویشی لـێ دەکەوێتـەوە. ئـەم هەڵوێستانە لەبەرامبەر کەسایەتیەکی ئاسایی نیشان نەدراوە و، هەروەها هەڕەمەکیش نین و، بەو ڕەنگەش نییە کە وەکو چۆن دادوەری گشـتی زۆر بـەووردی و بەزاناییـەوە شـی دەکاتـەوە. ئەگـەر تـەنیا بـە کەسـایەتی منـەوە سـنووردار بووایـە ئـەوا بەپێویسـتم نـەدەبینی کـە بەرگرینامەیـەکی فراوانی بەو ڕەنگە ئامادە بکەم. لەکەسـایەتی منـدا گـەل و دۆسـتان پشـتگوێ خـراون و، ویسـتیان لەپێناوی بەرژەوەندییە دیاریکراوەکانیان بەشێوەیەکی زۆر ناشیرین ڕەنجی ئـازادی بـەفیڕۆ بـدەن، کە بەرهـەمی ڕەنجێکی مەزنـە. بێگومـان ڕاسـت نابێـت ئەگـەر هـەموو تاوانبـاری ئـەم خیانـەت و پیلانگێڕییـە بخەینـە سـەر ئۆلیگارشـیەتی ئەسـینا. چـونکە زۆر لایـەنی جیاجیـا هەیـە، ئەگـەر لەچوارچێوەیەکی سنووورداریشدا بێت زۆر گرنگە ئاماژە بەهەموویان بکرێت. هەر لە لێکدانـەوەی ئەمەریکاوە تا دەگاتە لێکدانەوەی یەکێتی ئەوروپا و، لەهەڵوێستی هەندێك لە وڵاتـە عەرەبیـەکان تا بەرژەوەندی ئیسرائیل و ڕوسەکان. هەروەها دەکرێـت بووترێـت کـە زۆر لـە هێـزە سیاسـیەکان، لەسەر ئاستی دەوڵەتەکان، ڕۆڵی خۆیان تێدا گێڕا. بەڵام وەڵامدانەوەی پرسیاری بۆچی؟ گرێدراوی ئەو خاڵە لاوازانەیە کـە لـەدیاردەی کورد دا هەیـە. لەبەرئـەوەی پرسـەکە هەنـدێك تایبەتمەنـدی هەیە، کە بوار دەڕەخسێنێت لـەپێناوی هەنـدێك حیسابی سادەدا دەسـتی لێبـەر بـدرێت و ببێتـە قوربانی. چینە دەسـەڵاتدارە بـەکرێگیراوەکانیش ئـەم گۆڕەپانـەیان وەکو گـەل و وڵات بەدرێـژایی مێژوو لەگەڵ هێزە دەسەڵاتدارەکان بۆخۆیان بەکارهێنا، بەبێ ئەوەی هیچ نرخێك بدەن. چونکە هێزێکی سیاسی ڕۆشنگەری وا پێك نەهاتبوو کە بتوانێت حیسابیان لـێ بخوازێت. بـەڵام ئەوانـەی

هەوڵیان دا بەکارێك هەڵبسن و ویستیان بگەنە ئەنجامێك لەپێناوی پاراستنی کەرامەتی خۆیاندا، ئافاتیان بەسەردا هێنرا. بەرەنگێك کەسیان لەدوا بەجێ نەما کە حیساب بخوازێت. زاراوەی "ئەی موحەمەدی کوردی درۆزن و فێڵباز بچۆ بۆ پاسەوانی" وەکو بڵێی ببوو بە بنکەیەکی شایستە بەئەوان. هەرچەندە ئەم مەسەلەیە بەئازار بێت و دڵتەنگی لێبکەوێتەوە، بەڵام من ناچارم ئاماژەی بۆ بکەم؛ لەچۆنیەتی بەکارهێنانی "سۆزانیخانە"دا لەپەیوەندیەکانی نێوان خاوەن کار و پاسەوان و ئەو کۆیلانەی بەکاردەهێنرێن لۆژیکێکی ژیان و بازرگانی زاڵە. هەر کەس دەزانێت چی بکات و کاری ئەو چییە، جا ئەمە کەم بێت یان زیاد بێت. هەر کەس لەناو ئەو سیستەمەدا بەسەرشۆڕی دەژی و پێداویستیەکانی پێك دەهێنێت و، تا سەر ئێسقان تەسلیمی فەلسەفەی قەدەر دەبێت. رەوش لە کوردستان و دیاردەی کوردیش لەناویدا، گەیشتۆتە پلەیەك کە بۆتە شانۆیەك بۆ هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە و دواکەوتووانە و، خراپتر لەو سیستەمی تالآن و دزیەی کە عەلی بابا و چل دزەکە پیادەیان دەکرد. بەرەنگێك گە گۆڕەپانی حیساب و حیساب خواستن بەهەموو مانایەك و، ئەوانەی حساب دەکەن و دەخوازن بوونیان نییە. تاکی کورد کە بەرامبەر خودی خۆی لەناو بڵندترین پلەی خیانەت و نامۆییدا دەژی، هەر لەو بەکرێگیراوەی کە لەسەرەوەیە تا دەگاتە ئەو کەسەی کە لەژێری ژێرەوەیە، ئەوا یان بەرامبەر بە بوون و قەوارەی خۆی نەزانێکی کوێرە، یان زمان درێژێکی هیچ و پووچە، یان بەزانابوون خائینە، لەپێناوی مریشکێك یان سەگێك لە مرۆڤێك دەدات و دەیکوژێت. بەڵام بەهیچ شێوەیەك بەپێویستی نابینێ کە دڵۆپێك لە ئارەقی ناوچەوانی لەپێناوی پاراستنی پێکهاتەی کولتووری بڕێژێت کە بۆ ماوەی ١٥ هەزار ساڵە پێك هاتووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی بۆ کۆنترین گەل دەگەڕێتەوە کە تائێستاش پێکهاتەی کولتووری و کۆمەڵایەتی خۆی دەپارێزێت. "شۆڕشی نیۆلیتیك"ی پێکهێنا، کە لەمێژوودا وەکو یەکەمین و مەزنترین شۆڕشی مرۆڤایەتی سەلمێنراوە. ئەمە خاڵی سەرسووڕمان و گرێکوێرەیە، هەموو شێوازەکانی درۆ و دەلەسە و نەفرەت و هۆڤێتی و دواکەوتن لەم راستییەدا شاراوەیە.

دەرکەوتنی من بەمانا گشتیەکەی بووە فاکتەری رەخساندنی دەرفەت بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی ئازادی، ئەمەش بووە هۆکاری هەژاندنی ئەم وێنەیە لەژێرەوە هەتا سەرەوە. ئیتر هەر لەبەکرێگیراوەکان و هەتا ئەو دەوڵەتانەی بەرژەوەندی ستراتیژیان هەبوو، بەئامانجی ئەوەی ئامادەکاری خۆیان بکەن کۆبوونەوە. قۆناخی دوای نەوەدەکانیش شایەتە بۆ چڕبوونەوەی ئەو هەوڵانە. لێرەدا ئاماژە بە ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا و روسیا و هەندێك وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەم کە زۆر گرنگیان بەمەسەلەکە دەدا. بەڵام لەبەرئەوەی من لەڕەوشێکدا نەبووم

كه وەكو يارييەك يان منداڵێكی ساده بەكار بهێنرێم، ئەمه هەموو لايەنێكی هاندا كه سەبارەت بەPKK و كوردان سياسەتێك بەڕێوه ببەن كه لەگەڵ بەرژەوەنديەكانياندا يەك بگرێتەوە. كاتێك لەوە تێگەيشتن كه من مەزنترين رێگرم لەبەردەم سياسەتەكانيان، دەستيان كرد به بيركردنەوە و پيلان دانان بۆ دەركردنم، تەنانەت لەناوبردنيشم. لەئاستی ژێريشدا بێت بێبەش بووم له مافی مرۆڤايەتی بناخەيی و هەڵوێسته ديموكراسييەكان. گرانی خۆيان دا بەو پەيمانه شاراوە و ئاشكرايانەی كه لەگەڵ كورده بەكرێگيراوەكان لەناوچەكانی خۆيان دەيان بەست، بەمەش بواريان لەبەردەم ئەوانەدا دەكردەوە. لێرەشدا بەتايبەت ئەو چاوپێكەوتنانه دياری دەكەين كه لەنێوان كورده بەكرێگيراوەكانی ئێراق و بەرپرسيارانی تورك و ئەمەريكا و ئينگليزدا پێك دەهات، كه گەيشته ئاستی پەيمانی فەرمی بەدرێژايی هێڵی ئەنكەره ـ لەندەن ـ واشنتۆن. بۆئەوەی ئەوەش بەسەركەوتن بگەيەنرێت هەوڵدرا كاريگەری يەكێتی ئەوروپا بەلاوه بنرێت، لەكاتێكدا ئۆليگارشيەتی ئەسينا وەكو ماشەی نێوانيان بەكار هێنرا. ئەمه گەوهەری ئەو زەمينەيه كه پيلانگێڕی پشتی پێ بەست و، هەروەها فەلسەفەی پێشكەوتن و سياسەتی پيادەكراويەتی. ئەگەر نەتوانين ئەو خيانەت و پيلانگێڕييەی لەبەرامبەر من و گەلی كورد، له كەسايەتی مندا، لەبەرامبەر هاوڕێيانم پياده كراوە، وەرچەرخێنين بۆ شەڕێكی كەرامەتی مەزن، ئەوا مێژوو جارێكی تر بڕياری لەعنەتی خۆی دەدات. بەڵام بەسەدان، بەڵكو زياتر له هاوڕێيان، له كچان و كوڕان كه لەبەهاری تەمەنی خۆياندا بوون و ئاگريان له جەستەی خۆيان بەردا و، بوون به ئامانج بۆ فيشەكەكان و، لەدوای رووداوەكه گيران. گومان لەوەدا نييه ئەگەر تەنانەت بۆ بير هێنانەوەی ئەو كەسانەش بێت، پێويسته بەشێوەيەكی سەرتاسەری لەو رەوشه نزيك ببينەوە. بەڵكو لەوەش زياتر، رێگه گرتن له دووبارەبوونەوەی ئەو مێژووه لەعنەتييه له ئەركه لەپێشەكانی شۆڕشی ئازادييه. ئاراستەكردنی تێكشكاندنه مێژووييەكان له كۆيلەداری لەعنەتيەوە بۆ رێبازی ئازادی، گوزارشت كردنه لەسەركەوتنی بەرچاو لەم ئەركەدا.

**أ** ـ بەشێوەيەكی رەها باوەڕيم به فەلسەفەی خۆم نەدەكرد لەژياندا كه پڕبوو له گومان، كه هەر لەمنداڵيەوە وەكو خەونێكی ترسناك لەگەڵمدا بوو بەبێ ئەوەی لێم دوور بكەوێتەوە. بێتوانايی له تێپەڕبوونم بەسەر بەردێكی مەزندا و، ئەو پچڕانی هەناسه و پەككەوتنەی كه لەكاتی فڕيندا دەردەكەوت و، زۆری تريش له خەونەكانم، بريتی بوون لەو رەوشانەی كه رەنگدانەوە بوون بۆ ژيانی پڕ لەگومانم، تەنانەت لەو رەوشانەی كه مرۆڤ وا هەست دەكات پڕە

لەئازادی، ئەمانە دزەیان دەکردە ناو خەونەکانم. پێش هەر شتێك، سەرەتا دایکم کە لەنزیکمەوە بوو، هەتا دەگاتە هەموو مرۆڤایەتی، دانیان بە ئازادی مندا نەدەنا و ڕێزیان لێ نەدەگرت. ئەو ڕاستییەش کە لەناو کتێبەکاندا لێی دەگەڕام، سەبارەت بە من، بوو بە مەلەکردن لەبیرێکدا کە بنی نەبوو. لەکاتێکدا هەر باوك و دایکێك لەدایکبوونی منداڵێکیان بەخێر و بێر بۆخۆیان دەبینی. من وەکو تاوانێکی مەزنم دەبینی، وەکو بڵێی گەیشتن بەدڵخۆشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەپێناوی تاکدا، کارێکی دەرەوەی ڕاستییە، تەنانەت کاتی ژنهێنان کە پێویستە بۆ بوك و زاوا لوتکەی دڵخۆشی بێت، بەلای منەوە وەکو سەرەتایەك بوو بۆ تاوانە گەورەکان. هەڵە و کەموکوڕیەکان لەشوێنێکدا هەبوو، بەڵام لەکوێ؟ لەو ڕۆژەی هاتوومەتە دنیاوە خۆم بەتەنیا بینیوە و، لەناو ترس و گومانی مەزن و گراندا دەتلێمەوە، هەربۆیە ناچار بووم کە بەتەنیا ئەم کاروان و لێگەڕانە بەردەوام بکەم، بەبێ ئەوەی کەس یارمەتیم بدات، ئەگەر بۆخۆی بەزۆریش خواستبێتی. ئەوەی بەسەر مندا دەسەپێنرا ژیانێکی هەرزان و هەڵە بوو، بەڵام ئەگەر ناکرێت بەبێ بونی "ڕاستی" ژیان بکرێت، ئەوا ئێستا چۆن ئەو "ڕاستییە" دەدۆزرێتەوە؟ ئێستا و، لەو قۆناخەی کە پێی گەیشتووین، ئەو هێزەم لەلایە کە دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە. پیلانگێڕی و ئەو ڕاستیانەی پشتی پێ دەبەستێت، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دیاری کردن و ڕوون بوونەوەی وەڵامدا بینی.

پێناسەکردنی ئەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا لەدایکبووم و مەزن بووم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بناخەی ئەم وەڵامەی پێك دەهێنا. بەڵام کۆمەڵگای کورد کە ڕەوشێکی بێ نمونەیە و، تابلۆیەکمان نیشان دەدات کە ناتوانێت بوونی خۆی بپارێزێت و، ئیتر لەقۆناخی بڵاوبوونەوەدا لەوە دەرکەوتووە کە نوێنەرایەتی خۆی بکات و، جگە لەپێکهاتەی وردکراو و پارچەی ماددی بەولاوە دیمەنێکی تری نەبوو. وەکو بڵێی بوونەوەرێکی کەڕ و لاڵ و بەکۆیلە کراوە و، بەتەنیا پاشماوەیەکە. من نکۆڵی لەوە ناکەم کە بەبەردەوامی دانم بەوەدا دەنا کە بە سەیرکردنم بەتایبەت بۆ ئەو تابلۆیە وا دەکات کە نەتوانم بگەمە ڕاستییەکان و، لەڕێگەی ئەم بەشە سست و بێهوودانە پێکهێنانی هێزی ئازادی دەبێتە کارێکی مەحاڵ. هەروەك چۆن لە نمونەکانی تردا بینرا. گەڕان بەدوای ڕاستی و دەست کردن بە کاروانی لێکۆڵین و لێگەڕین، چەمکێك بوو هەر لەسەرەتاوە لەلای من گەشەی کرد، وەکو پێویستیەك کە بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا و لەدوایشدا هەموو گەردوون پراکتیزە بکرێت. لەوانەیە ئەمە بەرچاوترین مەیلی قۆناخی منداڵی بێت، چونکە بەشێوەیەکی ڕەها لەبەرامبەر یاساکانی خێزان و گوند چۆکم دانەدا. بەڵکو شتە

راستەکانم لە مەیلی منداڵێتیدا دەبینیەوە، تەنانەت لەو کات و بارودۆخەدا، بۆئەوەی دژایەتی دەوروبەر نەکەم و لەگەڵیدا ناکۆك نەبم، بەڵکو بۆئەوەی پێشی تێگەیشتنی هەڵە بگرم، بۆ نمونە هەڵسام بە لەبەرکردنی ۳۳ ئایەتی قورئانی و، نوێژم کرد و هانی نوێژکردنم دەدا. لەکۆلیژی زانستە سیاسیەکان ژیانی قوتابێتیم هەتا ساڵی دوایی، بەڕەنگێك دەرباز بوو کە من لەریزەکانی یەکەمیندا جێگەی خۆمم دەگرت. هەموو ئەوانە دیاردەی دەرەکی بوون بۆ ئەوەی خۆم رزگار بکەم. بەڵام سەبارەت بە من، هەموو ئەوانە تەنها هەندێك ئامادەکاری بوون بۆ دەستپێکردنی گەڕان بەدوای راستیدا. هەوڵمدا ئەوەی لەمن داوا دەکرێت، لەقۆناخی شۆڕشگێڕی کە لە حەفتاکاندا دەستی پێکردبوو وای نیشان بدەم کە پێکی دەهێنم. رێکخستن پێکهات و دیپلۆماسیەتیش دەستی پێکرد، بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردیش لەبواری روکەشیدا بەزۆر لەنمونەکانی جیهان شوبهێنرا و، لەم بوارەدا هەنگاوی بەرفراوان هاوێژرا.

پێویستیە دان بەو راستیەدا بنێم کە هەموو ئەوانە منیان تێر نەدەکرد. وەکو بلێی هەناوی منی دەخوارد و هەڵەش بەردەوام دەبوو، نەمدەتوانی کەموکوڕییەکانی خۆم بەلاوە بنێم. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە کاتێك منداڵ بووم دایکم دەیبردمە تەویلەکەو، هەندێك جووڵەی نیشان دەدا وەکو بلێی من دەخنکێنێ، بەگوێرەی باوەڕی خۆی وای دەزانی پەروەردەم دەکات. بێگومان بۆیە ئەوەی دەکرد چونکە هیوای بە من هەبوو، ئیتر وردە وردە ژیانم ئەو رێیەی دەگرتە بەر، ئەو بڕیاری لەسێدارەدانەی کە دەوڵەت بەشێوەیەکی فەرمی دەری کرد و بەسەرمدا سەپاندی، گوزارشت کردنی سیمبولی دوایی ئەم قۆناخەیە. باسکردنی هەموو ئەمانە نیوەی راستییە. نیوەکەی تریش بوونی ئەوانە بون کە بەمنەوە پەیوەست بوون و بەبەردەوامی بەمنیاندا هەڵدەدا. چۆن دەتوانم نکۆڵی لە هەزاران کەسی بەنرخ بکەم کە هەزار جار زیاتر لە من بە پرسەکەوە گرێدراون؟ چونکە بەهەزران هەن کە پەیوەندیان پتەو بوو، هەر لە کچانی گوندەوە هەتا ژنان و، مامۆستا بەتواناکان و ئەو کەسانەی کە لەژیاندا جەسارەتێکی زۆر گەورەیان هەیە. کاتێك عیسا لەخاچ درا، ئەوانەی لە دەوروبەری بوون تەنها بۆی گریان، کاتێك موحەمەد (د.خ) کۆچی دوای کرد بۆ ماوەی سێ رۆژی بەردەوام گفتوگۆ لەسەر دەسەڵات کرا، لەکاتێکدا تەرمەکەی نەنێژرابوو، کاتێك لینین مرد کەس لەپێناویدا خۆی نەکوشت. بەڵام لەدوای گرتن و تەسلیم کردنەوەم ئاگر جەستەی سەدان رۆڵەی گەلی کوردی سوتاند و خوارد، تۆ بلێی ئەوانە دەیانویست چی بلێن؟ ئەوانەی خۆیان کردە بۆمبا و تەقینەوە، نەفرەت و کینیان لە چی بوو؟ چ راستییەك هەیە پاڵیان پێوە دەنێت کە ئەو کارە بکەن؟ ئەگەر من پێشم نەگرتایە بەهەزاران بۆ ئەو کارە

ئامادە بوون. ئەمە شێوازی تایبەت نییە بە بزووتنەوەی رزگاری، بەڵکو ئەو رووداوانەیە کە لەدەوروبەری مندا کۆدەبۆوە، شیکردنەوەی هەموو ئەوانەش ئەرکێکە دەستی لێبەرنادرێت. لێرەدا رق و ئازاری ئەوانەش لەبیر ناکەم کە دژی من بوون.

هەرچەندە لەدیاردە و پرسی کوردیدا قووڵبوونەوە پێك دێت، دەگۆڕێت بۆ تراژیدیایەکی مرۆڤایەتی زۆر مەزن. ئەوەی لێی دەترسام بەسەر مندا هات. کاتێك لە قۆناخی دواناوەندی دەمخوێند، بابەتێکی داڕشتنی ویژەیم نووسی بەناونیشانی "تۆ ئەو منداڵەی منی، کە هەرگیز لەدایك نەبووە". مامۆستاکەم کە زۆر رێزم دەگرت و بڵند لێم دەڕوانی، دە پلەی پێ دەدام و زۆری پێدا هەڵدەدام. پەیتا پەیتا لەگەڵ دەبازبوونی کاتدا ئەوەم بەڕوونی بینی کە هۆکاری ئەوەی ئەسینا و ئەوروپا حەزیان لێ نەدەکردم؛ دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی زهنیەت. من ژیانی فیوداڵی باوم پێ پەسند نەدەکرا، هەروەها ژیانی ئەوروپاش، چونکە ئەوانە دوو سیستەم بوون کە لەکەسایەتی مندا نەیاندەتوانی بژین و لەدایك ببن، بۆچی ئەوانە من پەسند بکەن؟ بەڵام ئەو ژیانەی هەوڵم بۆی دەدا، نەمدۆزیەوە. کاتێك بە کەعبەی مۆسکۆدا تێپەڕیم، کە بەملیۆنان کەس خۆیان بۆی کردە قوربانی، بینیم کە بێ بەزەییانە هەموو پێداویستیەکانی نکۆڵی کردنی ئایین پێك دەهێنن، بەڵام ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپاش، هیچ جێگەیەکی بۆ من تێدا نەبوو. لەکاتێکدا ئەمەریکا دەیوت "ئەگەر بکەوێتە دەستم تەسلیمی دەکەم" ئەوا لۆژیکی هێزە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگای فەرمی بەڕێوە دەبرد کە بەدرێژایی مێژووی خۆی ناسراوە بە ساردی و بێ ویژدانی و، هەڵسوکەوت کردن بەگوێرەی بەرژەوەندیەکان.

گەڕانم بەدوای ئازادیدا بۆ کوردان لەسەر ئاستی جیهانی بە هەموو ماناکانی وشە بوو بە رووداوێك. بەڵام شتێکی جێگەی داخ بوو کە من بەتەواوی خۆم نەناسیبوو، ئەوا چۆن ئازادی ببەخشم بە کوردان. دەست لە بەخشینی ئازادی بەردە، ئەو هێزانەی لەبەرامبەرم راوەستابوون پەشۆکابوون و چاویان تێبڕیبووم. جا ئەوانەی لەناو رێکخستن بوون یان لە دەرەوەی، بەزۆری خۆیان بەسەردا دەسەپاندم و، وەکو پێم بڵێن "دەست لەو سۆزانی خانەیە بەرنادەین کە پێنج هەزار ساڵە فێری بووین". من لەگەڵ کۆمەڵگایەکی تا ئەو رادەیە کەوتوو و، بووە بە کاڵا رووبەڕوو بوومەوە. بەڵام من لێکۆڵینەوەی خۆم بەردەوام دەکرد، وەکو ئەو نمونەیەی دەڵێت "بێ ئومێدی نییە بۆئەوەی تائێستا رۆحی زیندووە". بێگومان ئەو وانانەی کە لەقۆناخی پیلانگێڕی بەدەست هێنران، توند و تیژ و سوودمەند و فێرکەر بوون. لەوانەیە دڵنزمی نیشان بدەم کاتێك

دەڵێم نمونەی ئەو بارودۆخە بوونی نییە، تەنیا لە نمونەی بوزا و زەردەشتدا نەبێت، کە بەشێوازێکی زۆر پاك و بێگەرد و سەرنج ڕاکێش، مرۆڤ فێری زۆر شت دەکەن.

لەئەنجامدا؛ من باوەڕ دەکەم کە پێناسەی ڕاستم بۆ زاراوەی "کۆمەڵگا" پێشکەش کرد. کلیلی مەسەلەکانیش پێشکەش کردنی پێناسەی ڕاستە بۆ زاراوەی "کۆمەڵگا" بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە. لێرەدا یەکسەر ئەوەم بەبیردا دێتەوە کە کاتێك، ڕاهیبی سۆمەری میتۆلۆژیای ڕەسەنی دەخوڵقاند. لەوانەیە زیاتر لە ڕاستیەکان نزیکتر بووبێت، لەسۆسیۆلۆژیەکانی ئەوروپا لەناو بارودۆخی زانستی زاڵی ئێستادا. تاکرەوێتی ئەوروپا بووە بە ئامرازێك بۆ پراکتیزە کردنی کۆمەڵکوژی دەرهەق بە کۆمەڵگا و ئیکۆلۆژیا. بەڵام زاناکانیش (کە لە خزمەتی سیستەمی زاڵدان بەبێ هیچ ڕەخنەیەك)، ئەوا قەسابی ڕاستییەکانن. هەروەك چۆن قەساب هەڵدەستێت بە سەربڕینی ئاژەڵ و پارچەکردنی، ئەوا ئەوانیش هەڵدەستن بە پارچە پارچەکردنی ڕاستی و دەڵێن "لێرەوە بیخۆ و، ئەم پارچەیە بخۆ"، ئەم زانایانە ئەم کارە دەرهەقی سروشت و کۆمەڵگاش پێك دەهێنن. لە قۆناخی یەکەمدا ووتیان "شێوازی ئەزموون و چاودێری کردن"، لەقۆناخی دووەمدا ووتیان "قۆناخی پراکتیك و پراگماتیزم"، هەتا خواردیان و تەواویان کرد. هیچ شتێك نییە لە دەرەوەی ئەم باسکردنە بتوانێت تەقینەوەی ئەتۆمی لەسەر مرۆڤایەتی و تێکشکاندن و خراپکردنی تەواوی ژینگە ڕاڤە بکات. زۆر ووترا دەربارەی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بەڵام ووتەی ڕاست کە پێویستە دەربارەی بووترێت، تا ئێستا نەووتراوە. ڕاهیبە سۆمەریەکان زۆر بەباشی دەرکەوتنی چینی کۆیلەیان دەبینی و، هەربۆیە ئەفسانەی "خودا و، ئەو مرۆڤانەی لە پیسییەکەی خوڵقێنران" یان ئافراند. بەڵام ڕاهیبەکانی زانست لە شارستانیەتی ئەوروپا، بەشێوەیەکی نیوە نەزانانە هەمان دیاردە دەخوڵقێنن. کەس مافی ئەوەی نییە کە بڵێت "لەمیتۆلۆژیای سۆمەریدا ناکرێت زۆر بەدوای ڕاستی و واقیعیەتدا بگەڕێین، لەکاتێکدا ئەو زانستەی لە سەنتەری ئەوروپادایە، زانستێکە کە بەبەردەوامی پشت دەبەستێت بە ئەزموون". میتۆلۆژیای سۆمەری هەزار جار زیاتر لە دیاردەی زانستی لە ژیانی مرۆڤایەتی نزیکترە. ئەگەر لێرەدا ئەوە گرنگ بێت کە وەکو قەسابەکان کۆمەڵگا پارچە پارچە نەکەین، ئەوا حەکیمە سۆمەریەکان و پێغەمبەرەکانی دوای ئەوان بەڕاستی پڕ بوون لە مرۆڤایەتی، ئەمە ئەگەر بەمانایەکی چینایەتیش بێت، چونکە زۆر لەژیانی مرۆڤایەتی نزیك بوون بەڕێژەیەك کە بەپیرۆزیان دادەنا و، ڕێزیان دەگرت و بڵند سەیریان دەکرد.

سۆسیۆلۆژەکانی شارستانیەتی ئەوروپا وا خۆیان نیشان دەدەن کە هێدی هێدی دێنەوە سەرهۆشی خۆیان دوای هەموو ئەو خراپەکارییەی لەبواری ئەتۆمی و ژینگەییدا پێك هات، دوای ئەوەی کەوتە تەنگژەی خنکێنەر و، سیاسەتی سەرمایەداری مالی وەرچەرخابوو بۆ ئامێرێکی تالان و دزین. ئیتر کەوتونەتە قۆناخی رەخنە لەخۆگرتنەوە، وا پێدەچێت کە هەندێکیان پێداویستی ئەوەیان بینیوە و لێی تێگەیشتوون، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی هەموو شتێك لەدەست نەدەن. رەوشی من باشتر تێدەگەن، ئەگەر بەگرێدان لەگەڵ سوکرات شیبکەمەوە. سوکراتیش دەیویست پێناسەیەکی راست بۆ مرۆڤ دابڕێژێت، لەڕێگەی ئەو پرسیارانەی لێی دەکردن، هەڵەی هەموو ئەوانەی دیاری دەکرد کە لەبەرامبەری بوون یان رووبەڕوی دەبونەوە. واتە شێوازی ئەو دیاریکردن و چەسپاندنی هەڵە بوو، بەمەبەست ئەو کارەی نەدەکرد. بەم شێوازە ئاستی کەوتنە ناوەوەی کۆمەلگای ئەسینای لە گێژاوی درۆ و دەلەسەدا دەسەلماند. ئەوکاتە یان پێویست بوو کۆمەلگای ئەسینا پەسندی بکات کە درۆزنە، یان نەهێلێت سوکرات بژی، ئیتر دژوارترین و توندوتیژترین قۆناخی ململانێی نێوان درۆ و راستی دەستی پێکرد. ئەو بانگەشە بناخەییەی کە لەخشتەی تاوانبارکردندا هەبوو بریتی بوو لە "سوکرات خودای نوێی داهێناوە و ئەقڵی لاوەکانی تێکداوە". بەخودایی بوون، گوزارشت لە بڵندترین و پیرۆزترین ناسنامەی کۆمەلگا دەکات. لەگەوهەری خۆیدا بڵندترین گوزارەکردنە لە کۆمەلگا. ئەگەر سوکرات لەڕێگەی شێوازی سەلماندنی هەڵەوە بە بەردەوامی ناڕاستی ئەوە دەسەلمێنێ، ئەمە مانای ئەوەیە کە پێغەمبەری خودای ماف و راستی نوێیە.

بەپێویستی نابینم خۆم بخەمە ئاستی پێغەمبەران، بەلام من هەست دەکەم کە ئەرکێکی سەرەکیم لەسەر شانە لەبەرامبەر مرۆڤایەتی کە هەوالی پیرۆز و بڵندی لەسەر ئەو شێوەیە پێ رابگەیەنم. دەتوانم گوزارشت لە ویست و بۆچوونەکانم بکەم لەناو چەند ژمارەیەك لە زنجیرەی گۆڤاری لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەلایەتیدا. بەلام وا هەست دەکەم ئەوەی دەمەوێت بیلێم ئیتر لێی تێگەیشتوون. پەسند نەکردنی من لەلایەن سیستەمی سەرمایەداری فەرمیەوە، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەزانێت لەگەڵ خوداکانیدا یەك ناگرمەوە. ئەمەش ئەو لۆژیکەیە کە لەپشتی هەموو هەلوێستە گشتگیریەکانیەتی لەبەرامبەر مندا.

بەدرێژایی مێژوو لە پەراوێزی سیستەمە دەسەلاتدارەکاندا، گەڕان بەدوای هیوا و ئاواتەکان دەردەکەوێت، هەروەها لەناو ئەو گروپانەی هانایان بردووە بۆ دۆڵ و بیابان و چیا تاریکەکان. دیاردەی کۆمەلایەتی کوردیش یەکێکە لەو دیاردە تاریك و بەجێهێڵراوانە، جا لەلایەنی جوگرافیا

بێت یان لەلایەنی خەڵکەکەیەوە. هەر لەسەرتاوە دەرکم بەوە کرد کە ئەم کۆمەڵگایە خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە دەکرێت ببێتە زەمینە بۆ پێناسەکردنێکی چارەنووس سازی زاراوەی کۆمەڵگا، کە راستی بناخەیی مرۆڤایەتی خۆی لەدەست داوە. هەروەك چۆن لە پێناسەکردنی راست بۆ نهێنیەکی بناخەیی زانستی دەردەکەوێت، ئەوا ئەو پێناسەیەی کە من بەپێداگرتنەوە لەم بوارەدا پێکم هێنا، دەربارەی زاراوەی کۆمەڵگا، لەو راستیەوە نزیکە. ئەگەر بەشێوەیەکی راست لەو سەردەمەدا شیکردنەوە بۆ کۆمەڵگای باو پێش نەخرێت، ناکرێت بگەینە سیستەمێك کە ئەو سەردەمە دەرباز بکات. تەنگژەی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی زیاتر قووڵ دەبێتەوە و بەردەوام دەکات. ئەو هێزی شیکردنەوەیەی نیشان دەدرێت کۆتاییەکان دیاری دەکات، لەوانەیە خراپتر یان باشتر رووبدات. کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەهێزی زهنی مرۆڤایەتی دیاری دەکرێت. چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەو دیاردەیەیە کە یاساکانی ئەقڵ و رۆڵە خولقێنەرەکانی ئەوانەی دەبنە هۆکاری پێشکەوتن زیاتر و زووتر رۆڵی تێدا دەگێڕن و، لەناو خۆیدا جیاوازی چۆنایەتی هەڵدەگرێت، جا بەهۆی یاسا فیزیاییەکانەوە بێت یان یاسای جیهانەکانی تر لە رووەك و ئاژەڵەکان. ئەوەی لێرەدا گرنگە گەیشتنە بە زانابوون و هێزی یاساکانی وەرچەرخانی کۆمەڵگا و، سەرلەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگا لەسەر ئەم هێزە زانستیە پێکهاتووە. ترسناکی سەرەکی فەلسەفەی مەتریالیزمی رووتی سۆسیالیزمی بونیادنراو و دیترمینیزم (الجبرية التعينية)، بریتییە لە نیشاندانی هاوتەریبی و یەکسانی لەنێوان یاساکانی کۆمەڵگا و یاسا فیزیاییەکاندا. واتا چۆك دادانی لەبەرامبەر چەمکی پێشکەوتنی خۆبەخۆیی (تلقائی) یان قەدەریەتی هاوچەرخ. بەڵام ئەو راستییە نوێیانەی کە (ماکروفیزیا) و (میکروفیزیا) پێی گەیشتوون و لەسەری کۆکن، ئەوەیە ئەو یاسایانەی پێشکەوتن کە لەسەر رێڕەوێکی راست و دیاریکراو بێ دابڕان بەڕێوە دەچن، بوونیان نییە. بەڵکو مەودایەك لە گێژاو (فوضی) دیاردەکان لەیەکتری جیادەکاتەوە. ئەوەش دەرکی پێکرا و زانرا کە بەبێ ئەم جێگایە "بۆشایی" ناکرێت هیچ پێشکەوتنێکی چۆنایەتی بەدەست بهێنرێت. لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا تێروانیمان بۆ گەردوون و سروشت ئەوە دەردەخات کە پێویستیەك بە وەرچەرخان هەیە، بەکەمیش بێت پێویستە لەو ئاستی وەرچەرخانەدا بێت کە لەسەردەمی رێنیسانسدا پێك هات. ئەمە ئەنجامە بۆ ئەو کەڵەکەبوونانەی کە لەزانستدا پێك هاتووە. پێویستە ئەوە زۆر بەباشی بزانین کە ناتوانین ئەو گێژاوەی (فوضی) لە سیستەمی ئێستادا هەیە تێپەڕ بکەین ئەگەر لە تێڕوانینی بناخەییمان بۆ جیهان وەرچەرخانی چۆنایەتی پێك نەهێنین. ئەمەیە مەبەست لە شۆڕشی زهنی. پێویستمان بە میتۆلۆژیایەکی

سۆمەری نوێ نییە، هەروەها ئێمە هانا نابەین بۆ ئەو راستیانەی کە لە پەرستگای سۆمەریدا هەبوون، بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئەم پەرستگایانە بچووك ناکەین. پێویستە ئەوە باش تێبگەین کە زیگوراتە سۆمەریەکان پەرستگای خودایی رەسەنن. جا ئەوە کڵێسە یان زانکۆ یاخود دێرێك بێت. زیگوراتەکان ئەو سەنتەرانەن کە راهیبەکان تیایدا قووڵ بوونەوە و شێوازی بونیادی بناخەیی و زاراوە سەرەکیەکانی شارستانیەتیان تێدا پێك هێنا. بەڵام پەرستگاکان و ناوەندەکانی تری خۆدابڕان و، سۆفیگەری و، ماڵی پەرستن و، نوێژ و رۆژوو و، ناوەندەکانی فاڵ، هەموو ئەمانە شێوازی پێشخراوی ئەم داب و نەریتەیە، لەسەر هەمان رێڕەویش ماڵەکانی هونەر و شانۆ و سیستەم و یاسا وێژەیی و فەلسەفی و زانستیەکان دامەزران. ئەمەیە کە دەمەوێ بیڵێم، کاتێ دەڵێم پێویستە بچووکی نەکەینەوە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پرسیاری گرنگ ئەمەیە: ئەو پەرستگایانەی کە لە گێژاو رزگارمان دەکەن لەکوێن؟ پێویستە چی بکەین؟ بێگومان ناتوانین لاسایی رابردوو بکەینەوە، بەڵام ئەوەش کارێکی مەحاڵە کە ئێمە بەبێ پشت بەستن بە کەلەپوور، ناتوانین نوێ بونیاد بنێین. بەڵام زانکۆکانی ئێستا و سەنتەرەکانی زانست و دەزگاکانی لێکۆڵینەوە و لێتوێژینەوەی ئەمڕۆ، دوورن لەوەی خزمەتی ئەم ئامانجانە بکەن. چونکە بۆتە جێگای بڵاوکردنەوەی کاغەز و بەڵگەنامەی رزگاری تاك، لەسەردەمێك لە سەردەمەکان (بەڵگەی رزگارکردنی رۆژی ئاخیرەت) لەشارستانیەتی میسردا بڵاو دەکرایەوە. لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ئەو دیپلۆم و بەڵگەنامەی دەرچوونانەی کە بڵاو دەکرێتەوە جۆرێکە لە (بەڵگەنامەی رزگارکردنی ژیانی دونیا). پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نوێ ناتوانێت لەڕێگەی ئەم هەڵوێست و شێوازانەوە دەربکەوێت. ئەوەی هەمان زهنیەتی هەبێ ناتوانێت نوێ بخوڵقێنێت، جا ئۆپۆزیسیۆن بێت یان پارتییەکی سەر بە سیستەم بێت. گرنگترین و دوورترین کار کە بێکات بەشداری کردنە لە ریفۆرم و رێستووراسیۆنی (ترمیم) سیستەمی باودا. لەکاتێکدا کە ئەو بزووتنەوە و پارتییە شۆڕشگێڕانەی پێکهاتبوون نەیانتوانی خۆیان لە هەمان چارەنووس رزگار بکەن.

لەپێناوی پێکهێنانی نوێبوونەوەیەکی جددی کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی سیستەمێك، باشتر وایە کە لە سادەوە دەستپێبکەین، بەدامەزراندنی ئەوەی پێی دەووترێت "ناوەندی زانستە کۆمەڵایەتیەکان" و ناوەندی وشیاری و ئیرادەی بناخەیی. گەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لەم ناوەندانەدا کار دەکەن پێویستە وەکو راهیبە پیرۆزەکان بێگەرد بن و، ئەو تایبەتمەندییە بڵندانەیان تیادا هەبێت کە لەزانا هاوچەرخەکاندا هەیە و، هەوڵبدەن بۆ ئەوەی

بگەنـە ئاسـتی کـارکردنێکی بـە دیسـپلین و ڕێکخـراو. بەمانایـەکی تـر پـەرستگای پیـاوی ئـایینی و قوتابخانەی فەیلەسوف و ئەکادیمیای پیاوی زانست لەم ناوەندانەدا کۆدەبنەوە و، سـەنتێزێك پێـك دەهێنێـت و، گرنگـی دەدات بـە دۆزینـەوەی چارەسـەری بـۆ ئـەو کێشـە چارەنووس سـازانەی کـە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێوەی دەناڵێنێ، جا ئەگەر ئەم هەوڵ و تێکۆشانە پێویستی بە چل ساڵیش بێـت. بـەبێ هێـزی ئـەم ناوەندانـە، نـاتوانین ڕێگـە لەبـەردەم ئـەو کۆمەڵکوژیانـە بگـرین کـە سەرمایەداری دەرهەق بە کۆمەڵگا و تاك ئەنجامی دەدات. هەروەك چۆن ئەم ناوەندانـە مەکتـەبی ئایدیۆلۆژی پارتە شۆڕشگێڕەکان نین، ئەوا مەحاڵە ببێتە جێگایەك بۆ ئەو زانایانەی کە هەنـدێك شتی سادە دەخولقێنن، لـەپێناوی ئـەوەی تێزێـك پێشکەش بکـەن. ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی ناوەنـدی بەڕێوەبردن نییە بۆ ئەو فەیلەسوفانەی سیاسـەت بەڕێوەدەبـەن. بـەڵام لەلایـەکی تـرەوە دەزگـای بڵند و خاوەنی جێگەیە بەڕەنگێك کە دەتوانێت نوێنەرایەتی گۆڕان بکـات بـۆ هـەموو دەزگاکـان و تاکەکان کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە و، کاتێك پێویست بێت زانابوون و ئیرادەی پێویستیان پـێ ببەخشێت. هەروەك چۆن لە رابـردوودا، ئـەوا ئـەمڕۆش بەناوەنـدی ئـەقڵی بـەپیلان دادەنرێـت و سەبارەت بەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەسـتی لـێ بـەرنادرێت. پێویسـتە دەسـت پێشـخەری بکرێـت لـە دامەزراندنی ئەم ناوەندانە کە پێداویستیەکە و هیچ کاتێك لە کاتەکان بەو ڕێژەیەی ئێستا خـۆی نەسەپاندووە. چونکە لەناو سیستەمی سەرمایەداریدا ناوەندی دەزگا زهنیەکان لەهەر جێگەیەکی کۆمەڵگا زیاتر دووچاری خراپەکاری بووە.

ئەمە یەکێکە لە گرنگترین ئـەو ئەنجامانـەی کـە لـە ململانـێ لەگـەڵ شارسـتانیەتی ئـەورووپادا دەرمخست، بەڕێژەیەك باوەڕیم کـرد بـەوەی کـە وەڵامدانـەوەی خیانـەت و پیلانگێـڕی بـەو شـێوە بێگـەرد و پـیرۆزە دەبێـت، ئـەوا لـەناو ژووری زینـدانێکی تاکـە کەسـی، بەشـانازی و سـەربڵندی تێکۆشانی بێ وچانم لەپێناوی ئەوەدا بەردەوام دەکەم.

**ب ـ** هەڵوێستی بەڕێوەبەرایەتیەکانی کۆماری تورکیا دەربارەی دیاردە و مەسەلەی کـوردی لـە هەڵوێسـتەکانی بەڕێوەبەرایـەتی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی زیـاتر کۆنەپەرسـت و نکـۆڵی کـەر و بنبەسـت بـووترە. لەکاتێکـدا مسـتەفا کـەمال بۆخـۆی باسـی لـەوە کـرد کـە کوردەکـان ئەنـدامی دامەزرێنەری کۆمارن، ئەمەش زۆر لەو نامە و بڕیارانەدا دەرکـەوت کـە بـڵاوی کـردەوە. بێگومـان ئەو سەرهەڵدانانەی لەقۆناخی نێوان ١٩٢٥ ـ ١٩٣٨ روویاندا و، تـۆوی گومـان و دوودڵیـان بەرامبـەر بوونی کۆمار چاند، ڕۆڵێکی مەزنی لەوەدا بینی. دواهەمین جاریش کـە مسـتەفا کـەمال ئـەتاتورك

باسی لەم مەسەلەیە کرد، لە کۆنفرانسی ئیزمیت بوو لەساڵی ١٩٢٤، کە بەکورتیەکەی دان دەنێت بە مافی سەرتاسەری بۆ کوردان. بەڵام قۆناخی دوای سەرهەڵدانەکان، سیاسەتی بناخەیی بریتی بوو لە نکۆڵی کردنی مەسەلەکە. تەنانەت ووتنەوەی یەك پیتی کوردی، یان دەرکردنی کاسێتێکی گۆرانی کوردی دەبووە بابەت بۆ دادگا و لێکۆڵینەوە. بەڵام ووتنی "من کوردم" دەبووە هۆکارێك بۆ تاوانبارکردن، بەمەش هەر کوردێك لەبوونی خۆی دەترسا، کە ئیتر لەدواییدا رای دەکرد لێی. ئیتر ئەم دیاردە و پرسە بەتەواوی گۆڕا بۆ خەونێکی ترسناك. ئەم خەونە ترسناکەش تێك نەدرا هەتا لەسەر دەستی لاوانی شۆڕشگێڕ لە کەسایەتی دەنیز گەزمیشدا پێکهات، لەکاتێکدا دەیانبردە سەر پەتی سێدارە ئەو هەڵوێستە رەسەنەی نیشاندا و ووتی "ئەوە بۆ من شەرفە کە لەپێناوی یەکێتی و برایەتی کورد و تورك بەرەو مردن بچم".

بەڵام سەبارەت بە دامەزراندنی PKK و قەڵەمبازی دلێرانەی ١٥ی ئابی ١٩٨٤، کە ئەمەش وای لەو رێبەرایەتیە کرد کە ئەم وشیاربوونەوەیە وەکو نەخۆشی و گرێ کوێرەیەك بۆخۆی ببینێت، هەربۆیە لەجیاتی ئەوەی پرسەکە بەرەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە چارەسەر بکات، ئەوا بەشێوەیەکی زۆر توندوتیژانە لەبەرامبەری وەستایەوە و هەڵسا بە پێکهێنانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و شێوازی ئەشکەنجەی وا کە سنووری نەدەناسی. هەر کەسێك پەنجەی بۆ پرسەکە رابکێشایە وەکو خائینی نیشتمان هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرا. هەموو سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی لەئابووری و کولتووریەوە بەکار هێنرا لەپێناوی نکۆڵی کردن و سەرکوتکردنی مەسەلەکە. سەرنج راکێشترین سیاسەتیش لەم بوارەدا ئەوەیە کە لەگۆڕەپانی دیپلوماسیدا پراکتیزە کراوە. چونکە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەسەر بناخەی دابڕان و بەگشتی نکۆڵی کردن لە کوردان و بەتایبەتیش PKK رەنگڕێژ کراوە. کەسێك نەماوە لەجیهاندا ئەوە نەزانێت. بێگومان لەپێناوی سەرخستنی ئەم سیاسەتەدا، هەموو ئەو توانایانە بەکارهێنران کە لەدەستی تورکیادا بوو. ئیتر خۆی بەسیاسەتێکەوە گرێدا کە هەر دەوڵەتێك چی بوویستایە پێی دەدا، لەپێناوی راکێشانی بۆ ئەو هەڵوێستەی کە پێویستیان بوو، ئەمەشی بۆخۆی کردە بناخەیەك بۆئەوەی لەو سیاسەتەیدا سەربکەوێت. ئەم لۆژیکەی زۆر مەزن کرد وەکو بڵێی پرەنسیپێکی ژیانی پیرۆزە. مەسەلەکەی گەیاندە ئاستێکی دڵتەزێن، هەر ئەم هۆیەش بوو کە وای لەتورکیا کرد بکەوێتە ئەم رەوشە ناکۆکەوە. بەڕەنگێك کە کۆماری تورکیا پاڵی پێوەنرا کە بارودۆخ لەناو خۆیدا بخوڵقێنێ بۆ لەدایکبوونی نیمچە دەوڵەتێك لە باکووری ئێراق. بەمانایەکی تر ئەو

بەدەستی خۆی ئەوەی خولقاند، کە نایەوێ بژی، زۆر پێویستە لەنزیکەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین کە چۆن گەیشتە ئەم ئاستە.

لەساڵی ١٩٩٦ تورکیا بەرەوە بەستنی پەیمانێکی ستراتیژی تەواو چوو لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەو ئامانجەی کە سوود لە یارمەتییە ستراتیژیەکانی وەربگرێت. لەدوایدا بە پشت بەستن بەم هاوپەیمانێتیە هەڕەشەی شەڕ کردنی لەبەرامبەر سوریا گەیاندە ئاستێکی بڵند. بەهەمان لۆژیك هاوبەشێتی خۆی لەگەڵ ئەمەریکا گەیاندە ئاستی ستراتیژی. ئامادە بوو کە هەموو شتێك پەسند بکات، لەبەرامبەر ئەوەی بەتەنیا رابگەیەنێت PKK تیرۆریستە. لێرەدا ئاماژە بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەکەین، کە هەموو پێداویستی و مەرامەکانیانی پێك هێنا. بەهەمان لۆژیکیش نزیکی روسیا و یەکێتی وڵاتە سەربەخۆکان بۆوە. لەپێناوی ئەوەی رووسیا پەسندم نەکات و جێگەم پێنەدات، بەرژەوەندی ئابووری بەرفراوانی پێ بەخشی، لەسەرووی هەموویانەوە "پرۆژەی وزەی شین" ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە وازی لە عیلمانیەت هێنا و دەستی لێبەردا. لەسیاسەتی خۆیدا لەبەرامبەر ئێران و سعودیە دەستی لە تێڕوانینی بناخەیی کۆمار بەردا، ئەمەش لەپێناوی بەدەست هێنانی ئەنجام لەدژی PKK. هەروەها لەژێر ناوی "تێزی ئیسلامی نوێی تورکی" خزایە ناو پارادیگمای دووری زانستەوە. بەڵام لەو شوێنانەی کە ئەم سیاسەتانە بێ سوود بوو یان تێری نەدەکرد، ئەوا تا دوا پلە سیاسەتی هەڕەشەکردنی بەکار دەهێنا. ئەمە ئەو رێگایەیە کە لەبەرامبەر سوریا و یۆنان گرتیە بەر، هەروەها لەبەرامبەر ئیتاڵیاش کاتێك لەوێ بووم.

ئەنجامی ئەم سیاسەتانەش وەکو (سەرکەوتنی پیرۆس) بوو. پێشکەش کردنی ملکەچبوونە یەك لەدوای یەکەکان پاڵی بەتورکیاوە ناوە بۆ قووڵترین تەنگژە لەمێژووی خۆیدا، لەناو ئەو قەرزانەدا خنکا کە رێژەکەی گەیشتبووە ٢٥٠ ملیار دۆلار. لەگەڵ ئەوەی دەیتوانی ببێ بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام لەدەرەوەی هێڵرایەوە. تێڕوانینی بەگومانیش لەبەرامبەر تورکیا لەناو وڵاتە عەرەبیەکاندا قووڵتر بۆوە، لەدوای مەسەلەی ئەو روخسەتەی دوایی بۆ ئێراق، ئیسرائیل و ئەمەریکاش گومانەکانیان زیاتر بوو. پەیوەندی تورکیاش لەسەر ئاستی جیهانی هاتۆتە ژێری ژێرەوە. سەبارەت بە ئێرانیش، دەست بەردە لەقازانجکردنی، ئەوا لەگەڵ سوریادا هاوکاریان کرد و بەیەکەوە ووتیان "یان ئێمە یان ئەمەریکا و ئیسرائیل"، پەیوەندیەکان گەیشتوونەتە ئاستی دووڕیانێك. بەم شێوەیە کۆماری تورکیا خۆی لاواز کرد و، لەبواری ناوخۆییەوە لە رێڕەوی

ئایدیۆلۆژی بناخەیی دوور کەوتەوە، لەکاتێکدا بەدەستی خۆی پاڵی بەمەسەلەی کوردەوە نا ــ کە ترسێکی سەرەکییە لەسەری ـ تا لەسەرئاستی دەرەکی بکەوێتە رەوشێکی هەستیار و ترسناکەوە.

مانای ئەو پیلانگێڕیەی کە ئەمەریکا بەدەستی یۆنانیـەکان پێکی هێنا چییە، لەکاتێکدا کە رەوشی تورکیا چاودێری دەکات و کەوتۆتە ناو راستینەیەکی بەو رەنگەوە؟ ئەمەریکا ئەوەی باش دەزانی کە بوونی من لەناو دەستی تورکیا، جا بەزیندوویی بێت یان بە مردوویی، وەکو بۆمبایەك دەمێنمەوە و، بەمـەش هەرسێکیان (ئەمـەریکا، یۆنـان، ئیسـرائیل) پشـت راسـت دەبـن بـەوەی کـە تورکیا زۆر بەئاسانی داواکانیان جێبەجێ بکات، چونکە ئـەوانن کـە گـرنگترین دوژمنیـان تەسلیم کرد. بەو شێوەیەش بە رەنگێکی ئاسانتر مەسەلەی قوبرس و ئیجەیان دەگرتـە دەسـت و، بەمـەش رێبازی ئیسرائیل لـە رێگـەی دۆسـتایەتیەکی بـاوەڕپێکراوەوە دەکەوتـە واری کرداریـەوە، ئەوکاتـە ئیتر تورکیا هەموو داواکانی ئەمەریکای پێك دەهێنا، بەو پێیەی کە هاوپەیمانی باوەڕپێکراوێتی.

کاتێك لەئیتالیا بـووم ئەمـەم بـەخۆم ووت "لـەجیاتی ئـەوەی مـن لەهـەموو ئـەو هێزانـە داوا بکـەن، ئایـا ئاقڵانـەتر نـەبوو بەرامبـەر داننانیـان بـە مافـە سـەرەکیەکانی مـرۆڤ مـن لـەخۆم داوا بکەن". لەڕاستیدا ئەو نامە ناردنە ناڕاستەوخۆیەی لەگـەڵ هـەردوو ئـۆزال و ئەربـەکان و لەگـەڵ سوپادا هەبوو، ئاماژەی دەکرد بۆ تێگەیشتنیان ـ ئەگەر درەنگیش بێـت ــ لـەوەی کـە راسـتی بـەم رێگەیەدا تێپەڕ دەبێت، بەڵام هێزی سیاسەتی سەپێنراو رێگەی پێنـەدان کـە بـەگوێرەی پێویست بوێر بن و مەسەلەکە شیبکەنەوە. بەم شێوەیەش چارەسەرنەکردن دەبێتە چارەسەری، بەتـەواوی هـەروەك چۆن لـە نمونـەی سادەی قـوبرس دەردەکـەوێت، بـەڕەنگێك کـە چارەسـەرنەکردن وەکـو چارەسەری دەبینرێت. لەئەنجامدا بەرژەوەندی چارەنووس سازی دەوڵەت دەکەوێتـە مەترسـیەوە، هـەروەکو چۆن بەتـەواوی لـە نمونـەی ئێـراق و یـەکێتی ئـەوروپا دا بینیمـان، پەیوەنـدی لەگـەڵ کۆماری هێلێنیش زۆر لەوە جیاوازتر نییە.

لەئەنجامدا؛ ئەو نزیکبوونـە کاریگەرانـەی لەبەرامبـەر مـن نیشاندرا لەچوارچێوەی دیـاردەی کوردیدا، گەیشتە سنووری گاڵتەجاڕی. ئەوەی بەدەستیش هێنرا بەتـەواوی پێچەوانەی ئـەوە بـوو کە پێویست بوو. من پێ دادەگرم لەسەر ئەوەی کـە هێشتنەوەی پرسـی کـورد لـەژێر چاودێری و رێنمـایی مـەیلی نەتـەوەیی کـوردی لـەئێراق، لەئێسـتا بـەدواوە بۆمبایەکـە، ناویانەتـەوە و لـە لاوازترین خاڵی سکی تورکیادا چێنراوە و لەوانەیە لەهـەر کاتێکدا بتـەقێت. ئـەم قۆناخـەش لـەو ساتانە دەچێت کـە لـەکاتی راپەڕینـە داسـەپێنراوەکاندا لەسـاڵی ١٩٢٥ دەرکـەوت. ئەمـەش رێگـە لەبەردەم کەوتنەوەی زیانی گەورە دەکاتەوە بۆ کۆماری تورکیا کە تاوەکو ٨٠ ساڵ بـەردەوام بێـت،

هەمان هەڵوێستی ناڕاستیش زیانی زۆر گەورەی لێ دەکەوێتەوە. دەنیز گەزمیش و هەڤاڵەکانی تا سەر ئێسقان ئاشقی "تورکیای سەربەخۆ و ئازاد" بوون. کوردانیش داوای بەشی خۆیان لەم شەرەفە دەکرد، کەس ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە ئەمە دروشمی کەسایەتی مستەفا کەمال ئەتاتورك بوو. پێویستە لەناو ئەم دروشمەدا بەدوای سیاسەتی راستدا بگەڕێین. ئەتاتورك لەژێر ئاڵای ئەم دروشمەدا، لەگەڵ "فینیزیلوس" پیاوی دەوڵەتی ناسراوی کۆماری هێلینی دۆستایەتی بەست، بەمەش کاری کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەمەش گەوهەری هەڵوێستەکانی پێك دەهێنا سەبارەت بەکوردان. بەڵام کاتێك پیلانگێڕی ئینگلیزەکان کە لەپێناوی بەرژەوەندیان بوو لە موسڵ و کەرکوك لەڕێگەی هاندانی سەرهەڵدانەکانی ساڵی ١٩٢٥ ئەم سیاسەتەی پووچەڵ کردەوە. ئەوا هەردوو لایەن لەکۆتاییدا زیانیان پێکەوت. واتە ئەنجامەکان بەبەردەوامی وەکو "سەرکەوتنی پیروس" بوون، ئەگەر وانە وەرگرتن لەمێژوو بناخە بێت بۆ سەرکەوتن لەژیاندا، ئەوا پێویستە شەڕ بەشێوەیەکی رەها لەپێناوی بەدەست هێنانی سەرکەوتنی "پیروس"، نەبێت و، بوار نەدرێتە ئەو پیلانگێڕیانەی کە رێگە لەبەردەم شەڕی بەو رەنگە دەکاتەوە. هەروەها پێویستە بۆ جاری دووەم نەکەوینە ئەو هەڵوێستانەی کە دەرگا بەکراوەیی دەهێڵێت لەبەردەم پیلانگێڕی بەو رەنگە و، بەشێوەیەکی رەها بوار نەدەین کە ئەو رووداوانە دەربکەون.

ج ـ پەیوەندی دۆستایەتی و هەڤاڵێتی لاواز کاریگەریەکی مەزنی هەبوو لە پێکهێنانی ئەو خیانەت و پیلانگێڕیەدا. ترسەکانم لە نەبوونی هەڤاڵێکی بەهێز کە هەر لەمنداڵیەوە لەگەڵمدا بوو، لەم قۆناخەدا بینرا، دوای ئەوەی بەتەنیا و بێچارە هێڵرام. لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و رەنجە مەزنەی دام لەپێناوی دۆستایەتی و هەڤاڵێتی تۆکمەدا، بەڵام ئەوەی کە دایکم باوەڕی پێی دەکرد و دەیووت، وردە وردە پێك دەهات. تا ئێستاش لەبیرمە کاتێك دۆستایەتی گەرم و هەڤاڵێتی گەوهەری منی دەبینی پێی دەووتم "بێ مێشك، دەست لەوانە هەڵبگرە، ئەوانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان لەگەڵ تۆدان و، وەکو تۆ دەخوازیت کار ناکەن و، بەتەواوی لەگەڵ تۆدا نابن، رەنجی تۆ بەفیڕۆ دەچێت و بەتەنیا دەمێنیتەوە". کەواتە ئەزموونی ژیان لە خەونەکانی منداڵێتی زیاتر راستەقینەترە، بێگومان تا ئێستاش باوەڕی و تێڕوانینی خۆم دەپارێزم لەوەی کە ناکرێت ژیانی کۆمەڵایەتی مانا و نرخی بڵندی هەبێت، ئەگەر دۆستایەتی و هەڤاڵێتی پیرۆز و بەنرخ بوونی نەبێت.

لەگەڵ ئەوەی تا ئێستاش ئاسەواری دیار و چەسپاوی پێشکەوتنی دۆستایەتی و هەڤاڵێتی لە کولتووری ڕۆژهەڵاتدا هەیە، بەڵام من گومانم لەوە هەبوو کە لە کولتووری ڕۆژئاوادا هەبێت. تەنانەت کاتێك هەندێ میوانی هێلینی و ئەوروپی دەهاتنە لام، من بە زهنیەتێکی ڕۆژهەڵاتیانە پیشوازیم لێ دەکردن. چونکە من نەمدەتوانی ناکۆك بم لەگەڵ خۆمدا. من ناچار بووم وەکو هاوڕێی ڕاستەقینە پێشوازیان لێ بکەم، لەگەڵ ئەو تاکڕەوێتی و بەرژەوەندیخوازییە تەسکەی کە لەهەناویاندایە. ئەمەش بۆ من مەسەلەی کارەکتەرە، نەك مەسەلەی زانابوون بێت. تەنانەت ئەوەی بیەوێت بەلاڕێدا بمبات ئەگەر منداڵ یان ژنیش بێت و، لەپێناوی دۆستایەتیدا هاتبێ، ئەوا پێویستە لەسەرم تا دوا سنوور باوەڕیان پێ بکەم. هەر لەسەرەتاوە وەکو ڕووناکی ڕۆژ دیار بوو کە ئەم هەڵوێستەی من، لەسیاسەتی سەدەی بیستەم دا فەلاکەت لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. بەڵام ئەم مسەلەیە چوارچێوەی ئەوە دەرباز دەکات کە تەنها مەسەلەی زانابوون و باوەڕییەکی سادە بێت. بەڵکو گرێدراوە بە بوونی دوو زهنیەت کە ڕەگ و ڕیشەیان جیاوازە. واتە لەهەناوی مەسەلەکەدا ئەو چەمکەی شارستانی کۆمەڵگای هەرەمی چینایەتی هەیە کە دەڵێت "لەسیاسەت دا هەموو شێوازەکان شیاون"، لەبەرامبەریدا ئەو چەمکەی کۆمەڵگای کۆمۆنە هەیە کە پشت دەبەستێت بەو زهنیەتەی دەڵێت "گۆڕەپانی گشتی سیاسەت، گۆڕەپانی نرخە پیرۆزەکانە، هەربۆیە پێویستە هەڵوێستە هەرە پاك و بێگەردەکان پیادە بکەین". خو و ڕەوشتی سیاسی من بریتییە لەوەی کە ئەگەر دەخوازرێت سیاسەت بەشێوەیەکی پتەو و چەسپاو بەڕێوە ببرێت، ئەوا پێویستە شێوازەکەی وا دیاری بکرێت کە لەگەڵ پرەنسیپەکانی دا یەك بگرێتەوە. ئەوکاتە با ئەوانەی لەدەرەوە دێن وەکو چۆن دەخوازن لەمن نزیك ببنەوە، جا لەسەر بناخەی کار و بەرژەوەندی و خواستەك و ئارەزووەکانیان بێت، یان بەگوێرەی ئامانجە سادەکانیان با سوودم لێ وەربگرن. بەڵام من لەگەڵ ئەو پێکهاتە زهنیەی کە باوەڕم پێیەتی لەپێناوی کۆمەڵگادا ناکۆك نابم. گفتوگۆی لەسەر ناکرێت کە ئەم کارەکتەرەی من پێشکەوتنی زۆر مەزنی بەدەست هێناوە و، بووە هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە بە هەزاران هەڤاڵ لەدەوروبەرم کۆببنەوە، کە بەهەزاران جار لە من بەهێزترن. هەڤالان کەمال پیر و حەقی قەرار ـ کە لەنزیك و دوورەوە هیچ پەیوەندیەکیان بە کوردایەتیەوە نییە ـ کە دڵسۆزترین و ڕەسەنترین هەڤالی ڕێگای بزووتنەوەکەمان دەرکەوتن، تەنها ئەنجامی ئەم پرەنسیپەن کە پشت دەبەستێت بە هەڤالێتی بڵند و سەروو ئاسایی. هەروەها گرێدانی ژنان کە قارەمانێتی بێ وێنەیان نواند، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پرەنسیپە. لەگەڵ ئەوانەدا، هەڵسانی زۆر لە بەرژەوەندیخوازەکان لە ناوەوە و لە دەرەوە، بەهەڵخەڵەتاندنم و

هەڵخەڵەتاندنی هەزاران لە دۆست و هەڤاڵان، جا بـەزانابوون بێت یـان بـێ زانـابوون، خستیانینە رەوشێك كە ئەنجامی زۆر تراژیـدی، بـە هـەموو ماناكـانی ئـەم وشـەیە رووبـەڕوومان دەبێتـەوە و، تێك شـكاندنی زۆر گـەورە دێتـە پێشـمان، كـە شـایەنی نـین. هـەموو ئەوانـە لـە كاریگـەری سـوود وەرگرتنی ئەو ناوەندانە دێت لـە هـەمان ئـەو پرەنسیپانە. زۆر ئاشـكرایە كـە پێویسـت بـوو ئـەو شـەڕە بەپرەنسـیپە لەبەرامبـەر پێكهاتـەی زهنیـەتی سـەدەی بیسـتەم بكـەین، ئەگـەر چـەندە حاڵـەتێكی شـازیش هـەبێت. بـەو رێژەیـەی كـە گرنگـە دەسـت لـەم پرەنسیپە بەرنـەدرێت، ئـەوا وشـیاربوون و سـەرنجدانیش هـەمان گرنگـی خـۆی هەیـە. بەپێچـەوانەوە ئـەوا لـەو چارەنووسـە رزگارمان نابێت كە زۆر لە بزووتنەوە و سیستەمە كۆمەڵایـەتی و كەسایەتیە نیـاز باشـەكان تێـی كەوتن، لەناو ئەوانەش سۆسیالیزمی بونیادنراو.

بەڵام دەست پێشخەریم لە چوونم بۆ یۆنان، ئەوا لەلایەك لەسەر بناخەی رەزامەندی دۆستان و نوێنـەرمان بـوو لـە ئەسـینا و، لـەلای دووەمیشـەوە پشـت بەسـتن بـوو بـەو زهنیەتـە. لەوانەیـە ئەوانیش زۆر بەباشی لە راستی ئەو دەزگا و كەسـایەتیانە تێنەگەیشـتبن كـە پەیوەنـدیان لەگەڵـدا بەستبوون، بەتایبەتیش دەوڵەت. چونكە چەمكی پەیوەندیان چوارچێوەی موچـەخۆرێكی سادەی تێپەڕ نەدەكرد، هەربۆیە نەیاندەتوانی خۆیان لەوە رزگـار بكـەن كـە هەڵنەخـەڵتێن. ئـەوەش زۆر ئاشـكرایە كـە بـەكارهێنران و هەڵخەڵـەتێنران. هـەروەها لەبەرئـەوەی پەیوەندیـەكان لـە زۆربـەی گۆڕەپانەكان ئەم چوارچێوەیەی تێپـەڕ نـەكرد و هێـزی ئـەوەی نـەبوو لێـی دەربكـەوێت، ئەمـەش بۆخۆی راستیەكە و بوونی هەبوو. زۆر بەكورتی ئەو زەمینەیەی كە پێی خۆیانی لەسەر دادەنـێن هاوكارە بۆ هەموو شێوازەكانی هەڵخەڵەتاندن و ساختەكاری. خزان، یـان نەخزانـدن تیایـدا، خـۆی لەخۆیدا شانسێكە و گرێـدراوی ئـەو ساتە ژیانكراوەیـە. پێویسـتە ئـەوەشمان لـەبیر نەچـێت ئـەو راستییەی تری ژیان، كە تا ئێستاش هێـزی دەربـازكردنی نیشـان نـەدراوە، بریتییـە لـە، رۆیشـتنی لەسەر ئەم ئاراستەیە.

لەداوانامەكـەی دادوەری گشـتی دا زۆر بـە وردی و بەگرنگیـەكی تایبەتـەوە وا بـاس لـە دەسـت پێشخەری چوونم دەكرێت وەكو بڵێـی بـەبێ خواسـتنی دەوڵـەتی یۆنـانی بـووە. تەنانـەت دەوڵـەت هەموو رەنجێكی داوە بۆئەوەی پێشی لێ بگرێت، بەڵام لەدەرەوەی ویستی ئـەو پێـك هـاتووە. هـەر بۆیە لەبەر ئەمە تاوانبارمان دەكەن، واتە نوێنەر و دۆستان و منیش تاوانبار دەكـەن. دەسـت لـەو لایەنە بەردەن كە گرێدراوی یاسایە، ئـەوەی لێـرەدا لەبناخـەدا بـەكارهێنراوە راسـتگۆیی ئێمەیـە. چونكە لەسەرەتاوە هەندێك هەوڵ دەدرێت، كە لەهەناوی خۆیدا خیانەتی تێدایە و، هـەوڵ دەدات

رامان بکێشێ بۆئەوەی بمانکاتە ئامێرێکی سیاسی و لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا بێ سنوور بەکارمان بهێنێ. لێکۆڵەرەوە مێژووییەکان لەئاییندەدا چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەم پیلانگێڕییە بەهەموو رەهەندەکانیەوە دەردەخەن و شی دەکەنەوە. بەڕێوبەرە ئاست بەرزەکانی ئەمەریکا و یۆنان، راستگۆیی و دۆستایەتی و چەمکی هەڤاڵێتی ئێمەیان بەکار هێنا و، وا سەیری ئێمەیان کرد کە "سیاسی بێ مێشکین". لەوانەیە ئەوانەی وەکو ئامێر بەکارهێنران یان پێکهێنەرە ئاساییەکان، ئاگایان لە پیلانگێڕی نەبێت. بەڵکو لەوانەیە رێژەیەکی زۆر کەم لە کەسەکان ئاگایان لە هەواڵی ئەو خیانەتە هەبووبێت. بەڵام تایبەتمەندی هەرە گرنگ، کە پێویستە تیشکی بخرێتە سەر، خائینە راستەقینە و وشیارەکانن، لێرەشدا بەتایبەت گرنگی دەرخستنی رۆڵی موقەدەم "سافاس کالیندریس" دەبینم، کە رۆڵێکی مەزنی گێڕا تا رێڕەوی پیلانگێڕی بەو شێوەیە پێش بکەوێت، لەمەشدا راستگۆیی و دۆستایەتیمانی بەکارهێنا. کە کەسایەتیەکە لەناو پەیمانی ناتۆدا ئەرکی تایبەتی پێ سپێردراوە و، لە ئیستیخباراتی نەتەوەیی یۆنانی دا کاری پێ درابوو. ئەو کەسایەتیەیە کە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ یەکەمین پەیوەندی هەتا تەسلیم کردنم بەخائینەکانی کینیا، ترسناکترین و تۆقێنەرترین رۆڵی پێك هێنا.

بەپێویستم بینی کە رەوشی خۆم لەگەڵ چەند نمونەیەکی مێژوویی تا رێژەیەك پێوانە بکەم. هەروەکو چۆن یەهودای ئیسکەریوتی لەبەرامبەر عیسا کردی و، ئەوەی پرۆتۆس لەو پیلانگێڕییەدا لەبەرامبەر سیزار پێکی هێنا. چونکە بەبێ هەڵوێستی ئەو، ئەو پیلانگێڕییە بەو شێوەیە هەرگیز پێك نەدەهات. لەکاتی چوونم بۆ کینیا ــ کە دادوەری گشتی بە وشەی "دەرکردن" ناوی دەبات ـ بەتەواوی پێیان ووتم "هێلینیەکان لەوێن، هەربۆیە باشترین جێگەیە بۆ ئاسایش، لەماوەی پانزە رۆژدا پاسپۆرتێك ئامادە دەکرێت بۆ باشووری ئەفریقیا" بەڵام کاتێك تەسلیمی خائینی کینیایان کردم، پێیان ووتم "رێنمایی تایبەتی پەنگالۆس وەزیری دەرەوەمان پێگەیشتووە کە دەڵێت: بەرەو هۆڵەندا دەفڕن". لێرەدا بەرکارهێنانی دۆستایەتی دەردەکەوێت وەکو بەرچاوترین تایبەتمەندی خیانەت، ئەمەش گرانترین و دژوارترین دوژمنایەتییە لەنێوان رەگەزی مرۆڤایەتیدا. دەتوانیت دوژمنەکەت بە فیشەك بکوژیت، یان بیکەیتە پارووەیەکی ئاسان بۆ دەمی شێر، یان لەسێدارەی بدەیت، یان بەگوێرەی تاکتیکی شەڕ بیکوژیت، بەڵام ناتوانیت بەم شێوەیە کەسایەتیەك بنێرێت بۆ رەوشێك کە کراوەیە بۆ هەموو شێوازەکانی لەناوچوون، کە هەموو گەلەکەی هیوای پێیەتی و بەسەرۆکی خۆی دادەنێت، بەڕەنگێك کە ئەقڵ سەرسام دەبێ و وشك دەبێت، کاتێك بیری لێ دەکاتەوە و دەیهێنێتە پێش چاوی خۆی. باوەڕ ناکەم کە نمونەی

دووەم هەبێت بۆ ئەم تاوانە، کە بەناوی هیچ دەوڵەتێکەوە کرابێت. ئەمەریکا دەتوانێ لەسەر ناوی خۆی هەر بڕیارێك بدات، بەڵام ناتوانێت بەو شێوازە هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسێکدا بکات کە هانای بۆ هێناوە و بە نیاز باشیەوە لەڕێگەی هاوڕێکانی هاتۆتە لای. بەڵام بەبیری هیچ دەوڵەتێکی تردا نەهات لەوانە روسیا و ئیتالیا و سوریا کە هەڵسوکەوتێکی بەو رەنگە نیشان بدەن. بەڵام ئەو کەسە، کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەسەر ناوی کۆماری هێلینی دەجولێتەوە، چۆن توانی بەم رۆڵە هەڵبسێت؟ چ دلێکی هەیە؟ چ جەسارەت و ئەقلێکی هەیە؟ هەولمدا دیاردەی هێلینیزم و راستی وەرچەرخانی بۆ دەوڵەت پێناسە بکەم، ئەمەش لەپێناوی گەیشتن بە وەلامێك بۆ ئەم پرسیارە. بەڵکو گرێدراو بەم پرسیارە ئەوەشم گرتە دەست کە چۆن دزەی کردە ناو شارستانیەتی سەرمایەداری ئەوروپی و، ئەو کولتوورەی کە ئەو زهنیەتەی لێ دەکەوێتەوە، شایەنی شیکردنەوەیە. دیاردەی بەو رەنگە لە کولتووری رۆژهەلات دا ناکرێت ببینین، چونکە هەرچەند شێوازەکانی غەدر بلاوبێت، ئەوا لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەست لەو دوژمنەش بەرز ناکرێتەوە کە هانای هێناوەتە بەر ماڵی دوژمنەکەی بۆ خۆپاراستن. هەرچەندە دوژمن بەهێز بێت پێویستە میوان تەسلیمی نەکرێت، بێگومان من باس لەپەیمانە سیاسیەکان ناکەم، ئەگەر بەناوی کۆماری هێلینیەوە پێیان بووتمایە "ئێمە بەگوێرەی پەیمانێك تەسلیمی تورکیا یان ئەمەریکات دەکەین، ئەمەش لەپێداویستی بەرژەوەندی و یاساکانمانە" من ئەوەم نەدەکردە پرسێك، ئەوکاتە دەمووت "ئەمە لەپێداویستیەکانی سیاسەتە". بەڵام من باوەڕی تەواوم هەیە کە هەوڵدان بۆ گەیشتنە ئامانج یان هەر مەرامێك بەناوی دۆستایەتیەوە لەڕێگەی درۆ و دەلەسەوە، رووداوێکە کە لەدیاردەی مرۆڤایەتیدا زۆر بەرچاومان ناکەوێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە کالیندریس خۆی وا نیشان دەدا کە هەتا پلەیەکی کوێرانە حەیرانی من بووە.

ئەو ئەنجامەی کە لەبواری دۆستایەتی پێویستە دەریبخەم، ئەوەیە کە پێویستە ئەم زاراوەیە بەڕەنگێکی قوول بگرمە دەست. راست نییە کە دۆستایەتی سەرانسەری و هەڕەمەکی دابمەزرێت و پێش بخرێت و بەکار بهێنرێت. دۆستایەتی لەپێشی هەڤاڵێتیەوە دێت، لەوانەیە لەم بوارەدا لە هەڤالێتی گرنگتر بێت. هەڵبژاردنی دۆست و هەڵسەنگاندنی پەیوەندیەکان لەناو کۆمەڵگادا، ئەمە پێویست دەکات کە هەموو رەهەندە مێژوویی و کۆمەلایەتیەکانی شیبکرێتەوە. ئەم راستیەیە کە لەپشتی هەوڵەکانمانە بۆ "نەریتی کۆمەڵگا" کە جێ پەنجەی خۆی لەسەر بەرگرینامەکەم دانا و مۆرکی خۆی لێدا. هەرکەس رێژەی نزیکبوونم لە دۆستایەتی و هەڤاڵێتی دەزانێت. هەروەها ئەوەش دەزانرێت کە بە بەردەوامی لە هەڤاڵە دۆستەکان دەگەڕێم وەکو ئەنکیدۆ و دۆستایەتی بۆ

گلگامێش و، پاترۆکلوس و دۆستایەتی بۆ ئەخیلوس، کە لەداستانە مێژووییە بەناوبانگەکان دا هەیە. بێگومان دۆستایەتی کەمال پیریش لەو نمونانە کەمتر نییە، کە من زۆر بەباشی ئەوەم بینی دوای ئەوەی زانیاریە فەلسەفیەکانی خۆم چڕوپڕ کردەوە. هەرشتێك دژی خۆی دەخولقێنێ و تێری دەکات. ئیتر زانست باس لە ماددە ــ دژە ماددە دەکات، پۆزیترۆن دژی ئەلکترۆنە. بەڵام سەبارەت بە گەوهەر و مەزنایەتی هێزی دۆستایەتیم. لەوانەیە دژی ئەوی لێ بکەوێتەوە. دەکرێت ئەم دیاردانە لە پێکهاتەی زهنی هێلینیزم، خولقێنەری فەلسەفە، ببینرێت. بەڵام باڵادەستی فێڵ و تەڵەکەبازی تا ئەم پلەیە لە دیاردەی دژدا، وا لە کولتوورێك ناکات کە باش و بەسوود بێت. ئەوەی دیار دەبێت ئەوەیە کە ئەم راستییە ناکرێت پشتگوێ بخەین و، رۆڵێکی مەزنی هەیە لەو رووداوی کەوتن و تراژیدیایە مێژووییەی کە هێلینیزم پیایدا تێپەڕ بوو، تا گەیشتە بڵاوبوونەوە و بچووك بوونەوەی لە تەنیا نیمچە دوورگەیەکی بچووکدا. نمونەیەکی گەلێری تورکەکان هەیە کە دەڵێت "نە دۆست لەیۆنان دەردەکەوێت، نە پێست لەبەراز" رێژەیەکی گرنگی راستی تێدا هەیە. ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە نەکرێتە مولکی هەموو راستی هێلینی و گەلانی. زۆر شت دەربارەی ساکاری کوردەکان دەووترێت و، لەوانەیە بەهۆی ئەوە بێ دەوڵەت مابنەوە. لێرەدا دەخوازم زۆر بەڕوونی بڵێم، لەجیاتی کولتوورێك کە وەها بەخراپی دۆستایەتی بەکاردێنێ، من هەزار جار زیاتر دەمەوێت لەناو ئەم رۆحە سادە و بێگەردەی کۆمەڵگای کۆمۆنی سەرەتایی و بێ دەوڵەت بمێنمەوە، کە تیایدا لە رزگاری کۆمەڵایەتی بگەڕێم، جێگەی شانازی و سەربڵندییە کە لە گەلێکی بەو رەنگە بم.

# بەشی چوارەم

# پیلانگێڕی ئەسینا
# بە پەراوێزکردنی یاسا پێك هات

بۆئەوەی لەهەموو رەهەندەکانی رووداوی "دەرکردن" لەئەسینا تێبگەین، وەکو چۆن دادوەری گشتی کوزارشتی لێ دەکات، پێویستە بەشێوەیەکی راست ئاستی پەیوەندیـەکانمان لەگـەڵ کۆمـاری هێلینیدا دیاری بکەین. ئەوەی تا ئێستا لـە رەهەنـدە سیاسـی و فەلسـەفی و مێژووییـەکان، بەهێڵـە پانەکانی باسم کردووە، مەرجێکە بـۆ ئـەوەی هەڵسـەنگاندنێکی یاسـایی بەشـێوەیەکی راسـت پێـك بهێنین، چونکە یاسا بۆخـۆی رووداوێکـی سـەربەخۆ نییـە، بـەڵکو رەنگدانـەوەی ئاسـتی سیاسـی و مێژوویی و رەوشتی بناخەیی دەوڵەت یـان کۆمـەڵگایـەك پێـك دەهێنێـت. "دەرکـردن"یش کـارێکی دوژمنانەیە، بەم رەوشەش، پێویستە بسەلمێنرێت کە من دوژمنی کۆمـاری هێلینـیم. ئەمـە و ئـیتر ئەوە سەلمێنـراوە کە ئەو ئەنجامانەی لێی کەوتەوە هەزار جار لە لەسێدارەدان زیـاتر خـراپتر بـوو، هەروەها زۆر پێویستە ئەو پێوانانەی مافەکان دیاری بکرێن کە ئەم کاری "دەرکردن"ە پشتی پـێ بەست، بەوپێیەی کە توندوتیژترین سزایە. ئـەوە کارێـك بـوو کـە خۆسـووتاندنی سـەدان کـەس و کوشتن و گرتنیـانی لـێ کەوتـەوە. هەربۆیـە ناکرێـت ئەگـەر دادگا دادوەرانـە بێـت، ئـەم راسـتیانە پشتگوێ بخات. دەتـوانین زۆر بەئاسـانی ئـەو تاوانبارییـە شـی بکەینـەوە "خراپکردنـی بـارودۆخی ئاشتی لەنێوان دۆستان و هاوپەیمانان" کە هیچ بناخەیەکی نییە. ئـەوەی ئەمـەوێت لێـرەدا باسـی لێوە بکەم ئەوەیە کە ئەو روداوە لەبواری ناوەرۆکەوە هیچ پەیوەندیەکی بەو شـێوازەوە نییـە کـە دادوەری گشتی شی کردۆتەوە. پێویستیش ناکات کـە بەشـێوەیەکی روکەشـی بەڵگـە بـۆ قسـەکانی خۆی بهێنێتەوە. چونکە گەوهەر دیاریکەرە و، ناوەرۆکی زۆر جیـاوازتری هەیـە. لێـرەدا بـەزوویی دەمەوێت باس لەئیتاڵیا بکەم، چوونم بۆ ئیتاڵیا بەبێ هیچ پەیوەندی و هەواڵێکی پێشەکی بوو و، کەمتر لە ئەسـیناییەکان بەچوونمیان دەزانـی. بـەڵام سـەرۆك وەزیرانـی ئیتاڵیـا بـینی کـە بـەهیچ شێوەیەك جەسارەت ناکات من "دەربکات"، دەسەڵاتی ئەویش رێگەی نەدەدا. هەربۆیە ئەوەی پێی

هەڵسان ئەوە بوو کە بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە نەخۆشخانەیەك خستیانمە ژێر چاودێرییەوە، بەم شێوەیە لەبواری مافەکاندا وەڵامی دەست پێشخەریەکەیان دامەوە. دەوڵەتی هێلینیش کە گرێدراوی هەمان پێوانەی یاسایی و نیشتمانی ئەوروپایە، دەسەڵاتی زیاتر و فراوانتری لەمەی نەبوو. ئەوەی دەیتوانی لەئاستی هەرە بڵنددا بیکات گرتنی من بوو، چونکە بێ ڕێگە پێدان چووبوومە وڵاتەکەیان. لەو کاتەشدا هیچ مانایەك بۆ ئەوە نەدەما کە پێیان دەووت ترساندنەکانی تورکیا کە دەڵێن لێی پەشۆکابوون. بەڵام ئەوان لەگەڵ ئەوەی نەیانگرتم، بردیانم بۆ جێگەیەکی "زۆر پارێزراوتر" و سوێندیان بە "شەرەف" کۆماری هێلینی خوارد. زۆر شایەت و بەڵگەش بۆ چەسپاندنی ئەوە هەیە. لەکاتێکدا ئەمە ڕاستی بێت، ئەوا باس نەکردنی ئەمانە لەیەن دادوەری گشتیەوە، وەکو کە رووی نەدابێت، جێگەی بیرکردنەوەیە. ئامانجیش لەوە پەردەپۆش کردنی تاوانێکی مرۆڤانەی قورس و گرانە، ئەمەش کارێکی زۆر ئاشکرایە. ئەگەر یاسا بریتی بێت لە کۆی ئەو ڕێسا بناخەییانەی کە دەوڵەت خۆی پێوە گرێ دەدات. ئەوا پێویستە لەسەر ئەوانەی لەسەر ناوی ئەو کار دەکەن، پێوەی گرێدراو بن. بەڵام چەمکی "ئێمە دەتوانین هەموو شتێك بکەین لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای دەوڵەتەکەمان". دەست لەوە بەردە کە لە دەوڵەتێکی یاسایی هاوچەرخدا هەبێت، ئەوە چەمکێکە کە لە داب و نەریت و یاسا عەشیرەتیەکانیش بەپلەی کەمیش بێت بوونی نییە. لەمێژووی مرۆڤایەتیدا دەبینین کە هانا بردن بۆ رەشماڵی کۆچەرێك، دەست بەردە لە هانا بردن بۆ دەوڵەت، وا لەسەر خاوەن ماڵ پێویست دەکات کە تا دواڕادە دڵۆپی خوێنی میوانەکەی بپارێزێت، نەك دەریبکات، ئەگەر مەترسیەك هەبێت و بەدوایەوە بێت. ئەمەش بناخەیەکی ناسراوە. بەڵام کۆماری هێلینی ئەندامی پەیمانی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپایە و، پەیوەندی پتەویشی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە و، گەلێکی بەشەرەفیشی هەیە. هەربۆیە بابەتی نییە، کە بە بناخە لەسەر ئەم ڕاستیانە، دەوڵەت بەهۆی منەوە دووچاری ترسناکی ببێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا دەیانتوانی بۆ چەند مانگێك بمشارنەوە و، مۆڵەتێکم بدەنێ و هاوکاریم بکەن تا بچمە وڵاتی سێیەم یان بگەڕێمەوە نیشتمان، یان ئەگەر چارەیان نەما دەیانتوانی بمگرن. ئەمە بەو مانایە دێت "دەرکردن" کە پشت بەستووە بە ترساندن، هەڵسەنگاندنێکە ڕۆحی بەرپرسیارێتی تێدا نییە و، هیچ پەیوەندیەکی بە یاسا و سیاسەت و رەوشتەوە نییە. ئەوە دەمامکێکە بۆ چەواشەکردنی ڕاستیەکان. پێداویستیەکی زۆر گرنگ هەیە بۆ شیکردنەوەی قووڵی ئەو بارودۆخە خۆیی و بابەتیەی کە ڕووداوەکەی تیادا پێك هات. ئەمەش لەپێناوی پاراستنی ئەو برایەتیەی کە لەنێوان گەلانماندا هەیە. ئەوەی لێرەدا هەیە

زیاترە لە پاراستنی خۆم و، یان پاڵنان بە بەرپرسیارەکانی دەوڵەتی هێلینی بۆ رەوشێکی تەنگ، بەڵکو ئەوەی گرنگە کە تێبینی بکرێت پێش هەر شتێك پێشکەوتنی راستی دۆستایەتیە لەنێوان هەردوو گەلدا.

أ ــ کاتێك بۆ یەکەم جار چوومە ئەسینا، ئەو چەمکەم بەبنەما گرت کە هاتوومەتە دەوڵەتێك، مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەتی تێدا چەسپاوە و، لەسەر ئاستی دەوڵەت و کەسەکانیش پەیوەندی دۆستانەمان هەیە. بەڵام ناتوانم بەسەر مەسەلەکەدا دەرباز ببم ئەگەر لەگەڵ هەندێ نمونەی مێژوویی بەراووردی نەکەم، بەبێ ئەوەی بکەومە ووردەکارییەوە. دەرکەوتنی "سانت بول" لەدیمەشق و، بلاوکردنەوەی داوا پیرۆزەکەی لەشارە هێلینیەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و، هەنگاونانی بەرەو رۆما لەهەنگاوی دووەمی دا و، کە هەر لەوێش کوژرا، گرنگیەکی زۆری هەیە لە مێژووی ئەوروپادا. چیرۆکی سوکراتیش زیاتر تراژیدییە و، دیاردەیەکە لەسەر شێوازی ئەسینا. ئەوەی جێگەی تێبینییە هەڵسانی خوداوەند "ئەسینا" ــ دامەزرێنەری شاری ئەسینا لەمیتۆلۆژیای یۆنانیدا ــ یە بەخۆ شاردنەوە لەکەسایەتی "دیافوبوس" برای هیکتۆر، بەمەش هەڵیخەڵەتاند و خستیە ناو شەڕێکەوە کە تیایدا ژیانی خۆی لەدەست بدات و لەناو بچێت. لێرەدا نامەوێت ئەسینا لەکەدار بکەم کە شارێکی گرنگە لەمێژووی شارستانیەتیدا، بەڵام ڕووداوەکان لێکچوونی مێژوویی تێدایە. ئەمەش تایبەتمەندیەکی سەرنج راکێشە. ئەوەی سەلمێنراوە کە ئەگەر ئەو بانگەواز و پەیوەندی دۆستانەی ئەسینا نەبووایە، یان خوداوەند "ئەسینا"، ئەوا ئەم تراژیدیایەمان لەگەڵ گەلان و هاوڕێکانمان ژیان نەدەکرد، تەنانەت لەگەڵ ئەوانەی کە دژیشمان بوون. بەڵام گرتنە دەستی چوونم بۆ ئەسینا و ئەو ئەنجامانەی لێکەوتەوە، بەشێوازێکی تەنگ و بەرەهەندە تەکنیکیەکانیەوە، ئەوە رەوشتێکە کە لێی نابوردرێت. بەڵکو بێ رێزییە بەرامبەر ئەو ژیرییەی کە لە رۆژەکانی سوکرات و سەردەمی سولون و باریکلیس دا دەرکەوت. گاڵتە کردن و بچووك کردنەوەی گەوهەری دیموکراسیەت و کەرامەتی مرۆڤیشە. لەکام لایەنەوە لەمەسەلەکان بڕوانین، ئەوا ئەو هەڵوێستەی لەبەرامبەرم نیشان درا لایەنێکی مێژووییە، پێویستە بەشێوەیەکی راست دیاری بکەین. گومان لەوەدا نییە کە مەزنایەتی ئەسینا لەنزیکەوە گرێدراوی ئەم دیاریکردنە راستەیە. ئەگینا ئەوەی بەرپرسیارەکانی دەوڵەت لەدیمەشق و مۆسکۆ و رۆما پێی هەڵنەستان، بۆچی ئۆلیگارشیەتی ئەسینا بەشێوازێکی پیلانگێڕیانە پێکی هێنا؟ ئەرکی سەرەکی قەزا وەڵامدانەوەی راستی ئەم پرسیارەیە، ئەگینا هیچ

جیاوازییەك نابێت لەنێوانمان و لەنێوان ئەوەی ووتی "سوکرات خودای نوێی خستۆتە ئەقڵی لاوانی ئەسینا، هەربۆیە پێویستە بمرێت".

**ب ـ** هاتنم بۆ ئەسینا دوای ئەو پەیوەندییە پێك هات کە نوێنەرەکەمان لە یۆنان "ئایفەر کایا" لەگەڵ ئەندامی پەرلەمان و وەزیری کۆنی پارتی پاسۆك (بادوفاس) پێکهێنا بوو، وای لێ کردبوو کە دە جار ئەو پرسیارە دووبارە بکاتەوە کە ئایا ڕەوش ئامادەیە بۆ هاتنم، دوای ئەوەی وەڵام لەهەموو جاریکدا پۆزەتیف بوو، ڕێگریم نەبینی کە بڕیار بدەم. من باوەڕیم هەبوو کە ئەو بێگومان مۆڵەتی وەرگرتووە بۆ هاتنم. ئەو پەرلەمانتار و کۆنە وەزیرە و، پارتییەکەی لەدەسەڵاتدا جێگە دەگرێت. کاتێك لە فڕۆکەخانە دابەزیم، هەردوو "سافاس کالیندریس" و "ستافرا کاکیس" بەرپرسیاری بڵندی ئیستخباراتم لەپێش خۆمدا بینی، بەترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە لەبەرامبەرمدا بوون و، زۆر بەتوندی وشیار کرامەوە کە هەتا سەعات پێنجی هەمان ڕۆژ پێویستە بڕۆم. ئەگینا زۆر و زەحمەتی جددی دەبینم، باوەڕم نەدەکرد ئەوە ڕووبدات و بۆ ڕەوشێکی بەو ڕەنگەش ئامادە نەبووم. بەڵام "بادوفاس" ئەو کاتە بەهیچ ڕەنگێگ لەسەر گۆڕەپان دیار نەبوو. تا ئێستاش بەتەواوی باوەڕم هەیە کە پێویستە لەم مەسەلەیە بکۆڵدرێتەوە، کە لەم چوونەدا دەیانویست بکەوم و بەدزی وون ببم. بەبێ بانگ کردن، هەموو ئەوانە ڕوویان نەدەدا کە ڕوویان دا. چونکە کاتێك بوار نەما کە لەوە زیاتر لە دیمەشق بمێنمەوە، دەمتوانی بچەمە ناوچە چیاییەکانی وڵات، هەرچەندە ئەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دەخستە تەنگاوی جدییەوە. لەهاتنی دووەم جاریشم هاوکاری کردنی "ناکازاکیس" ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی، بەڕەنگێك کە لەپێناوی دۆستایەتی، فیداکاری مەزنی پێشکەش کرد. بەڵام کاتێك لەوە دەڕوانین کە ڕوویدا، دەپرسین: ئەفسەرێکی بڵندی خانەنشین و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ دەوڵەتدا هەیە، بۆچی هەموو ئەو خیانەتە بەرامبەر پەیوەندی دۆستایەتی ئەنجام دەدات؟ تا ئێستاش بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێم. کاتێك خستیانمە ژێر چاودێری ئیستخباراتی یۆنانی، بانگەشەی ئەوەیان کرد کە، دەچم وەزیری دەرەوە "پانگالۆس" دەبینم، کە لەدواییدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت کە "پانگالۆس" دەستی لەو خیانەتەدا هەیە، ئەویش لەڕێگەی ئەو ڕستەیەی کە وتبووی "کێ لەپەنجەرەوە بێتە ژورەوە، ئەوا لەدوکەڵ کێشەکەوە فڕێ دەدرێت"، کاتێك خستیانمە ڕەوشی پاکتاوکردنەوە ئەم ڕستیەی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو کە دەڵێت "ئاپۆ لەنزیکی مەسیحەوە، وەکو فریشتە دەژی". هەڵوێستی "ستافرا کاکیس"یش دوژمنانە و خیانەتکارانەیە، بەڕەنگێك کە ڕاستەوخۆ بڕیارەکانی ئەمەریکای جێبەجێ دەکرد. لە ڕەوشێکی وەهادا نیم بزانم ئایا دەسەڵاتی

خۆی و حکومەتی چەندە بەکار هێناوە. ئەمەو پێویستە لەسەر سەرۆك وەزیران "سیمیتس"، بەباشی و بە روونی ئەوە دیاری بکات، کە چی پالّی پێوە نا تا بڕیاری "دەرکردن" بۆ کینیا دەربکات. چونکە پێداویستی هەیە کە ئەوان بڕیاردەری پلەی سەروو بوون بەبەرفراوانی ئیفادەی خۆیان بدەن.

دەکرێت هەڵسوکەوتی سەرۆك وەزیرانی ئیتالّیا (ماسیمۆ دالیما) لەکاتی چوونم بۆ رۆما بە نمونە وەربگیرێت، ئەگەر ئەوەشی نەویستایە ئەوا نەیدەتوانی بەزۆر و بەپیلانگێڕی دەرمبکات. ئەوە تەنها بەشێوازێکی خۆویستانە پێك دەهات، هەتا کۆتاییش بەمەوە گرێدراو بوو. سێ مانگ لەوێ مامەوە و، سەیری داواکاری پەنابەرێتیان کردم، کە لەدوایدا ئەم مافەیان پێدام. هەروەها پێی داگرت لەسەر بەجێهێشتنی نامەیەکی نوسراو وەکو مەرجێکی دەرکەوتن، ئەوەش کە لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٩ پێك هات. ئەم هەڵوێستەی گرتەبەر و ئەوەی باش دەزانی کە دەرکەوتنی من لەئیتالّیا بەهەر شێوەیەکی تر یاسایی نابێت. لەکاتێکدا کۆماری هێلینی بەهیچ شێوەیەك خۆیان بەم رێبازەوە گرێ نەدا، کاتێك هاتمە ئەسینا مافی پەنابەرێتی سیاسیم هەبوو، کەسیش نەیدەتوانی رێگە لەوە بگرێت. تەنیا دادگا دەتوانێ ئەنجام دیاری بکات. ئەگەر من کاریکم کردووە کە بەتاوان دادەنرێت، ئەوا رەوشەکە هەڵدەسەنگێنن و دەتوانن بمگرن و زیندانیم بکەن. هەموو ئەم شێواز و رێڕەوە یاساییانە لە هەموو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بەڕێوە دەچێت، بەڕەنگێك کە هانایان بۆ ئەم شێوازە نەبرد، بەڵکو پەیوەندی دۆستایەتی بەکار هێنرا، یەکەم جار "ناکازاکیس" هەڵخەڵەتێنرا و منی خستە ژێر چاودێری ئیستخباراتەوە، لەهەنگاوی دووەمیشدا منیان هەڵخەڵەتاند. "لەسەر ناوی دەوڵەت سوێند دەخۆین و پەیمان دەدەین". بەم شێوەیە نێردرام بۆ کینیا. ئەگەر "سافاس کالیندریس" وا خۆی نیشان نەدابایە کە هەتا پلەیەکی کوێرانە گرێدراوی دۆستایەتیە و، ئەوەشی وەکو ئامرازێك بەکار نەهێنایە، من باوەڕیم بە بەڵێنەکانی نەدەکرد. تاوانباری سەرەکی لێرەدا تێکشکاندنی ئیرادەیە. هەر بۆیە پێویستە گوێ لە ئیفادەکەی بگیرێت و، تەنانەت ئەگەر پێویست بکات گوێ لە ئیفادەی شایەتەکانی تریش بگیرێت.

وەکو رۆژ روونە، کە ناردنم بۆ کینیا خۆی لەخۆیدا پەیوەندی بە پیلانگێڕییەوە هەیە. بۆچی کینیا؟ بۆچی راستەوخۆ نەیانبردم بۆ کۆماری باشووری ئەفریقیا؟ چونکە لەوێ سیستەمێك هەیە وەکو یاری لەدەستی ئەمەریکادایە و، باشترین جێگەیە بۆ پیلانی تەسلیمکردنی من، بەڵام کۆماری باشووری ئەفریقیا و ماندێلا ناکەونە ناو ئەو جۆرە پیلانگێڕیانە. هەمان خیانەت پێك هات کاتێك تەسلیمی تورکیایان کردم، باڵیۆز "کوستولاس" زۆر سەرکەوتووانە ئەم

ئەرکەی ئەنجام دا، ئەگەر بەو ئاسانیەش نـەبێت. بەتـەواوی ئاگای لەپیلانگێڕییەکە هـەبوو، وای پێ ووتم کە داواکـەم بـۆ پەنابـەرێتی پەسـند کـراوە. لەکۆتاییـدا کالینـدریس ووتـی، ئێمـە لەسـەر فەرمانێکی تایبەتی پەنگالۆس دەچین بۆ هۆڵەندا، بەمەش بەئاشکرا ئەرکی خیانەتکارانەی خۆی پێـك هێنـا و تەسلیمی خائینـەکانی کینیـای کـردم. ئـەوە زۆر ئاشـکرایە کـە بـاوەڕی بـێ سنوورم بەدۆستایەتی، بەخراپی بەکارهێنرا. هیچ شتێکی بچووکیان نـەکرد کـە گومـانم لا دروسـت بکـات. ئەوندە بەتوانایی کار کـردن لـەپێناوی خیانەتـدا، کارێکـە شـایانی چـەپڵە لێدانـە (وەکو لـە ووتـە گەلێریەکانـدا هەیـە). ئەگـەر دەخوازرێـت وردەکاریـەکانی ئـەم کـارە بەباشـی بزانرێـت، ئـەوا پارێزەرەکانم لەرێگەی بەلگە و شایەتەکانەوە دەتوانن پێشکەشی بکەن، داوای منـیش ئەوەیـە کـە گوێیان لێ بگرن.

هـەموو جوڵـەی مـن هـەر لەسـەرەتاوە تـا کۆتـایی لـەژێر چـاودێری و هاوکـاری و زانـینی ئیستخباراتی یۆنانی دا بوو. مەحاڵ بوو بەبێ هاوکاری هێزی دەوڵەت لـەم جووڵانـەدا سـەربکەوم. لەکاتێکدا هاریکاری دەوڵەتی یۆنانی ـ بەدەر لە مەسەلەی چوونم بۆ ئەسـینا ــ لـەبواری مـاددی و مەعنەویەوە تا رێژەیەکی بڵند پێك هـات، ئـەویش لەرێگـەی نوێنـەرەکـەمان لـە ئەسـینا. دەکرێـت دەربارەی ئـەم مەسـەلەیە گوێ بگـرن لـە پارێزەرەکـان و دۆسـتان و بەرپرسـیارەکانی دەوڵـەت کـە پەیوەندیم لەگەڵیاندا بەستبوو.

کاتێك لە هەموو ئەمانە دەڕوانین، چۆن دەتوانین لە لایەنی شاراوەی رووداوی تەسلیم کـردنم تێبگەین؟ چی بووە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ناکۆکیە زەقـەی کـە زۆر گرانـە بـاوەڕی پـێ بکرێـت؟ لەگـەڵ ئـەوەی کـە ئاگامـان لـە هـەموو زانیارییـە بەرجەسـتەکان نییـە، بـەڵام دەتـوانین هەنـدێك ئەنجام لەو زانیارییە سنووردارانە دەربخەین کە لەلامان هەیە. زۆر کتێب و نووسین و وتار لەسەر ئەم بابەتە هەیـە، کـە وای نیشـان دەدات هـەر لەسـەرەتاوە دەسـت پێشـخەری و کارەکـان لەدەسـتی ئیستخباراتی ئەمەریکی و ئینگلیزی دا بووە، بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیستخباراتی تورکیـا (میـت) و ئیسـرائیلی (موسـاد). بەدرێـژی لەسـەر ئـەوەی راناوەسـتم، بـەڵکو دەتـوانین وەکـو بەڵگەیـەك پێشکەشی بکەین. لەمانگی شوبات وتارێك لە رۆژنامەی "سەباح" دا بڵاوکرابۆوە، کـە تیایـدا بـاس لە هاتنم دەکات بۆ ئەسینا و، ئەنکەرەش ئاگای لەمە هەبوو، زۆر لە بەڵگە و شایەتەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە رووداوی تەسلیم کردنم بەشێوەیەکی زۆر پیلانکراو پێك هـاتووە. رفانـدنم لـە کینیا بەفرۆکەیەکی، کە لە سویسراوە هێنرابوو، بەشێوەیەکی تایبەت ئەوە دەردەخـات کـە لێـرەدا رۆڵی بەشی چالاکی تایبەتی نهێنی ناتۆ لەم کارەدا هەیە. شیمانەی ئەوە هەیە کە ئەمە بڕیـارێکی

هاوبەشی ناتۆ بێت، بەڵام لەسەر دەستی هێزە تایبەتەکانی ناتۆ پێك هات، کە پێی دەوترێت گلادیۆ. بەو پێیەی مەسەلەکە لە دەرەوەی یاسایە، بەتەواوی وەکو ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازیانەیە کە لە زۆر لە وڵاتان پێك هات، وەکو ئیتاڵیا. لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەئەنجامی ئەو سیاسەتانەی ئەمریکاوە، بەشێوەیەکی زۆر دیار ئەو کەلێنە بەرینانە دەبینین کە لە زەمینەی یەکێتی ئەورووپادا هەیە. باشترین کەس کە ئەم خاڵانە تێدەگات سەرۆك وەزیران (سیمیتس)ە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە "ستافرا کاکیس" بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەژێر فەرمانی ئەمریکادا جووڵاوەتەوە، کە لەو بەرگرینامەیەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە پارێزەرە ئینگلیزەکانی پارێزگاریم لێ دەکەن ئامادەیان کردبوو. بەڕەنگێك کە ئاماژەیان کردبوو بە هاوپەیمانێتی بەرپرسیارەکانی تورکیا و ئەمەریکا لە بڵندترین ئاستدا. ئەوەی دەمێنێتەوە بەتەنیا وەڵامدانەوەیە بۆ پرسیاری: بەرژەوەندی هەموو لایەنەکان لەم مەسەلەیەدا چییە، واتە لەپیلانگێڕیدا؟

یەکەمیان ئەمەریکا کە بەڕەنگێك لەم هاوکارییەی دەڕوانی کە بوارێکی دەوڵەمەندە تا بتوانێت تورکیا بەخۆیەوە گرێ بدات کە بەهاوپەیمانی ستراتیژی خۆی دەزانێت، بەم چالاکی تەسلیم کردنەش مەسەلەی سوود وەرگرتنی لە تورکیا بۆ هەموو چالاکیەکانی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوەڕاستی ئاسیا و بەلقان بەڕێوەی دەبات، گەیاندە لوتکە. هەمان شتیش بۆ ئینگلتەرا راستە. بەڵام ئیسرائیل ئەوا لەڕێگەی ئەو رۆڵەی کە لەم رووداوەدا پێی هەڵسا، گرنگی و چارەنووس سازی ئەو پەیوەندییە ستراتیژیەی سەلماند کە لەگەڵ تورکیادا بەستوویەتی. رۆڵی ئەقڵی پیلانکەری ئیسرائیل لە گۆڕەپانەکانی تر بەبەرهەم بوو، بەتایبەت لەکینیا. باشە سوودی کۆماری هێلینی لەمەدا چییە؟ ئەو پێش هەر شتێك، فەرمانی ئەمەریکای پێك هێنا کە پاشکۆیە بۆی، لەدوای ئەوەش بەتەواوی لە پرسی قوبرس و ئیجەدا هاوکاری ئەمەریکای بەدەست هێنا. بەمەش نرخی خۆی و تەنانەت زیاتریش بەدەست دەهێنێت. لێرەدا هەڵوێستی نامەردانەی پەنگالوس هەیە کە دەڵێت "ئەو فریشتەیەی لە نزیك مەسیحە"، کە بەم ووتەیە ئەوە دەردەخات کە باش دەزانێت تەنیا پاکتاوکردن چاوەڕێی منە. مردنم لەنێو دەستی تورکیادا، بەواتای سیاسەتی "بهێڵە سەگ، سەگ بکوژێت" دێت و بەتەواوی چالاك دەکرێت. بەو رێژەیەی کە سەگەکان یەکتری بکوژن، ئەوا لەکۆتایی دا سیاسەتی ئەو ئەنجامگیر دەبێت. ئەم هەڵوێستەش ئەوە دەردەخات کە ئەو پشتگیرییەی پێشکەشیان کرد بەئەنجامی هەندێك بەرژەوەندی تاکتیکی بوو، هیچ لایەنێکی مرۆڤایەتی تێدا نەبووە. هەموو حیساباتەکان لەسەر ئەوە بوو کە بکەومە ناو

بەرخودانیەکی کوێرانە، هەتا مەسەلەکە بە مردنی من کۆتایی پێ بێت. ئیتر ڕۆژیان دەژمارد بۆ مردنم، بەرێژەیەك کە لە ڕۆژنامەکانی ئەسینادا باسیان لەوانە دەکرد.

دووری کەسایەتی من لە هەڵوێست و مەیلی نەتەوەیی کلاسیکی و، نەکرانەوەم بەرامبەر توندوتیژی کوێرانە، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لەوەی کە کار بکەن بۆ یاریکردن بە مەسەلەی کورد، وەك چۆن دەخوازن، ئەویش لەڕێگەی کردنەوەی بوار لەبەردەم مەیلی نەتەوەپەرستی سەرەتایی کوردی. هەرکەس باش دەزانێت کە هەندێك لە سەرۆکە نەتەوەپەرستەکانی کورد، راستەوخۆ دوای تەسلیم کردنم و هەر لەهەمان ڕۆژدا هاتبوونە ئەسینا. هەموو پیلان و حیسابەکان لەسەر بناخەی تەوابوونی خیانەت و پیلانگێڕی، بە مردنی من دارێژرابوو. با دەست لە لایەنی یاسایی بەربدەین، لەم هەڵوێستەدا هیچ لایەنێکی مرۆڤانە لەبەرچاو نەگیراوە.

**ج ـ** لەو هەڵسەنگاندنە کورتانەی کە ئەنجامم دا زۆر بەئاسانی تێدەگەین کە ئەو هەڵوێستەی لە ئیدیعانامەی پاراستنی دادوەری گشتیدا دەردەکەوێت، دژی پەیمانی مافی مرۆڤی ئەوروپا و، ماف و یاسای نیشتمانی هێلینییە کە کاری پێدەکرێت. هیچ لایەن و دەزگای دەسەڵاتێك نییە کە مافی ئەوەی هەبێت هاوڵاتییەك یان کەسێك "دەربکات"، کە داوای مافی پەنابەرێتی کردووە و ڕووبەڕووی ترس دەبێتەوە. قۆناخی مانەوەم لە ئیتالیا، بەتایبەت باشترین نمونەیە بۆئەوە. ئەگەر پێداویستیەکانی یاسای پۆزەتیفی کە بەڕێوە دەبرێت پراکتیزە بکرێت، ئەوا زۆر بەروونی ئەو بەرپرسیارێتییە ئاشکرا دەبێت کە لەم ڕوداوەدا دەکەوێتە سەر شانی حکومەت. لەڕاستیدا ئەو هێنان و بردن و دوودڵیەی لەکاتی ڕووداوەکەدا حکومەت تووشی بوو، هەروەها دەست لەکار کێشانەوەی بەدوای یەکی وەزیرەکان، ڕوونترین بەڵگەیە بۆئەوە. چونکە ئەوان ویستیان بە کەمترین زیان تاوانەکانیان بشارنەوە. بۆچی یەکسەر دەربارەی من لێکۆڵینەوە دەستی پێ نەکرد؟ ئەگەر من تاوانبارم، هەر لەساتی یەکەمەوە تاوانم هەیە. هەموو شتێك بە زانینی ئەوان بەڕێوە دەچوو. کاتێك ڕووداو وەکو ئەوەی باوەڕیان دەکرد پێك نەهات، واتە کاتێك ڕەوشێکی نادیار نەهاتە ئاراوە کە تیایدا نەزانرێت بکوژ کێیە، بەمەش بەرپرسیارێتیان بخستایە سەر بەڕێوەبەرایەتی تورکیا، لەبەر چەند هۆکارێکی نادیار قۆناخی دادگایی کردن دەستی پێکرد. بەڵام ئەگەر پاکتاو بکرامایە، ئەم دادگاییە بەهیچ شێوەیەك پێك نەدەهات. ئەو بڕیارە پۆزەتیفەی کە لەدادگای سوێندی هاوبەشی ئەسینا دەردەکەوێت, گرنگیەکی زۆری هەیە سەبارەت بەو بڕیارەی کە لەدادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا سەبارەت بە ئیمرالی دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەوەی دادگای مافی

مرۆڤی ئەوروپا هەموو ئەو خاڵانەی کە دژی بوین پەسندی کردووە. بەڵام مەسەلەی رفاندنی لەبەرچاو نەگرتووە. تەنانەت بەشێوەیەکی فێڵبازانە، ئاماژەی بۆ رفاندنیشم نەکردووە، بەڵکو لەچوارچێوەی پێوانەی یاسایی تەسك دا سنووردار ماوەتەوە، وەکو بڵێی ئەو رووداوانەی پێش تەسلیم کردنم دەرکەوتن هیچ پەیوەندی بە یاساوە نییە. بەڵام ئەو خاڵە سەرەکیەی کە پەیوەندی بە منەوە هەیە لە پەیمانی مافی مرۆڤی ئەوروپادا دەڵێت کە "ناکرێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کەسێك بگیرێت، ئەگەر پشت بەستوو نەبێت بەشێوازی یاسایی و ئاسایشی نەپارێزرێت". رەوشی من بەتەنها مەسەلەی گرتنێکی هەرەمەکی و لەخۆوە نییە، بەڵکو رفاندنێکە کە کراوەیە بۆ هەموو شێوازەکانی لەناوبردن و پاکتاوکردن، رفاندنێکی نهێنی و بەپیلانە. زۆر لە دەوڵەتەکان رۆڵیان تیادا گێڕاوە و، پێشێلکردنێکی تەواوی یاسایی نێو دەوڵەتییە. بەندی دووەمی ماددەی پێنجەمی پەیمانی مافی مرۆڤی ئەوروپا بن پێ کراوە.

ئەوە ئاشکرایە کە ئەو یاسا نیشتمانیەی کاری پێ دەکرا بەلاوە نراوە، هەروەك چۆن بە بەردەوامی باسم لێوە کردووە. ئەو بڕیارەی کە لەناو سنووری کۆماری هێلینی دەیانتوانی بیگرن لە بڵندترین ئاستدا، گرتن بوو، بەدەر لەوەش هەموو نزیکبوونەکانی تر لە دەرەوەی یاسایە و، پێویستە لەسەر دادگا رێگایەك بدۆزێتەوە کە ئەم پێشێلکردنی یاساییە دەرباز بکات و پڕی بکاتەوە. دەتوانێت دادگای ئیمرالی و نزیکبوونەکانی دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا پووچەڵ بکاتەوە. چونکە یەکەمین دادگای کە تیایدا دادگایی دەکرێم و، من دەکەومە ژێر پاراستنیەوە، دادگای سوێندی هاوبەشی ئەسینایە، هەربۆیە بڕیارەکانی ئەم دادگایە نمونەی پلە یەکە. بۆ ئەوەی بڕیارەکانی دادگاکانی تر بکەوێتە واری کردارییەوە، ئەوا پێویستە چاوەڕێی ئەنجامی دادگای ئەسینا بن. ناکرێت لەسەر زەمینێك یاسایەك دابمەزرێت، کە یاسای تێدا نییە.

لەم سەرەتایەوە بڕیاری دادگای سوێندی هاوبەشی ئەسینا گرنگیەکی زۆر مەزنی هەیە، چونکە بە نمونەی یەکەم دادەنرێت و، هەروەها زەمینەی بناخەیی پێك دەهێنێت بۆ دادگاکانی تر. ئەمە و لەوانەیە ئەنجامێکی بەرجەستەی لێبکەوێتەوە بۆ چالاك کردنی بەندی دووەمی ماددەی پێنجەمی پەیمانی مافی مرۆڤی ئەوروپا، ئەم کارەش لەبواری ئەنجامی پراکتیکیەوە لەوانەیە گرنگیەکی زۆری نەبێت. هەروەها پێویستە ئەو بڕیارەش لەبەرچاو بگیرێت کە لە "دادگای ئیستئنافی ئیتاڵی لە رۆما" دەرکەوت، دەربارەی پەسند کردنی داوای پەنابەرێتیم. لەبناخەدا دادگا پێویستە وای دابنێت کە من لەناو سنووری کۆماری هێلینی دا بووم و، گرتنم لە ئیمرالی وەکو کارێکی نایاسایی هەڵبسەنگێنێ، پێویستە دادگا چالاك بکرێت بەوەی لەبواری

تیۆریەوە پەسندی بکات کە تا ئێستاش لەناو سنووری کۆماری هێلینیدام. بەمەش روون دەبێتەوە کە ئەوانەی هەڵسان بە لابردنی هۆکاری ئەوە، بەئاشکرایی تاوانیان پێك هێناوە، بەمەش ڕێگە دەگیرێت لە ساختەکاریەکی یاسایی کە بەهیچ شێوەیەك نمونەی نییە و، بەمەش پێداویستی دەوڵەتێکی یاسایی دابین دەکرێت.

لەئەنجامدا؛ بڕیاری دادگا سەبارەت بە ڕووداوی پیلانگێڕی، کە بۆتە پەڵەیەکی رەش بە ناوچەوانی مرۆڤایەتیەوە، لەمێژووی ئەو دۆستایەتیانەی کە لەنێوان گەلاندا پێك هاتووە، دەتوانێت وەکو بڕیارێکی یەکسانانە رۆڵی هێورکەرەوە ببینێ. بەڵام سەبارەت بە من، ئەوان من بە مەسەلەی تۆڵە سەندنەوەی دانانێم، چونکە ئەوە دژی تایبەتمەندی منە. هەروەك چۆن لەبواری سیاسی و رەوشتی خۆمم پاراست، ئەوا زۆر بە باوەڕی و پێداگرتنەوە بەردەوام دەبم لە گێڕانی رۆڵی پردێك، بۆ گەیشتن بە ئاشتی و دۆستایەتی. ناکرێت بەتایبەت باوەڕی زۆر بدەینە سەر مەسەلەی چاك کردنەوەی پەیوەندی تورکی ـ هێلینی، لەژێر داوا و خواستی ئەمەریکادا و، لەسەر بناخەی ئەو پیلان و یارییەی کە بەشێوەیەکی گشتی لەبەرامبەر من ئەنجامدرا. ناکرێت دۆستایەتی بەردەوام بەبێ هاریکاری و پشتگیری دیموکراسی گەلان دابمەزرێنرێت. بەڵام سەبارەت بەوەی کە دەتوانم بیکەم، بریتییە لە دابڕانی ریشەیی لە شێوازی هێزی شارستانیەتی خوێناوی سیاسی کە مێژوویەکی درێژی هەیە و، چەسپاندنی تێکۆشانی دیموکراسی گەلەکانمان لەسەر بناخەی تێکۆشانی سیاسی و، بەدەست هێنانی سەرکەوتن بەپێی ئەوانە. بەقووڵی باوەڕیم بەوە هەیە کە ئەو سازشە دیموکراسی و بارودۆخی ئاشتیەی لە پەیوەندی کورد ــ تورك دا دەیچەسپێنین، دەبێتە هێزی بونیادنەر و گەرەنتی بەهێز بۆ ئاشتی و دۆستایەتی کە گەلی هێلینی بۆ چەند سەدەیەکە خەونی پێوە دەبینێت.

# بەشی پێنجەم

# بەرەو چارەسەری لەتەنگژەی کورد دا
# یان وەڵامدانەوەی پیلانگێڕی

ئەو پیلانگێڕیەی لەلایەن ئەسیناوە لەسەرەتای ١ی شوباتی ١٩٩٩ خرایە واری کردارییەوە، دیاردەی کوردی و ئەو پرسانەی لێی دەکەوێتەوە خستە بەردەم دوالیزمێك: یان خۆکوشتن یان خولقاندنی بارودۆخی ژیانێکی نوێ لەبواری ناوەرۆك و رووکەشەوە. کاتێك بەدیاری کردم و تەسلیمی بەڕێوەبەرایەتی ئۆلیگارشی ئەنکەرەیان کردم، هەروەك چۆن دەزگاکانی راگەیاندن گوزارەی لێدەکەن، نوێنەری سیستەمی باڵادەستی جیهان، ئەمەریکا منی باش دەناسی و دەیزانی کە چی دەکات. لەناو سیستەمەکەی خۆیداحیسابی ئەنجامەکانی دەکرد، جا بەمردنم بێت یان بەمانەوەم لەژیاندا. ئەمەریکا و ئۆلیگارشیەتی یۆنانی شیمانەیەکی مەزنیان دانەدەنا بۆ مانەوەم، باوەڕی زۆریان بەوە هەبوو کە، یان خۆکوشتن یان مردن بەشێوازێکی تر پێك بێت. هەر لەسەرەتاوە رەوشی چاودێری کردنیان بەڵگەیەکی بەرچاوە بۆ ئەمە. چونکە لەکاتی تەسلیم کردنم دا هیچ گەرەنتیەکیان وەرنەگرتبوو، بەڵکو هەڵوێستیان وەکو ئەو ووتە گەلێریەیە کە دەڵێت "گۆشت و ئێسقانەکەی بۆ تۆ". هەستی دوژمنایەتی بڵند بوو، لەلایەن رێکخستن و گەل گەیشتبووە بڵندترین ئاست و لە خۆکوشتن نزیك دەبۆوە. لەکاتێکدا PKK ئامادەکاری خۆی دەکرد بۆ ئەوەی پێنج هەزار ئەندامی خۆی بنێرێت بۆ چالاکی گیانبازی. لەلایەکی تریشەوە رای گشتی تورکیا خرابووە رەوشێك کە چاوەڕێی دەکرد لە زووترین کات دا لەسێدارەدان پێك بێت. چالاکی خۆسووتاندنیش هەر بەردەوام بوو. بەڵام سەبارەت بە ئەمەریکا و هەردوو هاوپەیمانە نزیکەکەی ئیسرائیل و یۆنان، بواری سەرکەوتنیان زۆر بڵند دەبینی لەڕێگەی ئەو سیاسەتانەی کە پیادەیان دەکرد. پڕبوون لە رۆحی نەفرەت و تۆڵە لەبەرامبەر تورکیا کە دەکەوێتە ناو گێژاوی کوشتنی بەرامبەر و چالاکی گیانبازی نوێ، کە بەلایەنی کەمەوە بۆ ماوەی دەیان ساڵ درێژ دەبێتەوە و، کۆتاییەکەی پووچ بوونی ئابووری و هەستی تۆڵەسەندنەوەی لێ دەکەوێتەوە.

هەروەها زۆر باوەڕیان بەوە هەبوو کە هەردوو لایەنی کوردی و تورکی لەدوای بڵندکردنەوەی هەستی شۆڤێنیزمی نەتەوەیی لەلایان دەگەڕێنەوە باوەشیان و، پێویستە پاڵیان پێوە بنرێت بۆ رێگەیەکی تاریك و داخراو کە نەتوانن لێی دەربکەون و، هیچیان لەبەردەمدا نەمێنێت بێجگە لەوەی ببن بە پاشکۆی ئەم هێزانە. بەهیچ شێوەیەك ئەوەیان بەبیردا نەدەهات کە سیاسەتە کلاسیکیەکەیان لە "پەرتکە و زاڵبە" یان "کەروێشك راکە، تانجی بیگرە" ژێر بکەوێت. بەڵام هەموو سەرەداوەکانی ئەم سیاسەتە لەم ١٥ ساڵەی دواییدا روون بوبۆوە. تورکیا و کوردان شەپۆل لەدوای شەپۆل خۆیان دەهاوێشتە باوەشی سیستەم و، هیچ چارەیەکی تریان نەبوو. بەرەنگێك کە ئەم سیاسەتە دەیویست ئەوە دووبارە بکاتەوە کە لە بیستەکانی سەدەی پێشوودا رویدابوو. سەبارەت بە ئینگلتەراش کە لەبناخەدا بەهۆی ئەزموونی کەڵەکەبووی ساڵانی، نەخشەکێشی خاڵە هەستیارەکان بوو. هەوڵیدەدا لەژێر رێبەرایەتیەکی نوێدا PKK بەخۆیەوە گرێبدات و، جارێکی تر لە نەوەدەکاندا و لەسەر ئێراق ئەو سیاسەتانە پێك بهێنێت کە لە بیستەکاندا پیادەی دەکرد، ئەویش لەرێگەی بزووتنەوەیەکی کوردی نەتەوەپەرستی سەرەتایی و بەکرێگیراو و پاشکۆ بۆی. ئەو رەوشەی لەساڵی ٢٠٠٣ ئێراقی تێخرا ئاماژەیە بۆ پتەوی بناخەکانی ئەم سیاسەتە ناوبراوە. دەیانویست لە کەسایەتی مندا رووداوی شێخ سەعید دووبارە ببێتەوە و، کار گەیشتە پلەیەك کە رۆژی بڕیاردانی لە سێدارەدانم کە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٩٩ بوو، هەمان ئەو رۆژەیە کە تیایدا شێخ سەعید لەسێدارە دراوە.

لەبەرامبەر ئەم راستیانە نەمدەتوانی خۆکوشتن هەڵبژێرم، نکۆڵی لەوەش ناکەم کە بە یادەوەری کەمال پیر و هەڤاڵەکانی بیرم لەمانگرتن لە خواردن هەتا مردن کردەوە، لەبەرامبەر ئەو رەوشەی کە زۆر گرانە لەبەرامبەریدا خۆت رابگریت. نکۆڵی لەوەش ناکەم کە کاتێك لەناو فرۆکەدا بووم بیرم کردەوە کە ئەم رێگەیە بگرمە بەر، تەنانەت پێش ئەوەی یەك وشەش بەزمانمدا بێت. بەڵام لەبەر راستی ئەو پیلانە ئامادەکراوەی کە چاوەڕێی کۆتاییەکی بەو رەنگەی دەکرد بۆ ئەوەی بگاتە ئامانج و، بەمەش ئەوانەی بەم پیلانە هەڵساون لەتاریکیدا دەمان و دەشاردرانەوە، ئیتر قۆناخێکی نەفرەت و تۆڵە دەستی پێدەکرد، کە کاریگەری خۆی بۆ چەند سەدەیەك بەجێ دەهێشت و کوشتن و بڕینێك زاڵ دەکرا، لەنێوان ئەو کەسانەی کە شایانی ئەوە نین بەو جۆرە بمرن و، هەروەها لەنێوان هەردوو گەلەکەمان کە بۆ ماوەیەکی درێژە لەگەڵ یەکتریدا لەناو کولتوورێکی ژیانی یەکگرتوودا بەیەکەوە دەژین. هەموو ئەم راستیانە ئەوەیان زۆر بەڕوونی دەردەخست کە مافی ئەوەم نییە بەهەستی تۆڵەسەندنەوەی کەسایەتی بەهەموو ئێش و

ئازارەکانیەوە، کۆتایی بەژیانی خۆم بێنم. هەرچەندە تراژیدیاکەم بە ئازارە و شایانی ئەوە نیم، بەڵام پێویستە لەپێناوی هەندێك نرخی باڵادا هێز و توانای گرێدان بەژیان نیشان بدەم. ئەوەی لێرەدا گرنگە شەرەف و کەرامەتی کەسایەتی نییە. بەڵکو هەڵسانە بەحیساب کردنی نزیك لەڕاستی لەپێناوی بەها و پیرۆزیەکاندا، ئەگەر بواریش بڕەخسێت بەهەموو هێزێکی کە لەلام هەیە بخرێتە واری کرداریەوە. بەم شێوەیە و بەهێڵە گشتیەکانی پێداگرتنم بۆ ژیان لەلا چەسپا. ئەوە زۆر ئاشکرایە کە پرۆسەیەکی بەخۆداچوونەوە لەسەرەوە هەتا خوارەوە و لە رووکەش و ناوەرۆکدا و پێکهێنانی وەرچەرخانی ریشەیی چاوەڕێیان دەکردم. ژیانی منیش گرێدراوی سەرکەوتن بوو لەو ئەرکەدا. بەرخودانیە ناسراوەکان هەتا دوا دۆڵۆپ لەم کاتانەدا و لەبارودۆخی گرانی زیندانەکان باو بوو. لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی من زۆر گرانتر بوو، بەڵام من دەمزانی کە هەڵسان بە کارێکی بەو رەنگە نە راستە و نە ریالیستیانەیە و نە هیچ سوود و بەرهەمێکی هەیە، هەروەها بیرم لە ناڕاستی ئەو هەڵوێستە دەکردەوە کە گەل و رێکخستن لەپێناوی مندا هەستنە سەرپێ. ئەوەشم پەسند کرد کە هەڵوێستی بەو رەنگە هەر لەسەرتاوە دووچاری تێکشکاندن و زۆری دەبێتەوە، چونکە یارییەکە پێویستی بەوە هەبوو. لەناوبردنی هەموو ئەندامە زیندووەکان مەرجێك بوو لە مەرجەکانی سەرخستنی پیلانەکە. مەیلی نەتەوەپەرستی شۆڤێنیزمی دابڕاو دوودڵی نەبوو لەوەی کە هەموو شتێك بکاتە قوربان، مادام بوونی سیاسی خۆی بەردەوام دەبێت. هەروەها نەتەوەپەرستی سەرەتایی بە کرێگیراوی کوردی و، خائینەکانی ناو PKK چاوەڕێیان دەکرد کە ئەوە رووبدات. کاتێك هانام نەبرد بۆ ئەم هەڵوێستە و نەمگرتە بەر، ویستیان رەوشەکە بەکار بهێنن و ووتیان: " ئاپۆ بەرخودانی نەکرد و، تەسلیمی دەوڵەتی شاراوە بوو". پێویست بوو نەبمە ئامرازی دەستی ئەوانە و، بواریان پێ نەدەم کە بێن و بچن. بەڵام گرێدانم بە بیرەوەری شەهیدانی مانگرتن لە خواردن هەتا مردنی ساڵی ١٩٨٢ وەکو کەمال پیر و محەمەد خەیری دورمش و هەروەها مەزلوم دۆغان و فەرهاد و هەڤاڵانی دوای ئەوان، فەرمانی پێ دەدام کە لەجیاتی ئەوەی هانا ببەم بۆ دووبارەکردنەوەیان، هەڵسم بە پێك هێنانی قەڵەمبازێکی بەشەرەف و راستەقینە لەپێناوی ژیانی ئازاد دا. بەکورتی و، کاتێك بڕیاری پێداگرتنی ژیانم دا، توانیم جەسارەت بکەم بە دەستپێکردنی قۆناخی وەرچەرخانی مەزن. مێژوو بەتایبەت کولتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕە لە نمونە و رێبازی وەرچەرخانی بەم رەنگە، هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان ژیانکردنت لە ئەشکەوتێك لەچیا وەکو "حەزرەتی ئەیوب" یان ژیانکردن لە لوتکەی شاخ وەکو "زەردەشت" لەپێناوی دابڕاندا و، یان بەخۆتدا بچیتەوە و بەتەنیا

بمێنیت لە ژوورێکی تاکاکەسی لە زیندانی ئیمرالی. جیاوازییەك لە گەوهەردا نییە. بەڵکو پرسی هەڵسانە بە پێش خستنی تایبەتمەندی چۆنیەتی وەرچەرخان. بەبێ بەدەست هێنانی سیما و تایبەتمەندی نوێ کە هەموو ئەزموونەکانی پێشوو دەرباز بکات لەبواری گۆڕان و پێشکەوتندا، هیچ مانایەکی نەدەبوو، هەروەها راست نەدەبوو لە رێڕەوی دابڕانی مەزن بێمە دەرەوە. پرسی ئەوەی کە شایانی ئەو بەهای پیرۆز و مەزن و هیوا بڵندانە بم کە لەژێر بەرپرسیارێتیم دا پێکهاتووە. لە نزیکەوە گرێدراوی پێکهێنانی ئەو هەنگاوە بوو، ئەوەی باسی لێوە دەکەین واتە بینینی ئەو سیستەمەی کە لەهەناوی خۆیدا ئەو زهنیەت و دەزگا و تاکە تواوەی تێدایە، کە لە کەسایەتی مندا نوێنەرایەتی دەکرێت، تەنیا لەوەشدا راوەستان دەرنەکەوێت، بەڵکو ئەوە دەرباز بکرێت و سیستەمی نوێ لەجێگەی ئەو دابمەزرێت. ئەگەر هەوڵ بدەم ئەم قۆناخە بە هێڵە پانەکانی کورت بکەمەوە لەگەڵ هەندێك رێبازی تیۆری بە خاڵە سەرەکیەکانیەوە و، هەندێك نمونەی پراکتیکی، ئەنجام بەکورتی بەم شێوەیە دەبێت.

أ ـ پێش هەر شتێك، تایبەتمەندی سەرنج راکێش لە کەسایەتی مندا، ئەوەیە کە تا رێژەیەکی نەخۆشی کارەکتەرێکی سیستەماتیکیانەی هەیە. ئەگەر بەتەواوی سیستەمێك دەرباز نەکەم ئەوا هەست دەکەم کە لەناو قەیرانێکی بەردەوام دام. ژیان کردن بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵ بەهای سەرانسەری و ئەوانەی گومان لە راستیان دەکرێت. ناچارم دەکات کە لێگەڕینی بەردەوام ئەنجام بدەم بۆ هەموو شتێك کە پێچەوانەی گەوهەری منە. ئەمەش ئەنجامێکی سروشتی ئەو ژیانە بەگومانەیە کە دەستی لێبەرنادرێت. ئەمەش بەواتای ئەو مەزاج و کارەکتەرە دێت کە نازانێت وەستاندن و ئاسوودەیی چییە، ئەگەر نەگاتە مانای راست بۆ هەموو شتەکان، هەر لە گەردوونەوە تا دەگاتە بچووکترین گەردیلەی تۆز، کاتێك سەیری هەموو قۆناخەکانی ژیانم دەکەم، بە بەردەوامی ئەم لایەنە وەکو هێڵێکی پان دەبینم.

لەو کاتەوەی لە کۆمەڵگای خێزان و گوند دا خۆمم ناسی، هاتمە بەرامبەر پرسیاری: راستی چییە؟ ئەنجام هانابردن بوو بۆ "یاسای تایبەت بەمن" کە پڕ بوو لە خەیاڵی منداڵێتی و، ژیان کردن تیایدا لەجیاتی داب و نەریتی خێزان و گوند و، راپەڕینی ناسراوم دژی خێزان و گوند بەرهەمی ئەم تایبەتمەندییەیە. چەندە بەلای کۆمەڵگا و شاردا کرامەوە رەوشەکە گرانتر و بەئازارتر بوو. هەروەکو رەوشی هەمووان، منیش رووم کردە ئایین وەکو یەکەمین ئایدیۆلۆژیای گشتی. ئەو خاڵەی کە پێویستە دانی پێدا بنێم، گرتنەبەری ژیانێکی بە باوەڕ و سۆز بوو کە

لایەنی ئایینی تێدا زاڵ بوو، ئەمە لە قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی و تەنانەت دواناوەندیشدا. بەڵام بەردەوامکردنی خوێندن لە ئەنکەرە و، جووڵە چالاکەکانی ئەوکاتەی (شۆڕشگێڕانی لاو) و، رەنگدانەوەی مەیلی نەتەوەپەرستی سەرەتایی کورد، لەسەر ناوەندەکان. هەموو ئەمانە زیاتر و زیاتر تەنگژەی منیان قووڵتر کردەوە.هەندێك مامۆستا هەبوون کە ئەو رەوشەیان بینی و، رەنجیان دا کە هاوکاریم بکەن، بەڵام ئەو هاوکاریانە تێریان نەدەکرد، چونکە ئەوەی لەلای من ژیانی دەکرد لەسەر ئاستی سیستەماتیك بوو. لەساڵانی حەفتاکان تورکیای کەمالیزمی نوێ هاتبووە سەر دووڕیانێك. هەروەك رەوشی هەر لاوێك، منیش رزگارم نەبوو لە کەوتنە ژێر کاریگەری قەڵەمبازێکی سیاسی، جا رادیکاڵی چەپ بێت یان مەیلی نەتەوەیی شۆڤێنی و یان ئەوەی مۆرکی ئایینی لەسەر زاڵە. بەڵام کاریگەری کەمالیزمی کلاسیکی تەنگ مایەوە. لەگەڵ ئەو زەحمەتیە مەزنانەی کە بەدەستیەوە دەمناڵاند، بە قۆناخێکی بڕیاردانی نوێدا تێدەپەڕیم، لەگەڵ زیاتر کاریگەر بوون بە رەوتی ئایدیۆلۆژی ــ سیاسی نوێ و بەرچاو. لەکاتێکدا کوردایەتی و گومانە ئایینیەکان وەکو دوو نەریتی وشك و توندوتیژ دەستیان لێ بەرنەدەدام. کاتێك بەرەو ئایدیۆلۆژیای چەپ چووم، نەك بەدەرباز کردنی ئەم دوو نەریتە بەڵکو بە رەتکردنیان بۆ ئەوەی بە رێگەیەکی ئاسان دەربازیان بکەم، بەمەش پێکهاتەی بەگومانی من زیاتر قووڵ بۆوە. لەگەڵ ئەوەی بە بەردەوامی وریا بووم بۆ ئەوەی کە لەلایەك هەڵنەخزێم بۆ مەیلی نەتەوەپەرستی سەرەتایی کوردی و، لەلایەکی تریشەوە تایبەتمەندیە ئایینیەکانم ئاراستە نەکەم بەرەو رەوتە ئایینیە نوێیەکان. بەڵام ئەوەش چارەسەرییەکی تەواو نەبوو، پێکهاتەی منیش بەوە تێر نەدەبوو کە خوێندن تەواو بکەم و کاری مووچەخۆرێکی سادە بەدەست بهێنم. خوێندنی زانکۆش هیچ مانایەکی نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە پلەیەکە پیایدا سەردەکەوم بۆ پێکهێنانی قەڵەمبازی چەپێتی. ئەو قۆناخە پڕ بوو لە جیابوونەوە لە ریزەکانی چەپدا. رووداوەکانیش دەستیان بە تەقینەوە کردبوو. هەڵسان بە پێکهێنانی چالاکیش، لە دەرەوەی سیستەمی کەسایەتی من بوو، من هیچ سوودێکم تێدا نەدەبینی، لەکاتێکدا کادیری تینوێتی نەدەشکاندم و، هیچ مانایەکی بۆ من نەبوو لەوەی کە بەتەنیا کاریکاتێرێکی لاسایی کەرەوە یە، لەو بارودۆخە چەپە زاڵە دا نەمدەتوانی رەوشی پشتگیرێکی راستگۆ دەرباز بکەم.

ئەو بۆ شاییەی کە لەدوای کودەتای ١٢ی ئادار لە ریزەکانی چەپدا دەرکەوت، منی رووبەڕوو کردەوە لەبەرامبەر بەڕێوەبردنی لاوان، لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەك ئامادە نەبووم. بەڕەنگێك کە رۆڵی سەرۆك و رێبەرایەتی "کۆمەڵەی خوێندنی باڵای دیموکراسی لە ئەنکەرە" ADYODم

گرتە دەست، ئەمەش منی خستە جێگەی سەرۆکایەتی کردنی چەپ. لەپێشوودا پشتگیریم لە "پارتی گەلی رزگاری تورکیا" (THKP) دەکرد کە مۆرکێکی سیاسی هەبوو، لەکاتێکدا نەمدەتوانی پێکهاتەی "سوپای گەلیری رزگاری تورکیا" (THKO) پەسند بکەم. بەلآم کاتێك هەندێك لایەنگرانی THKP هەلوێستی بێ پرەنسیپیان نیشان دا لە رێکخستنی نوێدا، پێویست بوو چارەیەك بدۆزمەوە کە لەوکاتەدا بریتی بوو لە دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی کوردی چەپ و بۆ خۆشم بەرپرسیارێتیم هەلگرت. دوای ئەوەی لە ساڵانی ١٩٧٢ ـ ١٩٧٣ ئەم بڕیارە بێگومان بوو، ئیتر هیچ نەما جگە لەوەی بخرێتە واری کردارییەوە، ئەگەر ئەم بڕیارەش شی بکەنەوە، ئەوە دەبینن کە لەلایەکەوە چوارچێوەی بناخەی کوردایەتی و، لەلایەکی تریشەوە چەپڕەوایەتی وەکو دروشمێکی ڕێبازی گشتی دەرباز نەکردووە. ئەگەر ئەوەش بێنینە پێش چاومان کە لەو کاتانەدا لەسەرتاسەری جیهاندا بزووتنەوەی مارکسی و چەپ بە تەنگژەیەکی قووڵدا دەرباز بوون، ئەوا دەزانرێت کە زۆر ئاسان نەبوو ئەو چوارچێوە دروشم خوازیە دەرباز بکرێت. لەجیاتی خەریك بوون بە بارودۆخی گفتوگۆ نەزۆکەکان، هیچ گومانێکم نەبوو لەوەی کە دەست پێکردن بە بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی کوردی، کە باوەڕم بە هێڵە گشتیەکەی هەبێت کارێکی زۆر بەسوودە، هەرچەندە وەکو ڕووداوێك دەردەکەوت. چونکە تینوێتی دیاردەی کورد بۆ ئازادی وەکو ئەو زەویە بوو کە بۆ ماوەی هەزار ساڵ بوو تینووی ئاو بوو. زۆر لە هەڤاڵە هێژاکان کە رەچەڵەکیان تورك بوو هەتا دلۆپی دوایی باوەڕییان بەم هەڵبژاردنە هەبوو، کەمال پیر و حەقی قەراریش لەسەرووی ئەوانەوە دێن و، بوونە شادەماری رەسەنی قەڵەمبازەکان.

ئەو کاروانەی کە دەستمان پێکرد، لە کاروانی باوەڕمەندە دڵسۆزەکان دەچوو، هەموو ئەو زۆری و زەحمەتیەی کە لە رۆژهەلآتی ناوەڕاست ڕووبەڕوومان بۆوە، نەیتوانی ئەم بناخەیە بگۆڕێت. لەلایەکی ترەوە بەرخودانی کرا لەبەرامبەر ئەو تواندنەوەیەی کە ئەورووپا دەیسەپاند، لەگەڵ ئەوەی لەلایەك بۆ ماوەیەکی درێژ لەبەرامبەر پیلانی سیاسی هەندێك ناوەند وەستاینەوە کە چوارچێوەی کەسایەتی فیودالی رۆژهەلآتی ناوەڕاستی دەرباز نەکرد و، لەلایەکی تریش لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە سەرنج راکێشە وەستاینەوە کە دەتبات بەرەو توانەوە لە ئەورووپا. بەلآم نەمانتوانی وەرچەرخانێکی قووڵ پێك بهێنین، هەروەها لە خەیاڵی کلاسیکی ڤێتنام و کوبا دانەبڕاین، تەنانەت کاتێك سۆڤیەت رووخا، لەگەڵ هەموو هەوڵەکانی رەخنە و رەخنە لەخۆگرتن، ئێمە دوور بووین لەوەی کە نوێبوونەوەیەکی سیستەماتیك پێك بهێنین، کە بتوانێت ئەو قۆناخە بەسەرکەوتویی دەرباز بکات. تەنگبوونی بەردەوامم راستیەك بوو. بەلآم لەئەنجامی

پێداگرتن لەسەر ڕەنج هیچ مەیلێکم نیشان نەدا کە تەسلیمی ئەمەریکا یان یەکێتی ئەوروپا، یاخود هەر دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببم. پاراستنی شێوازێکی تایبەت بەخۆم، بەمانا بوو لەگەڵ گەوهەری منیشدا یەکی دەگرتەوە. لەچوونمان بەرەو ساڵانی ٢٠٠٠ گرنگیمان دا بە پاراستنی ئەو بزووتنەوەیەی کە هەبوو، هەروەها پاراستنی کەرامەتمان و، گرنگی نەدان بە شتێکی تر لەدەرەوەی ئەوە، وەکو خولانەوە لەناو چەمکەکانی تری وەکو، قەدەرگەرایی، دۆگماتیزم. ئەمەیە ئەو ڕاستیانەی کە جێ پەنجەی خۆیان لەسەر قۆناخی مانەوەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتەوە. بەهیچ شێوەیەك تامی ڕەحەتیم نەدەکرد و، من زیاتر گرانیم دەدایە سەر مەسەلەی ئازادی ژن، بەو مەبەستەی لەم کەناڵەوە لەوانەیە بگەینە چارەسەرییەك. چونکە گۆڕەپانێکە زیاتر کراوەیە بۆ هزرە نوێیەکان و، بەپیت و بە بەرهەم ترە.

ئەو هەڵوەشاندنەوە و بێچارەسەرییەی بەگشتی لە هزری چەپدا دەژیا ، لەنمونەی سۆسیالیزمی بنیادنراوی سۆڤیەت، گرێدراوی ئەو بۆشاییە قووڵانە بوو کە لەبناخەدا هەبوون، ئەوەی منیش ژیانم کرد هاوتەریب بوو لەگەڵیدا و گرێدراو بوو پێیەوە، پراکتیزەکردنی لەسەر مەسەلەی کورد ئەنجامی سنوورداری لێ کەوتەوە، بەڵام هێنابوویە لێواری هەڵدێرێکی قووڵیش. لەگەڵ ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ڕەخنەمان ئاراستەی ئەم شێوازە لە سۆسیالیزم کرد و بەگوێرەی ئەوە نزیك بووینەوە، بەڵام ئێمە دوور بووین لەوەی وەرچەرخانی ریشەیی بەسەردا بهێنین، بەڵکو ترسی وەرچەرخان هەبوو بۆ مەزهەبێکی بێ ڕەگ و ریشە. نەبوونی بناخەیەکی مێژوویی بووە هۆکاری دەرکەوتنی دۆگماتیزمێکی پێغەمبەریانە و، چوو بەرەو چەمکێکی ئایینی و مەتەریالی دونیایی. تەنانەت نەمدەخواست بەکەناری لیبرالیزمی نوێی سەرمایەداری و لێشاوەکانی ئایینی ــ سیاسی دەرەبەگایەتی ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەرێوە بچم. مەسەلەی خۆپاراستن و، بەرخودانی لە زهنیەتێکدا کە گومان تیایدا ریشەیی بووە تووشی وشك بوون بۆتەوە و، لە پراکتیکێك کە تا سنووری دوایی تراژیدییە و پڕە لەو هەست و سۆزانەی کە پێشنەکەوتووە، وەرچەرخا بۆ شەڕی شەرەف و کەرامەت بەهەموو ماناکانی ئەم وشەیە. بەڵام سەرکەوتن و چارەسەری لە پراکتیك و پێشکەوتنەکانی ناو سیستەم چاوەڕێ دەکرا. لەکاتێکدا هەردوو گۆڕەپانەکە تەنگژەیەکی قووڵیان ژیان دەکرد. کە لە هەموو لایەنەکانەوە گەیشتبووە ڕەوشی بنبەست بوون. لەبەر ئەوەی سروشت لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە و ناوەستێت، ئەوا ڕاستینەی کۆمەڵایەتیش هەر دەگۆڕێت. لەخاڵەکانی بنبەستبوونەوە، بەناچاری چارەسەری دەردەکەوێت.

**ب ــ** لەناو راستینەی بەو رەنگەدا گەیشتینە قۆناخی ئیمرالی، لەگەڵ ئەوەی بوارێکی مێژوویی زۆر گرنگمان دەرباز کرد، بەڵام دوور بوو لەوەی سیستەمی تایبەت بەخۆی بخولقێنێ. وەکو ئەو ئامرازە وا بوو کە هەر کەس دەیتوانی بەکاری بهێنێ و ئاراستەی بکات. هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا کە دەستیان بە لێپرسینەوە کرد وەکو شیمانە دەکرا زۆر دواکەوتوو نەبوون. بەڵکو بەباشی دەرکیان بەوە کردبوو کە رێڕەوی چارەسەری و بنبەست بوونیش بە مندا دەرباز دەبێت. لەگەڵ ئەوەی هانایان بۆ شێوازی توندوتیژ نەبرد، بەڵام بەتەواوی خستیانمە بەرامبەر شەڕێك لەگەڵ سیستەم، بەپێی وتنی ئەوانیش پێویستە هەموو شتێك پێك بهێنم و، ئەمەش لەلایەنێکەوە راست بوو، لەلایەنێکی تریشەوە بەتەنیا هێڵرام کە لەبەرامبەر جیهان رابوەستم. لەم رەوشەی کە خرامە ناوی "دادوەری جیهانی نوێ" زۆر بە روونی خۆی نیشان دەدا. بەتایبەت کە من یەکەمین قوربانی بووم بۆ گلۆبالیزمی ئەمەریکا (نوێ). لەڕاستیدا ئەوە بەڕوونی دەرکەوتبوو کە هەردوو دیاردەی کورد و تورك لەناو خۆیاندا سیمای وایان هەڵگرتووە کە بەئاسانی بەکار بهێنرێن. ئەوە بەڕوونی دەرکەوت کە گەوهەری مەسەلەکە ناکۆکیەکی کورد و تورك نییە، بەڵکو ئەمە لەبواری گرنگیەکەیەوە ناکۆکی پلەی دووەم و سێیەمی پێك دەهێنا. شێوازی چینایەتی و نەتەوەگەرایی تەنگ گوزارشتی لەم ناکۆکیە سەرانسەرییە دەکرد. هەروەها رەوشێك دەرکەوت کە نەماندەتوانی نکۆڵی لەوە بکەین کە بێ سیستەمین، بەڵکو لەچوارچێوەی دژایەتی کردنی سیستەمەکان بەتەنگی ماینەوە. چەندە دەتوانیت بانگەشەی ئەوە بکە کە تۆ داوای نیشتمانپەروەرێتی بۆ بندەستەکان یان چینە بندەستەکان دەکەیت، ئەوا لەبواری پراکتیکیدا لەوە دوورتر نابێت کە ببیتە نێچیرێکی ئاسان لەدەستی سیستەمی دژبەردا. ئەوە بەتەواوی روون بۆتەوە کە ئەگەر نەتوانی بەشێوەیەکی ریشەیی ئەو سیستەمەی تیایدا دەژیت سەرلەنوێ لەبەر چاو نەگریت و ئەلتەرناتیفی نەخولقێنی، ئەوا ناتوانیت ئەم راستینەیە دەرباز بکەیت. سیستەمی ئیمپریالیزمی دەسەڵاتدار کە سیستەمی مەزنی سۆڤیەتی بەکار هێنا، ئەوا بەشێوەیەکی ئاسانتر گرێی ناکۆکی و پەیوەندی کورد و تورکی، لەڕێگەی ئەو زانابوون و ئەزموونانەی کە هەیەتی بەکاردەهێنا، ئەوەش راست نابێت کە ئەم رەوشە بە کەموکوڕیەکانی دۆستان و PKK بەتەنیا شیبکەینەوە و دەرباز ببێت، تەنانەت گرێدانی مەسەلەکە بەو پیلانگێڕانەی کە لەبەرچاون شیکردنەوەیەکی تەواو نابێت. هەرچەندە کورد و تورك و عەرەبیش شیبکەینەوە، ئەوە تێری ئەوە ناکات کە ئەم رەوشە دەرباز بکەین. ئەگەر روو نەکەینە

شیکردنەوەی سیستەمی دەسەڵاتداری جیهانی، ناتوانین خۆمان لە گێژاوەکانی رزگار بکەین. رەوشی من ئەوەی دەسەپاند کە لە هەموو لایەنەکانەوە چارەسەری لەسەر ئاستی سیستەم بدۆزمەوە، نەك تەنیا ئەو چارەسەرییە سادە و پارچە و گرێدراوانەی ناوچەیەك یان کات و شوێنێك، بەڵکو چارەسەرییەکی گەردوونی تەواو و بەرفراوان و قووڵ بە هەموو رەهەندەکانیەوە پێویست بوو. بەم شێوەیە هەموو گرانی خۆم خستە سەر رەنج و قووڵبوونەوەی فیکری لەم رێڕەوەدا. من باوەڕی تەواوم هەیە هەرچەندە گۆشت و چەوری لەسەر نەبێ، پەیکەری ئەو سیستەمەی دەمەوێت پێکم هێناوە.

تێڕوانینی گەردوونی زۆر بەئاسانی دەتوانێت ببێتە وەڵام بۆ ئاستی زانیاری زانستی ئەمڕۆمان و، گەیشتوومەتە ئاستێك لە تێگەیشتن کە لەبەرامبەر هەر پێشکەوتنێکی دەردەکەوێت سەرم سوور نامێنێ و، گەیشتوومەتە ئاستێك کە توانام هەیە هەموو شێوازەکانی پێشکەوتن لەچوارچێوەی دیالەکتیکی مردن و ژیاندا راڤە بکەم و، بە جەسارەتەوە لەبەرامبەریدا بوەستم. ئەوەی وەرچەرخانم بەسەریدا هێناوە تەنیا بوونیادی زهنی زانستی نییە، بەڵکو میتۆلۆژیا و ئایین و فەلسەفە و شێوازی فیکری زانستی کە مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی تێکچڕژاو و بەدرێژایی مێژوو لە پێشکەوتنی دیالەکتیکی خۆیدا تیایدا ژیابوو، کرد بە قاڵبی بناخەیی زهنیەتی خۆم. کە دەتوانین ناوی بونیادی لۆژیکی تۆکمەی لێبکەین. لەپێکهێنانی ئەم لۆژیکەدا قووڵبوون و راستینەیەکی وام دەربارەی کۆمەڵگا و سروشت و گەردوون بەدەست هێنا کە کارەکتەری بەگومانم تێر دەکات.

من خۆم لە بونیاد و نەخۆشی فیکری "منی ناوەند" رزگار کرد. هەر لەمنداڵیەوە پێکهێنانی خۆیی لە رێگەی زاراوەکانی باوك، خێڵ، عەشیرەت، نیشتمان، دەوڵەت و ...هتد و بەتایبەتیکردنی، نەخۆشیەکی بەرچاوە و قووڵترین لاوازی لە دەرونی مرۆڤدا پێك دەهێنێ. شێوازی مرۆڤ کە وەکو ئاژەڵێکی لاوازە و لەنێو جیهانی زیندەوەراندا ناتوانێت بەتەنیا بژی، ئەم لاوازییەی خۆی دەکات بە دیاردەیەك و هانی دەدات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگا و خۆی دەکاتە رەنگدانەوەیەکی خۆدایی لەناو شێوازەکانی "خێزان، بنەچە، دەوڵەت، نیشتمان، عەشیرەت"، کە پلەی پۆلێنکراوی کۆمەڵگا پێك دەهێنێت، بەمەش بەتەنیابوونی خۆی پێك دەهێنێت. لەڕاستیدا دەکرێت باس لەوونبوونی خود بکرێت لەڕێگەی بەخوداکردنی تاکەوە کە بەهۆی "من" دەگاتە لوتکە. لەم سەرەتایەوە و بە دەربازبوون بەشێوازی فیرعەون و گەیشتنە شێوازی دوایی ئەمەریکا، دەگاتە ئاستێکی ترسێنەر و تۆقێنەر لە چەسپاندنی خۆی لەسەر شێوازی هێزێکی شارستانی. بەم شێوەیەش وەڵامی لاوازی

سەرەکی مرۆڤایەتی دەداتەوە. بێگومـان ئـەم نەخۆشـیە بەشـێوازێکی خـودایی بـوونی بـەو رەنگـە لـەناو نابرێـت، بـەڵکو بەمـە مـۆرکێکی گشـتگیریانەی بەدەسـت هێنـا و هەڕەشـەی لـە هـەموو مرۆڤایەتی دەکرد.

قۆنـاخی بـەئێش و ئـازارە گـەورەکانی کولتـووری رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت لەگەوهـەری خۆیـدا تێکشـکاندنی ئـەو بونیـادەی بـەئامانج دەگـرت و، نـاوەرۆکێکی زۆر دەوڵەمەنـدی هـەبوو. گـەڕان بەدوای مێژووی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی لە رۆژئاوا لەڕاستیدا بێ رێزییەکە لەبەرامبـەر گەوهـەر و رەسـەنایەتیمان. کولتـوووری رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت هـەزاران کـاروان و تێکۆشـانی کۆمەڵایـەتی و ژینگـەیی بەخۆیـەوە بینیـوە. مـارکس و لیـنین و دیکـارت و رۆژئاواییـەکانی تـر بەرامبـەر ئـەم کولتوورەر زۆر لاواز دەمێنن، بەو کەڵەکەبوونانەی لەم پێنج سەدەیەی دواییدا قازانجیان کردووە. باڵادەسـتی رۆژئـاوا لـە پراکتیزەکردنـی بـەردەوام و سیسـتەماتیکی فیکـری رەخنـەیی دیالـەکتیکی دێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا نـەیتوانی لـە نەخۆشـی مـەیلی تاکڕەوێـی رزگـاری ببێـت و، لـەوەش زیـاتر دەربـاز نـەبوو کـە مرۆڤایـەتی بخاتـە نـاو سیسـتەمێکی "بەفیرعـەونبوون"ی گشـتگیرەوە. واتـە بەتـەواوی نوێنەرایـەتی تـاك و دەوڵـەتی لای راهیبـە سـۆمەریەکان دەکـات، چـونکە لـە بناخـەدا نەیتوانی شارستانیەتی درۆ و خوێن دەرباز بکات. ئەوە زۆر بە روونی دەرکەوت کە سیستەم تەنیا دەتوانێ ئەو مرۆڤانە بخولقێنێ کە دەبنە کۆیلەی خودای تاك و، هەروەها ئەو مرۆڤـەی دەگۆڕێـت بۆ خـودا، لەمـەش زیـاتر هـیچ بەرهـەم ناهێنێـت. لـەو چارەسـەرییەی دامرشـتووە گەیشـتمە ئـەو چـەمکەی کـە دوالیزمـی "تـاك ـــ دەوڵـەت" سەرچـاوەی هـەموو کێشـەکانە لەسـەردەمی سۆمەریەکانەوە هەتا شارستانیەتی رۆژئاوا و، لـەم دەسـاڵەی دواییـدا لـە تەنگژەیـەکی بەردەوامـدا ژیان دەکات. ئەم دوالیزمەش ئەو ناکۆکیـە بناخەییـە پێـك دەهێنێـت کـە چواردەووری پێکهاتـەی ئابووری و ئایدیۆلۆژی کۆمەڵگای داوە. نـاکۆکی لـەوە دوور تـرە کـە نـاکۆکی نێـوان پاڵـە ــ خـاوەن زەوی، کۆیلە ـ ـ خاوەن کۆیلـە، کرێکـار ــ خـاوەن کـار بێـت بـەڵکو لـەناو خۆیـدا هـەموو سیسـتەمی شارستانیەتی چینایەتی فەرمی لەئامێز دەگرێت بەهـەموو تـاك و دەزگاکانیـەوە. واتـە کێشـەکانی چـینایەتی، ژینگـەیی، کێشـەی ژن (رەگـەزی) و تەنانـەت کێشـە ئەتنیکیـەکان و هـەموو کێشـە کۆمەڵایەتیەکانیش سەرچاوەی خۆیان لە ناکۆکی ئـەم سیسـتەمەوە وەردەگـرن. بـەڵام ئـەو توێـژە کۆمەڵایەتیەی کە خاوەنی دەوڵەتە، سیستەمی خۆی دادەمەزرێنێت و، لەبەرامبەریدا هـەموو ئـەو بونیادە کۆمەڵایەتیانەی کە لەگەڵ دەوڵەتدا ناکۆکن دوور دەهێڵێتەوە لـە دامەزرانـدنی سیسـتەمی یەکگرتوووبان و، لەبەرامبەر تایبەتمەندییە یەکگرتووەکانی سیستەمی دەوڵەت کـە بەبـەردەوامی

چڕ دەبێتەوە، ئەوا ئەوانەی بەدەست ئەو پرسانەوە دەناڵێنن لەڕێگەی بەلاڕێدا بردنی ئایدیۆلۆژی، یان ئەو توندوتیژییەی تووشی دەبن، دوور دەهێڵرێنەوە لە گەیشتن بەدەزگا کۆمەڵایەتیەکان و بونیادی فیکری سیستەماتیك. بەڕەنگێك کە تێکشکاندنی ئیرادە و زانابوون و بەردەوامبوونی ئەم ڕەوشە دەبێتە هۆکاری نەتوانینی دامەزراندنی بەدەزگابوونێکی پێگەیشتوو، کە ئەمەش بێ توانایی لێ دەکەوێتەوە بۆ پێکهێنانی بەسیستەم بوون، لەگەڵ ئەو هەموو قوربانیە مەزنانەی کە بەدرێژایی مێژوو پێشکەش کراون، زۆرینە نەیانتوانیوە لەوە رزگاریان ببێت کە ببن بە ئامرازی ناکۆکیە ناوخۆییەکانی توێژی کۆمەڵگای دەوڵەت. بەم شێوازەی ئێستای دەوڵەت و ئەو توێژە کۆمەڵایەتیەی کە دەوڵەت پشتی پێ دەبەستێت لەو لاشە مەزنە هەڵاوساوە دەچێت کە سەرێکی گەورەی هەیە و لەسەر قاچی لاواز دەوەستێت. واتە "بەشێرپەنجەبوونێك"ی کۆمەڵایەتی راستەقینەیە. راستینەی دەوڵەت کە ئیتر ناتوانێت بەم شێوەیە بەڕێوە بچێت، بواری کردەوە لەبەردەم شاڵاوی گلۆبالیزمی نوێ لەلایەن ئەمەریکاوە کە نوێنەری هێزی بزوێنەری سیستەمە. کاتێك سیستەم لەلایەن دژبەرەکانی بەرەو چارەسەری نەبرا، ئەوا هەوڵەکانی دۆزینەوەی چارەسەری لەناوەوە دەردەکەوێت. لەم سەرەتایەوە دەست تێوەردانی دوایی لە ئێراق مانای گرنگی دەبێت. گومان هەیە لە دۆزینەوەی چارەسەریدا، گفتوگۆیەکی گەرم دەربارەی ئامادەیی و توانای سیستەم بۆ ئەو کارە لەئارادایە. بەلام گفتوگۆکانمان ناچارە ئەو چوارچێوەیە دەرباز بکات.

کورتەی ئەو ئەنجامەی کە پێی گەیشتم لەو گفتووگۆیانەی کە کرا دەربارەی بوونی سیستەمێك لە دەرەوەی چوارچێوەی سیستەمی ئێستا، بریتی بوو لە دەرباز کردنی هەموو ئەو هەڵوێستانەی کە داوای دەوڵەت دەکەن، لەو ڕەنجەی کە دەیدەن بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا و پێشخستنی وەرچەرخان تیایدا. چونکە هەموو ئەو بونیادە فیکری و بزووتنەوانەی بەرەو دەوڵەت دەچن، هەرچەندە بانگەشەی ئامانجی ئازادی و یەکسانی بکەن، ئەوا ناتوانن خۆیان لە لەدایکبوونی ئەنجامی پێچەوانە رزگار بکەن. باشترین نمونەش بۆ ئەوە ئەزموونی دوایی سۆڤیەت بوو، کە ئەوە بەڕوونی و بێ گفتوگۆ دەرکەوت کە سۆسیالیزمێکی دەوڵەتخواز، بوونی نییە. خاڵی لاوازی سەرەکی مارکسیزمیش لەم راستیەدایە. هەموو دەوڵەتێك لە سروشتی خۆیدا ناچارە بگاتە ئەنجامی دووری، ئازادی و یەکسانی، جا ئەگەر دیکتاتۆریەتی چینە بندەستەکانیش بێت. چونکە ئەمە راستینەی بناخەییە لە لۆژیك و پێوانەی دەوڵەتدا. ناکرێت دەوڵەتێك هەبێت ئازادی و یەکسانی پێك بهێنێت بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەوڵەت ناتوانێت بەشداری بکات لە

گەیشتنی بە ئامانجی ئازادی و یەکسانی بەڕێژەیەکی سنووردار. لەوانەیە ئەم تایبەتمەندیانە بەگوێرەی قۆناخ و شوێن بەدەست بهێنێ، بەڵام ئەم تایبەتمەندیانە مۆرکێکی کاتیان هەیە، بەردەوام و رەسەن نییە. هەربۆیە ئەو کۆمەڵگایەی لە دەرەوەی دەوڵەتە، پێویستە لەسەری هەڵسێت بە ئەرکی پێکهێنانی بونیادی سیاسی و زهنی تایبەت بەخۆی. لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوە مەزهەبی و ئەتنیکیانەی کە بەدرێژایی مێژوو نراون و، هەموو بزووتنەوە بەرچاوەکانی زەحمەتکێشان لە سەردەمەکانی کۆیلەداری و فیودالی و سەرمایەداری، لەگەڵ هەموو ئەزموونە مەزنەکانیشیان، نەیانتوانی بگەنە پێکهێنانی نەریتێکی دەزگایی سیستەماتیك و رێکخراو، کە توانای هەبێت وردە وردە بەرەو قووڵبوونەوە و چڕبوونەوە بچێت. ئەوەی هەیە پارچەیە و شایانی ئەوەیە لە مۆزەخانەدا نیشان بدرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بانگەشەی ئەوە بکەین کە هەموو مرۆڤایەتی لەلایەن کۆمەڵگای دەوڵەتەوە قوت دراوە و لەناوبراوە و، هیچ ئاسەوارێکی داب و نەریتیش نەماوە؛ ئەمە خۆی لەخۆیدا سوبجەکتڤیزمە (الذاتیة). واتە مەزنکردنێکی لەڕادە بەدەرە و بچووك کردنە، راستی زۆر لەوە جیاوازترە.

لە هەر کاتێك زیاتر کە ناتوانین پێوانەی بکەین، پێداویستیەکی گرنگ و ژیانی هەیە، بۆ گەڕان بەدوای سیستەمێکی یەکگرتوو و تۆکمە کە هەموو بندەستەکان بگرێتەوە، هەر لە دانیشتوانی چیا سەختەکان و دارستانە چۆڵکراوەکان و هەتا خێڵەکانی بیابانەکان و، لە کۆیلەوە بۆ کرێکار و، ئەوانەی لەبواری رەگەزی دەچەوسێنرێنەوە تا ئەوانەی بەکاری ژینگەوە خەریك دەبن و، منداڵ و لاوە پێگەیشتووەکان و، پیر و پەککەوتەکانیش، کە پێویستە لەسەریان بونیادی سیاسی و زهنی خۆیان بەرەنگێك پێك بهێنن کە لەگەڵ سروشتی تایبەتیاندا بگونجێت و، هەڵنەخزێن بۆ شێوازی سەربازی ــ سیاسی و زهنی کۆمەڵگای دەوڵەت. لەسەر ئەو بناخەیە پێویستە بەشێوەیەکی بەرفراوان کۆردیناسیۆنی کۆمەڵگای دیموکراسی ـ ئیکۆلۆژی دابمەزرێنرێت، ئەویش لەرێگەی رەنجێکی بەرفراوان لە گەڕان و لێکۆڵینەوە دەربارەی مێژوو و داب و نەریت و، پێکهێنانی وشیارکردنەوە و بەدەست هێنانی لۆژیکی پێویست. ئەمەش گرنگیەکی بەرچاوی هەیە بۆ ئەوەی کات بەهەدەر نەچێت لەقاڵبە کلاسیکیەکانی چەپەکان و لیبرالیەکان و، تووشی لەرێ دەرکەوتنە پووچەکان نەبن.

گرنگی و بایەخی بزووتنەوەی دیموکراسی ـ ئیکۆلۆژی گلۆباڵ بەخێرایی بۆ مرۆڤایەتی زیاد دەکات، لەپێناوی راوەستان لەبەرامبەر تەنگژەی سیستەمی گلۆباڵ، بەڵام دەربارەی شێوازەکانی تێکۆشان، بەو رێژەیەی کە گرنگە وەکو چۆن لە رۆژگاری چەپی کلاسیکیدا هەبوو نەکەوینە

پێکدادان لەگەڵ دەوڵەت دا، ئەوا هەوڵ نەدانیش بەدوای دەوڵەتدا نرخێکی پرەنسیپانەی ئاشکرای هەیە. چونکە کێشەکان بە پێکدادان لەگەڵ دەوڵەت و رووخاندنی چارەسەر نابێت. هەروەها بەبوونی دەوڵەتیش کێشەکان چارەسەر نابن، بەپێچەوانەوە؛ چەندە دەوڵەت هەبێت، ئەوەندەش کێشە هەیە. چەندە دەوڵەتیش کەم بێت، ئەوەندە چارەسەری زیاد دەبێت. ئەمە راسترین فۆرمیلەیە. دوورکەوتنەوە لە دەوڵەت، یان بەستنی سازشێکی سنووردار لەگەڵیدا ئەگەر پێویست بێت، لەچوارچێوەی هەوڵەکانی کۆمەڵگای دیموکراسی ـ ئیکۆلۆژی، گرنگیەکی مەزنی هەیە. هەڵوێستەکانی دەوڵەت رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لە ئیفلاسبوونی رەنجەکانی سۆسیالیزم لەم ١٥٠ ساڵەی دواییدا. بەڕەنگێك بەهۆی ئەم کوێرییە ئایدیۆلۆژی و سیاسیەوە مردنی ملیۆنان قارەمان و رەنجی زەحمەتکێشان نەیتوانی لەکۆتاییدا خۆی لەوە رزگار بکات کە نەکەوێتە خزمەتی ئیمپریالیزم. ئەمە و زۆر بزووتنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی زەحمەتکێشان هەبوون کە بوونەتە قوربانی ئەم هەڵوێستانە. مەسیحیەت، بزووتنەوەی زەحمەتکێشانی یەکگرتوو لەبەرامبەر ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بەدرێژایی ٣٠٠ ساڵ، نەیتوانی خۆی لە تواندنەوە و کەوتن رزگار بکات، تا ئاستی دادگاکانی لێکۆڵینەوە، کاتێك بەرەو دەوڵەت چوو. هەموو شێواز و رێبازەکانی چارەسەری، لەسەردەمی زەردەشتەوە هەتا مانی، لەنوحەوە هەتا ئیبراهیم خەلیل و موحەمەد، ئەو سنوورەی دەرباز نەکرد و مرۆڤی کردە پاروویەکی ئاسان لەدەمی شێردا، کاتێك رایان کرد بەرەو دەوڵەتی راهیبە سۆمەریەکان، ئەمە لەکاتێکدا کە کاریان کرد و هەوڵیان دا مرۆڤ رزگار بکەن.ئەم نزیکبوونە، شێوازی لینینیزمی لە خستنی دەوڵەتی ئیمپریالیەوە، کە گۆڕا بەرەو دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، خستە هەمان رەوشەوە. ماویزم و هاوشێوەکانیشی هەمان داب و نەریتیان دابەشکرد.

لێکۆڵینی دیموکراسی ـ ئیکۆلۆژی نوێ، پۆلێنکردنی وشك و رەهای نییە بۆ چین و نەتەوە و دەوڵەت و، بەتەنیا هیوای خۆی بەئاییندەوە گرێنادات. هەروەها پشت نابەستێت بە باوەڕییەکی کۆن و وشك. پێویستە بیرکردنەوە و شێوازی هەڵسوکەوت بەگوێرەی ئەم پرەنسیپە مەزنە بێت "ناوەرۆکی مێژوو و داب و نەریت، چۆنیەتی ئێستا و ئایینده دیاری دەکات"، چونکە **"چەندە بەڕاستی مێژوو و داب و نەریت بناسیت و، چەندە ئەم مێژووە بچەسپێت و نوێی بخرێتە سەر، ئەوا لە ئەمڕۆ و ئاییندەدا دەتوانرێت گۆڕانکاری و وەرچەرخانی بەسەردا بهێنرێت"**. گۆڕان لەم بناخە زهنیەی شۆڕشەوە دەرباز دەبێت، بەئاستی پراکتیزەکردنی ئەم فۆرمیلەیەی کە بەپیتی مەزن نوسراوە.

ناسینی ئەویتر، بریتییە لە پرەنسیپە گرنگەکەی تری وەرچەرخانی زهنی، شێوازی فێرعەونی، واتە خۆ خستنە جێگای دەوڵەت و خودا، گەوهەری هەموو نەخۆشیە سیاسیەکانە و، دەبێتە هۆکاری بینینی ئەوانی تر ـ واتە بەرامبەر ـ وەکو بچووك و کۆیلە، ئەم نەخۆشیەش لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا لە سەردەمەکانی نەمرووود و فێرعەون کەمتر بلاو نەبۆتەوە. هەر بۆیە پێویستە وەکو کۆیلە و بێتوانایەك سەیری ئەوانی تر نەکرێت، پێویستە بەگوێرەی دیالەکتیکی ئازاد و یەکسان سەیری ئەوانی تر بکرێت. نابێ سروشت و ژینگە وەکو هەبوونێك ببینین کە ڤالاّ و بێ هۆشە، بەڵکو دەبێ وەکو مرۆڤەکانی چاخی سەرەتایی بەپیرۆزی لێی بڕوانین و وەکو بوونەوەرێك بیبینین کە بە هەمئاهەنگی لەگەڵ یاساکاندا دەژی. ئەمە و پێویستە هەڵوێستی نوێ کە هاندەری پێشکەوتنە، لەبناخەدا پشت ببەستێت بە هەمان رێنمایی و تێڕوانینی زهنی لەبەرامبەر توێژە کۆمەڵایەتیەکانی تر وەکو چین و رێبازە ئایینیەکان و، هەروەها لەبەرامبەر بەساڵاچووان و منداڵان و ژنان و مەسەلەی رەگەز کە شارستانیەتی خوێناوی خستوویەتیە رەوشێکەوە کە دەربازبوون لێی نییە.

لەڕێکخستن و چالاکیەکاندا بێجگە لە رەوشی پاراستنی رەوای پێویست، هانا نابرێت بۆ توندوتیژی و، راپەڕینە مەزنەکان وەکو شێوازێك هەڵنابژێردرێت، لەگەڵ ئەوەی بەتەواوی رەتی ناکاتەوە، بەڵام لەبناخەدا پشت دەبەستێت بەو شێوازانەی کە پڕە لە زانابوون لەناو کۆمەڵگادا. گرێدان بە پرەنسیپی "بەرێژەی بوونی هێزی ئەقڵ و سۆز، هێزی کۆمەڵگا و جووڵە بوونی دەبێت" مەرجێکی سەرەکییە. ئەو ئەقڵەی کە پشت نابەستێت بە هەست و سۆز، لە پاشماوەکانی کۆمەڵگای دەوڵەتی بێ رەحمە. هەروەها گرنگیەکی مەزن و بەهایەکی پیرۆز دەداتە زیرەکی ژن کە پڕە لەهەستە بەکوڵەکان و، مانای شکۆدار دەدات بەخەیاڵی منداڵ بەلایەنی کەمەوە بەرێژەی فیکری زانا ئاقڵەکان و، رێز و ستایشی هەیە بۆ ئەزموونی بەتەمەنەکان. بەهیچ شێوەیەك و لەهیچ کام لەقۆناخەکان دەست لە جۆش و خرۆشی لاوان بەرنادات. ئەوەی باشە جوانە و، ئەوەی جوانیشە باشە. زیرەکی بڵند و ئەو زاراوە نوێیانەی دەیخولقێنێت، گەوهەری جوانی پێك دەهێنێت. هەڵوێستی بە پرەنسیپانە بۆخۆی بەبناخە دەگرێت و، لەکاتێکدا بە چوست و چالاکیەوە لەژیان نزیك دەبێتەوە، ئەوا لەلایەکی تر وەکو بەهای ژیان سەیری مردن دەکات و، بە ترسێکی کە لەجێی خۆیدا نییە رووبەڕووی نابێتەوە و، بەو رێژەیەی کە لەگەڵ ژیانێکی بەمانادایە و پشتگیری لێ دەکات، ئەوا دژی ئەو مردنەیە کە مانای نییە و، مردن لەباوەش ناگرێت ئەگەر پێویستیەك نەبێ لەپێناوی ژیانێکی بڵند و پیرۆزدا.

بەم شێوەیە دەکرێت هێڵە گشتیەکانی وەرچەرخانم لەبواری سیستەمی ئایدیۆلۆژی ڕەنگڕێژ بکرێت و، بێگومان بە لەبەرچاوگرتنی یاساکانی گەردوون و سروشت و کۆمەڵگا، ئەم پارادیگمایە بۆ ژیان بەمانای سەیرکردنێکی زۆر قووڵتر دێت.

ج ـ ئەگەر لەڕێگەی پارادیگمای نوێوە سەیری دیاردەکان بکەین، دەکرێت تێبینی جیاوازی گەورە بکرێت. بەڕەنگێك دەبینین کە ئاستی دروشم خوازی و قسە گشتیەکان بەپلەیەکی مەزن هێزی لەدەست داوە و، ژیانی پراکتیکیش خزاوەتە ناو جوڵەی هەڕەمەکی و، ڕاوەستانێك نیشان دەدات، کە مانای نییە. ئیتر دەشێت باس لەو گۆڕانانە بکەین کە دەبێتە هۆکاری وەرچەرخانی ڕیشەیی لە تێڕوانینی جیهانیدا. زۆر لەو پێشکەوتنانەی کە زهنیەتی پێشوو هیچ مانایەکی پێ نەدابوو، چڕ دەبۆوە و پەلەی دەکرد بۆ کۆبوونەوە لە جیهانی هزرمدا، وەکو بڵێی ژێرزەمینێکە و دەیحەوێنێتەوە. گرێدانی دیالەکتیکی لەنێوان ـ وشە ـ مانا ـ دیاردە، لەجیاتی ئەو لۆژیکە وشکەی کە ئاستی سۆزی کەوتووە، جیهانێکی زۆر زیندووی نیشانی من دەدا، تەنانەت لەوانەیە بەردیش ئەقڵی هەبێت کە بەپێی تایبەتمەندی یاسا بەڕێوە دەچێت، ئەگەر بەشێوەیەکی زۆر هێواشیش بێت. هەروەها ئەو جیاوازی و گرێدانەی لەنێوان سروشت و کۆمەڵگادا هەبوو، جۆش و خرۆشێکی مەزنی پێ دەدام. لەڕاستیدا بینینی مێژووی گەردوون کە شیمانەی ئەوە دەکرێت تەمەنی ٢٠ ملیار ساڵ بێت، لە مرۆڤێکدا لە ڕاستیدا ڕێژەیی بوونی تەمەن دیاری دەکات کە ٦٠ ــ ٧٠ ساڵە. لەجیاتی حیساب کردنێکی بەو شێوەی کات دەکرێت لێرەدا ئەو ئەنجامە دەربخەین کە ئەوەی گرنگە ئەو کاتە دیاریکراوەیە و، ئاستی تێگەیشتنت بۆ شتێك ئاستی ژیانکردنت دیاری دەکات. بەم پارادیگمایە هەموو دیاردەکان و هەموو شتەکان مانای زۆر و دەوڵەمەندیان بەدەست دەهێنا، هەر کاتێك بێت کە تۆ لێیەوە بڕوانی، ئەوا باڵادەستیەکی تێدایە کە ناکرێت بەهیچ تێڕوانینێکی تری ڕابردوو پێوانەی بکەیت. بەم شێوەیە دروست کردنی پەیوەندەی لەنێوان ئێستا و مێژوو، هەروەها مێژوو و ئاییندە کارێکە زۆر زیاتر ڕاسترە. ئەوە زۆر بەڕوونی دەرکەوت کە دابڕان لە مێژوو بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادات کە پێناسەی ڕاست بۆ هەر شتێك بکەین و، بەمەش وەرچەرخانی ڕاست و دروست پێك نایەت. مێژوو تەنیا ئاوێنەیەك نییە بۆ ئەوەی وانەی لێ وەربگرین، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە ژیانی دەکەین. دەتوانین بەڕوونی لەوە تێبگەین کە نکۆڵی کردنێکی ئاسانی ڕابردوو، بەواتای لەدەست دانی ڕاستی دێت و، شاردنەوەی هەموو شتێکیش بۆ ئاییندە بەواتای دەست بەردانە لە ڕاستی ژیانکراو بۆ خەیاڵەکان، کات و بوارێکی مەزن نییە

لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆ و ئایینده، ئەگەر هەشبێت بەواتای گۆڕانێکی گەورە نایەت و، بینینی ئەم ڕاستیانەش بەرەو ڕاستینەیەکی زیاترمان دەبات و، ناچارمان دەکات کە ڕێز لە ساتە ژیانکراوەکە بگرین.

گۆڕانی فیکری گرنگی تر، کە لەم پارادیگمایەوە دەرکەوت، ئەوەیە کە مەلەکردن و چوونە ناو ئەو یۆتۆپیایانەی کە لە دەوروبەری دەوڵەت خۆیان جێگیر کردووە و، هەروەها شارستانیەتی ئەوروپا کە جێ پەنجەی لەسەر سەردەم بەجێ هێشت ــ دەست لەهێنانی ئازادی بەردە ــ وا لەمرۆڤ دەکات کە ڕێزی خۆی لەدەست بدات. زۆر لە پیرۆزییە پێکهاتووەکان پێچەوانە دەبوونەوە و، لۆژیکێك بڵند دەبوو کە بەتەواوی پێچەوانەی سەپاند. بەڵام سەفەربەرکردنی هەموو وزە و توانا مرۆڤایەتیەکان بۆ ڕۆیشتن بەرەو ئەو ئازارە و بناخانەی کە ئەوروپا مۆرکی خۆی لێداوە و لە بناخەدا ناوەندی سەرنج ڕاکێشی بۆ دەوڵەت پێك هێنا، دەستکەوتێکی ڕزگاریخواز و پێشکەوتنخواز نەبوو. بەڵکو ئەمە بەمانای بچووککردنی داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگایە دەهات کە تیایدا ژیانی کردبوو و، هەر لەسەرەتاوە کەوتنە ڕەوشی تەسلیم بوونەوە. لەگەڵ نەبوونی توانای بینینی جیاوازی نێوان شارستانیەتەکان و، نەبوونی هێزی خۆیی و، گەیشتن بە دژایەتی یان پاشکۆیەتی و چۆك دادان لە جیاتی پێکهێنانی سەنتێزێك. لەڕێگای پارادیگما نوێیەکەیەوە دەکرا نمونەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕەنگڕێژ بکرێت. بۆ گەڕان بەدوای سەنتێزێك لەگەڵ شارستانی ئەوروپیدا. بەبێ ڕاکێشانێکی تیژ بۆ دەوڵەت یان دژایەتی تەواو لەگەڵیدا. هەروەك چۆن دابڕان لەو هزرەی لە دەوری ئەوروپا و دەوڵەت خۆی کردۆتە ناوەند، بەواتای کۆتایی هاتنی هەموو شتێك نایەت، ئەوا لەهەمان کاتدا ڕێگە لەبەردەم قۆناخێکی خوڵقکاری نوێ دەکاتەوە.

ئەگەر بەم زهنیەتە بەپەلە چاوێك بەسەر کێشەی سیاسی و نەتەوەیی بخشێنین کە هەتا دوێنێی نزیك ژیان دەکرا، دەتوانین ئەو نەزۆکیە ببینین کە تیایدا زاڵە. ئەوە دەبینرێت کە ئەو زاراوە کۆمەڵایەتیانە دەوڵەت، نەتەوە، چین و پارتی بەتەواوی واقیعی نین، بەڵکو ڕێگای لەبەردەم هەڵوێستی دۆگماتیکی زۆر گران کردەوە. هەروەها ئەگەر زاراوەکان بخەینە جێگەی ژیان و ڕاستی، دەکرێت ترسناك بێت. دەکرێت لەجیهانی سیاسەت و کێشە نەتەوەییەکان زیاتر واقیعی بین و، ڕێگای ئەوەش بدۆزینەوە. ڕاستی بەتەنیا لەسپی و ڕەش پێك نایەت، بەڵکو ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ڕەنگەکان تێدایە.

ئەگەر لەهیوا مەزنەکانمان بۆ ئازادی پشت ببەستین بەشێوازی خوێنەوی و زاراوە دیماگۆژیەکانی شارستانیەت، دەکەوینە ناو ڕەوشێکەوە کە لەکۆتاییدا هیچ مانایەك نادات

لەدەرەوەی خیانەت کردن لەو هیوایانە. بەئەندازەی ئامانجی ئازادی، پێویستە ئامرازەکانی بەدەست هێنانیشی پاك و بێگەرد بێت. بەڵام ڕێگا کردنەوە لەبەردەم زەحمەتکێش و بندەستان تاوەکو دەزگای شارستانیەت و دەوڵەت بەکاربهێنن کە بناخەی هەرەمی و چینایەتی هەیە، ڕێگا دەکاتەوە لەبەردەم دەرکەوتنی چینە دەسەڵاتدارە داگیرکەرە نوێیەکان و، فرێژیەکی زۆریشی لێ دەکەوێتەوە و، دەبێتە هۆکاری هاربوونی دەوڵەت، نەك لەناوچوونی. ئەمەش زۆر بەئاشکرایی لەو پراکتیزەکردنانەی کە لە هەندێك وڵاتدا دەرکەوت بینرا، زاراوەی وەکو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا و دەوڵەتی کۆمەڵایەتی و ....هتد سەفسەتەیەکی بۆش و ئامرازی هەڵخەڵەتاندنە.

لەم ڕەوشەدا دامەزراندنی پارتییەك یان بزووتنەوەیەك کە دامەزراندنی دەوڵەت بەئامانج بگرێت، لەگەڵ ئامانجەکانی ئێمەدا یەك ناگرێتەوە، بەڵکو بەتەواوی ناکۆکە لەگەڵیدا. لێرەدا دابڕانی سەرەکیم لەم پرەنسیپەدا پێك هێنا. ئەمەو زەمینە و بناخەیەکی لۆژیکی سەرەکی پێویست بوو کە پشتی پێ ببەستین بۆ تێڕوانین لێیەوە بۆ زاراوەکانی وەکو نەتەوە، چین، گەل، دیموکراسیەت و ....هتد لەچوارچێوەی پێوانی ناسراو و پتەودا. بەپێچەوانەوە، نەماندەتوانی لە کاریگەری ئەو زاراوە ئەبستکراتانە ڕزگارمان ببێت، تەنانەت ووتنی "خودا"ش. کار گەیشتە ئاستێك کە زهنیەتی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم زاراوە دۆگماییانە زۆر گران بوبو، کەوتبووە سەر کاروانی پراکتیکێك کە بواری نەدەدا بەهیچ خولقکاریەك. شەڕ و ململانێ ئایینی و خانەدانی و ئەتنیکیەکان کە ڕاوەستان و هێوربوونەوەیان نەدەناسی، پەیوەندیەکی پتەویان بەم زهنیەتەوە هەبوو. بەڵام ئەوەی لە گەوهەردا شاراوەیە دزین و تاڵانکردنی زێدەبایی و بەرهەمە. ڕاستیش لە پارادیگما نوێیەکەدا بوو بەشێوازی سیاسی و ڕێکخستنی و پراکتیکی بەهەمان خولقکارییەوە. چونکە تەنیا داڕشتنی تیۆر و بەرنامەی ڕاست تێر ناکات. بەڵکو مەرجی هەڵبژاردنی ڕێبازی ڕێکخستنی و پراکتیکێك هەیە کە تیۆری و بەرنامە لە ناوەرۆکی خۆی دەرنەخات.

پێویستە ئەو چارەسەریانەی دەدۆزرێنەوە، لە دەرەوەی چوارچێوەی سیستەمی دەسەڵاتداری سەرمایەداری بێت و، نەخزێت بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و نەکەوێتە تەڵەی زاراوەکانی وەکو، چینێك دژی چینێك، توندوتیژی دژی توندوتیژی، وەڵامدانەوە بەهەمان زمان و...هتد. پێش خستنی چارەسەری لەدەرەوەی سیستەم مانای دامەزراندنی دیواری بەرلینی نوێ نادات. هەروەها بەمانای ململانێیەکی کوێرانەش نایەت و، بەمانای تواندنەوەش نایەت تیایدا کاتێك کە وزە تێر ناکات، لەمەسەلەی هەڵوێست بەرامبەر دەوڵەت، بەهۆی ئامانجەکانمان خستنی بەئامانج ناگرێت

و، هەوڵنادات بەشێکی دابڕێت و بەڕێوەی ببات. راوەستان دووری دەوڵەت و زانینی چۆنیەتی گەیشتنە توانای دامەزراندنی سازشێکی کاتی، کە سنوورەکەی پێوانەیەکی دیاریکراوی هەیە، ئەگەر بوار بۆ ئەوە برەخسێت ئەمانە لە پێداویستیەکانی ژیانی دیموکراسین. ئەو ئەنجامە لاوازەی کە شایستەی تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی نییە، کە لەم ١٥٠ ساڵەی دواییدا دەرکەوت، پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە نزیکبوونەوەی هەڵە لەپرسی دەوڵەتدا. سیاسەت کردن لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت بەرێژەیەکی گرنگ پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە لە چەمکی دیموکراسیەتدا. چونکە ئەوە تێر ناکات کە دیموکراسیەت ئیرادەی گروپ و چینەکان پێك بهێنێت، بەڵکو پێویستی بەشێوازێکی کادێرییە کە دابڕان پەسند ناکات لەنێوان تێگەیشتن لە ئەرکەکان و نوێنەرایەتی کردنی لەبواری کرداریدا، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەك و وەرچەرخانی هاوسەنگی لەنێوان بندەستەکان و باڵادەستەکاندا. لەکاتی پێش خستنی رەوایی بووندا خۆ گونجاندن لەگەڵ یاساکان و بەڕێوەبردنی، گرنگیەکی مەزنی هەیە، کە بەرێژەی گرنگی زانینی چونیەتی دەربازکردنی ئەو یاسایانەیە کە نادیموکراسین. پێویستە بە بەردەوامی ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دیموکراسیەت ئەو سیستەمە سیاسییەیە کە کێشەی هەموو هێزە کۆمەڵایەتیەکانی تیادا دەردەکەوێتە گۆڕەپان و، بەدوای چارەسەریدا دەگەڕێت بۆی. چونکە لەدیموکراسیەتدا هیچ کێشەیەك نییە کە چارەسەری نەبێت، بەڵام نیشاندانی توانا بۆ دۆزینەوەی چارەسەری مەرجە لەڕێگەی بەبناخەگرتنی فەلسەفەی بنەڕەتی و یاسا و رێسا خوڵقکاریەکانیەوە بێت. پێویستە ئەوەش باش بزانرێت کە دیموکراسیەت پێویستی بە کولتوورێکی فیکری قووڵ و گشتگیر هەیە و، ناکرێت وەکو ئامرازێك بەکار بهێنرێت بۆ پیادەکردنی شێوازە دیماگۆژی و بەرژەوەندیخوازەکان. لەهەمان کاتدا لە دیموکراسیەتدا پرسی "تابۆ" بوونی نییە، بەڵکو وای دەبینێت کە دیموکراسیەت چارەسەرییە بۆ هەموو ئەو کێشانەی کە زۆر بە تابۆ دادەنرێن. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە دیموکراسی وەکو ئامرازێکی گروپێکی چینی، نەتەوەیی، ئەتنیکی و ئایینی هەڵناسەنگێنێت. بەڵکو ئەو سیستەمێکی سیاسیە کە هەموو گروپەکان مافی ئازادی گوزارەکردنیان لەخۆیان هەیە،بەدەر لەو هێزەی کە هەیانە. بەبێ پێکهاتن لەسەر پێناسەی دیموکراسیەت لەهەر وڵات یان دەوڵەت یان گروپێك، زەحمەتە بە ئامرازە دیموکراسیەکان بتوانین بگەینە چارەسەری بۆ کێشەکان، بەڵکو ئەوە بارودۆخ لەبەردەم دیماگۆژیەتێکی قرێژ دەکاتەوە.

گرنگترین بەش لە وەرچەرخانی زهنی دا پێکهێنانی پێداگرتنە لەسەر سیستەمی دیموکراسی، کە بێگومان سیستەمی تریش هەیە بۆ چارەسەری، بەڵکو شەڕە سەرتاسەری و راپەڕینەکانیش

لەوانەیـە خزمـەتی چارەسـەری کێشـە گرنگـەکان بکـات. مـن بـۆ خۆشـم لـە رابـردوودا ئـەوەم تاقیکردەوە، بەڵام بێگومان راستی ئەوەیە کە ئەم شێوازانە زۆر لە کارەکتەری منـەوە دوورن. ئـەو پرسـەی باسـی لێـوە دەکـەین بریتییـە لـە هێـزی قەبـە، یـان بـەهێزی لۆژیـك و دەرك کـردن. بەپێچەوانەی ئەوەی کە باوەڕ دەکرێت، ئەوەی هێز دەبەخشێت سوپا و بزووتنـەوەکانی راپـەڕین نین، بەڵکو ئەو دیموکراسیەتەیە کە تێر و پڕە لەهێزی دەرك کردن، بەڕەنگێك ناتوانرێـت پێشـی ئەوانە بگیرێت کە خاوەنی ئەم هێزەن. تەنانەت ئەمەریکاش، لە شیکردنەوەی دواییـدا دەرکـەوت ئەوەی رێگە بۆ باڵادەستی دەکاتەوە (لەنێوان هێزە دەسەڵاتدارەکاندا) دەگەڕێتەوە بۆ ئـەو هێـزەی کە لەزەمینەی دیموکراسیەوە وەریدەگرێت. هێزی قەبەی سۆڤیەتیەکان لەوە کەمتر نەبوو کە لای ئەمەریکا هەبوو، هۆکاری کاریگەری و بناخەیی بۆ دۆڕاندنی، ئەوە بوو کە بەشێوەیەکی رەهـا لـە دیموکراسیەت تێنەگەیشت، ئەوەی پاڵ بە زۆر لەهێزە گەلێریەکانی جیهانەوە دەنێت بـەرەو تێـك شـکان، لەناوەرۆکـدا بریتییـە لـە پـێش نەخسـتنی دیموکراسـیەتی خـۆی. مـن پـێ لەسـەر ئـەم مەسەلەیە دادەگرم و زۆر باوەڕم پێیەتی، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە مـن کاتێـك بـەرەو چارەسـەری ئەو قەیرانە دەچم کە لـەدیاردەی کوردیـدا هەیـە، ئـەوا مـن گومـانی رابـردووم لـەدوای خۆمـەوە بەجێ هێشتووە و، بە بەدەست هێنانی پێکهاتەیەکی خوڵقکار و بەخۆ باوەڕ، خۆم نوێ کردۆتەوە.

**د ــ** کۆمـەڵگای رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت سـەرلەنوێ بـە قۆنـاخێکی بیناکردنـەوەی مێژووییـدا دەربـاز دەبێـت، بەتایبـەت لـەبواری سیاسـی و سـەربازیدا. تایبەتمەندیـە دیالەکتیکیـەکانی وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی لەسـەر بناخـەی یاسـاکان پێـك دێـت، ئـەو گۆڕانکارییانـەی لەماوەیـەکی درێژ لەکاتدا وەکو کەڵەکەبوونی رێژەیەك دەستی پێکردووە، لـەکاتی هاوکـاری کردنـی بـارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی بۆی، یان وەك پێداویستیەك لە پێداویستیەکانی، بەشێوەیەکی زۆر بەپەلە و جیاوازتر لەقۆناخێکی چۆنایەتیدا دەتەقێت، بەم قۆناخەش دەووترێت "کاتەکانی شۆڕش".

کارکردن بۆ بەستنەوەی دەست تێوەردانی ئەمەریکی لـە ئێـراق تـەنیا بـە مەسـەلەی نـەوت و ئاسایشی ئیسرائیلەوە، بـە هەڵوێسـتێکی تـەنگ دادەنرێـت. بـەڵام وا لـە راسـتی نـزیکترە کـە وەکـو قۆنـاخێکی نـوێی دوور مـەودا و ریشـەیی هەڵبسـەنگێنرێت کـە لەئـەنجامی پێداویسـتیە ناوخۆییەکانی سیستەمی جیهانی دەسەڵاتدارەوە هاتووە. چـونکە ئـەو هەسـت بەبەرپرسـیارێتی دەکـات وەکـو ئـەوەی کـە هێـزی بزوێنـەری سیسـتەمی سـەرمایەداری جیهانییـە و بـەگوێرەی داواکاریەکانی سیستەم لە رێك کردنەوەی کارەکان و دەست تێوەردان لەکات و جێگەی پێویست دا

جووڵـه دەكـات. هـیچ مانایـەكیش نییـه بـۆ سەرسـووڕمان لەبەرامبـەر ئـەم راسـتییه. سیسـتەمه ئیمپریالیەكان هەر له لەدایكبوونیانەوه ئەم هەڵوێست و هەڵسووكەوتانەیان گرتۆته بـەر. ئـەوەی جێگـەی سـەرنجه ئەوەیـه كـه یەكـەمین هێـزی ئیمپریـالی كـه مێـژوو ناسـیویەتی، لەسـەردەمی ئەكەدیەكان له ڕۆژگاری سۆمەریەكاندا كه ئـەمڕۆ پێـی دەڵێن ئێـراق پێكهات و، پیلانـی دانـا بـۆ یەكـەمین هێـرش لەسـەردەمی سـەرجۆنی پادشـادا، وەكـو بلێـی یەكـەمین و دوا ئیمپراتـۆری ئیمپریالی، سەرجۆن (سەددام سێبەرێكی ساخته و پەراوێزی ئەوه) و بـۆش بـۆ جاری دوایـی ئـەو تراژیدیا (واته یەكەمین لەناوبردن و تاڵانی بەپیلانی مرۆڤ) مێژووییه مەزنه لەسەرچاوەی دایك دا پێكدەهێنن، بەڵام به شێوازێكی كۆمیدی.

ئـەوەی پێویسـته، دەرك كردنێكـی راسـته بـەفراوانی و ئامـانجی ئـەم دەسـت تێوەردانـەی سیستەمی ئیمپریالی پۆسـت مـۆدێرن و، ئـەو ئەنجامانـەی لێـی دەكەوێتـەوه بەشـێوەیەكی راسـت. دەربارەی ئەو هێزانەی كه ڕۆحی بەرپرسیارێتیان هەیـه لـه كۆمـەڵگاكانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت، مەسـەلەی چـۆنیەتی وەڵامدانەوەیـەك كـه بگـونجێ لەگـەڵ ئـەم شـیكردنەوانه و دینـامیزمی ناوخۆییان، ئەركێكه و لەپێشەوەی كاره چارەنووس ساز و بەپەلەكانه. پێویسته ئەوه باش بزانین كه هەر سیستەمێكی دەسەڵاتداری جیهانی پشت دەبەستێت به بونیادی بناخـەیی كۆمـەڵگا و ئـەو هێزانەی نوێنەرایەتی دەكەن. مێژووش بەدرێـژایی سـەردەمەكان ژمارەیـەكی لـەبن نـەهاتووی لـه شـاڵاوی ئــەم سیسـتەمه فراوانخـواز و داگیركەرانــه بینیـوه و، هــەروەها شــەڕ و تاڵانكردنــه داگیركـەرەكانیان، بـه هـەموو لایەنـه پۆزەتیـف و نێگەتیفیەكانیـەوه، بـەم شـێوەیەش هـەموو سیسـتەمێكی باڵادەسـت و سـەرەكی لـه قۆنـاخی بڵاوبوونـەوه و بـەرفراوانبوونی دا، دەبێتـه سیسـتەمێكی جیهـانی. "سـەردەمی نیۆلیتیـك" كـه بەیەكـەمین و مـەزنترین شۆڕشـی مرۆڤایـەتی دادەنرێت لەمێژوودا، توانا و هێزی خۆی نیشان دا كه بەهەموو لایەنەكانی جیهاندا خـۆی فـراوان بكات و بڵاوببێتەوه، له كەوانەی ناوخۆیی زنجیره چیاكانی تۆرۆس ـ زاگرۆس (وەكو ئـەمڕۆ پێـی دەووترێت) كـه بەسەرچـاوه و جێگـەی لـەدایكبوونی دادەنرێت. لـه هـەزارەی حەوتـەمی (پ.ز)وه هـەتا ئێسـتا، وەكـو شـێوازێك بەردەوامـه لەسـەر پاراسـتنی بڵاوبوونـەوەی پـۆزەتیفی، هەرچـەنده لەسـەر شـێوازی پاشمـاوەش بێـت. لـه هـەزارەی پێنجـەمی پ.ز بڵاودەبێتـەوه و دەگاتـه حـەوزی خوارووی روباری دیجله و فورات، لەكاتێكدا لـه هـەزارەی چوارەم دەگاتـه كـەنارەكانی نیـل و لـه هەزارەی سێیەمیش دەگاته كەنارەكانی پەنجاپ، لەهەزارەی دووەمی (پ.ز)یش دەگاته كـەنارەكانی ئەوروپا و دەریای زەرد له چین ، بەڵام لەكاتێكی درەنگدا گەیشته كیشوەری ئەمەریكا.

لەسەر ئەو بناخەیە هەردوو شارستانیەتی سۆمەر و میسر هەتا كاتی سەردەمی گریك و ڕۆمەكان، وەكو دوو سیستەمی دەسەڵاتدار و زاڵ لەسەر ئاستی جیهانی بەردەوام بوون لە بڵاوبوونەوە و فراوان كردنی چوارچێوەی خۆیان. ئیمپریالیزمی كۆیلەداریش لەسەردەمی هێلینیەكان و ڕۆمە لاتینیەكاندا توانی لەسەر بناخەی زۆر پتەوتر بڵاو ببێتەوە، ئەویش بەكاریگەری بناخەیی ئاسەواری یەكەم، بەمەش لەسەرتاسەری جیهاندا چەسپا و پێشكەوتن و گۆڕانكاری سەرتاسەری كە پێویستە بچووك نەبینرێت پێك هێنا. لەسەردەمی شارستانیەتی فیوداڵیش دا بڵاوبوونەوە و فراوان بوونی سیستەم بەردەوام بوو، لەچوارچێوەیەكی بڵندتر و بەرفراوانتری مۆتیفی ئیسلامی و مەسیحیدا، بەمەش قۆناخێكی نوێ دەستی پێكرد. لەكۆتاییشدا شارستانیەتی سەرمایەداری لەسەر هەموو ئەم قۆناخانە لە داگیركردن و دەست بەسەرداگرتن و فراوانخوازی دانیشت و، داگیركردن و فراوانبوونی كۆلۆنیالی ـ ئیمپریالی خۆی سەقامگیر كرد. ئەم سیستەمەی دوایی كە لەساڵانی ١٥٠٠ دوای زایین دەستی پێكرد و، تا ئێستاش بە ڕێبەرایەتی كردنی ئەمەریكا بۆی لەسەر بناخەی زانست ـ تەكنیك كە پێشكەوتنی زۆر بەرچاوی بەدەست هێنا كاریگەری خۆی لەجیهاندا دەپارێزێت، بەڕەنگێك كە تەنیا یەك خانەی خێزانیش نەماوە كە نەكەوتبێتە ناوی.

ئەم هێرشی داگیركاری و فراوانخوازیانە بەئاسانی و دڵخوازی پێك نەهاتووە، بەڵكو بەگشتی لەڕێگەی ئازار و خوێن و شەڕی سوپاكانەوە پێك هات. ئەمە و سەیر كردن بۆ ئیمپریالیزم وەكو هێزێكی داگیركاری و سیستەمێكی جیهانی دەسەڵاتداری ڕەها، هەڵسەنگاندنێكی هەڵەیە. ئەم سیستەمانە لەبەر ئەوەی هێز و توانای خۆیان سەلماند و، بەهۆی تایبەتمەندی زانستی ـ تەكنیكی نوێیان كە زەمینەیە بۆ بەرهەم و ئابوورییەكی بەبەرهەمتر، ئەوا بە باڵادەستی لەبواری فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی، لایەنی پۆزەتیفیشی هەیە. لەبناخەدا، بەگشتی و لەهەموو سەردەمەكاندا، شارستانیەت بەو شێوەیە پێك هاتووە. بێگومان لەكاتێكدا وەڵامدانەوە بەم قۆناخە لەلایەك بەڕێگەی هەڵوێستی بەتوانای بەرخودانە پیرۆز و دادوەرییەكان پێك دێت، لەلایەكی ترەوە دەبینین كە بەشێك لە مرۆڤایەتی بندەست و زەحمەتكێش لە ڕەوشێكدا دەهێڵدرێتەوە كە ئامادە دەبێت پێویستیەكانی سیستەم دابین بكات.

ئەوەی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ژیان دەكرێت شێوازێكی پۆست مۆدێرنی ئەم مێژووە داگیركارییەیە كە پڕە لە ئێش و ئازار. زۆر لە زانیارییەكان لەسەر ئەوە كۆكن كە سیستەمی سەرمایەداری بە قەیراناویترین قۆناخەكانی خۆیدا دەرباز دەبێت و، ئێمە لەسەر لێواری

قۆناخێكین كە لەدایكبوونی سیستەمی نوێی لێدەكەوێتەوە. بەڕەنگێك بۆ جاری یەكەمە گفتوگۆی گەرم دەكرێت لەنێوان هێزە ڕۆشنبیر و روناكبیرەكاندا دەربارەی لەدەستدانی سیستەمی سەرمایەداری بۆ مانای خۆی و، گەیشتنی بەقۆناخێك كە ئیتر دەرباز بكرێت. بەڵام مافی مرۆڤ و دیموكراسیەت لە دیاردەی یەكێتی ئەوروپا، گەیشتۆتە ئاستێكی بە پرەنسیپ و بەمەش رەهەندی مێژوویی نوێی بەدەست هێناوە و، گرنگیدان بە ئیكۆلۆژیا بووە بە زانستێك و خۆی دەسەپێنێت و وەردەچەرخێت بۆ هێزێكی پراكتیكی كە لە وەچەرخانە كۆمەڵایەتیەكاندا دەستی لێبەرنادرێت. ئەو بەها هاوبەش و بناخەییانەی لەسەر ئاستی جیهانیش بڵند دەبن، بریتین لە مافی مرۆڤ و دیموكراسیەت.

ئەمە و شێوازی سیاسەتی دیموكراسی جێگەی یەكەمی گرتووە لە هەموو شێوازەكانی وەرچەرخانە كۆمەڵایەتیەكاندا، لەناو ئەوانە شۆڕشەكانیش. شێوازەكانی توندوتیژیش رووبەڕوی ئەوە دەبێتەوە كە بخرێتە زبڵدانی مێژووەوە. شێوازەكانی "تیرۆر"یش كە دەوڵەت و بوونیادەكانی ژێرەوە پیادەی دەكەن، رۆژ بەڕۆژ رووبەڕووی ناڕەزاییەكی زۆری مرۆڤایەتی دەبێتەوە و بەمەش دادەبڕێت و دەكەوێتە پەراوێزەوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی مافەكانی پاراستنی رەوا، جا چ بۆ تاك بێت یان كۆمەڵگاكان. لەناویاندا شێوازەكانی شەڕ و راپەڕینەكانیش، جێگەی خۆیان لە یاساكانی نەتەوە یەكگرتووەكان و یاسا گەردوونیەكان دا دەگرن. هەموو شێوازەكانی توندوتیژیش لەدەرەوەی ئەمانە، هەموو دەوڵەتانی جیهان دژایەتی و نكوڵی لێ دەكەن. مافە سیاسی و كولتووری و كۆمەڵایەتی و ئابووری و، مافی چارەی خۆنووسین بەشێوەیەكی ئازاد لەلایەنی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە خراوەتە ناو چوارچێوەی یاسایی.

بۆ یەكەمین جار لەمێژوودا پرۆژە و پەیمانی هاوبەشی بەرفراوان دەربارەی مافەكانی مرۆڤ و دیموكراسیەت و ئیكۆلۆژیا، لەنێوان سیستەمی دەسەڵاتدار و دژبەرەكانی دا پێك دێت. ئەمە و ئەو كاردانەوانەی كە لە رای گشتیەوە دەردەكەوێت، هەموو هێزە كۆمەڵایەتیەكان ناچار دەكات بكەونە ناو پرۆژەی هاوبەشەوە، هەرچەندە هێزی پراكتیزەكردنیشی تا ئێستا لاوازە. ئەوەش زۆر بە روونی لەدەست تێوەردان و داگیركردنی دوایی ئێراق دا دەركەوت.

ئەم چوارچێوە كورتەی دیاری كرا بەسە بۆئەوەی بزانین كە مرۆڤایەتی كەوتۆتە ناو قۆناخێكی نوێی "وەرچەرخانی هێلینی" لە خوارووی میزۆپۆتامیا، كە جێگەی لەدایكبوونی مرۆڤایەتیە. كە بێگومان لەو وەرچەرخانەی هێلینیزم دەچێت كە لەساڵی ٣٣٠ پ.ز بەرێبەرایەتی ئەسكەندەر پێك هات، ئەمە لەلایەنی ناوەوە و، لەلایەنی ناوەرۆك و رووكەشیشەوە جیاوازی زۆر

هەیە لەنێوانیاندا. بەڵام ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە کەوتنە ناوەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ بەغداد، لە کەوتنە ناوەوەی هێزەکانی ئەسکەندەر (فالانجیەکان) دەچێت کە کەوتنە ناو شاری بابل. ئەمە لەیەکچوونێکی سەرنج راکێشە، گرنگتر لەوە ئەو سەنتێزە "رۆژهەڵات ــ رۆژئاوا" مەزنەیە کە لەم شاڵاوەی رۆژئاواوە دەرکەوت. ئەو کولتووره سەرنج راکێشەی کە لەزۆر لە ناوچە جوگرافیەکانمان دەردەکەویت"زوگما، نەمروود، تەدمور" لەو پاشماوە مەزنانەن کە لەناوەرۆکی خۆیدا لە بەرهەمی کولتووری بەپیتی دیجلە و فوراتن. لەپشتی هێرشی سەربازی ئەمەریکی، بەهێزترین شاڵاوی دزەکردنی کولتووری رۆژئاوایی لەمێژوودا خۆی حەشارداوە، کە تەمەنی لەئاستی کەمدا دەگاتە ٢٠٠ساڵ. لەگەڵ ئەوەی هەموو کۆمەڵگاکانی ناوچەکە ئەم کولتووره دەناسێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك پەسندی نەکردووە، چونکە دووره لەوەی هەرسی بکات.

کێشەی بناخەیی بریتییە لەوەی کە ئایا هەردوو کولتووری رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لەتوانایاندا دەبێت سەرلەنوێ "وەرچەرخانی هێلینی" پێك بهێنن. لەلایەکەوە شاڵاوی توندوتیژی بێ سنووری راستی (الیمین) ئەمەریکی و ئیسرائیلی هەیە و، لەلایەکی تریش ئەو لایەنە توندوتیژانە هەن کە ئاواکردنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامیان بەئامانج گرتووە، بەجۆرێك کە چاوەڕوان ناکرێت ئەم لایەنە راستڕەوانە رۆڵی پاڵنەر ببینن بەرەو چارەسەری. بەڵام راستییەکی بەرچاو هەیە، ئەویش هەوڵە بەرچاوەکانی ئەمەریکا و ئینگلتەرایە بۆ دەربازکردنی ئەو قەوارە سیاسی و سەربازیانەی کە لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم دامەزراون. ئەو قەوارە سیاسی و سەربازیانەی رەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەك و، تا ئێستاش بەردەوامبوونی خۆی لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەپارێزێت، تەنیا بەرهەمێکە لە بەرهەمەکانی سەرمایەداری بەگشتی و ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بەشێوەیەکی تایبەت. دزەکردنی کولتووری رۆژئاوایی بەردەوام لەماوەی دووسەد ساڵدا، هەوڵدەدات بۆ پەرتەوازەکردنی ئەو بونیادە سیاسی و سەربازییە بەسەرچووانەی کە لەم قۆناخەدا پێداویستیەکانی سیستەم دابین ناکات و کار دەکات بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی لەچوارچێوەی "دیموکراسیەت"دا. لەتوانای چینە سەرمایەدارییە بەکرێگیراوەکانی ناوچەکەدا نییە کە دژایەتی و بەرخودان لەبەرامبەر ئەو هەوڵانە نیشان بدەن. چونکە بەبێ ئەوەی ئەو هێزە نەتەوەییانەی پشتگیری دەوڵەت دەکەن و بانگەشەی بۆ دەکەن، پرۆسەی دیموکراتیزەکردن لەناو خۆیاندا پێش نەخەن، ئەوا ناتوانن سەربکەون لە چەسپاندنی مەیلی سەربەخۆییدا. وڵاتانی ناوچەکەش لەنمونەی "سەددام" دا وانەی زۆر بەرچاویان بینی، بەرەنگێك کە ئاماژە بۆ چۆنیەتی لەناوبردنی بەشێوازێکی زۆر کۆمیدیانە دەکات، ئەگەر واز

بهێنێـت لـه پشـت بەسـتن بـه ئيمپريـاليزم. ئـەوه زۆر بەباشـى لەبەرچـاودا بينـرا كـه ئـەوەى سەرسەختى بكات بەرامبەر وەرچەرخان ئەوا ناچار دەكرێت كه وەرچەرخان پێك بهێنێت، وەكو بڵێـى بەشـێكه لـه بەشـەكانى شـانۆگەرييەك. لەكاتێكـدا شـاڵاوى ئەمـەريكى ـ ئينگليـزى باشـترين نمونەيه بـۆ چارەسـەركردنى هـەموو ئـەو قـەواره سياسـى و سـەربازيانەى كه لەناوچـەكەدا هـەن (لەكەسايەتى ئێراقدا)، لەلايەكى تريشەوه بەسەر هەموو هێزەكاندا ئـەوه دەسـەپێنێت كه وانـەى پێويستى لێ دەربخەن. ناچارييه كه ئەو وشياركردنەوانەى ئاراستەى سوريا و ئێـران كـران و، ئـەو رەخنانەى ئاراستەى توركياش كرا لەچوارچێوەى ئەم هەڵسەنگاندنەدا شى بكرێتەوه.

ئەم هەڵوێسته له گەوهـەرى خۆيـدا توانايـەكى بـەرفراوانى تێدايـه بـۆ سازش، هەرچـەنده وا دەردەكەوێت كه وەكو تەسليم بوونێكه كه ئەگـەر بەتـەنيا و دابـڕاو لـه ئـەوانى تـر شيبكرێتەوه. ئەگەر هێزەكانى ناوچەكه پێ دابگرن لەسەر ئەو قـەواره و پێـك هاتـه كۆنانـه و پشـتگيرى بدەنـه ئەو چالاكيانەى كه توندوتيـژى بڵنـدى تێدايـه، ئەمـه لـەجياتى نيشـاندانى توانـا بـۆ چەسـپاندنى سازش، ئەوا لەوه رزگاريان نابێت، كه بەسەر ئێراقدا هات. بەڵام مسۆگەره كه داگيركردنێكى وەكو ئەوەى سەدەى بيستەم لەناوچەكه پێك هات روو نادات (تەنانەت ئەگەر ئەمـەريكا و ئينگلتـەراش ئـەوه بخـوازن)، شـيمانەى مـەزنتريش ئەوەيـه كـه ناتوانرێـت سيسـتەمى پادشـايى و ديكتـاتۆرى لەناوچـەكه دابمـەزرێنرێت. ئـەو بـژارەى لەبـەردەم ناوچـەكەدايه بريتييـه لـه: شـێوازى ئـەو ديموكراسـيەتەى كـه لـەدواى جـەنگى جيهـانى دووەم لـه ئـەوروپا پێشـكەوت، يـان ئـەوەى لـەدواى نەوەدەكانەوه له وڵاتانى رۆژهەڵاتى ئەوروپا پێشكەوت. وەك دەزانرێـت ديموكراتيزەكردن لەسـەر شێوازى رۆژئاوايى، مۆركێكى چينايەتى بۆرژوازى پێوەيه، لەكاتێكدا چينه باڵاكـانى ناوچـەكه زۆر دوورن لەوەى كه ديموكراسيەت بەمانا و تێڕوانينى بۆرژوازيـەت، پەسـند بكـەن. نـەتوانينى پـێش خسـتنى چارەسـەرى و لـەناوبردنى ناكۆكيـەكان بەئاسـانى دەگەڕێتـەوه بـۆ ئـەم رەوشـه بابەتيـه. هـەموو ئـەوەى كـه دەسـت تێـوەردانى ئەمـەريكى دەتوانێـت بيكـات بريتييـه لـه بڵاوكردنـەوه و لاوازكردنـى بونيـادى سـەبازى و سياسـى كـۆن و، سـنووردار كردنـى هێـز و كاريگەرييـەتى. ئەمـه لەگـەڵ ئاسـتى ويسـتەكانى بـۆ چەسـپاندنى ديموكراسيەت، باشـترين شـيمانەى كـه هەيـه ئەوەيـه، بەتـەنيا رێگـەى لەبەردەمـدا بكاتـەوه. رەوشـى چينه باڵاكـانى ناوچـەكه كـه دژه ديموكراسـييه و، لەبەرامبـەر ئـەودا رەوشـى ئامـادەى بونيـادى كولتـوورى پـەيمانى گـەلێرى (بـەرەى گـەلێرى) و پێداويستيه ئابوورييەكانى كه بەرەنگێك خـۆى دەسـەپێنێت ناكرێـت دوا بخرێـت، هـەموو ئەوانـه ئەو زەمينه ئاماده و بێ سنووره پێك دەهێنن بۆ دۆزينەوەى چارەسەرييەكى ديموكراسـى گشـتگير

و ریشەیی. مێژووی ناوچەکە کە پڕە لە بونیادە جیاوازە بەناو یەکداچووەکان، لە ئایینی و مەزهەبی و ئەتنیکی و نەتەوەییەوە، ئەمانە وەکو باوەڕ دەکرێت نابنە رێگر لەبەردەم دیموکراسیەت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەکرێت ئەو تایبەتمەندی و سیمایانە وەکو ناسنامەی ژێرخانی دەوڵەمەند بۆ دیموکراسیەت دابنرێن، کە لەرەوشی نوێدا بتوانن رۆڵی خۆیان بگێڕن. ئەو دیموکراسیەتەی کە پشت بەم یەکینانەی ژێرخان دەبەستێت، لەشێوازە رۆژئاواییەکان دەوڵەمەندتر دەبێت، کە پشت بەتاك دەبەستێت. تاکڕەوێتی توندڕەو زۆرتر کراوەیە بۆ بێ بەرپرسیارێتی لە دیموکراسیەتدا. مێژووی ناوچەکە بەبەردەوامی بوونی بەرێوەبەرایەتیە ناوەندیە فراوانەکانی بەخۆیەوە بینیوە لەسەر ئاستی ناسنامە ژێرخانیەکان. چونکە ئەو ئیمپراتۆریەتانەی کە لەناوچەکەدا پێك هاتن رێزی ناسنامە ژێرخانەکانی گرت و دانی بە ئازادی بەرفراواندا نا بۆی. بەکورتی ناوچەکە بەدرێژایی مێژووی خۆی تایبەتمەندی پێکهاتەی فیدراسیۆنێکی سروشتی تێدایە، ئەزموونی دوایی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و، ئێرانی ئێستاش، ئاماژەی بەرچاون بۆ ئەو تایبەتمەندیانە. تینوێتی گەلان بۆ مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسیەت، بۆ یەکەمین جار لەگەڵ هەمان داواکانی کولتووری رۆژئاواییدا یەك دەگرێتەوە. تەنانەت ئەگەر بەناوەرۆکێکی چینایەتی جیاوازیشەوە بێت، ئەمەش بوار بۆ چەسپاندنی سەنتێزێکی سەرکەوتووی هەردوو کولتوور دەڕەخسێنێت. دینامیزمەکانی ناوخۆیی و دەرەکی بەیەکەوە، زۆر بەپەلە و کە لەهیچ قۆناخێکی تردا نمونەی نییە، نمونەی سیستەمی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ کە ناوەرۆکێکی شۆڕشگێڕانەی هەیە پێشکەش دەکات. وا پێدەچێت کە هەموو هێزە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ناچاری ئەم رەوشە بن.

**هـ ـ** رۆڵ گێڕان لەم قۆناخە بەپەلە و مێژووییەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، لەرێگەی شوێن گرتنی ستراتیژی هێزە پێویستەکانەوە دیاری دەکرێت و، ئەنجامگیر دەکرێت. هێزە ستراتیژییە بناخەییەکانیش بریتین لە: هاوپەیمانێتی ئەمەریکا ــ ئینگلتەرا و هەندێك هێزی لاوەکی دەرەوەی ناوچەکە، ئەمە لەسەر ئاستی دەرەکی و، لەسەر ئاستی ناوخۆییش تورکیا و ئێران و هێزە عەرەبیە بڵاوەکان. راستتر دەبێت کە ئیسرائیل بە ئەمەریکاوە گرێ بدەین. هەڵوێستی عەرەبی بە هەموو هێزێکی کە هەیبوو بریتی بوو لە هەوڵدانی بۆ پاراستنی ئەو رەوشەی لەم سەدەیەی دواییدا زاڵ بوو. هیچ رۆڵێکی مێژوویی نییە کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی بتوانێ بیگێڕێت و، زۆر بەساردی لە دیموکراتیزەکردن دەڕوانێت، هەروەکو چۆن لە نمونەی سەددام دا

بینرا، ئەو توانایە نیشان نادات کە سەردەمی ئێستا بەشێوەیەکی راست راڤە بکات. هەروەها ئەو توانایە نیشان نادات کە لەکاتی پێویستدا ریفۆرمە پێویستەکان ئەنجام بدات. دەمارگیری ئیسلامی کلاسیکیش، بۆتە رادیکالی و بەمەش دواکەوتووەتر و کۆنەپەرستانەتر بووە، هەروەها توانای ئەوەی نییە لەناکۆکیەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل تێبگات و، وەریبچەرخێنێ بۆ قۆناخی دۆزینەوەی چارەسەری سیاسی. لەم رەوشەدا تەنیا دەست تێوەردانە دەرەکیەکان دەتوانن بەکاریگەر بن، هەڵسانی کۆمەڵە عەرەبیەکان بە دارشتنی بەرنامەیەکی دیموکراسی روون و ئاشکرا، شیمانەیەکی لاوازە. لەکاتێکدا ئێران لەئەنجامی داواکردنی ریفۆرم لەناوەوە و ئالۆزی بەردەوامی لەگەڵ ئەمەریکا لە دەرەوە، نەرمتر بووە. خەمی سەرەکیشی پاراستنی بوونی خۆیەتی و، ئەوەی سەرقالیەتی ئەوەیە کە وەکو ئێراق بلاو نەبێتەوە. تورکیا لە گۆڕەپانەکەدا دەمێنێ، لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانێکی بەهێزی رێبازی ئەمەریکا و ئیسرائیلی کلاسیکیە، بەلام ئەم هاوپەیمانێتیە لە بناخەوە هەژێنراوە. هۆکاری سەرەکیش لەمەدا پرسی کوردییە کە تورکیای ترساندووە و گومانەکانی بەرادەیەکی زۆر زیاتر بووە، بەرێژەیەك کە ناتوانین لەگەڵ هیچ قۆناخێکی تردا پێوانەی بکەین. دیاریکردنی دەرکەوتنی ئەم خاڵە و دەرك کردن بە ناوەرۆکەکەی، پێویستی بە نزیکبوونێکی ورد و درشتە.

شالاوی ئێراق کە ئیسرائیل بۆ ماوەیەکی درێژە لەگەڵ لۆبی یەهودی لە ئەمەریکا ئامادەکاری بۆ دەکات، سەبارەت بە ئیسرائیل گرنگیەکی مێژوویی و چارەنووس سازانەی هەیە، کە لەمەدا بەهایەکی ستراتیژی دەبینێ لەبارەی تێك شکاندنی ئەو دابڕان و توندوتیژییەی دەوروبەری داوە، لەلایەن ئەو هێزەی کە پێك دێت لە سەدان ملیۆن عەرەب و موسڵمان. ئەو ناتوانێت ستراتیژێکی بەرجەستە و بەردەوام لەگەڵ هیچ هێزێکی عەرەبی ئیسلامیدا دابمەزرێنێت لەناویاندا میسر و ئەردەنیش، تەنانەت ئەو پەیوەندییە باوانە لە هەر ساتێکدا لەوانەیە دژی بوەستێتەوە. پێویستی ئیسرائیل بە دامەزراندنی "ئیسرائیلی دووەم" لەپێناوی ئەوەی خۆی بپارێزێت و ئاسایشی ستراتیژی خۆی بەدەست بهێنێت، پێویستیەکی رەهایە و ناتوانێ دەست بەرداری لێ بکات. لەماوەی رابردوودا چاوەڕێ بوو شای ئێران بەم ئەرکە هەڵبسێت، بۆ ماوەیەکی درێژیش تورکیا و بەڕێوەبەرایەتیەکەی بەگوێرەی ئەوە ئاراستە کرد. بەلام هەردووکیان نەیانتوانی رۆڵی ئیسرائیلی دووەم بگێرن، ئەوەش دەردەکەوێت کە پێك هێنانی ئەوە لە ماوەیەکی کورت دا ئاسان نییە. ئیتر لە گۆڕەپانەکەدا لە دەرەوەی بژاری کوردی کەس نامێنێت. ئیسرائیل هەر لەدوای دامەزراندنی قەوارەکەی یەکسەر گرنگی زۆری بەم بژارە دا و، هەوڵیدا بارزانی و تاڵەبانی بۆ رێبەرایەتی

کردنی ئەمە ئامادە بکات. لەم پێناوەدا ڕەنجی زۆر بێ ووچانی دا، نرخێکی مەزنی پێدان کە زۆر وزەی ئەوانی دەرباز دەکرد، هاریکاری سیاسی و ماددی پێ بەخشین. لەکۆتاییشدا بەکاریگەری ئەو دەست تێوەردانە سەربازییەی ئەمەریکا، بەشی خۆی لە یەکێتی ئێراق پچڕی، ئیتر لەو بوارەدا شێواز زۆر گرنگ نییە.

ئەم ڕووداوەی دوایی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی هەیە کە بتوانێت بومەلەرزەیەك بێت بۆ سیاسەتی تورکیا دەربارەی مەسەلەی کورد. سیاسەتی کلاسیکی کۆمار بریتییە لە سەپاندنی بیر کردنی مەسەلەی کوردی بە هەموو تواناکانی و، تێکشکاندنی هەموو داوا و ڕاپەڕین و گەڕانەکانە بەدوای مافێکی بچووك بە توندوتیژترین شێوە. بەڵکو لە ڕێگەی شێوازە هەرە شۆڤێنیستەکانەوە بەبەردەوامی هانی نکۆڵی کردنی بوونی کوردی دەدا، هەر پێشکەوتنێکیش کە دژی ئەوە بێت و ناکۆك بێت لەگەڵیدا، جا ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، یاخود ئەو گوزارەیەی لەم ماوەیەی دواییدا لەبواری ڕاگەیاندن بەکار دەهێنرا، لەکاتی دەرباز کردنی "هێڵی سوور" دەبووە هۆکار و پاڵنەر بۆ شەڕ نانەوە. ئەو قەوارە فیدراڵیە کوردییەی کە لەباکووری ئێراق دامەزرا، لەگەڵ دەربازبوونی هەر ڕۆژ، تەنانەت هەر کاتژمێرێك ئەم سیاسەتە تەنگەتاو دەکات. دوو شت هەیە دەکرێت کاریان پێ بکرێت: یان بڵاوە پێکردنی لەڕێگەی شاڵاو و ئۆپەراسیۆنی سەربازییەوە، یان پەسند کردنی. ئۆپەراسیۆنی سەربازی واتای پێکدادانە لەگەڵ ئەمەریکا و هێزە هاوپەیمانەکان. پەسندکردنیش بریتییە لە سیاسەتی "چاوەڕێی بکە و بڕوانە" کە هیچ تایبەتمەندیەکی بەردەوام و جێگیری نییە و، بەرەو چارەسەری ناچێت، ئەگەر جێگرتنی هێزی PKK ی کادیر و پەرەوەردەکراو بخەینە سەر ئەمە، کە لەهەموو ناوچە شاخاویەکان ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ١٠ هەزار کەس. هەروەها پشتگیری بەرفراوان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی، ئەوە زۆر باش ئاشکرا دەبێت کە تورکیا لە لێواری دووڕیانێکی مێژووییدایە. هەر ڕۆژێکی کە دەرباز دەبێت لەبەرژەوەندی سیاسەتی "چاوەڕێ بکە و بڕوانە"دا نییە. هەر شەڕێکی کوردستانی گشتگیریش پاڵ بە هەموو جیهانەوە دەنێت کە لەپشتی کوردانەوە بوەستێت. بەڕێژەیەك کە نزیکترین هاوپەیمانەکانی، ئەمەریکا و ئیسرائیل پشتی تێدەکەن. زیادبوونی کاریگەری مەسەلەی کورد لەم پێشکەوتنانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەموو شتەکان ئەوە لەسەر تورکیا دەسەپێنن کە سیاسەتێکی نوێ سەبارەت بە کوردان دیاری بکات. هەروەها دەمانەوێت ئاماژە بەم خاڵە گرنگە بکەین: کە ئەویش هەڵوێستی ئەمەریکا و ئیسرائیلە دەربارەی کورد، لەوەوە دوورە کە تاکتیکی بێت، بەڵکو هەڵوێستێکی ستراتیژی بەردەوامە و، وردە وردە هەموو کوردان لەباوەش دەگرێت و،

گرنگیەکی مێژوویی زۆری هەیە، چونکە وەکو هێزێکی سەرەکی لە کوردان دەڕوانێت لەپێناوی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا. هەوڵیش دەدرێت کە لەم بوارەدا ئامادە بکرێت. ئەو ڕۆڵەی لەدوای ساڵانی ١٩٥٠ درایە تورکیا، کە بریتی بوو لە دژایەتی کردنی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (دژایەتی کردنی ئێران و عەرەب)، دەخوازێت بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەگەڵ کورداندا ئەم ڕۆڵە بەردەوام بکات. بێگومان ئامانجی سەرەکی هەڵسانە بەڕۆڵی ئیسرائیلی دووەم، وا دیار نابێت کە ئەمەریکا و ئیسرائیل دەست لەم کارە بەربدەن، لەڕەوشی ئێستاشدا بنکەوتنی کوردان لەڕوانگەی ئەمەریکاوە بەواتای بنکەوتنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسرائیل دێت. مەسەلە لەوە دوورترە، بەڕەنگێك کە هەنگاوی خۆی دەهاوێژێت و لەڕێگەی کوردانەوە وەکو لە ئێراقدا بینرا، تۆڕی خۆی دەهاوێژێتە ئێران و تورکیاش، لەکاتێکدا ئەگەر بخوازن کێشەی بۆ دروست بکەن. بەکورتی ئیتر کوردان کوتەکی بەهێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن و، بەتایبەت ڕەوتی نەتەوەپەرستی سەرەتایی کوردانیش هەر لەکۆنەوە بۆ ئەو کارە ئامادەیە. بەڵکو بێ گفتوگۆ لەو پێناوەدا ئامادەیە هەموو شتێك پێشکەش بکات. مەسەلەی ڕۆڵی کوردان لە ئێراق لە گۆڕەپانەکەدا ون نابێت، بەڵکو وەکو گفتوگۆیەکی گەرم دەمێنێ لە مەسەلەی وەرچەرخانەکانی کە بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دێت.

لەبەرامبەر ئەم ڕاستییە، ئەوەی بەتەواوی ئاشکرایە کە تورکیا ناچارە ڕەنج بدات و بەسیاسەتە بناخەییەکانی دەربارەی کورداندا بچێتەوە و، خۆی بکاتەوە. دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی تریش بکەم، کە ڕاست نییە کێشەی کورد لەسەر تەواوی مێژووی تورك گشتگیر بکەین. ئەگەر شیکردنەوە لەچوارچێوەی هێڵە گشتیەکاندا بکەین، دەبینین کە هەموو مێژوو نووسەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕۆڵی کوردان ستراتیژی بووە و پشتگوێ نەدەخرا، لەسەدەی یازدەهەمین کاتێك تورکەکان دەرگاکانی ئەنادۆڵیان کردەوە. هەروەها لە شەڕی چارەنووس سازی کە لەبەرامبەر بێزەنتیەکان بەڕێوەبرا لە مەلازگرت ساڵی ١٠٧١. کۆمەڵگای کوردی و تورکی لەگەڵ یەکتریدا پەیوەندی هاوبەشیان پێکهێنا و لەچوارچێوەی لۆژیکی سازشکاریدا بەیەکەوە دەجووڵانەوە و، لەناو توانەوەیەکی خۆویستانە و چڕوپڕدا بەیەکەوە دەژیان و، مەیلی بناخەیش بریتی بوو لە بەتورك کردنی کورد و بەکورد کردنی تورك بەشێوازێکی سروشتی، بێجگە لە هەندێك پێکدادانی بەگەکان هیچ پێکدادانێکی ئەتنیکی یان نەژادی لەنێوانیاندا نەبوو، یان زۆر سنووردار بوو. سوڵتان سەنجار لە سەردەمی سەلجووقیەکاندا یەکەمین کەس بوو کە ناوی "کوردستان" ی هێنا و جێگە و ڕەوشی دیاری کرد. لەسەردەمی عوسمانیەکانیشدا پێشنیاری ئەوە

کرا کە پلەی پادشایەتی پلە دوو بدرێتە ئیماراتە کوردیەکان، ئەمەش لەسەردەمی سوڵتان یاوزدا کە دەستی کردبوو بە سیاسەتی بەرفراوانبوون و کرانەوە بەرەو رۆژهەڵات و باشوور. لەسەر ئەم بناخەیە بۆخۆی پەیمانی ستراتیژی لەگەڵدا بەستن. بەدرێژایی چەند سەدەیەك و بەبەردەوامی لە ئیمپراتۆریەتدا بەڕێوەبەرایەتی کوردی جێگەیەکی تایبەتی هەبوو، لەساڵی ١٨٥٧یشدا بەپێی یاسای زەوی، هەرێمی کوردستان دامەزرێنرا. لەگەڵ زیادبوونی رێژەی وەرگرتنی باج و داواکردنی سەربازی زۆرەملێ لە ئەنجامی ئەو پاشەکشەیەی لەبەرامبەر رۆژئاوا پێکهاتبوو و، هەروەها بە هاندانی داگیرکەرە ئینگلیزەکان بۆ ئەم مەسەلەیە، قۆناخی راپەڕین و سەرهەڵدانەکان لەساڵانی ١٨٠٠دا دەستی پێکرد. بەڵام سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ویستی ئەم پرسە چارەسەر بکات و کۆتایی پێ بهێنێت، ئەویش لەڕێگەی لیوا حەمیدیە کوردیەکانەوە و کردنەوەی قوتابخانە و مەکتەبی عەشیرەتەکان، کە ئەمانەش بڕیاری چاکسازانە بوون.

کاتێك مستەفا کەمال پاشا هاتە سامسۆن لەساڵی ١٩١٩ گرنگیەکی ستراتیژی دا بەکوردان و لەهەڵوێستی خۆیدا پراکتیزەی کرد، بەڕەنگێك کە دەتوانین ئەمڕۆش بە نمونە وەریبگرین. راست نابێت بیر بکەینەوە لە هەڵسەنگاندنی راست و دروست بۆ تێکۆشانی سەربەخۆیی و دەسەڵاتی نیشتمانی بەبێ بینینی ئەم رۆڵە، چونکە رۆڵی کوردان لەکۆماردا "دامەزرێنەرە". زۆر گران نییە ئەم خاڵە لە فەرمانەکان و ووتەکانی مستەفا کەمال ئەتاتورکدا ببینرێت. لەو سەردەمەدا دەرکەوتنی کوردان لە رۆژەڤ بەشێوەیەکی نێگەتیف، لە سیاسەتی دژە کوردیەوە سەرچاوە ناگرێت. چونکە یەکەمین شت کە بیری لێکرایەوە پێکهێنانی ریفۆرمێك بوو سەبارەت بە کوردان، کە ئازادیان بەبناخە بگرێت. ئەتاتورك بەشێوەیەکی کراوە و بەرفراوان لەچاوپێکەوتنەکانی ئیزمیت ساڵی ١٩٢٤ باس لەوە دەکات. لەکاتێکدا راپەڕینەکان بەتەنیا لەم توانایانەیان کەم نەکردەوە، بەڵکو بەهانەی پاراستنی کۆمار بووە هۆکاری سەرکوتکردنێکی توندڕەوانە، بەتەواوی وەکو ئەوەی لە زۆر راپەڕینەکانی رۆژئاوادا روویدا. بەڵام سەرۆکایەتی فیوداڵی خێڵەکی کە لەهەموو لایەنەکانەوە بێ توانایە، لەجیاتی پێشکەوتن، خۆی بە رابردووەوە گرێ دەدات و پشت بە بەرژەوەندیە هەرێمیەکانی دەبەستێت، بە قۆناخێکدا دەربازبوو کە ماڵوێرانی نەك تەنیا بۆخۆی هێنا، بەڵکو بەسەر گەلی کوردیشدا باراندی. ئیتر لەو کاتەوە ترسی کورد لەکۆماردا دەچەسپێت و، لەو قۆناخەدا کاریگەری بارودۆخی شۆڤێنی چڕوپڕ زیاد دەکات و، لە ئەدەبی سیاسەتی فەرمیدا نکوڵی کردن لە بوونی کورد زۆر بەچڕوپڕی دەچەسپێت. سیستەمی ئۆلیگارشی کە دوای ساڵانی ١٩٥٠ دەسەڵاتی کۆماری گرتە دەست هەوڵیدا بەشێوەیەکی بەرفراوان

ئەم پرسە بەكاربهێنێ، بەڕەنگێك هەر رووداوێكی بچووك كە پەیوەندی بە لایەنی كوردەوە هەبێت بەجوداخوازی تاوانبار دەكرێت و تەنیا رێگەیەك دەمێنێتەوە: یان نكۆڵی یان سەرهەڵدان. دواترین سەرهەڵدانیش لەم قۆناخەدا بەناوی PKK وە دەركەوت. لەگەڵ سەركەوتنی ئەم قۆناخە كە پڕ بوو لە ئازار و زیانە گەورەكان، لە دەرخستنی ناسنامەی كوردی، بەڵام نەیتوانی گەیشتن بۆ چارەسەرییەكی پێویست دابین بكات. ئەم قۆناخەش لەساڵی ١٩٩٨ بە راوەستانی شەڕ كۆتایی پێهات.

لەم قۆناخەدا سیستەمی ئۆلیگارشی پاڵی بە رەوتە چەپەكانەوە نا بۆ دەرەوەی یاسا، ئەویش لەڕێگەی "فاشیزمی MHP"، بەمەش هەڵسا بە پاكتاوكردنیان، لەكاتێكدا ئامرازەكانی كە بریتی بوون لە رێبازی سۆفیگەری و (حزب الله)ی بەكار هێنا لەبەرامبەر PKK و كوردە رزگاریخوازەكان بەئامانجی پاكتاوكردنیان. لەكۆتاییدا ئەوەی دۆڕاندی پرۆسەی دیموكراتیزەكردنی كۆمار بوو. هانابردنی توركیا بۆ دەست لێبەردانی مەسەلەكە و، كەڵەكەبوونی تۆز لەسەری، وەكو شێوازێكی بناخەیی خۆی و، بەرپەرچدانەوەی داوا هەرە بچووكەكان سەبارەت بە ئازادی و ناسنامەیەكی سنووردار بەشێوازی توندوتیژ، مەسەلەكەی لەناو نەبرد و پاكتاو نەبوو، بەڵكو بەپێچەوانەوە بنبەست بوون قووڵ بۆوە، كە لەڕۆژی ئەمڕۆماندا زۆر ئاشكرایە.

ئەم هەڵوێستە زیانی زۆر گەورەی بۆ توركیا لێكەوتەوە، نەتوانینی لە گەیاندنی وەرچەرخانی دیموكراسی بۆ ئاستی پێوانەكانی رۆژئاوا دەرگای كردەوە لەبەردەم رەوشی ئێستای لەبەرامبەر یەكێتی ئەوروپا و هەروەها بەدەست تەنگژەیەكی ئابووری بەردەوامەوە دەناڵێنێ و، رەچەتەیەكی مەزنی قەرزە دەرەكیەكانیشی هەیە و، هەڵوەشاندنەوەی كۆمەڵایەتیش زۆر زیادی كرد. ئابووری مشەخۆر، كەمبوونەوەی بەرهەم و هەژاری و نەبوونی و تاڵانی لێكەوتەوە، بێكاریش گەیشتە ئاستێكی بڵند. بەكورتی بەهۆی ئەو سیاسەتە كوێرانەوە ئەو بوارەی لەدەستدا كە ببێتە نمونەیەكی وەكو یابان.

كۆماری توركیا رووبەڕوو بۆتەوە لەگەڵ دووڕیانێكی مێژوویی نوێ كە گرنگترین و ناسكترین قۆناخەكانی مێژوویەتی. ئایا سیستەمی ئۆلیگارشی پێداگری لەسەر سیاسەتە نەگۆڕەكانی دەكات؟ یان لەهەموو بوارەكاندا بناخەكانی كۆماری دیموكراسی پێك دەهێنێت و بەمەش ئەم تەنگژەیە دەرباز دەكات؟ بەقۆناخێكی راگوزارەی بە ئازاردا تێپەڕ دەبێ كە ئەنجامەكانی دیار نییە. پێداگرتن لەسەر سیستەمی ئۆلیگارشی كۆتاییەكەی بڵاوبوونەوە و دووركەوتنەوەیە لەجیهانی هاوچەرخ، بەمەش كەوتن و توانەوە ویستگەی دوایی دەبێت وەك چۆن لە یوغوسلافیا و ئێراق

روویـدا. نـە دینامیزمـە ناوخۆییـەکان و نـە دەرەکیـەکان توانایـان نـەماوە کـە ئـەم سیسـتەمە ئۆلیگارشـیە جێگیرە هـەڵبگرن. لەکاتێکـدا ئەگـەر بـە تـەواوی هەڵبـژاردنی دیموکراسـی بەبناخـە بگیرێـت، واتـە یـەکانگیربوون لەگـەڵ جیهـانی هاوچـەرخدا پێـك بێـت، هـەموو مەسـەلە ناوخۆییەکانیش بەبێ رشتنی یەك دڵۆپ خوێن دەگەنـە چارەسـەری. ئەمـەش بێجگـە لەتوێـژێکی تەنگ، سەرکەوتنێکی مەزنە بـۆ هـەموو تورکیـا چـونکە یـەکێتی راسـتەقینە و پتـەوی نیشـتمانی بەبێ هانابردن بۆ توندوتیژی دەچەسپێت.

کاتێك تورکیا بەرەو ئەو بژارە دەچێت وەکو چارەسەرییەك ئەوا لەئاستی سیاسـەتی دەرەوەدا ریزێکی مەزن بەدەست دەهێنێت، بەرەنگێك کە لەڕێگەی قۆناخی دیمـوکراتیزەکردنی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتەوە ئـەنجامی زۆر بەرچـاو بەدەسـت دەهێنێـت و، گێڕانـی رۆڵـی سـەرۆکایەتی تەقلیـدی تورکیـاش لەناوچـەکەدا زیـاتر دەچەسـپێت. بەسـوود وەرگـرتنیش لـە راسـتینەی ناوچـەکە، کـە بەتـەواوی نەچەسـپاوە دەتوانێـت بگاتـە ئاسـتی نیشـتمانێکی سـەربڵند، بـەرەنگێك کـە پـەیمانی ئەمەریکی ـ ئیسرائیلی گوێڕایەڵی قسەکانی بێت. بەمەش دەکەوێتە سەر ئەو رێڕەوەی کە کۆمـار لەسەرەتادا بۆخۆی رەنگرێژ کردبوو، کە لەبـەر هۆکـارە زانراوەکـانیش نـەیتوانی ئـەوە بـەردەوام بکات و، کاروانی سەربەخۆیی و دەسەڵاتیش دەگاتە تاجی دیموکراسی.

بێگومان ئەو قۆناخەی ریفۆرمە دیموکراسیەکان کە لـەم سـاڵانەی دواییـدا پێشکەوت گرنگی خۆی هەیە. بەڵام ئەو دوودڵیەی لە مەسەلەی کوردیدا هەیە، کە دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی هێز لەناوخۆ و دەرەوەدا، وای لێ دەکات بەبەردەوامی سەقەت بێت. ئـەو خاڵـەی لـەباکووری ئێـراقیش پێـی گەیشـت، ئـەوەی زۆر بـەڕوونی دەرخسـت کـە کارەکـان هـەرگیز بـەو رەنگـە بـەڕێوە ناچێت، تورکیایەکی دیموکراسی بەهەموو ماناکانی ئەم وشەیە بەتـەنها لەڕێگـەی ریفۆرمـەکانی دەربـارەی کوردان بەدەست دەهێنرێت. کاتێك کۆماری تورکیا دەسـت بـە ریفۆرمـەکانی دەکـات سـەبارەت بـە کورد، پێویستە ئەم تایبەتمەندیانە لەبەرچاو بگرێت.

١ ــ ناسـیۆنالیزمی نیشـتمانی تـورکی لەڕێگـەی تێـڕوانینی بـۆ پرسـی کـورد بەشـێوەیەکی ستراتیژی مانای راستی خۆی بەدەست دەهێنێت، هەر وەکو ئەوەی ئەڵپ ئەسڵان و یـاوز سـەلیم و مستەفا کەمال گرتیانە بەر. مرۆڤ ناتوانێت ببێتـە نیشـتمانپەروەرێك لەڕێگـەی پشـت بەسـتن بـە رەوتـی ئـایینی تونـدڕەو و ناسـیۆنالیزمی شـۆڤێنی کـە لـەپێناوی پاکتـاوکردنی چـەپ و ناسـنامەی کوردیـدا، ئۆلیگارشـیەت هـانی دەدا. ئـەم رەوتانـەی کـە هاریکـاری دەرەکیـان لـە ئیمپریـالیزم و

ناوخۆیشیان لە ئۆلیگارشیەت وەرگرت، بۆ هاندانیان دژی سۆسیالیزمی بونیادنراو و ئازادیە دیموکراسیەکان. رۆڵی خۆیان وەکو هێزێکی جیاخواز و پارچەکەر دەبینن لە مەسەلەکانی یەکێتی و پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی دا. نکوڵی کردن لەبوونی کۆمەڵە گەلێریەکان زەمینە دەرەخسێنێت بۆ ترسناکترین شێوازەکانی جیاخوازی و، هەستی دوژمنایەتی پتەو دەکات و، بوار دەکاتەوە لەبەردەم شەڕدا. بەپێچەوانەی ئەوە نیشاندانی ڕێز بۆ هەموو کۆمەڵە و ناسنامە و باوەڕ و هزرەکان، دەبێتە زەمینەیەکی پتەو بۆ نیشتمانپەروەری و یەکێتی نیشتمانی.

٢ ــ پێویستە تواندنەوەی بەزۆر کۆتایی پێ بهێنرێت و، خۆویستی (طوعیة) بەبناخە بگیرێت. پێداویستیەکانی ژیانیش بۆخۆی زمان و کولتوور دابین دەکات. پێویستە فرە زمان و کولتوور بەسەرچاوەیەك بۆ دەوڵەمەندی دابنرێت و، پێشکەوتنی زمان و کولتوورەکان لە نیشتمانێك یان دەوڵەتێك هۆکارێکی بناخەیی و پێوانەیە بۆ ئاستی شارستانی تیایدا. تواندنەوە لەهەمان بۆتەدا، نە کارێکی شیاوە و، نە سوودی دەبێت بۆ ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵکو لەهەمان کاتدا دەبێتە هۆکاری پیس بوونی زمان و کولتوورەکان و مانای خۆی لەدەست دەدات. رێڕەوی سەرەکی سەردەم بریتییە لە پاراستنی هەموو ناسنامە گەلێریەکان و کولتوورەکان، لەناو ئەوانە بوونەوەرە ئیکۆلۆژیەکانیش، بەزۆر کورد کردنە تورك، پاکژی تورکەکانیش خراپ دەکات. کە لەدوایدا خڵتەیەکی ناشیرینی لێ دەکەوێتەوە، کە نە کوردە و نە تورکە. جووتبوونی سروشتیش دەوڵەمەندی و جوانی لێدەکەوێتەوە و، زۆرلێکردنیش نەخۆشی لێ دەکەوێتەوە.

٣ ــ مۆرکردنی هەموو پێك هاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، بەمۆری تورکی بەشێوەیەکی هەرەمەکیانە و، زیادکردنی هزر و هەستی شۆڤێنی توندڕەو لەسەری، بەپلەیەکی مەزن دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی دووڕوویی و ساختەکاری زیاد دەکات. ئەمە و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو تاکانەی کە سنووری سەرانسەریەت و دوو ڕوویی دەرباز دەکەن و دەبنە خاوەنی چەند روویەك، هیچ مانایەکی نابێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەی مەزنی جیهانی تورکی و کولتوورەکەی بۆخۆی تێر دەکات، بەڕەنگێك کە پێویست نییە ژمارە و گروپی نوێ بۆخۆی زیاد بکات. لەجیاتی پیس کردنی پێك هاتەی ناوخۆیی، ئەرکێکی مەزنتر و بەنرختر چاوەڕێیان دەکات، کە ئەویش دیموکراتیزەکردنی ئەو بونیادانە و بڵندکردنی ئاستی رۆشنبیرییە.

لەئەنجامدا؛ ئەو تورکیایەی کە دیموکراتیزەکردنی خۆی بە ریفۆرمی کوردی تەواو کردووە جێگەی خۆی لە یەکێتی ئەوروپادا دەگرێت، وەکو پێداویستیەك لە پێداویستیەکانی شارستانی هاوچەرخ. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریش لەسەرەتادا هێزی کاریگەری خۆی لەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، لەدواتریشدا لە وڵاتانی بەلقان و قەفقاسیا و ناوەڕاستی ئاسیادا بڵند دەکات. بەم رەنگەش دەتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێ کە شایستەی مێژووەکەیەتی و، بە هەنگاوی ساغڵەم و پتەو بەڕێدا بچێت بەبێ هیچ سەقەتیەك. ئەمە لەجیاتی ئەوەی لە شاڵاوی دیموکراتیزەکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مێژووی دەست پێشخەری لەدەستی ئەمەریکا و هێزە مەزنەکانی تردا بهێڵێتەوە، ئەوا لەڕێگەی برایەتی ستراتیژی لەگەڵ کوردان دەگاتە ئاستێکی پتەو و بڵند. بەتەواوی وەکو چۆن لە قۆناخە مێژووییە هەستیارەکاندا دەرکەوتووە. هیچ پێشکەوتنێکی مێژوویی پێك نایەت، ئەگەر مێژوو لەبەرچاو نەگرێت. ئەگەر پێکیش بێت بەردەوام نابێت. دوای بینین و تێبینی کردنی بەناو یەکدا چوونی مێژووی کورد و تورك لەگەڵ یەکتریدا بەشێوەیەکی باش، بەتەنیا لەسەر ئەم بناخانە دەکرێت پەیوەندیەکانی کورد و تورك یەکتری بەهێز بکەن، لەجیاتی تواندنەوە و تەواوکردنی یەکتری. بەدەست هێنانی هەریەکەیان بۆ هێز، مانای بەهێزبوونی ئەو تریانە و، ئەمەیە رەوشی پێگەیشتوو. بەهۆی ئەو بێ شانسیەی کە لە رابردووی نزیك و، پیلانی دەرەکی و بەرژەوەندی رۆژانەی تەنگەوە دەرکەوت، پێویستە ئەم مێژووە ستراتیژی و مەزنە لە ناوەرۆکی خۆی پووچ نەکرێتەوە.

لەکاتێکدا ئەم سیاسەتە پشتگیریەکی چارەنووس سازە بۆ هەموو جیهانی تورکی. ئەوا پێویستە هەمان پشتگیریش بداتە یەکێتی کوردان، جیاکردنەوە لەنێوان گەلان بەئامانجی بەڕێوەبردنیان و دەسەڵات کردن بەسەریاندا، تایبەتمەندی ئیمپریالیزمە. هەربۆیە پێویستە سیاسەتی بناخەیی گەیاندنی گەلانی برا بێت بە یەکتری. ئەمە و پێویستە بەئامانجی سارێژکردنی برین و ئازارەکانی رابردووی نزیك، بەشێوەیەکی بەرفراوان دەست بە سیاسەتی لێبووردن لەیەکتری بکرێت. هەنگاونان بەرەو قۆناخی نوێ و سەدەی بیست و یەکەم بەئاشتی و برایەتی و رزگاری بون لە زنجیرەکانی رابردوو، دەبێتە ژیانی ئازاد و شایستە و بەشەرەف کە بەرەو سەرکەوتنمان دەبات.

ئەگەر بمانەوێت بەزمانێکی سیاسی بەرجەستە و پاراو ئەوە شی بکەینەوە، دەتوانین بڵێین بۆ پێك هێنانی پێگەیشتن لەنێوان دیموکراتیزەکردنی تورکیا و ریفۆرمی کوردیدا پێویستە:

**خـاڵی یەکـەم؛** پێویسـتە وەرچـەرخانی شۆڕشـگێڕی لـە زهنیـەت و ویـژدان و هەڵوێسـتی بەڕێوەبەرایەتی دا پێك بێت. ئەو مێژووە هاوبەشەی کە هەردوو دیاردەی تـورك و کـوردی تیـادا پێـك هـات، هـەروەها مەرجـەکانی ئێسـتاش، توانـا و زەمینـەی پێویسـت پێشـکەش دەکـەن بـۆ پێکهێنانی ئەو کارە. کەلـەپووری دامەزرانـدنی کۆمـاریش کـە پشتی بەسـتبوو بـە سـەرۆکایەتیەکی زانستی، ئاماژەی بە پرەنسیپی سەرەکی پێویست دەکرد. ووتـنی "ڕێنیشـاندەری سـەرەکی لەژیانـدا زانستە" ئاماژەیەکی روون و ئاشکرایە بۆ پرەنسیپی سـەرۆکایەتی. نزیکبـوونی زانسـتی و پەسـند کردنی هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەرچاوترین سیمای بەڕێوەبەرایەتیـە هاوچـەرخەکانە، کـە کراوەیـە بـۆ سازشـی دیموکراسـی. پێویسـتە لـەبواری نـاوڕۆك و رووکـەش دا سـەرۆکایەتییە دیموکراسیەکان پێك بهێنـرێن، لـەو کاتـەی کـە کـار دەکرێـت بـۆ دەربـازکردنی زهنیـەتی شۆڤێنی تـورکی و ئـایینی سـەرەتایی و ناسـیۆنالیزمی سـەرەتایی کـوردی، کـە بەتـەنیا بریتیـە لـە شـێوازی جیـاوازی دۆگمـاتیزم و کاریگـەری خـۆی لەسـەر رێبەرایەتیـەکانیان دانـاوە، لەڕێگـەی چـەمك و سیاسـەتە کلاسـیکیەکانی چـەپ و راسـت و لیبرالـی و ئاینیەکانـەوە. زەمینـەی عیلمـانی یاسـایی کۆماریش، هێزی زهنی و سیاسی و یاسایی پێویست دەبەخشێت بـەم سـەرۆکایەتیانە. پێویسـتە لەبەرامبەر هەوڵەکانی سیستەمی ئۆلیگارشی، تێکۆشانی رێکخستنی سیستەمی دیموکراسی پێوانـە و ئەرکی بناخەیی بێت بۆ سەرکەوتنی رێبەرایەتی هاوچەرخ لە کۆماردا.

**خاڵی دووەم؛** بۆ سەرلەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لەکۆماردا، پێویستە جەسارەت و ووردبوونەوەیەکی مەزن نیشان بدرێت. هەروەکو چۆن سەرلەنوێ بیناکردنەوە بێگومـان بـەمانای "دژایەتی کـردن لەگـەڵ یـەکێتی دەوڵـەت و نیشـتمان" نایـەت، ئـەوا بەپێچەوانەی ئـەوە بـەمانای یەکێتی دیموکراسی بۆ وڵات و دەوڵەت و کۆمەڵگا دێت بەهەموو هێز و دەوڵەمەندی کولتووریەوە، لەچوارچـێوەی چـەمکی نیشـتمانی هاوبـەش و لەسـەر بناخـەی پێوانـە دیموکراسـیەکان. ئەمـەو پێویستە دان بنرێت بەهەموو دەزگا دیموکراسیەکان کە لەهەموو بـوارە کۆمەڵایەتیەکانـدا بـوونی هەیە و، هەروەها هان بدرێت و پشتگیری لێبکرێت گرێدراو بە دەربـازکردنی ئـەو دەزگایانـەی کـە پێکهاتەیەکی فیوداڵیـان هەیـە و، وەرچـەرخانی زهنی هاوچـەرخانەی بەسـەردا بهێنرێت، لەسـەر بناخەی پێکهاتەی کولتووری کوردان، کـە بەشـێکی جیانەکراوەیـە لـە یـەکێتی دیموکراسـی کۆمـار. ئەمەیە گەوهەری راستیانەی هەڵوێستی برایەتی. ئەو گرێدان و پشتگیرییەی بەدرێـژایی مێـژووی کوردان لەبەرامبەر قەوارەی تورکی نیشانیان دا، شایانی هەڵوێستێکی بەو رەنگەیـە. ئەمـە لەگـەڵ ئەوەی کە پێویستە هەوڵدانی کوردان بۆ ئازادی و گرێدان بە دەزگا و پرۆژە دیموکراسیەکانیان لە

هەموو بوارەکاندا پەسند بکرێت. ئەمەش پێداویستیەکە دەستی لێ هەڵناگیرێت بۆ چەسپاندنی یەکێتیەکی پتەو، بەڵکو ئەمە گوزارەی بەرجەستەیە بۆ ریفۆرمی کوردی. هەروەها پێویستە زەمینەیەکی یاسایی دابمەزرێت لەڕێگەی ریفۆرمی یاسا نیشتمانیەکان، کە لەگەڵ یاسای گەردوونی پێویست دا یەکانگیر ببێتەوە.

**خاڵی سێیەم**؛ بۆ ئەوەی ئەو تەنگژەیەی کە وڵات بەدەستیەوە دەناڵێنێ و، لەسەر هەموو ئاستەکان دەبینرێت، ئەنجامی زۆر خراپی لێ نەکەوێتەوە، پێویستە هەندێك تەگبیری یاسایی و سیاسی بناخەیی بگیرێت. هەروەها پێویستە هەندێك هەڵوێست نیشان بدرێت کە کوردەکانی ئێراق لەسەر بناخەی چارەسەری دیموکراسی قازانج بکات. ئەمە و ڕێگەی راست و دروستیش بۆ ڕێگەگرتن لە دەربازبوونی چڕوپڕی هێزەکانی KADEK ـ PKK، کە لەئەنجامی زۆریەکانەوە دەردەکەوێت و، ژمارەیان نزیکەی ١٠ هەزارە و بە ڕەنجێکی مەزن راوەستانی شەڕ دەپارێزێت، بریتیە لە (بەشداربوونی دیموکراسی و ئاشتی)، ئەویش لەڕێگەی ڕەنجێکی سیاسی و یاسایی بەردەوامەوە. پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە یاسای پەشیمانی تەنگ و جواداخواز و کۆن، لەوانەیە ڕۆڵێکی پێچەوانەتر ببینێ. ئەمەو بوار دان بۆ هەموو ئەوانەی کە چارەسەری دیموکراسی بۆخۆیان بەبناخە دەگرن و دەیانەوێت لەگەڵ کۆماردا ئاشت ببنەوە و، دەست بەردەدەن لەهەموو شێوازەکانی توندوتیژی و دەرکەوتن لەیاسا، ئەرکێکی سیاسیە و دەستی لێبەرنادرێت بۆ رزگاربوون لەو تەنگژە خنکێنەرە و دەربازکردنی سیاسەتەکانی IMF (سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی).ئەمەش لەچوارچێوەی یاسای "بەشداری دیموکراسی و ئاشتی".

پێداگرتن لەسەر دژایەتی کردنی ئەم کارانە دەبێتە هۆکاری وەرچەرخانی تەنگژەکە بۆ بەرەڵڵایی و بێکاری و بڵاوبوونەوەی هەژاری و کێشە کۆمەڵایەتیەکان و، توندوتیژبوونی ئاڵۆزییە سیاسیە ناوخۆییەکان و، خراپ کردنی بارودۆخی سازش بەشێوەیەکی تەواو. لەدواییدا لەجیاتی دەرکەوتنی کۆمارێکی عیلمانی و دیموکراسیەتێکی کۆمەڵایەتی کە یاسا بۆخۆی بەبناخە بگرێت، دەبێتە هۆکاری ئانارشیزم و ئەو ئۆلیگارشیەتەی کە بەرەو بەکارهێنانی توندوتیژی دەچێت و ئەمەش لەکۆماردا ریشەیی دەکات. بەڵام کەوتنی کۆمار و رزینی لەم ڕێیەدا، تەنیا مانای دابڕان دەدات لەشارستانیەتی هاوچەرخ و، بەتەواوی دوورکەوتنەوەیە لە ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا و، لەئەنجامی ئەو پێکدادانەی لەمەسەلەی کورددا دەردەکەوێت شەڕێکی چڕکراوەی مام ناوەندی لێ دەکەوێتەوە. بەمەش هەنگاوی کۆتایی لە هەوڵەکانی نەتەوەپەرستی سەرەتایی کوردی بەپشتگیری و هاوکاری هێزە مەزنەکان بۆ بەدەوڵەت بوون پێك دێت. هەروەها زۆر لەو کێشانەی کە لە

دراوسێکانەوە سەرهەڵدەدات خۆی دەسەپێنێت. لەسەرووی ئەمانەشەوە قوبرس و کێشەی ئەرمەنی. ئەو ئەنجامەی رووبەڕووی تورکیا دەبێتەوە، کە لەبواری ناوخۆیی و دەرەکی تووشی تەنگاوی و هەژاری بووە و بێکاری و ئەو پێکدادانە تیایدا زیاد بووە کە بەتەواوی دابڕاوە لە سازش و لەیەکتر بوردن، ئەوەیە ببێتە یوگوسلافیایەکی نوێ یان پێشکەوتنی لەجۆری ئێراق بەخۆیەوە دەبینێ.

بۆئەوەی کۆمار نەکەوێتە رەوشێکی خراپی بەم رەنگە و، بوار بەوە نەدرێت، پێویستە لەسەر هەر تاك و کۆمەڵە و دەزگایەك زۆر هەستیارانە و بەگوێرەی پێداویستیەکانی هاووڵاتێتی ئازاد و راستەقینە ئەوە پێك بهێنێت کە لەسەر شانیەتی. لێرەشدا ئاماژە بۆ پێویستی گرنگی مەزنی هەوڵەکانی سازشە، کە راستیەکان بە قووڵایی تێدەگات، دادوەرە و، پشت دەبەستێت بە لێبووردن. هەورەها پێویستە لەسەر هەموو دەزگا پەیوەندیدارەکان لەدەوڵەت و حکومەت و هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، کە هەموو توانا و لێهاتوویی خۆیان نیشان بدەن لەپێناوی چارەسەریدا، لەگەڵ ئەوانەی خەریك دەبن بەم قۆناخە چارەنوس سازەوە.

من وا باوەڕ دەکەم ئەو ئەرکەم پێك هێنا، کە هاووڵاتێتی ئازاد لێم دەخوازێت، دوای ئەوەی لە قۆناخی مانەوەم لە ئیمرالی ئەم هەڵوێستانەم یەکلایی کردەوە و، هەوڵمدا بەگوێرەی توانا پراکتیزەیان بکەم. ئەوەش بەڕوونی دیارە کە ئەو هەولانەی پشتگیری ئەوە دەکات هاندەر دەبێت بۆئەوەی هەوڵ و رەنجەکانم لەم بوارەدا بگاتە سەرکەوتنی مسۆگەر. کارکردن لەگەڵ یەکتردا دەبێتە هۆکاری ئەوەی هەوڵەکانم ئەنجامی پێویست بەدەست بهێنێ. ئەو هەلوێست و پێشنیارانەی کە لە پەنجەرەی تورکیاوە پێشکەشم کرد پێداویستیەکە لە پێداویستیەکانی ئەو هەڵوێستەم، کە وەکو بەندێکی تایبەت و بەفراوان دەربارەی دیاردەی کوردی و هێزە بەرپرسیارەکان، وەکو ئەنجام دەیخەمە روو. بەمەش وەڵامی پیلانگێڕی ئەسینا لە قۆناخی ئیمرالیدا تەواو دەکەم.

**و ـ** کوردان کەوتوونەتە قۆناخێك کە لەهەموو کاتێکی تر زیاتر لەمێژووویاندا لەئازادی نزیك بوونەتەوە. دوالیزمی ئازادی ـ کۆیلایەتی کە لەسەر مێژووی کوردان بەتەواوی زاڵە. بەشێوەی خیانەتی زۆر و ژمارەی خائینان، تایبەتمەندی خۆی لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا دەپارێزێت. بێبەش بوون لە زهنیەتی بەهێز و بەدەست نەهێنانی بەشی پێویست لەپەیمانە تۆکمەکان، وەکو لاوازی و ترسێکی مەزن بەردەوام دەکات. گرانیشە هەر لەسەرەتاوە و بەشێوەیەکی کۆتایی بڕیار بدەین

لەسەر شێوازی نوێ، جا بۆ ئازادی یان كۆیلەداری بێت. هەردوو ڕەوتەكە لە كیشمەكێش و پێكدادانی بەردەوامدان و، بەردەوامیش دەبن لەوەدا وەكو پێداویستیەكی مێژوویی.

تا ئێستاش چینی سەرووی كوردی بەكرێگیراو تاكە بوار بۆ بەردەوام كردنی ژیان لەو هەلۆیستانەدا دەبینێت كە پشت بە دەرەوە دەبەستێت، ئەمە لەپێناوی بەرژەوەندیە تەسكەكانی و تێركردنی هەست و ئایدیۆلۆژیا نەتەوەییە سەرەتاییەكەی، لەناوچەكە و لە جیهانیشدا. لێرەشدا ئاماژە بەو شاڵاوە دەكەین كە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی كردۆتە ئامانج و، بەرێبەرایەتی ئەمەریكا و ئینگلتەرا و ئیسرائیل پێك هات. كە زۆر بەخۆشیەوە بەپیریەوە چوو وەكو بلێی ڕۆژی جەژنیەتی. لەگەڵ هەموو هێزەكانـدا ئـەوەی لەدەستی هات پێكی هێنا بۆ بەردەوام كردنی بەكرێگیراوێتی تەقلیدی. بەلام هێزە گەلێری و هەلۆێستە دیموكراسیەكان لەناوەرۆكدا پەسند ناكات. بەڵكو هەوڵ دەدات زیانی پێ بگەیەنێت و ئەگەر بواریش هەبێت بێ كاریگەری بكات. ئەگەر نەیتوانی ئەوە بكات و هیچ ڕێگایەكی تری نەما، ئەو كاتە دێت پەیمان و سازشی دیموكراسی لەگەڵ هێزە گەلێریەكان دا دەبەستێت.

چینە گەلێریەكان بۆ یەكەمین جار لەمێژوویاندا كەوتوونەتە ناو بارۆدۆخێكەوە كە بەڕووی دیموكراسیەت دا كراوەتەوە. بەدەست هێنانی ئازادیش لەنزیكەوە گرێدراوی ئەو شۆڕشە زهنیەیە كە ڕێبەرایەتیەكانی پێكی دەهێنن و، هەروەها ئەو ڕەنجەی دەدرێت بۆ گەیشتن بەو دەزگایانەی كە ڕزگاری بووە لە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی و خەیاڵی چەپی كلاسیكی. ئەمە لەگەڵ ئەو ڕەنجە هاوبەشەی دەیدات لەگەڵ دراوسێكاندا لەپێناوی ئازادیدا. هەوڵەكانی دامەزراندنی دەزگای دیموكراسی تایبەت بەخۆی ئەركێكی زیندوو و چارەنوس سازی نوێیە، لەم قۆناخەدا مانای خۆی هەیە. پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت كە ئەوە جیاوازە لە هەوڵەكانی چینی سەروو كە دەیدات لەپێناوی دەوڵەتێكی كارتۆنی، ئەگەر ووردەكاری زیاترمان بوێت:

١ ـ بەگشتی هەموو كوردان، بەتایبەتیش گەلی كورد و هێزە ڕۆشنبیرەكان، پێویستە لەسەریان وشیاربوونەوەیەكی ڕاست و دروست و بەتوانا پێك بهێنن دەربارەی بوونی كولتووریان، كە بەیەكێك لە بەرهەمەكانی مێژوو دادەنرێت، شۆڕشی زهنیش لەبناخەدا پێكهێنانی ئەم وشیاربوونەوەیەیە.

مێژووی كورد كە لە ٢٠ هەزار ساڵ پ.ز دەستی پێكرد، بەنزیكی دوای سەردەمی سەهۆڵبەندانی نوێ و، لە زنجیرە چیاكانی زاگرۆس ـ تۆرۆس دا دامەزرا و، وەكو بەرهەمێك لە

بەرهەمەکانی "شۆڕشی نیۆلیتیك" پێك هات کە لەدوای سەردەمی میزۆلۆتیك لەساڵانی هەزارەی دەیەمی پ.ز لەسەر کەناری ئاوەکان و، دەشت و باخچە و تەپۆلکەکان دەرکەوت و، ئەمڕۆش لەژێر ناوی جیاجیادا دێتە پێشمان. لەگەڵ شارستانیەتی سۆمەریدا دەست پێدەکات کە کوردان ئەندامێکی دامەزرێنەری سەرەکی بوون تیایدا. لەگەڵ پەسندکردنی ئەم پێشەکیە بەم شێوەیە، بەو پێیەی کە سەرەتای مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکردنی نوسین. دیاریکردنی کولتووری ئاری بەوەی نوێنەری گەل و کۆمەڵگا "خانی یەکەمی سەرەکی" دەکات کارێکە دەمانگەیەنێتە رێنمایی مێژوویی راست، بەو پێیەی کولتووری کۆنترین کۆمەڵگایە کە نیۆلیتیکی خوڵقاند و تا ئێستاش تایبەتمەندیەکانی دەپارێزێت، ئەگەر لەسەر شێوازی کۆنیش بێت. مێژووی کورد تایبەتمەندی رێڕەوێکی چەسپاوی هەبووە وەکو هێڵی شەمەندەفەرێك، کە لەسەرەتاوە دەرکەوت، هەر لەبەرخودانیە بەردەوامەکانی دژی شارستانیەتی چینایەتی و، خۆ خستنە قاوغ و، پاشەکشە بۆ هاریکاری و هاوپەیمانێتی، وەکو بڵێی لە کولتووری نیۆلیتیکدا چەقی بەستووە. ئەم مەیلانە کە لەگەڵ سۆمەریەکاندا دەستی پێکرد، لەگەڵ ئیمپراتۆریەتەکانی بابلی و ئاشووری و ئۆرارتۆ و پارسی و هێلینی و رۆمانی و بێزەنتی و ئیسلامی عەرەبی و ئێرانی تەنانەت ئیمپراتۆریەتی تورکیش دا بەردوام بوو. ئەمەش لەگەڵ ئەو بەناویەکداچوونەی لەگەڵ زۆر لە کۆمەڵە گەلێرییە کولتووریەکاندا پێك هات، جا لەژێر دەسەڵاتی سیستەمی کۆیلەداری بێت یان فیودالی، هەتا رۆژی ئەمڕۆشمان بەردەوامە.

کوردان کە نەیانتوانی لەم دوو سەدەیەی دوایی شارستانی سەرمایەداری ئیمپریالیدا دەوڵەتی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن، کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی نوێی ئێرانی و عەرەبی و تورکی کە زیاتر مۆرکی نەتەوەییان هەیە، دوای ئەوەی بێ هێز بوون و توانای خۆیان لەدەستدا لەو راپەڕینانەی کە هەموویان سەرکوت کران. ئیتر رووبەڕووی لەناوچوونێکی تەواو بوونەوە لە مێژوویاندا. ئەمە بەبێ ئەوەی هیچ مافێکی یاسایی تایبەت بەخۆیان و گرانیەکی بەرچاویان هەبێت و، بەبێ ئەوەی هێزێکی خاوەن گرانی پێك بهێنن، یان پێکهاتەی کولتووری خۆیان بەشێوەیەك لە شێوەکان پێش بخەن. بەڵام ئەو بزوتنەوانەی کە لەم قۆناخەدا دژی ئەم رێڕەوە دەرکەوتن، نەیانتوانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دابمەزرێنن، لەلایەك لەبەر نەبوونی بناخەکانی چینی گەلێری و بۆرژوازی هاوچەرخ و، هەروەها نەبوونی دارشتنی ئایدیۆلۆژی و سیاسی پێویست. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو رەوشە خراپەی کە لەپێکهاتەی جوگرافی شومەوە بەمانای سیاسی هاتووە، ئیتر پێکهاتەی عەشایری و ئاییني و فیودالی و خێزانی و خانەوادە

کۆنەکان هەڵدەوەشانەوە، کە ئەمەش بارگرانی ڕەوشی کوردی زیاتر دەکرد. ئەم کۆمەڵگایەی لەژێر باری سیاسەتی تواندنەوە دووچاری تەنگژیەکی خنکێنەر بۆوە و، پاڵی پێوەنرا کە لەگەڵ خۆیدا بکەوێتە ناکۆکیەوە، بەڕەنگێك کە ئەم ڕێڕەوە مێژووییە و تایبەتمەندیەکانی مۆری خۆی لەپرسەکەش دا. بەم مانایە پرسی کورد ئەوەی دەرباز کرد کە کێشەیەکی نەتەوەیی بێت و، بوو بە کێشەی دیموکراتیزەکردن و بەگەلبوونی نیۆلیتیك و فیوداڵی و عەشیرەتە پەرتەوازەکان.

زۆر گرنگە ئەو جیاوازیە بناسرێت کە لەنێوان ڕەنجی چینی کوردی سەرودا هەیە، هەر لە بەکرێگیراوی لەگەڵ وڵاتە باڵادەستەکان و تواندنەوە تیایاندا و، یان هەوڵدان بۆ دەوڵەتێکی جیاواز کاتێك بواریان بۆ بڕەخسێت. لەگەڵ هەوڵەکانی کۆمەڵە گەلێریە کوردیەکان بۆ دیموکراسیەت. چونکە جیاوازی گەورە و بناخەیی هەیە، لەبواری ناوەڕۆك و ڕووکەشیشدا، لەنێوان هەوڵە چڕوپڕەکانی بە دەوڵەتبوون لە کوردستانی ئێراق و، هەوڵەکانی دامەزراندنی دیموکراسی بەشێوازێکی فراوان لە کوردستانی تورکیا. هەوڵەکانی بەدەوڵەتبوون لە کوردستانی ئێراق، کە لەبناخەدا پشتگیری لەئەمەریکا و ئینگلتەرا و ئیسرائیل و وڵاتە جیاوازەکانی یەکێتی ئەوروپا وەردەگرێت و مەبەست لێی دابین کردنی چاودێرییە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خولقاندنی هاوپەیمانێکی ستراتیژی بۆ ئیسرائیل. جا ئەگەر ئەو دەوڵەتە فیدرالی بێت یان سەربەخۆ، ئەوا بەم ڕەوشەی ئێستای ناتوانێت خۆی لەوە ڕزگار بکات کە نەبێتە دەوڵەتێکی کارتۆنی. هەروەها دوورە لەبوونی بناخەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری پێویست و، ئەگەر هاریکاری هێزە دەرەکیەکان نەبێت، تەنانەت بۆ یەك ڕۆژیش، ناتوانێت لەسەر پێ خۆی ڕابگرێت. تواناکانی لەم بوارەدا لاوازە و، لەوانەیە زیاتر بچەسپێت و چینێکی بۆرژوازی کوردی دەربکەوێت وەکو ئەوەی لای عەرەب، تورك، عەجەم هەیە، ئیمپریالیزم و ئیسرائیلیش توانایان هەیە بارودۆخی ئەوە فەراهەم بکەن. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە ئۆپەراسیۆنی دوایی ئێراق ئەوەی بەئامانج گرتووە و دەخوازێت تیایدا سەربکەوێت. لەقۆناخی دواتردا لەوانەیە ئەم کارە کۆکردنەوەی کوردەکانی ئێران و سوریا و تورکیا لە دەوروبەری ئەم ناوکە بەئامانج بگرێت، بۆئەوەی بەرنامەکەی پێك بهێنێت لە بەرفراوانکردنی چوارچێوەکەی بۆ شێوازی کوردستانی گەورە. نەتەوەپەرستی سەرەتایی کوردیش ناچارە بەگوێرەی ئەم بناخەیە هەڵسوکەوت بکات. چونکە دوورە لە تایبەتمەندی دیموکراسی. یان دەوڵەتێکی کارتۆنی دادەمەزرێنێت، یان لەبۆتەی دەوڵەتی دەسەڵاتداردا دەتوێتەوە و دەبێتە بەکرێگیراو. ئەمە ناوەڕۆکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەتی. لەکاتێکدا کار دەکات بۆ بیناکردن و چەسپاندنی دەوڵەتی خۆی لەئێراقدا، ئەوا

هـەوڵ دەدات بـۆ پتـەوكردن و ڕاكێشـانی بەشـە بـەكرێگیراوەكان بـەرەو خـۆی، كـە لەدەوڵـەتی نەتەوەیی سەردەست دا، لەئێران و توركیا و سوریادا بوونیان هەیە. بۆ ئەوەی كاتێك بـوار ڕەخسا بیانهێنێتە ناوخۆیەوە و، هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا بكات. هەربۆیـە هـەموو شـێوازەكانی چۆكدادانی ووردو قرێـژ لەبەرامبـەر ئیمپریـالیزم و وڵاتـانی ناوچـەكە پێشـكەش دەكـات. جارجـاریش وەكـو ئـامرازێكی سیاسـەتی چۆكدادان شـێوازەكانی توندوتیـژی نیشـان دەدات. هـەمان سیاسـەتی ورد و توندوتیژ لەبەرامبەر گەل و هێزە ڕزگارییە گەلێرییەكان بەكار دەهێنێ و، وا هەڵسوكەوت دەكات وەكـو بڵێـی داواكـاری دیموكراسـی ڕاسـتەقینەی گـەل بـوونی نییـە، یـان ئـەو نوێنەرایـەتی دەكـات، بەڕەنگێك كە وا كۆبوونەوە و كۆنگرەكانی خۆی نیشان دەدات وەكو بڵێی دەگەڕێتەوە بۆ گەل.

ئەوە ئاشكرایە كە هـەموو هێـزە گەلێریـەكان لەكوردسـتان، لـە كـورد و كەمەنەتـەوەكانی تـر، ڕووبەڕووی ئەركێكی مێژوویی بوونەتەوە كـە بریتییـە لـە دارشـتنەوە و پێشكەشـكردنی پـرۆژەی ڕزگاری سەرتاسەری ئەلتەرناتیف لەبەرامبەر ئەم پێش هاتە نوێ و مێژوویيانـەی چینی سـەروو. ئەگینا لەوانەیە بە كاریگەری هەستی نەتەوەیی بەرژەوەندیە خۆییەكانی لـەپێش ئـەوەی لـەدایك ببێـت دووچـاری تێـك شـكان ببێتـەوە. وەكـو چـۆن لـەزۆر نمونـەی تـری جیهانـدا بینـراوە. تێـك شكاندنی ئەم یاریە و پووچەڵكردنەوەی لە كوردستان دوای ئەوەی لـەزۆر بوارەكانـدا و بـۆ سـەدان جار لە زۆر لە وڵاتەكان خۆی دووبارە كردۆتەوە، ڕۆڵی كلیل دەبینێ لەپێناوی دیموكراتیزەكردنی كـورد و هـەموو گـەلانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست. هێـزە گەلێریـە كوردیـەكان بەسەرچاوە گـرتن لـە پرەنسیپەكانی خۆیان ناتوانن دژایەتی وەرچەرخانی چینەكانی سـەروو بـۆ دەوڵـەت بكـەن. بـەڵام پێك هاتـەی دژە دیموكراسـی كـە لـە لەدایكبوونـەوە لەگەڵیدایـە و نزیـك نەبوونـەوەی لـە سازشـی دیموكراسـی وای لێـدەكات لـەناو خۆیـدا مـۆركی بـەكرێگیراوی وا هـەڵبگرێت كـە ترسـناكی زۆری تێدایـە. هەربۆیـە هـەوڵ دەدات بەبـەردەوامی هەسـتە نەتەوەییـەكان دژی گـەلی كـورد و گەلـە دراوسێكان مەزن و بڵند بكاتەوە، بۆئەوەی لەنێوان ڕێبازی تەسـلیم بـوون و پێكـدادانی نەتـەوەیی ململانێی خۆی بەڕێوە ببـات. كـە لەوانەیـە ئەمـە بـوار لەبـەردەم ڕەوشـی هاوشـێوەی ئیسـرائیل و فەلەستین، سرب و بۆشناقەكان بكاتەوە. بـەو مانایـەی كـە ئـەم ڕێبـازە دەبێتـە هۆكـاری بەهـەدەر بردنـی وزەی گـەل بـۆ مـاوەی دەیـان سـاڵ و، زیـانی مـەزنی ڕۆحیشـی لـێ دەكەوێتـەوە و، دەبێتـە هۆكاری بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێ دەرەتانی و ئازار، بەمەش ژیانێكی كۆمەڵایـەتی و قـەیراناوی وا دەچەسپێت كە دەربازبوون لێی نییە. ئیمپریالیزمیش كـار دەكـات بـۆ هانـدانی ئـەم ڕێبـازە بـە

سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە" یان "کەروێشك ڕاکە و تانجی بیگرە"، بەڵام چارەسەری سەرکەوتووش دژی ئەم ڕێبازە، پرۆژەی دیموکراتیزە کردنی گەلی کوردستانە.

ئەم مەیلانەی کە دەکرێت ناوی بژارەی دیموکراسی کوردی لێ بکەین، لەدوای حەفتاکان و دەرکەوتنی PKK هەنگاوێکی مێژوویی هەڵهێنا و، پرسی کوردی بردە ئاستێکی تر. کاتێکیش ئیمپریالیزم و ئیسرائیل لەگەڵ هەوڵەکانیاندا نەیانتوانی بزووتنەوەی ڕزگاری کوردی بخەنە ژێر دەسەڵای خۆیان، هەوڵیاندا لەدوای نەوەدەکان سوود لەو بنبەستبوونە ببینن کە تورکیا لەم کێشەیەدا پێوەی دەناڵاند و، بەگوێرەی سیاسەتی لێدانی چەند چۆلەکەیەك بەیەك بەرد نزیك بوونەوە بەڕەنگێك ئەم هێزانە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لەڕێگەی توندکردن لەسەر PKK دەخوازن هاریکاری تورکیا بکەن. کە لەکاتێکدا لەڕاستیدا بەکردنەوەی بوار لەبەردەم چینی سەرووی کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەی، بەرهەمی مێژوویی زۆری بەدەست هێنا. ئیتر توانای لەسەر سینیەك لەئاڵتوون پێشکەش بەهێزی نەتەوەیی سەرەتایی کوردی دەکرد کە چواردەوری تەنگ کرابوو، پیلانگێڕی ئەسیناش زۆر بەڕوونی ئاماژە بۆ ئەو هەوڵانە دەکات، لەڕێگەی ئەو مانایەی کەلەم بەرگرینامەیەدا باسم کرد.

بەڵام دیموکراتیزەکردن لەلای کوردان لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵە دوژمنکاریانە هیچی لەخێرایی خۆی لەدەست نەداوە. بەڵکو کرانەوە بەرچاوەکان پێك هاتن، جا لەسەر ئاستی بزووتنەوە جەماوەرییە بەرفراوانەکان بێت یان لەسەر ئاستی بەدەزگابوون بێت، بەمەش زۆربەی زۆری کوردانی هەموو پارچەکان و گۆڕەپانەکانی دەرەوەی گرتەوە. ئەمەو پێویستە کرانەوەی کوردان بەڕووی دیموکراتیزەکردن و بەناویەکداچوون لەگەڵ گەلە دراوسێکان لەهەردوو ئاستی تیۆری و پراکتیکیدا هەڵبسەنگێنرێ و، بە وردی و گشتکیرییەکی مەزن بگیرێتە دەست.

پێش هەر شتێك، بزووتنەوەی دیموکراسی کوردی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتانەی کە تیایدایە بەئامانج ناگرێت، بەڵکو هەڵوێستی لەبەرامبەر ئەم دەوڵەتانە، بەرێژەی نیشاندانی هەستیاری دیموکراسی لەبەرامبەریدا لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە دەست نیشان دەکرێت. ناکرێت دیموکراتیزە کردن بەجیاخوازی و پارچەگەرێتی پێناسە بکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، هەوڵدەدات بۆ کامڵ بوونی نیشتمان و دەوڵەتی نەتەوەیی بەپشت بەستن بە یەکێتی دیموکراسی ئازاد. کورد و دەوڵەتە نەتەوەییە دراوسێکانیش، زۆر پێویستیان بە هەڵوێستێکی بەو ڕەنگەیە. چونکە لەلایەك دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دەرکەوتنی زیانە مەزنەکان کە لەشێوازی توندوتیژی بەرامبەر یەکتری و ڕەوتە نەتەوەییە توندڕەو و زۆر ترسناکەکانەوە دەردەکەوێت. لەلایەکی

تریش ئەو کێشانەی لەتاریکایی تەنگژەی خنکێنەردا بوون وەردەچەرخێنێ بۆ سەرچاوەیەکی هێز و پتەویی، ئەویش لەڕێگەی پێش خستنی ئامرازەکانی چارەسەری کە خزمەتی کامڵبوون دەکات بەبێ خوێن رشتن. نرخی خوڵقکاری مەزنیش لێرەدایە. لەڕاستیدا پێك هێنانی ئەو پێشکەوتنە مەزنانە لەزۆر لە وڵاتان وەکو ئەمەریکا و ئینگلتەرا و سویسرا، کە ئەم شێوازەی چارەسەری لە وڵاتەکانی خۆی زیاتر لە هەر شوێنێك پێش خست، لەبناخەدا دەگەڕێتەوە بۆ گرتنە بەری ئەم شێوازی  دیموکراسییە.

هەروەها پێك هاتەی کۆمەڵایەتی کوردیش پێویستیەکی لەڕادەبەدەری بەم شێوازەی چارەسەری هەیە. چونکە ئەوان وەکو گەلێك بەدرێژایی مێژوویان دووچاری توندوتیژی و هەژاری بوونەتەوە و، لاوازبوون و هەتا بچووکترین خانەیان پەرتەوازە بووە. بەبێ زانابوون و رۆحێکی دیموکراسیانە ناتوانن خۆیان کۆبکەنەوە. بەمەش هێز بەدەست دەخات و دەبێتە سەرچاوەی هێز لەناو گەلە دۆستەکاندا. ئەو گەلی کوردەی دیموکراتیزەکردنی پێکهێناوە بەواتای دیموکراتیزەکردنی گەلی تورك، عەرەب، فارس، ئاشووری، ئەرمەنی، شیشانی، ئەبازی، تورکمانی و یەهوودی دێت. کوردستانی دیموکرات واتای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دیموکراتی دەدات، کوردیش گەلێکە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی هەیە لەبواری قەڵەمبازی دیموکراسیدا. بەڵام گرێدانی هەموو ئامانج و شێوازەکانیان وەکو فەلەستینیەکان بە ستراتیژیەتێکی چارەسەری کە لەناوبردنی تێدایە، ئەوا لەدەرەوەی لەدەستدانی هێز و تواناکان هیچی تری لێ ناکەوێتەوە. بێگومان ئەنجامی کۆتاییش دیموکراسیەت دەبێت. جا زوو بێت یان درەنگ. چونکە مەحاڵە گەلان داوای چارەسەری دەوڵەتی جیاواز بکەن.

دەوڵەتی جیاواز بەبەردەوامی داوای چینی سەروو و بۆرژوازیەتە. ناکرێت گەلان بانگەشەی دەوڵەت بکەن، چونکە دەوڵەت داواکانی گەل لەبواری تیۆری دابین ناکات. دەوڵەتیش زیاتر مانای نایەکسانی و نەبوونی ئازادی دەدات. هەموو بەدەوڵەتبوونەکان لایەنی ئازادی و یەکسانی کەم دەکاتەوە و زیادی ناکات. ئەمە بێجگە لە لایەنە دژەکانی لەبەرامبەر ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم و ئۆلیگارشیەت. بەمانایەکی تر دژایەتی کردنی شێوازەکانی دامەزراندنی دەوڵەت هەڵوێستێکی بەپرەنسیپە. ئەوەی لێرەدا دژایەتی دەکرێت ئەو ئەرکەیە کە  تایبەتە بە دامەزراندنی دەوڵەت. ئەگینا ئەگەر رەوش پێویست بکات دەوڵەتێك دابمەزرێت، ئەو هەڵوێستەی پێویستە بگیرێتە بەر لێرەدا، گرێدانی ئەو دەوڵەتەیە بەهەستیاری دیموکراسی نەك دەست بەسەرداگرتن و کردنی بەموڵك.

سەبارەت بە من، ئەو ئەنجامە گرنگەی کە لە تیۆری زانستی کۆمەڵگادا پێی گەیشتووم، گەلە زەحمەتکێشەکان هەڵوێست و ئامرازی بەدەوڵەتبوون بۆخۆیان بەبناخە ناگرن. بەڵکو ئامرازی بناخەیی گەلان شێوازی کۆردینەی دیموکراسی و ئیکۆلۆژی کۆمەڵگاکانە، بەپێی پێداویستیش ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دادەمەزرێنرێت. ئەمەیە تێڕوانینی پێشکەوتنی پلە بەپلەی دیموکراسیەتی هاوچەرخ. بەڕەنگێك کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا نمونەی دەوڵەتی کلاسیکی دەرباز دەکرێت، وەکو چۆن لەسەرەتادا لە یەکێتی ئەوروپا روو دەدات. بەڕەنگێك کە دەچێت بەرەو دامەزراندنی پەیمانی ئەوروپا. ئەمەش بوو بە پرەنسیپێکی بناخەیی بۆ دوورکەوتنەوە لە دەوڵەتی کلاسیکی و رزگاربوون لە قەیرانەکان. ئیتر فۆرمیلەی "چەندە دەوڵەتەکان کەم بن، چارەسەری زێدە دەبێت"، بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوە.

بەکورتی پرۆژەکانی چارەسەری دیموکراسی سەبارەت بە گەلی کورد ئامرازێکە ناکرێت دەستبەرداری لێ بکرێت، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و، پێشکەوتنە هاوچەرخەکانەوە. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر لەبەر بەشبوون بۆ چەند پارچەیەکی جیاواز لەگەڵ گەلانی دەوڵەتە نەتەوەییە دراوسێکانی ناوچەکە و ئەو بەناویەکداچوونەی پێك هاتووە، هۆکاری تری گرنگتریش کە بە توندی پاڵ بەم رێیەوە دەنێت پێداویستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەدیموکراسیەت، وەکو پێداویستیەکەی بە ئاو و هەوا. پرۆژەی دیموکراسیەتی سەرکەوتووی کوردان ئەو تایبەتمەندیانەی هەیە کە دەتوانێت وەریبچەرخێنێ بۆ شالاوێکی دیموکراسی گشتگیر لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، لەناو ئەوەشدا ئیسرائیل. لێرەشدا بەتایبەت ئاماژە بەجووڵەی هاوبەشی کورد و تورك دەکەین بە درێژایی مێژوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە دەکرێت لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا وەربچەرخێنرێت بۆ کاروانی دیموکراسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی مەزن. بەڕەنگێك کە ئەم کاروانە پێداویستیەکی چارەنووس سازە بۆ گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵکو سامان و دەوڵەمەندیەکی گەورەیە کە نرخی لە ئاو و نەوت کەمتر نییە.

لەسەر ئەم بناخەیە دەبینین کە "پرۆژەی کوردستانی دیموکراسی" چارەسەری پێویست و هەڵوێستی هەرە پۆزەتیفانە بەرامبەر کورد لەلای وڵاتانی تورکیا و ئێران و عەرەب دابین دەکات. لەجیاتی "پرۆژەی کوردستانی دەوڵەتخواز و نەتەوەیی" کە ترس زێدە دەکات چونکە "ئیسرائیلی دووەم" پێك دەهێنێت. بەمەش کوردان دەبنە برا و هاوڕێ و هەرکەس روویان تێدەکات لەپێناوی سازشدا. لەجیاتی ئەوەی ببنە سەرچاوەی ترس. بەمەش وەردەچەرخێنن بۆ بناخەی کامڵ بوونی خۆویستانە و ئازاد و پتەو. لەجیاتی ئەوەی ببن بەئامراز بۆ سیاسەتی "پەرتکە و زاڵبە" بەمەش

کوردان دەبنـە زامـنی بناخـەیی و سـەرەکی دیموکراسـیەت لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دا و، وەکـو گەلێکی شایانی رێز و هاریکاری و پشتگیری سەیریان دەکرێـت، بەوپێیـەی کـە بـەهێزی سـەرەکی دیموکراسی دادەنرێت لەشالاوی دیموکراسی مەزن لەناوچەکەدا. لەجیاتی ئەوەی ببن بە ئامرازێك بەدەستی هێزە دەسەڵاتدارەکانی جیهان.

بـەهۆی ئـەو پێشـکەوتنانەی کـە لەوەرچـەرخانی زهـنی لـەلای گـەل و هێـزی سـەرۆکایەتی دەردەکەوێت، ئەوا هێزێکی بەرچاو بۆ دەرك کردن و رۆشنگەری لەهـەموو بوارەکانـدا پێـك دێـت. بەتایبـەت ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و هونـەری و زانسـتی و، ژیـانی ئـازادیش وەردەچـەرخێت بـۆ راستیەکی بەرجەستە کە روکەشی هەیە، دوای ئەوەی بەتەنیا خەون و خەیاڵ بوو.

٢ ـ زۆری و زەحمەتی بناخەیی پرۆژەی دیموکراتیزەکردنی کوردی، تەنانەت ئەگەر کێشەکان بە شۆڕشی زهنی و ویژدانیش چارەسەر ببن، بریتییە لە هەرس نـەکردنی دەزگاکـانی دەوڵـەت بـۆ دەزگـا دیموکراسـیەکان، بــەڵکو دانــانی بــەوەی کــە ترسـێکە لەسـەر بونیـادی ئـەو. هــەموو چڕبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی، لە نەریتی دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا وەکـو ترسـێك سـەیری کراوە کە ئاراستەی دەسەڵاتەکانیەتی، وەکو بڵێی دەوڵەت داوای گەلێك دەکات وەکو مێروله بێـت. لەکاتێکدا باڵادەستی شارستانیەتی رۆژئـاوایی لەپشت بەسـتنیەوە دێـت لەبناخـەدا بـەتاك و ئـەو گەلـەی لەسـەر تـاك دامـەزراوە. ئـەوا لـە رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت کەسـایەتی ئـازاد بـە سەروشـکی دادەنرێت لەبەرامبەر دەوڵەت و، باش سەیری ناکرێت. کۆیلە هەرچەندە سەری شۆڕ بکات باشتر هەڵدەبژێردرێت. گـەلی پاشـکۆش بۆخۆیـان بـە بناخـە دەگـرن. دیموکراسـیەتی رۆژئـاواش بـەتێك شکاندنی ئەم نەریتانە خۆی دامەزراند.

لەگەڵ ئەوەی تورکیا لەهەرکەس زیاتر لە هاوچەرخ بوونەوە نزیکە لە دەوڵـەتانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لەبەر ئەم هۆکارانە دوورە لەوەی کە چارەسەری بۆ کێشەکانی خـۆی بدۆزێتـەوە. چونکە بەچاوێکی گومانەوە دەڕوانێتە کولانی دیموکراسی و بەدەزگابوونی، وەکو بڵێـی ترسـێکە و هەر رۆژ دژایـەتی و هەڕەشـە لەدەسـەڵاتەکەی دەکـات. هـەروەها پراکتیزەکردنـی وشـکی دەوڵـەتی نەتەوەیی کە لەسەدەی نۆزدەهەم لەسەر بناخەی مەیلی نەتەوەیی بڵند بوو، بارگرانی مەسەلەکە زیاتر دەکات. ئێران و دەوڵەتە عەرەبیەکانیش بەدەست هەمان کێشەوە دەنـاڵێنن، چـونکە توێـژی دەسەڵاتدار کە بەشێکە لە ئایینی فەرمی و نەتەوەی سەردەست بەسەر هەموو دەزگاکانی دەوڵەتدا زاڵە، گروپـە ئـایینی و ئەتنیکیـەکانی تـریش، بـەگوێرەی توانـا دوور دەخرێنـەوە، بـەڵکو لەمـەش

دوورتـر کێشـە و رێگـری دەخەنـە بـەردەم دیموکراسـی دەزگاکـانی کۆمـەڵگای مـەدەنی و ئەوانـەی پێیـان دەڵـێن "ئـەوانیتر"، بەمـەش هەرشـت مـۆرکی ئایـدیۆلۆژیای فـەرمی و چـەمکی نەتـەوەیی فەرمی لێ دەکەوێت. هەروەها زمانی فەرمی و کولتوور و چەمکی سیاسەتیش، هەموو یەکێك کە لەدەرەوەی ئەمانە بێت بە تاوانبار دادەنرێت. لەوانەیە لەدوایدا بە خائینی نیشتمان و نەتـەوە و دەوڵـەتیش دابنرێـت. زۆر و زەحمـەتی مەسـەلەی دیمـوکراتیزەکردنیش لەبناخـەدا لـەم تێکەڵـە لەدەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەر شێوازی نیو رۆژهەڵاتی ـ نیو رۆژئاواییـە. هەربۆیـە بـە دەزگـابوونی دیموکراسـیەت ناچـار دەکـات کـە ئـەم پێکهاتەیـەی دەوڵـەت دەربـاز بکرێـت، یـان لەکەمترین ئاستدا سەرنجی بەدەزگابوونی دیموکراسیەت بدەین. پێویستە وا سەیری هەموو چینە کۆمەڵایەتیـەکان و چـین و توێـژە گـەلێری و بەتایبـەتیش رێکخستنەکانی بکـەین، کـە پێکهاتـەی رێکخسـتنین و پێویسـتن بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان و، پێداویسـتییەکن لەپێداویسـتیەکانی سەردەم، نەك ترسێکە لەسەر دەسـەڵات و دەسـەڵاتدارێتی. ئەمـەو پێویستە دەست بەربـدرێت لـە ئایدیۆلۆژیای فەرمی و دەزگا داسەپێنراوەکانی.

ئـەو بارودۆخـەی کـە ئـازادی کولتـوور و زمـانی تێـدا هـەبێت نـزمترین مەرجـە بـۆ دیمـوکراتیزەکردنی تورکیـا، بەهـەمان رێـژەش پێویستە بـۆ چـەمکی زانستی دەوڵـەت و نەتـەوە. پێویستە وا سەیری ئەندام بوون بۆ کورد یان تورك یان هەر پێك هاتەیەکی ئەتنیکی و بـاوەڕێکی تـر بکرێـت کـە ئازادییـەکی فیکرییـە. هـیچ جیاوازییـەك نییـە لـەنێوان ئـەوەی کـە ئـایین توانـا ببەخشێ بەدەسەڵات هەروەك چۆن لەسەردەمە کۆنەکاندا و، یان نەتەوەی دەسەڵاتدار ئەمڕۆ بەو کـارە هەڵبسـێت. هــەردوو چــەمکەکە لەناوەرۆکــدا لەیــەك دەچــن. هەردووکیشـیان لەگـەڵ دیموکراسیەتدا یەك ناگرنەوە. لەکاتێکدا چاوەڕێی گۆڕان دەکرێت لەچـەمکی دەوڵەتـدا، لـەبارەی نزیکبـوونی بـۆ مەسـەلەی بـەدەزگابوون، ئـەوا پێویسـتە لێـرەدا دەزگـا دیموکراسـیەکان خۆیـان بەدەوڵەت نەپێون. دەزگاکان دانەمەزرێنراون بۆ پێشبڕکێ لەگـەڵ دەوڵەتـدا. بـەڵکو لەبـەر ئـەوەی ئـەو ئەرکانــەیان هەیــە کــە پێیــان ســپێردراوە. ئەنــدامانی دەزگــا دیموکراســیەکان دەتــوانن بەرژەوەندیەکانیان بگوازنـەوە نـاو دەوڵـەت، بـەڵام نـاتوانن ئـەوە بـە کردنـەوەی دەوڵـەت دابنـێن. هەموو ئـەوەی دەتـوانن کـە لـە دەوڵـەت داوای بکـەن رێزگـرتن و هەسـتیارییە بەرامبـەر ئـیرادە و مافەکانیان.

تـا ئێسـتاش نزیکبـوون بەچـاوێکی گومانەوەیـە، نـەك تـەنیا لەسـەر ئاسـتی دەزگـایی، بـەڵکو بەرامبەر بچووکترین پێشکەوتنی سروشتی لەسەر ئاستی زهـنی و هونـەریش، چاودێری کردنیشی

کەم ناکات، لەگەڵ هەموو ئەو ئەزموونە تاڵانەی لەکۆندا لەپرسی کورددا ژیان کرا. تەنانەت لێکۆڵینەوە و نوێنەرایەتی لەبارەی قەوارەی کولتووری، تائێستاش لە سنوورێکی زۆر تەسك دا پراکتیزە دەکرێت، زۆر کاتیش مۆرکی جوداخوازی لێ دەدرێت. بەڕەنگێك بە گومانەوە سەیری هەر دیاردەیەکی کوردی دەکرێت و، لەناو ئەو دیاردانەیە کە دەبێتە هۆکاری جیاخوازی. بەبێ دەرباز کرنی ئەم خاڵانەی کە بەپێداگرتنەوە ئاماژەم پێکردن، بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ یەکدا. ئەوا دیموکراتیزەکردن بەهەڵواسراویی دەمێنێتەوە. فرۆکەی دیموکراسی ناتوانێت بەیەك باڵ بفرێت.

لەوانەیە دەوڵەت لەبواری دیموکراسی مافدار بێت کاتێك داوای چەك دانانی تەواوی PKK ـ KADEK دەکات. بەڵام بەبێ دەسەلاتدارێتی دیموکراسیەت ئەوا ئەم داوایە راست نابێت. لەدوایشدا هەندێك هەنگاو هەن کە پێویستە لەسەر هەردوو لایان بیهاوێژن. کاتێ ئەم هەنگاوانە سەبارەت بە دەوڵەت دیاری دەکەین، ئەوا زیاتر پێویستە بەشێوەیەکی بناخەیی سەبارەت بە هەموو کوردانیش شیبکرێتەوە. چونکە چوارچێوەی ئەزموون و تیۆریان سنووردارە، جا لەبواری زهنی و کولتووری بێت یان لەبواری بەدەزگابووندا بێت. هەر کەس وا لەدیموکراسیەت دەڕوانی کە هەڵبژاردنێکە هەر چوار ساڵ جارێك بۆ پێشکەش کردنی کورسی و جێگە و شوێن. ئەمە نەخۆشی و دیماگۆژیەتە و، بەبێ دەربازکردنی ئەم زهنیەت و پراکتیکە ناکرێت لەسەر ئاستی دیموکراتیزەکردن هیچ پێشکەوتنێك بەدەست بهێنرێت. دیموکراسیەت شێوازێکی سیاسیە کە وڵاتپارێزە راستەقینەکان دەیگرنەبەر، ئەوانەی باوەڕیان بە ئازادی گەل هەیە و پیرۆزی دەبەخشن بە سیستەمەکەی. بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بە بەرژەوەندی و کورسیەوە نییە و، بەرەو بەرژەوەندیخوازی تایبەتی ناچێت. ئەوەش بەئامانج دەگرێت کە لەڕێگەی هەڵبژاردنی رێکخراوەکانەوە، کار بداتە باشترین کەسەکان بۆ دابین کردنی پێداویستیە هاوبەشەکانی گەل. بەکورتی بەمانای فێرکردنی راست و چڕوپڕ دێت.

گەلی کورد لەهەموو ئەو وڵاتانەی کە تیایدا بڵاوبۆتەوە، بەدەست ئەو پرس و کێشانەوە دەناڵێنێ کە لەگەڵ دەسەلاتی دەوڵەتەکاندا هەیەتی. کاتێك هەوڵدەدات لە کۆیلایەتی سەدەکانی ناوەڕاست (ئاغایەتی، شێخایەتی، بەگایەتی) رزگاری ببێت، لەتەپڵی سەریەوە تا بنی پێی. ئەوا بۆ ئەوە نایکات تا لەناو دەوڵەتی نەتەوە دەسەلاتدارەکاندا بتوێتەوە. داواکردنی ئەوەش لێی بەواتای کەوتنە رەوشێك دێت کە خراپترە لە کۆیلایەتی سەدەکانی ناوەڕاست. لەبەر ئەم هۆکارەشە کە ئایدیۆلۆژیا و دەزگا فیودالیەکان دەرباز ناکرێت. وەکو ئەوە وایە لەنێوان دوو تەڵەدا گیری

خواردبێت. دیموکراتیزەکردنیش بەواتای رزگارکردنە لەم دوو تەڵەیە بەبێ ئازار و رشتنی خوێن. ئەگەر ئەم توانایانەش نەڕەخسێنرێن. ئەوا بەو مانایە دێت کە راپەڕین و قەیران و سەرکوتکردن تەواو نابێت.

بەسەرچاوەگرتن لەم راستیانە پێویستە لەسەرم کە "پرۆژەی دەزگا دیموکراسیە کوردیەکان" پێشکەش بکەم وەك پێشنیارێکی بەرجەستە و واقیعیانە. ئەم پرۆژەیەش کوردان وەکو گەل لەهەموو ناوچەکاندا لەباوەشی خۆی دەگرێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە چینی سەروو دوور ناخاتەوە، بەڵام بەبناخەشی ناگرێت. چونکە ئەوان گرنگی خۆیان دەدەن بەو چارەسەریانەی روو دەکاتە دەوڵەت. ئەمە و پرۆژەکە کراوەیە بۆ ئەو کەمە نەتەوانەی کە لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا بوونیان هەیە و هەروەها بۆ تاکەکانی دەوڵەتی نەتەوەییش. لەرێنماییەکانی خۆشیدا رێبازی نەتەوەیی تەنگ بۆخۆی بەبناخە ناگرێت.

پێویستیەکی زۆر هەیە بە "کۆنگرەی گەل"ی گشتی کە هەموو پارچەکانی کوردستانی تێدا بێت. کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان KNK ئەم چوارچێوە شیکراوەیە لەبواری ناوەرۆك و رووکەشدا لەخۆی ناگرێت. بەڵکو تێبینی دەکرێت کە بەتەنگی و کەمی مایەوە. وا دەردەکەوێت کە بەگوێرەی پێویست ناتوانێت ئەرکەکانی پێك بهێنێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە گوزارەکردنی نیشتمانی چارەسەری نەتەوەیی تێدایە کە بانگەشەی دەوڵەت دەکات. هەر بۆیە باشترە زاراوەی "گەل" لەجیاتی "نیشتمان" دابنرێت چونکە لەگەڵ واقیعدا زیاتر دەگونجێت، هەندێك دەزگای تریش هەن کە لەم ناوە دەچن. تایبەتمەندی تری گرنگ ئەوەیە لەبواری ناودا لە KADEK دەچێت. هەردووکیان گۆنگرەن و هەمان بنکەیان هەیە و، یەکگرتنیان زیاتر واقیعی دەبێت و، دەکرێت لەرێگەی بەستنی کۆنگرەیەکی ئاوارتە پێشنیاری یەکگرتنیان بکرێت. "کۆنگرەی گەلی کوردستان KGK" بیناکردنی دەوڵەت بەئامانج ناگرێت، بەڵکو دەتوانێت وا خۆی پێناسە بکات کە هەوڵ دەدات لە بارودۆخێکی ئاشتیانەدا و بەگوێرەی بناخەکانی سیاسەتی دیموکراسی کێشەکان لەگەڵ دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا چارەسەر بکات. دارشتنی ئەم پێناسەیەش بەرهەمی رەنجێکی تیۆری و پراکتیکی جددی و سەرراستە. پێویستە زۆر بەووردی هەوڵ بدەن لێی تێبگەن. دەکرێت پێشنیاری ئەوە بکرێت کە ئەندامانی KGK لەنێوان ٢٥٠ ـ ٣٠٠ ئەندامدا بێت، کە بەگوێرەی رێژەی دانیشتوان هەڵبژێردرێن و، پێویستە هەڵبژاردنی ئەندامەکانیش بەشێوازی گونجاو بێت. کە لێرەدا یاساکانی هەر دەوڵەتێك لەبەرچاو بگیرێت و، هەروەها ئەرکی ئەوەی لەسەرە کە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆی پێك بهێنێت و ئەنجوومەنی بەرێوەبردنی خۆی

هەڵبـژێرێت، کـە ئەنـدامانی لـەنێوان ٢٥ ــ ٣٠ کـەس دا بێـت. هـەروەها لەهـەموو پرسـەکانی دیمـوکراتیزەکردن لـەلای گـەل، سەربەسـت بێـت لـە دەرکردنـی بڕیارەکـان و داڕشـتنی سیاسـەتی گونجاو.

لەپێك هێنانی چالاکیەکانیدا لەناو ئەو دەوڵەتانەی کە کورد تیایدا دەژیـن لەبناخـەدا پشت دەبەستێت بە پارتییـە یاساییەکان، نـەك پارتییـە نایاساییەکان. ئـەم پارتییـە یاساییانە بەتـەنیا نوێنەرایـەتی ئـیرادەی خۆیـان ناکـەن، بـەڵکو ئەوانـە پـارتی دۆسـتن و، لەبناخـەدا لەگـەڵ یاسـا و سیسـتەمی دەوڵەتەکانـدا یـەك دەگرنـەوە. KGK لەڕێگـەی تێگەیشـتنی راسـتی لـە دەوڵـەتی نەتەوەیی و دەزگاکانی دیموکراسی گەلێری دەتوانێت رۆڵـی خـۆی بگێڕێـت. لەوکاتـەی کـە رێگـەی ئەوەی پێدرا دەتوانێت لە رەوشـی یاساییدا لـەناو هـەموو دەوڵـەتێکی نەتەوەییـدا جێگـە بگرێـت. پێویستە لەپێناوی ئەوەشدا تێبکۆشێ. بەگوێرەی پێداویستی بناخـەییش دەکرێـت لیژنـەی ژێـری ئەنجومــەنی بــەڕێوەبردن پێــك بهێنرێــت. دەکرێــت ئــەم لیژنانــەش لەســەرەتادا بــەم رەنگــە دابمەزرێـــنرێت: سیاســـەت (نـــاوخۆیی و دەرەکـــی) کۆمەڵایـــەتی، ئـــابووری، زانســـت و هونـــەر، بڵاوکردنــەوە و راگەیانــدن. دەکرێــت پێشـنیاری دامەزرانــدنی ئــەم لیژنــە و بــەش و یەکینانــە بەگوێرەی پێویست پێك بێت و، رێکخستنی جـەماوەر بـەئامانج بگرێـت. رێکخستنەکانی بنکـەش وەك شێوازێکی بناخەیی دەتوانێت لەسەر شێوازی کۆمۆنەیی یان کۆمەڵەیی بێت. چـونکە هـەموو رێکخستنەکان ئاشکرا و کراوەیە و، بـەگوێرەی پێوانـە بناخەییـەکانی دیموکراسـیەت چالاکیەکانی بەڕێوە دەبات.

گەیشتنی گەلی کورد بە موخاتەبێکی بەرپرسیار بەو شـێوەیەی کـە بەهێڵـە پانـەکانی دیـاریم کـرد و، هەوڵمـدا بەشـێوەیەکی کـورت پەیکەرەکـەی دیـاری بکـەم و وەك پێشـنیار بیخەمـە روو. پێویستە ترس و دوودڵی لەلای دەوڵەتی نەتەوەیی لێ نەکەوێتەوە. بەڵکو مەترسـی بناخـەیی کـە ترسی لێ بکەوێتـەوە، بـوونی ئـەو رێکخراوانەیـە کـە دزە دەکەنـە نـاو گـەل و، شـێواز و کارەکانی شاراوەیە و، دیار نییە لەهەرکاتێکدا چ رێگەیەك دەگرێتە بەر و، دەستی کەسانی ئەماتۆر و نـەزان یاری تێدا دەکات و، ئامادەشە بە پەلە بگۆڕێت بەرەو چەتەگەرێتی. ئەگەر توندوتیژیشی بـۆ زیـاد بکرێت، ئەوا رەوشـی ئانارشیسـتی ترسـناك دەردەکەوێتـە گۆڕەپـان. هـەروەك چـۆن لـە رابـردوو و لەئێستاشدا روو دەدات. ئەگەر ئەو رەوشە ترسناك و بێچارەییە بهێنینە بەرچاومان کە لـەم پێـك هاتانــەوە لــەناو گەلــدا ســەبارەت بــە دەوڵــەت دەردەکــەوێت. ئــەوا واقیعیــەتی شــێوازی KGK دەردەکەوێت کە مۆدیلێکی چارەسەرییە و هاندەدات لەپێناویـدا. ئەگـەر مەسـەلەکە تـەنها لەیـەك

پارچەی کوردستاندا بووایە، ئەوا پێویستی بەم شێوازەی ڕێکخستن نەدەبوو. بەڵام پێداویستیەکی زۆر هەیە بۆ نوێنەرایەتیەکی سیاسی و ڕێکخستنی لەسەر ئەم شێوازە. چونکە هەموو پارچەکان و دەوڵەتە نەتەوەییە پەیوەندیدارەکان تا پلەیەکی زۆر کاریگەری لەیەکتری دەکەن. ئەگەر سەبارەت بەتورکیا بەراوورد بکرێت لەگەڵ رابردوودا لەوانەیە مەسەلەکە ترسناك بێت، بەڵام ئەم شێوازە پێك هاتەیە دەبێتە باشترین شێواز بۆ چارەسەری، چونکە لەبناخەدا پشت دەبەستێت بە دەوڵەتی یەکگرتوو و، دیموکراسیەتێکی داڕێژراو و ناسراوتر بە ئامانج دەگرێت. ئەگەر سەبارەت بەتورکیا بەراوورد بکرێت لەگەڵ رابردوودا، لەوانەیە مەسەلەکە ترسناك بێت، بەڵام لەگەڵ هەنگاونانی نەتەوەپەرستی سەرەتایی کوردی بەرەو پێك هێنانی دەوڵەت لەنزیکیەوە. دەبینین ئەم شێوازەی ڕێکخستن کە ئامانجی گەیشتنە دیموکراسیەتێکە، کە باش پێناسە کراوە و یەکێتی دەوڵەت بۆخۆی بەبناخە دەگرێت، باشترین و لەبارترین شێوازی چارەسەرییە، بەپێچەوانەوە ئەوە دەبینین کە گەل شەپۆل بەشەپۆل لە دەوروبەری ناسیۆنالیزمی جیاخواز کۆدەبێتەوە. ئەو گەرەنتیانەی کە نەتەوەپەرستی سەرەتایی دەیدات، چی دەبێت بابێت، ڕووداوەکانی چالاکی سەربازی دوایی لەسەر ئێراق، ئەوەی بەڕوونی نیشان دا کە ئەم راستییە لەسەر زەمینی واقیع پێك دێت. لەکاتێکدا تورکیا کێشەی کورد لەچوارچێوەی بەپرسیارێتی خۆیدا دەبینێت، ئەوا پێویستە لەسەری کە ئەم ڕێکخستنە موخاتەب و دۆست ببینێ و، لەپێناوی سازشدا پێویستە هاوکاری و پشتگیری لێ بکرێت. نەك بە سەرچاوەی گومان و دوودڵی بزانێت. لەلایەك پەسند نەکردنی و دژایەتی کردنی، دەبێتە هۆکاری پتەوبوونی مەیلی نەتەوەپەرستی سەرەتایی کە بانگەشەی دەوڵەت دەکات و، هێزە گەلێریەکانیش هان دەدات کە چەك هەڵبگرن و ناچارانە هانا ببەنە بەر توندوتیژی و نەریتی جوداخوازی. کاتێك ئەم مۆدیلە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەو نمونانەی کە لەجیهاندا هەیە، دەبینرێت کە ئەم هەڵوێستە نمونەیی و باشترینیانە. تەنانەت شیشان و کوسوفوی بچووکیش کەمتر لە بیناکردنی دەوڵەتێکی جیاواز پەسند ناکەن. بەڵام ئەم هەڵوێستانە مەسەلەکان گرانتر دەکەن. ئەگەر لایەنەکانیش لەسەر ئەم پێشنیارە پێك هاتن و باشیان بینی، ئەوکاتە مەسەلەی یەکگرتنی KNK و PKK ـــ KADEK دێتە سەرمێزی کارەکان و، دەکرێت هەڵوێستی پرەنسیپی و پراکتیکی بەبناخە لەسەر ئەوە پیش بخرێت.

لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەم پرۆژە گشتیە، ئەو شێوازانەی دەبێتە هۆکاری چارەسەری گرنگیەکی زۆری هەیە. پێویستە وا سەیری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و KGK و پارتییە

یاساییەکان نەکرێت کە ئەلتەرناتیفی یەکترن. بەڵکو ڕاستتر دەبێت کە هەریەکەیان لەناو گۆڕەپان و پێك هاتەی خۆیدا بگیرێتە دەست. هەر قەوارەیەك پێداویستیەکان دیاری دەکات و چوارچێوەی بۆ دەکێشێت. چونکە ڕێکخستنە بیرۆکراتیەکان و پەیکەریەکان بەهیچ شێوەیەك خزمەتی ئامانج ناکەن. بەڵکو کێشەکان بەبێ چارە دەهێڵنەوە. دەکرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی فراوان لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوەندی بڵند بکرێتەوە و پێش بخرێت. بە دەست پێکردنی بەوانەی تایبەتن بە ناوەرۆکی ئابووری هەتا ئەوانەی خەریکن بە بواری کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئیکۆلۆژی، هونەری، زانستی، وەرزشی، تەندروستی، مێژوویی و ...هتد. لەکام بواردا پێویستی هەبێت، ئەوا بەگوێرەی پرەنسیپی دامەزراندنی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی نزیکبوونەوە دەربکەوێت. بەهیچ شێوەیەك لەپێناوی گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە کەسایەتی و کارە پێویستەکان پشتگوێ نەخرێت.

پارتە دیموکراسیە یاساییەکانیش گرنگیەکی مەزنیان هەیە و، سەبارەت بە کوردان دەبنە هۆکاری پێش خستنی چارەسەری. لەگەڵ ئەوەی کە چەمکی دامەزراندنی پارتی تایبەت بە کورد، بوار دەکاتەوە لەبەردەم هەڵەدا. بەڵام دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی لەو شوێنانەی کە ژمارەی دانیشتوانی کورد زیاترە و بەدەست کێشەی تایبەت بە خۆیانەوە دەناڵێنن، کارێکی یاساییە و بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت. پێویستە لەسەر ئەم ڕێکخستنانەش کە دوور بن لە بناخەی نەتەوەیی و مەیلە ڕەگەزپەرستەکان. بەڵام کرانەوەی بەڕووی شێوازە سەربەخۆکان و کەناریەکانیش لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن گرنگیەکی مەزنی هەیە بۆ چالاك کردنی شێوازی دیموکراسی. ئەمەش ئەو شێوازەیە کە زۆر بڵاوە لە ڕۆژئاوا و زۆر شوێنی تری جیهاندا. سروشتیشە کە لەتوانای ئەم پارتیانەدا هەیە بگەنە دەسەڵات، ئەویش بە شێوازی پەیمانی کوالیسیۆنی دیموکراسی یان کارتێکردن لێی. جوڵەکردنیش بەتەنیا کاریگەری لاواز دەکات و بێگومان هیلاکی دەکات. بەڵام جووڵەکردن لەسەر شێوازی کۆردیناسیۆنی دیموکراسی و ئیکۆلۆژی بەرفراوان، باشترین و ڕاسترین شێوازە.

ئەمەو پێویستە بەتایبەت ئاماژە بکەین بەگرنگی بەدەزگابوونی کوردان لەبوارەکانی زانستی و هونەری و پەروەردەیی و ڕاگەیاندن. چونکە ئەوە زۆر ئاشکرایە کە ئەم دەزگایانە ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە پاراستنی ئازادی کولتووریدا. پێویستە لەسەر دەوڵەتیش لەجیاتی دوودڵی بەرامبەریان پشتگیری بداتە ئەم دەزگایانە. مادام باس لە پەروەردە و چالاککردنی بەرفراوانی زمانی فەرمی دەکەین، ئەوا پێویستە لەئاستی خوێندنی سەرەتاییدا فێربوونی زمانی کوردی هان

بدرێت و، وا سەیری فێربوونی هەردوو زمان بکرێت کە سامان و دەوڵەمەندییە بۆ کۆمەڵگا. فێربووونی سەدان زمان لە هیند و، بوونی چوار زمانی سەرەکی و فەرمی لە سویسراش نەبووە ڕێگر لەبەردەم چالاکی دەوڵەت و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان و، پێگەیشتنی نیشتمانیش خراپ ناکات و پێشی ناگرێت.

گۆڕەپانی گرنگی تری بەدەزگابوونی دیموکراسی، شارەوانی و شار و گوندە شاخاوییەکانە. دەزگا دیموکراسیەکانی ئەم ناوچەیە زەمینەیەکی پتەوی سیستەمی دیموکراسی پێك دەهێنێت. بەهۆی پەیوەندی ڕاستەوخۆی ئەم ناوچانە بە زەمینەی جوگرافی و ئیکۆلۆژییەوە. بەبێ دیموکراتیزەکردنی گوند و شارەکان، ئەوا دەزگا بەڕێوەبەرایەتیە ناوەندیەکان ناتوانن بەتەنیا دیموکراتیزەکردن پێك بهێنن، هەرچەندیش ژمارەیان لەسەرەوەی کۆمەڵگا بێت. بەسەرچاوە گرتنیش لە ناوەرۆکە دیموکراسیەکان، کە تایبەتمەندی دەست پێکردنی هەیە لە بنکە گەلێریەکان بۆ نوێنەرایەتی کردنی ئیرادەیان لە بەڕێوەبەرایەتی کۆلەکتیفدا، گرنگیەکەشی لێرەوەیە. هەر بۆیە پێویستە لەسەر بەڕێوەبەرایەتی شارەکان ڕابوەستن و، هەروەها لەسەر کۆمۆنە و ناوەند و کۆمەڵەکانیش لە گوندەکان، وەکو زاراوە و دەزگاکان (چونکە موختار و دەستەی بەتەمەنەکان چوارچێوەی تەنگە و زۆر دیموکراسی نییە)، ناکرێت بڵێین شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی گوندەکان دیموکراسین بەتەنیا، بەڵکو دیموکراتیزەکردنی، بۆخۆی کێشەیەکە. لەلایەك پێویستە هێزی مەزنی دەوڵەت لەسەر ئەم ناوچانە هەڵبگیرێت، بێجگە لە ڕەوشە پێویستەکان یان پێویستی گشتی نیشتمان. لەلایەکی تریشەوە پێویستیە کۆمۆنەکان و ئەنجومەنی شارەکان دابمەزرێت، بۆ چالاك کردنی ئیرادەی گەل بۆئەوەی هەڵبسێت بە هەڵبژاردن و چاودێری کردنی کاری شارەوانی و گوندەکان کە لەشێوازی ئاغایەتیدا دەردەکەوێتە ڕوو و، لەپاشماوەکانی کۆمەڵگای فیودالییە.

وەکو چەمکێکی گشتی و بەرفراوان، گرنگی کولتووری ناوچەیی و ئیکۆلۆژی لەسەرئاستی جیهانی دەبینرێت. کە گرنگی دانی فیکری بەرفراوان و لەبلندترین ئاستدا بەم بەدەزگابوونە و ڕێکخستنی لەم بوارانەدا، لەکارە هەرە سەرەکیەکانی مەسەلەی سیاسەتی دیموکراسیە. ئەگەر ئەو بەدەزگابوونانەی گوند و شارەوانیەکان کە لەپێشەوە چوارچێوەکەیمان کێشا، لەسەر تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی پراکتیزە بکرێت، باشتر دەبینرێت کە ناوی "بزووتنەوەی شارەوانی ئازاد"ی لەشارەکان و، "بزووتنەوەی کۆمۆنی ئازاد" لەناوچەی گوندە شاخاویەکان لێ بکرێت، چونکە ئەگەر بۆ ڕەحمی ئاغا یان سەرۆکی تەریقەتێك یان موختار یان پاسەوان یان چەتەیەك بەجێ

بهێڵرێت، بەمانای نکۆڵی کردنی دیموکراسیەت دێت. تاوەکو تەواوی بەدەزگابوون و چەمکی بەڕێوەبردن و کردەوەکانی دژە دیموکراسی هێزە دەرەبەگە خۆجێیی و دەوڵەتە ناوەندیەکان تێپەڕ نەکرێت کە بەسەدان ساڵ بەسەر گەلیاندا سەپاند، ئەوا ئاشکرایە کە دیموکراسیەتی گشتیش سەرناکەوێت.

هەڵسانی گەلی کورد بە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی بۆ پەرلەمان و ئەنجومەنەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەسەڵاتدار و پەرلەمانی فیدرالی کوردی لەچوارچێوەی یاسا پەیوەندیدارەکاندا، گرنگیەکی زۆری هەیە لەسەر ئاستی گەڕان لە "سازشی دیموکراسی". هەموو ئەو پەرلەمان و ئەنجومەنانەی دان نانێن بە بوون و ئازادی گەلی کورد، پرسی نوێنەرایەتی کردنی ئازادی گەلی کوردی لا نییە. بەڕەنگێك کە لەباروودۆخێکدا کە سنوور بۆ بچوکترین مافەکانی مرۆڤ دادەنرێت وەکو مافی ژیان و فێرکردنی منداڵانی کورد بەزمانی دایك و ناولێکردنی منداڵان بەگوێرەی نەریتە کولتووریەکان، بەهیچ شێوەیەك ناتوانین باس لەپەرلەمانتاری کورد بکەین. بەڵام ناولێکردنی ئەوانەی کە زمان و کولتووری خۆیان ناپارێزن بە نوێنەرایەتی گەل لەهیچ فەرهەنگێکی سیاسیدا بوونی نییە. ئەوانە دەتوانن خۆیان وەکو موچەخۆرێك ببینن لەلای نەتەوەی سەردەست، یان نوێنەری ئایینەکان هەروەك چۆن لەمێژوودا هەیە. چونکە ئەمەیە راستینەی کۆمەڵایەتی ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ رەگە کوردیەکان. هەربۆیە گەڕان بەدوای شێوازی نوێدا لە قۆناخی ئاییندەدا گرنگیەکی مەزنی هەیە، جا سەبارەت بە گشتی دەوڵەت بێت یان سەبارەت بە دەزگاکانی نوێنەرایەتی نیشتمانی بێت. نوێنەرایەتی راستی گەلی کورد لەناوەرۆك و رووکەشدا. بەپێی بنکە چەسپاوەکانی دیموکراسیەت لەلای پەرلەمانی تورکی و ئێرانی و عەرەبی و پەرلەمانی فیدرالی کوردی پرسێکە تا ئێستاش هەیە و، لەسەر ئاستی سازشی کۆمەڵایەتی گرنگیەکی مەزنی هەیە.

خاڵی گرنگی کۆتایی کە پێویستە باس بکرێت دەربارەی نوێنەرایەتی دەزگا دیموکراسیەکان ئەو گرنگییە ژیانییە کە دەستی لێبەرنادرێت بۆ دامەزراندنی دەزگا و رێکخراوی جەماوەری تایبەت بە ژنان و لاوان و کۆمەڵە ئەتنیکی و ئایینیەکان، بەو پێیەی کە کەرتی بناخەیین لەکۆمەڵگادا. چونکە ناکرێت باس لە دیموکراسیەتێکی ئازاد و یەکسانی تەواو بکرێت، ئەگەر ئەم کەرتانە رێکخراوی جەماوەری دیموکراسی خۆیان دانەمەزرێنن، بەوپێیەی کە یەکەمین گۆڕەپانەکانی کۆمەڵگای مەدەنین.

ئەمە و داڕشتنی پەیڕەوی ناخۆ و ئەو بڕیارە گشتیانەی کە دەتوانێت پێداویستی میکانیزمی سیستەمی دیموکراسی دابین بکات، لەو بابەت و کێشانەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێت سەبارەت بە دەزگا دیموکراسیەکان، پێویستە یەکگرتنەوەی ئەو دەزگایانە لەگەڵ چوارچێوەی یاسا گشتیە داڕێژراوەکانیشی بۆ زیاد بکرێت.

ئەم پێشنیارانەی دەربارەی بەدەزگابوونی دیموکراسی وەکو پێشنیاری بەرجەستە پێشکەشم کردن، ئەگەر بوار بڕەخسێت دەکرێت پێش بخرێت و بگۆڕدرێت.

٣ ـ دیموکراسیەکان سیستەمی گرێداروی چالاکی گەلن. لەشوێنێك چالاکی جەماوەری بوونی نەبێت دیموکراسی تیایدا گەشە ناکات. بەو ڕێژەیەی کە دەوڵەت ڕێز لە چالاکیە گەلێریەکان بگرێت، بەو ڕێژەیەش پێویستە گەل ڕێز لەدەوڵەت بگرێت و، ئەو سیستەمەش خراپ نەکرێت کە بەهەستیاریەوە دەیپارێزێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە بەیەك گەیشتنەوەیە لەپڕۆژەی بەرامبەر یەکتریدا. هەروەك چۆن هێشتنەوەی هەر شتێك بۆ دەوڵەت دوورکەوتنەوەیە لە دیموکراسیەت، ئەوا هێشتنەوەی هەموو شتەکانیش لەسەر چالاکیەکانی گەل دەبێتە هۆکاری ئانارشیزم. شتێکی گرنگە کە هەنگاو نەنرێت رووەو ئەو خاڵە توندڕەویە، کە لەمێژووی درێژدا زۆر جار تاقی کرانەوە. واقیعی نییە کە ئەو شەڕ و سەرهەڵدانانەی لەم سەدەیەی دواییدا روویان دا بەپیرۆز سەیریان بکرێت، جا ئەوانەی لەژێر ناوی "رزگاری نیشتمانی" بێت یان "رزگاری سۆسیالیستی"، یان وەکو چالاکی گەلێری سەیریان بکرێت. لەشیکردنەوەی دواییدا بەسەرچاوە گرتن لە راستی دەربازکردنی "سۆسیالیزمی بونیادنراو" و "دەوڵەتی نەتەوەیی" دەبینین کە ئەم بانگەشانە زۆر زانستی نین، کە ئەمەش بەشێوەیەکی تەواو دەرکەوت، زۆریش گرنگە کە ئەم زاراوە گشتیانە و هاوشێوەکانی زۆر بە وردی و سەرنجەوە بگیردرێتە دەست. تا ڕێژەیەك لە زاراوەکانی ئایین و خانەدانەکان دەچێت. ئیتر پێویستە لەسەر چالاکیە گەلێریەکان لەدەرەوەی رەوشی مافی رەوای زۆر پێویست توندوتیژی لەخۆی نەگرێت و، رووخاندن و بیناکردنی دەوڵەت بەئامانج نەگرێت. ئەگینا لەوە رزگاری نابێت کە دەربازبکرێت و لەدواوە بمێنێ. تەنانەت ئەگەر حەفتاساڵیش بەسەریدا دەرباز بێت، یان سێ یەکی جیهان بەرێوە ببات. ئەوەی راستە لێرەدا ئامانجە بناخەییەکانی چالاکیە گەلێریەکان دیاری بکرێت بەم شێوەیە: بەدەست هێنانی رەزامەندی دەوڵەت بۆ بەدەزگابوونی دیموکراسی و، دوایش رزگاربوونی گەل و، پەسند کردنی نوێنەرە بەرپرسەکانی. ناکرێت شەڕەکان و ئەو چالاکیانەی بەناوی گەلەوە قسە دەکەن و هەوڵ دەدەن کە

دوڵەت بخەن یان ببنە کۆیلەی، بە راست و ڕەوا دابنرێت، تەنانەت ئەگەر بـەم شـێوەیەش سـەیری بکرێت، ئەوا لەوە رزگاری نابێت کە لەدوییدا لەگەڵ رزگاری گەلدا ناکۆك بێت.

لێـرەوە و لـەم چوارچـێوەیەدا داننـان بەیـەکتری لـەنێوان دوڵـەت و دەزگاکـان و چـالاکیە دیموکراسیە گەلێریەکان، گەوهەری ڕەوایی کۆمەڵایـەتی پێـك دەهێنێت. لـەتورکیا، دەبیـنین ئـەو چالاکیانەی کە بناخـەیان ئـایینی و ئەتنیکییـە، جا لـەلای چـەپ یـان راسـت بێـت و، هەڵوێسـتی دەوڵـەت لەبەرامبەریـدا، لـەم ٣٠ ــ ٤٠ سـاڵەی دواییـدا گەیشـتۆتە ئاسـتێکی توندڕەوانـە، چـونکە خزمـەتی ڕەوابـوونی بەرامبـەری نـەکرد. هـەروەها ئـەو هێزانـەی کـە بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن دیموکراسـی و سۆسیالیسـتین هانایـان بـردە بـەر شـێوازی چەکداری نهێنی و، لەبەرامبەریـدا ئـەو ڕێکخستنانە دەرکەوتن کە لەسەر ناوی دوڵەت بـوون و نـاوبران بـە "فاشیسـتی MHP" و شـەڕی چەپیان کرد، یان ناوبرا بە "حزب الله" کـە شـەڕی کوردان و ئەنـدامانی PKK ی کـرد. هـەموو ئەو چالاکیانەی کـە ئـەو لایەنانـە پێکیـان هێنـا زیـانێکی گـەورەی بـە دیمـوکراتیزەکردن گەیانـد، بـەڕەنگێك کـە گرانـە وەکـو پاراسـتنی ڕەوا شـیبکرێتەوە. هـەر بۆیـە زۆر گرنگـە بەشـێوەیەکی هاوتـەریب ڕەخنـەی تایبـەتی پێشـکەش بکرێـت و لایەنـەکان دان بـە ڕەوایـەتی یـەکتردا بنـێن لەپێناوی چەسپاندنی بارودۆخی لێبـووردن لـەنێوان هـەموو کۆمـەڵگاکان و هێـزە پێشـڕەوەکان و، چالاکردنی دیموکراسیەتیش بۆ چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ. تورکیا ناتوانێت خۆی بەو نەریتەوە گرێبدات کە لـە رابـردوودا بـەڕێوە دەبـرا، ئـەویش بـەتاوانبارکردنی هـەر لایـە بـۆ لایەنـەکی تـر. هەڵوێست و ڕێبازی واقیعی بریتییە لە بەخۆداچوونەوەی بۆ هەر تاك و گروپێك. بـەپێی پێوانـە بناخەییـەکانی دیموکراسـیەت و، پێشکەشـکردنی ڕەخنـەی تایبـەتی و پێـداگرتن لەسـەر ڕێبـازی ڕەوابوونی کۆمەڵایەتی گشتی. هەر کەس دەکەوێتە ئەم چوارچێوەیەوە، هـەر لـە دەوڵەتـەوە هـەتا روناکبیرەکان و تەریقەتە سۆفیگەریەکان، کە خۆیان بەپاك و بێگەرد دەزانن.

چالاکیە دیموکراسیەکان گرنگیەکی مەزنیان هەیە سەبارەت بە کوردان، چونکە ئەوان ناتوانن ڕەوایـەتی خۆیـان بـە دەزگـا دیموکراسـیەکان، یـان لای دەوڵـەت، بـەبێ بـوونی چـالاکیە ڕەواکانیـان بەدەست بهێنین. پێویستە لەسەریان شێوازی راست بۆئەوە ببینن، چونکە هەندێ نمونە هەیە کە لەم بوارەدا ڕێگایان نیشان دەدات، جا لەبواری مێژوویی بێت یان لەسەر ئاستی جیهانی. بەڵام زۆر ئاشکرایە کە ناکرێت لاساییان بکرێتەوە. بەڵام شایانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیە، هەر لەشێوازی چالاکی سست لای غانـدی لەهینـد و، هـەتا بزووتنـەوەکانی غیتـۆ "gitto" لـە کۆمـاری باشـووری ئـەفریقیا و، راپـەڕینی فەلەسـتینی و هـەتا بزووتنـەوەی بـەڕێوەبردنی تایبـەت و کۆمۆنـە

خۆجێییـەکان و بزووتنـەوەکانی جادە و کۆڵانـەکان لـە ئەرجـەنتین لـە ڕۆژگـاری ئەمڕۆمانـدا. لـەتوانای ئـەو بزووتنـەوە بـەردەوام و بـەربڵاوەی کـە لەهـەموو ئـەو وڵاتانـەی کـوردی تێدا دەژی هەیـە، کـە خزمـەتی دیمـوکراتیزەکردن بکـات لـەژێر دروشمـی "داننـان بەئاشـتی و ڕەوایـەتی دیموکراسـی". پێویسـتە وەکـو مـافێکی یاسـاییان داوای مافـەکانیان بکـەن لـەپێکهێنانی چـالاکی دیموکراسی و چەسپاندنی ئاشتی دا، بەبێ هانابردن بۆ توندوتیژی بێجگە لە ڕەوشی مافی پاراستن کە زۆر ناچارییە. هەردوو مەرجی سەرەکی لەم بابەتەدا بریتییە لە: داواکانیان توندوتیـژی تێدا نـەبێت و، جیابوونـەوە لـە دوڵـەت نـەپارێزن. ئەمـە لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو چـالاکیانەی داوای (مـافی فێربـوون بـەزمانی دایـك) و (دۆزینـەوەی چارەسـەری بـۆ هـەژاری و بێکـاری) دەکـەن گرنگیـەکی زۆریـان هەیـە، هـەروەها سـەبارەت بـەو چـالاکیانەش کـە پشـت دەبەسـتێت بـە پێداویسـتیە سەرەکیەکان، کە لەکەمترین ڕێژەدا پێویستە، بەڕێـژەی پێویستی بەدەزگابوونـە دیموکراسیەکان. لەبەرامبەر ئەوەدا مافی دەوڵەتیش هەیە کە سەرپەرشتی ئەوە بکات و بیانخاتە ژێر چاودێرییەوە بۆئەوەی سنووری یاساییەکان دەرباز نەکەن و بەلاوەی نەنێن، بەڵام بەو مەرجەی کە ئـەو مافـەی لەدژی گەوهەرە دیموکراسیەکان نـەبێت، وەکـو سـنووردانان بـۆ ئـەو چالاکی و بەدەزگابوونانـە و بەبـەردەوامی لـە کارخسـتنی. هـەروەرها پێوسـتە لەسـەر چـالاکیەکان کـە سـەرنجی ئـەوە بـدەن ڕەوابوونی یاسایی بەدەست بهێنن و دیسپلین و سیستەماتیك بوونێـك لەخۆیانـدا پێـك بهێـنن بـۆ ئـەوەی ئـەم سـنوورانە دەربـاز نەکـەن. هـەروەها سـەرنجدان لەبەرامبـەر هەسـتیاریە گشـتیەکانی کۆمەڵگا مەرجێکی دەست لێبەرنەدراوە.

کێشـەیەکی گـرنگتر کـە ڕێگـرە لەبـەردەم ئاشـتی و دیمـوکراتیزەکردن، ئەوەیـە کـە PKK ــ KADEK چەکدارە. من لەپێشدا پێشنیارم کردبـوو کـە بـەئامانجی بەدەسـت هێنـانی ڕەوایـەتی لەبواری سیاسیدا، KADEK ــ PKK لـەژێر چـەتری KGK دا یـەك بگـرن. بـەڵام سـەبارەت بـەدانانی چـەك و دەسـت لێبـەردانی، پێویسـتیەك هەیـە کـە ئـەو وڵاتانـە هەنـدێك چوارچێوەی یاسـایی ڕەنگڕێـژ بکـەن. بـۆ نمونـە "یاسـای پەشـیمانی" کـە لـەتورکیا دەرکـەوت وەڵام نییـە بـۆ گەوهەری قۆناخ، جا لەبواری چوارچێوەی بەرفراوانی بێت یان رووکەشی. لەبەرئـەوەی ڕەوشـیش ئامادە نییە بـۆ دەرکردنـی لێبووردنێکی گشـتی، ئـەو ڕێیـەی لەهـەموویان واقیعیانـەترە بریتییـە لـەپێك هێنـانی هەنـدێك ئامادەکـاری بـۆ فەراهـەم کردنـی تواناکـان لـەپێناوی بەشـداریکردن بـۆ سـیماکانی کۆمـار، لـە دیموکراسیەت و عیلمانیـەت و کۆمەڵایـەتی و مافـەکان، کـە هـەموو ئەوانـە بگرێتەوە کە بیر لـە بەشـداریکردنێکی بـەو ڕەنگـە دەکەنـەوە، جـا گیراوانـی زینـدان بـن یـان ئـەو

چەکدارانەی لەسەر لوتکەی چیاکانن، تەنانەت ئەوانەی لەدەرەوەی چوارچێوەی یاسان و لەئەوروپا و گۆڕەپانەکانی دەرەوە دەژین و ئەمەش لەبەرامبەر دەست لەچەك بەردان بەشێوەیەکی گشتی. بەم شێوەیە و لەکاتێکدا ئەوانەی پێ دادەگرن لەسەر بەرخودانی چەکداری و دان بەکۆماردا نانێن بەپێی ئەو بناخانەی کە باسمان لێوەکرد رەوشیان لەبەرچاو بگیرێت، بەمەش بوار لەبەردەم دابین کردنی بەشداری کردنی خۆویستانە و بەشەرەف لە پێکهێنانی ئامانجەکانی کۆماردا دەکرێتەوە و، هەروەها رۆڵی پێویست بۆ دابین کردنی کامڵبوون و پتەوبوونی پێك دێت.

ئەم بابەتانە بناخەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیان هەیە، لەکاتێکدا بابەتەکانی "کۆمۆنیزم، کوردایەتی" لەسەرەتادا قەدەخە بوون، واتە پێش ۳۰ ساڵ لەئێستا، کەچی ئەمڕۆ دەبینین کە کوردان گەیشتوونەتە ئاستێك پارتی ئاشکرای خۆیان دابمەزرێنن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر لە رێکخستنەکان دەستیان لەچەکەکانیان بەرداو و، زۆری تریش هەن کە ئامادەن دەست لەچەکەکانیان بەربدەن لەپێناوی کامڵبونی دیموکراسیدا. کەواتە بەم رەوشە، خستنە ناوەوەی ئەم پێش هاتە مێژوویی و کۆمەڵایەتیانە لەناو چەند یاسایەکی گرێدراو بەمە، ئەوە تەنیا کارێکی پێویست و راست و گرنگە و هەتا دوا سنوور پاڵ بەچارەسەرییەوە دەنێت. بەپێچەوانەوە ئەوەی روو دەدات و هەرچەندە نەمانەوێ کە رووبدات، هەروەکو لەلایەنی PKK ـــ KADEKدا شیم کردەوەو، بەهاندانی ئەمەریکا لەئێراق و بەهێزێك کە ۱۰ هەزار دەرباز دەکات (ئەم ژمارەیە لە ۱۵ی ئابدا ۲۵۰ کەس بوو) ئەوا قۆناخێکی نوێ خۆی دەسەپێنێت کە لە قۆناخی ئابی ۱۹۸٤ زیاتر توندوتیژترە، بە ئازار و مەینەتی و زەرەر و زیانەکانی. بۆ ماوەیەکی درێژە من زۆر لەپێشنیارەکانم پێشکەش کرد، بۆ دەوڵەت و بۆ PKKش، بۆئەوەی بوار لەبەردەم ئەم رێگەیەدا نەکرێتەوە. پێنج ساڵ لە بێدەنگی و ئارامی بەرهەمی ئەم هەوڵە بێ وچانانەمە. دەرکردنی یاسای "ئاشتی و بەشداریکردنی دیموکراسی" وەکو چارەسەرییەکی کۆتایی، گرنگیەکی زۆری هەیە بۆئەوەی قۆناخێکی نوێی دژوار و بێ ئامان دەست پێنەکات. نەگرتنە دەستی مەسەلەکە بەڕەنگێك کە بەرەو چارەسەری بچێت و، هەڵبژاردنی ئەو ئاگرەی کە بەگوڕ دەبێ، بووە هۆکاری لەناوچوونی دەیان لە حکومەتەکان.

کۆمەڵگا ئیتر بەتەواوی داوای ئاسایش و کار و لێبووردن دەکات و، ئەو حکومەتەی کە کارەکانی دەوڵەت بەڕێوە دەبات، دەتوانێت چوارچێوەیەکی یاسایی پێش بخات کە لەڕیشەوە ئامانجی هەبێت بۆ "ئاشتی و کامڵبوونی دیموکراسی" لەجیاتی "یاسای پەشیمانی" کە دژی ئەوە.

ئەم کارەش گرنگیەکی ژیانی و چارەنووس سازانەی هەیە. بەپێچەوانەوە دەست بەرداری ناکرێت لە دەستپێکردنی هێزە چەکدارەکان بەقۆناخێکی تێکۆشانی چەکداری دوور مەودا. نامەی دوایی کە بۆ حکومەت نووسیم، گرێدراوی ئەم بابەتە بوو.

ئیتر دەربازکردنی ئەو کێشانەی کە لەمەسەلەی کوردییەوە سەرچاوە دەگرێت لەتورکیا بۆتە کارێکی پێویست. ئامانجی گشتی بزووتنەوەی دیموکراسی کوردیش، بریتییە لە دیموکراسیەتێکی تەواو بۆ هەموو تورکیا. هەوڵەکانی تورکیاش بۆ نوێنەرایەتی کردنی پێوانەکانی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ ئەم ئامانجەدا یەك دەگرێتەوە. بەو پێیەی ئەو سیاسەتە کلاسیکیەی کە زیندەبەچاڵ کردنی کوردانی بۆخۆی بەئامانج گرتبوو، ئیتر بەسەرچووە و، کوردانیش ئامانجی وایان نەماوە کە بڵێت "با دەوڵەتم هەبێت"، هەربۆیە پێویستە لەسەر دەوڵەتەکانیش "ریفۆرمی دیموکراسی کوردی" پەسند بکەن کە پشت بەستووە بە بەشداری کردنی خۆویستانە. ئەم کارە لەلایەك لەپێناوی پێکهاتەی ناوخۆیی دا پێویستە و، لەلایەکی تریشەوە ئەرکێکی مێژووییە و پێویستە لەسەری پێکی بهێنێت لەپێناوی چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش و دیموکراتیزەکردنی ریشەیی لەهەموو ناوچەکەدا.

بەکورتی، پرۆژەی چارەسەری دیموکراسی گەلی کوردستان جۆش و خرۆشی لێدەکەوێتەوە. هەروەکو چۆن کوردان بەشداریبوونی مەزنیان پێشکەشی مێژوو کرد و ڕۆڵی خۆیان وەکو سەرچاوەی دایك (نیۆلیتیك) گێڕا لەپێشکەوتنی شارستانی کۆمەڵگای چینایەتی سۆمەری و دەوڵەتەکەی، ئەوا ئەمڕۆش هەوڵ دەدەن لەهەمان شوێندا، بۆ پێش خستن و بڵندکردنی ئەزموون و توانایان لە دیموکراسیەتێکی خۆییدا، لەبارودۆخێکدا کە پەیوەندی و ناکۆکی بەیەکەوە تێدایە لەگەڵ هێزی کۆتایی "شارستانیەتی هۆڤی ئەمەریکا".

ئەوان ناسنامەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناو سەنتێزێکی هێلینی نوێدا دادەڕێژن. (تەشی) کوردی دەخولێتەوە و ناوچەکە بەرەو سەردەمی شارستانی دیموکراسی دەبات.

ئەوەی لەسەر شانمانە، ئەوەیە کە نەبینە کۆیلە لەلای "گلگامێش و ئەسکەندەر"ە نوێیەکان. ئەمجارەیان ببینە سەرچاوەی هیوای گەلان لەپێناوی بەشداربوونی لە شارستانیەتدا، بەبێ ئەفەندیەکان. لە بەرەبەیانی "شارستانی دیموکراسی ئیکۆلۆژی گەلان" کە لەناوخۆییدا تایبەتمەندی گەردوونی هەڵگرتووە، کڵپەی یەکەمین بتەقێنین لەپێناوی تروسکەی یەکەمی ڕووناکدا.

کاریگەریــەکانی قۆنــاخی ئیمرالــی لەوەرچــەرخانی کەســایەتیمدا، لــەم بەرگرینامەیــەدا بەشێوەیەکی بەرجەستە بەکارهێنراون، هەروەکو چۆن بەرگرینامەکەم پــڕە لـە وانـەی مـەزن بـۆ گەلی کورد و هاوڕێیان و دۆستان، ئـەوا پـڕە لـە وانـە بـۆ دژبەرەکانیشم و، پێویسته وا لـەم کـارە تێبگەن کە هاریکارییەکی گرنگە بۆ هەموو ئەوانەی پێویستیان بـە وانـە دەرخستن هەیـە. بـاوەڕ دەکەم کەمن سەلماندم نزیك و شایانی "ئەیوب"م کە لەپێناوی مرۆڤایەتیدا ئازاری مەزنی چەشت و، هەروەها ئیبراهیمیش کە ئەو سۆزە پیرۆزانەی گەیاندە ئاستی دەرك کردنی مرۆییانە. چیرۆکی کولتووری ئافرێنەری مرۆڤایەتی لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا لە چیرۆکی ئـەو پێغەمبەرانـەدا شاراوەیە. ئەوەی منیش پێی هەڵسام کارکردن بوو بۆ گونجاندنی لەگەڵ زمـانی سـەردەم بۆئـەوەی بەئاسـانی بخوێندرێتەوە. مێژووش بەردەوام دەبێت لە ووتنەوەی وشەی پێویست لەپێناوی سەرکەوتندا.

کولتووری هێلینی کە سەرچاوەی پیشکەوتنی لـەم کولتـوورەدا دۆزیـەوە، لەسـەر ئـەم زەویـە و لەڕێگەی ئەسکەندەرەوە هەڵسا بە پلیشاندنەوەی مرۆڤەکان وەکو مێرووله و، سەنتێزی پێك هێنا و، بەشی منیش لەم کولتووره، پیلانگێڕی ئەسینایە. ئەو وەڵامـەی لەبەرامبەریـدا دامـەوە لەسـەر شێوازی "دژایەتی کردنی ڕێبازی ئەسکەندەر" لەبەرامبەر هەموو کولتوورەکانی ڕۆژئاوا و هێلینی بوو، لەسەر ئاستی دەرك کردن و ویژدانی، نەك جوگرافی، هەموو هیوام ئەوەیە ناوم ببێ بـە "دژە ئەسکەندەر".

دەمەوێت غەمگینی و داخی خۆم بۆ دادگای سوێندی تێکەڵاوی ئەسینا و ئەنـدامانی دەسـتەی دادگـا دیـاری بکـەم، کـە ئـەوان نـاتوانن هـیچ بکـەن سـەبارەت بـەو بڕیـارەی بۆماوەیـەکی درێـژە لەبەرامبەرم دەرکراوە. ئەوەشیـان بـۆ دیاری دەکـەم کـە بەرگرینامەکـەم وەکو سـوکراتی دووەم و لەسەر شێوازی پرۆمیتۆس پێشکەش کرد، لەگەڵ ئەوەی ئۆلیگارشیەتی پێنجی ئەسـینا بەشـێوازی زیـۆس و لەسـەر تاشـە بـەردەکانی ئیمرالـی چـەقی بەسـتووە، لـەژێر دەمـامکی دیموکراسـیەت و مافەکانی مرۆڤ.

**عەبدوڵڵا ئۆج ئالان**

**زیندانی تاکەکەسی ئیمرالی**

**٢٠ی ئاداری ٢٠٠٣**

چەندە بەڕاستی مێژوو و داب و نەریت بناسیت و،
چەندە ئەم مێژووە بچەسپێت و نوێی بخرێتە سەر،
ئەوا لە ئەمڕۆ و ئاییندەدا دەتوانرێت گۆڕانکاری و
وەرچەرخانی بەسەردا بهێنرێت